# گزینگ

١٧

گۆڤـــارێکی وەرزانەی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە

پاییزی ١٩٩٧(١٣٧٦)

- پرۆسەی ستانداردکردنی زمانی کوردی درێژەی هەیە
- مارکسیزم، مەسەلەی هەوێتی نەتەوایەتی و چینایەتی
- پەرۆشەکانی دۆزەخی ژیان لە ئاوێنەی گەشبینییەکانی ئاوەزخوازیدا
- مووزیکی کوردان
- ناساندنی حەوتەنامەی «خۆرنشین»
- یادی ٢٥ ساڵەی «حەسەن زیرەک»

شێعر. کورتە چیرۆک، ڕانانی کتێب، ڕەخنەی ئەدەبی، هەواڵی فەرهەنگی و چاپەمەنی...



حافزی شیرازی:

سەحەرگا، ڕێڕەوێکی سەرزەمینێ    مەتەڵ وێژانە دیم یەکێ دەدوێنێ:
کە ئەی سۆفی شەڕاب ساتێ دەبێ ساف    لە شووشەیدا، بە چل شەو ڕەنگ هەڵێنێ
خودا لەو خەرقەیە بیزارە سەد جار    لەوەی سەد بوت لە سۆرانی دەرێنێ!
گەر ئەنگوستی سولەیمانی نەبووبا    چ کەڵکێکی دەبوو، نەخشی نگێنێ؟
ئەگەرچی چاکە، نێوێکی نەماوە    بە جێ بێنە نیازی نازەنینێ!
ئەگەرچی ڕەسمی جوانان، توندخوویيە    چ ناقەومێ کە سارێژ کەی برێنێ؟
وەرە ئەی خاوەنی خەرمانی، خێرە    دڵی هێشووچنێ خۆش کە، بەچینێ
دەروون ڕەش داگەڕا، تۆبڵێی لە غەیبا    چرایێک هەڵبکا خەڵوەت نشینێ
ڕێگەی مەیخانە کوێیە تا بپرسم    لە چارەی کەرەکەم، چۆنی دەبینێ؟
بەدی ناکەم لە کەسدا هەستی خۆشی    نە دەرمانی دڵێک و دەردە دینێ
نە حافزحازرە بۆ دەرس و خەڵوەت    نە زانا خاوەنی عیللمولیەقینێ!

وەرگێڕانەوە: هێرش

تکایە ئەو چەند هەڵەیە ڕاست بکەنەوە:

| شوێن | هەڵە | دروست |
|---|---|---|
| ل٢ ، دێری ئاخر | عیللمولیەقینێ! | عیلمولیەقینێ! |
| ل٣ ، خانەی خوارەوە | مسعرود | مەسعرود |
| ل٤ ، لەسەرەوە ،دێری٢ | ڕانست | . زانست |
| ل٤٦ ، ئەستوونی٢ ، دێری٣٠ | alismdeconstruction | Deconstructionalism |
| ل٥٩ ، ئەستوونی١ ، دێری١١ | بروله | براوه |
| ل٥٩ ،ئەستوونی١ ،دێری٢١ | چاور | چوار |
| ل٦٨ ،ئەستوونی٢ ،دێری٢٤ | خاوە | خاوەن |

# گزینگ ـ ژماره ١٧

پاییزی١٩٩٧(١٣٧٦)

## نێوەرۆک

وتووێژ لەگەڵ: د. عەزیز ژیان، ..........ئامادەکردن: هاشم ئەحمەدزادە ٤
کۆچی دوایی مامۆستا مصلح جەلالی، ............. عارف باوەجانی ٨
مارکسیزم، مەسەلەی هەوێتی نەتەوایەتی و چینایەتی، .......... عەبباس وەلی ٩
مافی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا(٩) ............. «ژیلا.ف» و «تەیفور» ٣٠
ڕۆژژمێری تەورێز (بەشێک لە بەڵگەنامەکانی...)...... وەرگێڕانی: ئەنوەر سوڵتانی ٣٤
کۆمارناسی: بۆچوونێک سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژ.ک،... ح. قازی ٣٧
پەرۆشەکانی دۆزەخی ژیان ... ، .................. س. شەماڵ(کاوە) ٤٠
پێداچوونەوەی کتێب: بۆنی تاریکی، .................. هاشم ئەحمەدزادە ٤٣
پرسیارێک لە کاک «حەمەسەعید حەسەن» ، ............. هاشم ئەحمەدزادە ٤٦
شێعر: خشتەی هەفتە: ..................... سەباح ڕەنجدەر ٤٧
شێعر: بەهەشتی گومان: حەمە سەعید حەسەن، کە پێوانەکان بزردەبن: گ. قەرەداغی ٥١
مووزیکی کوردان: دیتێر کریستێنسێن و ستیڤن بلووم، ...... وەرگێڕان: هێدی ٥٢
یادی ٢٥ ساڵەی حەسەن زیرەک، ............... س.ج. هێرش ٥٦
ناساندنی حەوتەنامەی خۆرنشین، ............... ئەحمەدی شەریفی ٦٠
دوو کورتەچیرۆک: شارۆچکەکەم، مەحکەمە، .............. ع. دیاکۆ ٦٣
خەمی شینی تۆخ لە مجری کریستاڵ دا، ........ حەسەنی ئەیوب زادە ٦٤
هەوڵ وهیممەتی یاران بۆ بلاوکردنەوە«زەبووری حەقیقەت» ، ..... د. مورادی ٦٨
ڕانانی کتێب ............................ هێرش ٦٩
یاشار کەماڵ و خەلاتی ستیگ داگرمان .................. کاوە ئەمین ٧٠
یاشار کەماڵ وەرگری خەلاتی...، ................ ئولا لوندبەری ٧١
نامەی «ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ ـ بریتانیا» ،.... چاپەمەنی تازە...... ٧٢

■ وێنەی ڕووبەرگ، لە تابلۆکانی وێنەگەر و نووسەر: مسعوود ڕەحیمی(سەقز)

چاپی سوێد: ئۆکتۆبری ١٩٩٧

ISSN 1104 - 3473

**سەرنووسەر؛**
سولەیمانی چیرە (هێرش)
**دەستەی نووسەران:**
هاشمی ئەحمەدزادە
ئەمیری حەسەنپوور
حەسەنی قازی
عەبباسی وەلی
**ڕاوێژکار:**
عەلی کەریمی

**ناوونیشان:**
**GZING**
Box. 327
824 27 Hudiksvall-Sweden
**ژمارەی فاکس:**
Fax: +46 - 650 - 94029
**ئی ـ مەیل:**
E-mail:chireh.solaiman
@hudiksvall.mail.telia.com
**ژمارەی پۆستگیرۆ:**
Postgiro: 443 5022-1

• **گزینگ**، گۆڤارێکی وەرزیی زانستی سیاسی و فەرهەنگی یە. هەموو بیروبۆچوونێک لە ڕێبازی بەرەوژووربردنی ئاستی نەتەوەیی ـ فەرهەنگی کورد بلاودەکاتەوە.

• گزینگ، بە ئاگاداریی نووسەر، بۆی هەیە بە گوێرەی پێویست بە نووسراوەکاندا بێتەوە، بێ ئەوەی ناوەرۆکیان بگۆڕێ.

• هەر نووسەرێک بەرپرسی نووسینی خۆیەتی، بەلام لە ئاست نووسراوەی بێ نیمزادا گزینگ بەرپرسیارە.

• گزینگ، بۆ یەکدەست کردنی ڕێنووسێکی گشتی هەوڵدەدا.

• ئەو نووسراوانەی بە گزینگ دەگەن، بۆ خاوەنیان نانێردرێنەوە.

# پرۆسەی ستانداردکردنی زمانی کوردی درێژەی هەیە



**وتووێژ لەگەڵ: د. عەزیزی ژیان**

ئامادەکردن: هاشم ئەحمەدزادە

**■ کاک عەزیز ژیان، لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری مهاباد لە دایک بووە. لە ساڵی ١٩٨٠ لە مەنچێستێری ئینگلستان لە ڕشتەی زماننناسی دا دوکتورای وەرگرتووە و بە دوای دوکتوراکەیدا، چەند کۆرسی لەمەڕ تیۆری ڕانست و زانستی سیاسەت لە زانکۆکانی ئامریکا خوێندووە. کاک عەزیز، ئێستا لە وڵاتی سپانیا لە زانستگای نێونەتەوەیی مادرید، تیۆری زانست و ئەدەبییات دەرس دەڵێتەوە. یەکێک لە کارە سەرکەوتووەکانی کاک عەزیز ئەوەبووە کە بە کاربەدەستانی زانکۆی سەلماندووە کە ئەدەبی کوردیی دەبێ لە ڕیزی ئەدەبی گەلانی جیهانیدا بخوێندرێ.**

**■ ئەو وتووێژە لە ١٨ی مانگی ئاوریلی ١٩٩٦ لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەچووە.**

**• ئیجازە بفەرموون بە باسێک لە سەر ستانداردبوون یان نەبوونی زمانی کوردییەوە دەست پێبکەین و بزانین باسەکەمان بەرەو کوێ دەکێشرێ. هەڵبەت مەبەست ئەوەیە باسەکە لەسەر بناغەی تیۆری ستانداربوونی زمان بە شێوەیەکی گشتی دارێژرێ.**

ـ دیارە ئەورۆ کوردی زمانە. ئەوەیکە ستانداردە یان نا! دەبێ بڵێم زمانی کوردی بەرەو ستانداربوون دەڕوا. ستانداربوون دیاردەیەکی تازەیە و هەمیشە ئەم مەسەلەیە لە ئارادا نەبووە. لە نێو میللەتانی دیکەشدا هەروا بووە. لە سەدەکانی ڕابردوودا ئەگەر تەماشا بکەی، میللەتانی ئورووپایی زمانێکی یەکگرتووی ستانداردیان نەبووە. لەژێر کارتێکردنی شارستانی و تێکنۆلۆژیی تازەدا و وەدیهاتنی سنووری تازە، پێداویستی بە زمانی ستاندارد و یەکگرتوو هاتە ئاراوە. یانی زمانێک کە لە وڵاتێکدا بەکاردەبردرێ و پێی دەنووسرێ وپێی دەخوێندرێ.

کوردی کە بە داخەوە لە هەمووبەشە جیاوازەکانی کوردستان، هەموو کاتێ مەمنووع ومەحدوود بووە، لەم بارەوە وەپاش کەوتووە. لەبەر ئەوە ستانداردبوونی ئەم زمانە دیاردەیەکی ساوا و تازەیە. ئەگەر تەماشای ڕابردووی خۆمان بکەین، یەکەمجار کە بە کوردی نووسراوە، یان کەسێک وەک ئەحمەدی خانی بە کوردی شێعری نووسیوە، ئەوە لە ڕادەیەکی زۆر بەرتەسک دا بووە و بڵاونەکراوەتەوە. بەڵام ئەو زمانەی ئێمە دتوانین پێی بڵێین ستاندارد، ئەو زمانەیە کە پێوەندی هەیە بە ناسیۆنالیزمی کوردەوە. ناسیۆنالیستەکانی کورد، لە کۆتایی سەدەی١٩ کە ڕۆژنامەی «کوردستان»یان چاپکرد، بۆ یەکەمجار زمانێکیان بەکاربرد کە مەبەستی سیاسی تێدا هەبوو. بەو مانایە کە کوردەکان لە شوێنی جۆربەجۆر، بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆژنامەیە بیر لە زمانەکەیان و وڵاتەکەیان بکەنەوە. ئەم پرۆسەیە لە سەر زەمینەی ئاڵوگۆڕ و بەسەرهاتی جۆراوجۆری وڵاتی ئێمەدا بەرەوپێشەوە چووە. جا بۆیە دەکرێ بڵێین: بەڵێ ئێستا زمانێکی ستانداردمان هەیە، بەڵام پرۆسەکە هێشتا لە حەرەکەت دایە و دوایی نەهاتووە؛ ئەوەش ئەو زمانەیە کە نووسەران، شاعیران، پێی دەنووسن و ئاخێوەران و رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی کوردی قسەی پێدەکەن. باسی بادینان و سۆرانی و ئەوەیکە دەگوترێ ئەوانە یەک نین و کەوایە چۆن دەکرێ باسی زمانی ستانداردی کوردی بکرێ؟ ئەمن پێمـوایە ئەوانە نەک دوو زمان، بەڵکوو دوو شێوە وڕاوێژن لە زمانێک. خودی ئەم دوو ڕاوێژە یارمەتی دەدەن بە ستانداردبوونی زمانی کوردی. هەروەک گوتم زمانی ستانداردی کوردی هەیە، بەڵام لە حاڵی پێشکەوتن وگەشەکردنی بەردەوام دایە.

**• کاک عەزیز، هەروەک ئێوە ئاماژەتان پێکرد، پێوەندییەکی بەرچاو هەیە لە نێوان ستانداردبوونی زمان و بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی سیاسیدا کە ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ١٨٩٨دا هەنگاوی بەکردەوەی ئەم پێوەندی و پرۆسەیە بوو. بەڵام سەرنەکەوتنی ناسیۆنالیزمی سیاسیی کورد لە بواری دامەزرانی قەوارەی سیاسی ، واتە دەوڵەتی میللی، زمانی کوردی لە کارتێکەریی و ڕۆڵی دەوڵەت بەهەموو سیستمە بۆرۆکراسی و سەربازی و پڕۆپاگەندا وچاپەمەنییەوە بێبەش کردووە. دابەشبوونی جۆغرافیایی بەداخەوە لەگەڵ خۆیدا جیاوازیی کولتووریشی وەدیهێناوە. پرسیار ئەوەیە لە هەلومەرجی نەبوونی دەوڵەت و دەسەڵاتی سیاسیدا کە هۆکاری**

←

■ ئەگەر وشە دەبێ داتاشرێ، ئەو کارە دەبێ لە لایەن کۆڕێکی خاوەندەسەڵاتی زانستی و زمانناسەوە بکرێ نەك هەر کەس دەستی بۆ قەڵەم برد و هەرچی پێی خۆش بوو بە نێوی وشەی کوردی دەرخواردی خەڵکی بدات.

**سەرەکین، لە ستانداردکردن و یەکگرتوویی زمان، واتە لە هەلومەرجی ئێستای کورداندا؛ بۆچوون و پێشنیارتان بۆ وەگەڕخستنی پرۆژە وپلانی ستانداردکردنی زمان چییە؟**

ـ من لەگەڵ قسەکانی تۆ لە سەر گرینگیی هەبوونی دەوڵەت بۆ ستانداردبوونی زمان تەواو موافیقم. نموونەی زۆر لەم بوارەدا هەن. ئێران و دراوسێکانی ئێمە بە هۆی دوڵەت توانیویانە زمانی خۆیان زۆر وەپێشخەن. بۆ ئێمەی کوردی بێدەوڵەت هەر وەک دەبینین ئەم پرۆسەیە زۆر بە سەبری چووەتەپێش. بەڵام سەرەڕای ئەوە، من پێموایە خودی کوردەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گەورەیان هەبێ لەم پرۆسەیەدا. نووسەران وشاعیران و خاوەن قەڵەمەکانی کورد لەم بوارەدا ڕۆڵێکی تایبەتییان هەیە و دەتوانن یارمەتییەکی زۆر بدەن بە ستانداربوونی زمانی کوردی. بە بڕوای من، هەلومەرجی دنیای ئەمڕۆ هەم لە چواربەشەکانی وڵات و هەم لە دەرەوە ئیمکانی وەی دەرەخسێنێ کە ئێمە بە کردەوە هەوڵی ستانداردبوونی زمانەکەمان بدەین. من پێموایە کوردان سەرەڕای جیاوازیی زۆری ئیدەئۆلۆژی و باوەڕ، لە سەر خۆشویستنی زمان و مێژوو و وڵاتی خۆیان هاوبەشن. ئەم هەستە پاڵپشتێکی بەهێزە بۆ زمان و پێشخستنی. ئەزموون نیشانی داوە بەرتەسککردنەوەی کولتوور و زمانی میللەتێک دەبێتە هۆی هەڵوێستی توندی ئەم میللەتە لە باری کولتوور و زمانەوە... بۆ نموونە هەستی ئێمەی کورد لەگەڵ هەستی مرۆڤێکی سوێدی لەمەڕ زمانەوە جیاوازە. هەستی ئێمە بە پێی هەلومەرجی وڵاتەکەمان تێکەڵاوە لەگەڵ جۆرێک لە ئەوین بە زمانەکەمان. هەروەک گوتم ئەم هەستە دەتوانێ و دەبێ هاندەری کردەوەی ژیرانەبێ بۆ ستاندردکردنی زمانەکەمان. لەم بارەوە، دیارە ڕۆڵی ڕووناکبیران و بەتایبەتی زمانناسان جێی پێداگرتنە وئەوە ئەوانن کە دەبێ بە قەڵەم و کردەوە پێداویستیی ستانداردکردنی زمان بۆ کۆمەڵ ڕوون کەنەوە. ئەو کارە بۆ نزیک خستنەوەی کوردان لە شارستانییەت و بۆ ئەوەی لێک تێبگەن تەواو پێویستە.

**● زمان و کولتوور لە نێو کورداندا ڕەنگی زەقی سیاسییان هەیە. لێرەدا ئیدی زمان تەنیا ئامرازی پێوەندی گرتن نییە، بەڵکوو ئامرازی گەیەشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی سیاسی یە. ڕۆژنامەگەریی کوردی بە گشتی سیاسی یە و تەنانەت وتار ونووسراوەی ئەدەبیش بە مانای گشتی خۆی پتر سیاسین. ئەورۆ هێندێک لە تیۆریسیەنەکانی مەسەلەی ناسیۆنالیزم بۆ نموونە «سمیت»زۆر بە توندی لە سەر هەوێتی کولتووری بۆ سازبوونی نەتەوە و دەوڵەتی میللی پێدادەگرن. کەوابوو زمان وەک تۆوێکی سەرەکیی کولتوور، جێگایەکی بەرچاوی لەم هەوێتییەدا هەیە. ئەوەی ئێوە وەک هەستی خۆشەویستیی زمان لێی دەدوێن، من لە گەڵتان هاورام. بەڵام بە بڕوای من هەبوونی ئەم هەستە ئەگەرچی پێویستە، شەرتێکی تەواو نییە بۆ ئەوەیکە گیروگرفتی کۆنکرێتی ستانداردکردنی زمانێک چارەسەربکا. گیروگرفتی وشە، وشەدانان و نووسین و وەرگێڕان بە چەشنێک کە بتوانێ لاتیکەم گۆشەیەک لە دەسکەوتەکانی زانستیی دنیای ئەورۆ دەربخات، شتێکە کە بۆ هەر قەڵەم بەدەستێکی کورد هەیە و حاشای لێناکرێ. ویستم ڕای ئێوە لەبواری وشەدانان و وشەداتاشین بزانم و ئەوەیکە کێ دەبێ ئام کارە بکا و چۆن دەکرێ پێشی ئەو هەرەج مەرەجە بگیرێ؟ بەتایبەت هێندێک لە ناسیۆنالیستە کوردەکان پێیان وایە دەبێ پەتی بوون و ڕەسەن بوونی زمان بپارێزرێ و لە بەکاربردنی وشەی بێگانە پێشگیری بکردرێ.**

ـ دەبێ بڵێم کە زمانی خالیس لە هیچ کوێی دنیادا وجودی نییە. هەموو زمانێک وشە وەردەگرێ و وشەش بە قەرز دەدا. ئەوەیکە ڕادەی ئەم قەرزدان و قەرزوەرگرتنە چەندەیە پێوەندی هەیە لەگەڵ هەلومەرجی خودی زمانەکان. کوردان بە پێی جێگرتووبوون لە نێو چوار وڵاتی جیاوازدا، بێگومان کارتێکەری زمانیی ئەو وڵاتانەیان لەسەرە. بۆیە ئەگەر کوردێکی بۆنموونە تورکیا قسەدەکا بەشێکی زۆر لەو وشانەی دەکاریان دێنێ تورکین و ئەوەش بە بڕوای من سروشتی وئاسایی یە. جا ئێستا لە بەرانبەر ئەم هەلومەرجەدا دەبێ چ بکرێ؟ ئایا دەبێ دەرگای زمانەکەمان بە ڕووی هەموو جۆرە خۆتێخزانێک ئاوەڵەبێ، یان خود دەبێ بەشێوەیەک حسێب و کتێنێک بۆ ئەم ڕەوتە ڕەچاوکەین؟ ئەوە کارێکی هەروا هاسان نییە و بۆ بەئامانج گەیشتن دەبێ هێندێک خاڵ لەبەرچاو بگیرێن. یەکەم، ئەوەیکە زۆر وشە لە کۆنەوە هاتوونەتە نێو زمانی کوردییەوە و ئیتر بوونەتە کوردی و پێویست ناکا ئەم وشانە بگۆردرێن...

**● جێی خۆیەتی نموونەی «پەڕۆ» بێنینەوە!**

ـ ... بەڵێ برادەرێکی سابلاخی پێی داگرتووە کە بە «کتێب»دەبێ بگوترێ«پەڕۆ». پاساودانی شتەکەش بە لای ئەو، ئەوەیە کە کتێب چونکە پەڕی هەیەپێیدەڵێین پەڕۆ و ئیتر خۆمان لە وشەی کتێب کە عەڕەبی یە ڕزگار دەکەین. ئەوە شتێکی نازانستییانەیە و هیوادارم شتی وا هەر نەکرێ. وشە داتاشین لە لایەن خەڵکی ناپسپۆر زەرەری زۆری هەیە بۆ زمانی کوردی. ئەگەر وشە دەبێ داتاشرێ، ئەو کارە دەبێ لە لایەن کۆڕێکی خاوەندەسەڵاتی زانستی و زمانناسەوە بکرێ نەک هەر کەس دەستی بۆ قەڵەم برد و هەرچی پێی خۆش بوو بە نێوی وشەی کوردی دەرخواردی خەڵکی بدات. ئەوەش بڵێم لە ماڵێ دانیشتن و وشەڕۆنان بۆ کوردی، قەت ئەم وشەیە ناکاتە کوردی و تەنیا دەبێتە کۆسپ لە سەر گەشەکردنی زمان. ڕاستییەک هەیە کە ناشاردرێتەوە و ئەویش هەبوونی هەزاران وشەی تازەیە لە زمانی ئێمەدا و زۆربەی ئەو وشانەش نێونەتەوەیین. بۆ نموونە تەلەڤیزیۆن، تەلەفۆن، کامپیوتێر، فاکس و هتد. لە بواری زانستدا، لە فیزیک و ماتماتیکدا وشەی لەم چەشنە زۆرن. بە باوەڕی من، ئەمجۆرە وشە نێونەتەوەییانە دەبێ هەر بە شێوەی خۆیان بەکاربێن و جا بۆیە ئەمن زۆرم پێخۆشە کە لە «گزینگ»دا زۆر وشەی وەک پلێنۆم، کۆنفرانس، کۆنگرە، لیبرالیزم و دێمۆکراسی و... بەکاردەبرێن. جا ئیتر بێتوو بۆ تەلەڤیزیۆن بۆنموونە (ڕەنگ لە ڕێی دوور)ەوە یان شتی لەم چەشنە بەکاربێنین، کارێکی بێمانامان کردووە. ئێمە وەک کورد قەت

←

دەرەقەتی دانانی وشە بۆ ئەو هەموو وشە بێگانەیە کە سەر لە هەزاران هەزار دەدا، نایەین. دەبێ پێشی ئاڵۆزی وسەرلێشێواندن لە بواری زمانەوە بگیرێ.

**● کاک عەزیز، گرینگ ئەوەیە بزانین کە زمان هەر وشە نییە، بەڵکوو ستروکتور واتا بناخەکەیەتی. کاتێ وشەی بێگانە دێتە نێو ستروکتوری زمانێکەوە، ئیتر دەکرێ بڵێین وشەکە چیتر بێگانە نامێنێتەوە و لە نێو زمانی تازەدا دەسوێ. بۆ نموونە فارسی پتر لە ٥٠٪ وشەی عەرەبی تێدایە، کەچی خاوەنی ناسنامەی کولتووری خۆیەتی. یان زمانی سوێدی بەبێ وشەی ئاڵمانی و فەرانسەیی و ئینگلیسی مانای نامێنێ و دەبینین زمانیشە و سەدان ڕۆژنامە وهەزاران کتێبی پێ دەنووسرێ. کاتێک ئێمە بمانەوێ کتێب بە شکڵی کۆ بەکاربێنین دەڵێین کتێبەکان و ناڵێین: «کۆتۆب» واتا گرامێری زمانی خۆمانی بەسەردا زاڵ دەکەین.**

ـ بەڵێ، تەواو وایە!

**● کاک عەزیز، دیاردەی زمانی یەکگرتووی کوردی بەتایبەتی لە نێوان دوو لەهجەی سەرەکی سۆرانی و کرمانجی (باسی بن لەهجەکان هەر ناکەم) لە هەلومەرجی ئێستادا چۆن دەبینی؟**

ـ من لە سەر ئەو باوەڕەم ئەم لەهجانە بەرەو لێک نزیکبوونەوە دەڕۆن. دەنگی کوردیی ڕادیۆ ئامریکا نموونەیەکی بەرچاوە. بۆ ڕەوتی لێک نزیکبوونەوەی ئەم لەهجانە، بەکارهێنانی هەردووک لەهجە لەم ڕادیۆیەدا وەڵامێکە بە پێداویستی زمان دەدرێتەوە. تەلەڤیزیۆنی مێد یارمەتییەکی زۆری بەم ڕێبازە داوە ودەدات. پێوەندیی نێوان ئاخێوەرانی ئەم دوو لەهجەیە ئێستا زۆر بووە و ئەوە بە پێچەوانەی ڕابردوو کە پێوەندییەک لە ئارادا نەبوو، دەبێتە هۆی نزیکبوونەوەیان. ئەو ڕەوتە تەنانەت لە نێو ڕێبەرانی سیاسیشدا دەبیندرێ و «مەسعود بارزانی» زۆری پێخۆشە بە دیالێکتی سۆرانی قسەبکا و «جەلال تاڵەبانی»یش حەزدەکا وشەی زاراوەی کرمانجی دەکاربێنێ. ئەوە پرۆسەیەکە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوون ویەکگرتوویی زمانەکەمان. دەبێ وریا بین و بزانین کە کوردان دوو زمانیان نییە، بەڵکوو یەک زمانە بە لەهجەی جۆراوجۆرەوە و یەکگرتنی ئەم لەهجانەش کات دەخایەنێ. ئەو لەهجانە لکوپۆی داری زمانی کوردین.

**● باشە با ئاماژەیەکیش بۆ ڕای کەسانێک وەک «مەکێنزی» و«مەکارۆس» بکەین کە پێیان وایە زازایی و هەورامی کوردی نین، ئێوە چ دەڵێن؟**

ـ بە ڕای من، هێندێک لە گرووپە لەهجەکانی کوردی کە ژمارەشیان زۆرە، پێوەندییان لەگەڵ هێندێک لە لەهجە وزمانەکۆنەکانی ئاریاییدا ماوەتەوە و گۆڕانکاریی زۆریان بەسەردا نەهاتووە. هۆی ئەوەیکە لەلایەن هێندێک لە ڕۆژهەڵاتناسانەوە زازایی و هەورامی بە کوردی دانەندرێن هەر مانەوەی ئەم پێوەندییەیە؛ دەنا من خۆم سەرەڕای هێندێک جیاوازی لە ستروکتوری ئەم لەهجانەدا هەموویان بە کوردی دادەنێم. هەم بە پێی مێژوو، هەمیش بە پێی ستروکتور ئەوانە هەموو سەر بە زمانی کوردیین. من کاتی خۆی لەگەڵ کاک «ئەمیری حەسەنپوور»کەوتینە شوێنی لێکۆڵینەوە لەم لەهجانە و لە ئاکامدا هاتینە سەر ئەم باوەڕە کە لە باری ستروکتوورەوە جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەم لەهجانەدا نییە. بەڵام هەروەک گوتم ئەو لەهجانە لە باری ئاهەنگ و وشەوە زۆر تایبەتمەندیی کۆنیان لە خۆدا پاراستووە ونەگۆڕاون. هۆیەکی سەرەکیش هەڵکەوتی جۆغرافیایی ئەو لەهجانەیە. لەبەر ئەو کێوە بڵیند و سەرکەشانە تێکەڵاوی لەگەڵ لەهجەکانی دەوروبەر زۆر دەگمەن بووە و بۆیە گۆڕانکارییەکی بەرچاو وەدی نەهاتووە.

**● من پێمخۆشبوو لە چوارچێوەی زمانناسی مێژووییدا، بەتێروتەسەلی باسی بەسەرهاتی زمانی کوردی بکەین و هێندێک تیشک بخەینە سەر ئەو باسانەی کە زمانی کوردی، بە زمانی پەهلەوی یان ئاڤێستایی گرێ دەدەن و بەگشتی ڕەوتی مێژوویی گۆڕانکارییەکانی زمانەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئێران شیبکەنەوە. بەڵام وەک دەزانن ئەوە باسێکی دووروودرێژە و پێویستی بە وتووێژێکی تایبەتی هەیە و ئێستا باشترە هەر لە سەر ڕەوتی باسەکەمان بڕۆین. هەروەک ئاشکرایە هەبوونی پێوەندییەکی بەربڵاو لە نێوان کوردەکانی دەرەوەی وڵات لە هەلومەرجی ئەمڕۆدا، ئەو ئیمکانە خوڵقاوە کە پرۆسەی نزیکبوونەوەی لەهجەکانی کوردی پتر مسۆگەربێت و دیارە خودی ئەم نزیکییە باسی تایبەتی لە نێوان ڕووناکبیرانی کورد دێنێتەپێش. یەک لەو باسانە باسی گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی یە بە ئەلفوبێی لاتین. یەک لە سەبەبەکانی هۆگرانی ئەم گۆڕانکارییە ئەوەیە کە ئێستا ئەلفوبێی هاوار لەلایەن زۆربەی کوردەکانەوە دەکاردێ و کوردی ڕۆژهەڵات و خوارووواچاکترە لەگەڵ ئەم زۆربەیە هاوئاهەنگ بن. ڕای ئێوە لەم بوارەدا چییە؟**

ـ گۆڕینی ئەلفوبێی عەرەبی بە لاتینی نەتەنیا موشکیلەیەک وەدیناهێنێ بەڵکوو یارمەتییەکی گەورەیە بۆ نزیککردنەوەی زمانی کوردی لە زمانەکانی پێشکەوتووی دنیا. ئەم کارە دەبێتە هۆی ئەوەیکە تەنانەت ڕۆژئاواییەکانیش پتر لە زمانی ئێمە بگەن وبۆیان هاسانتر بێ بیناسنەوە و کاری لەسەربکەن. باسی ئەوە دەکرێ کە گۆڕینی ئەلفوبێ دەبێتە هۆی لەناوچوونی نووسراوەکانی پێشووی ئەدەبی کوردیی. من پێموایە ئەوە هیچ گرفتێکی ئەوتۆ نییە و دەکرێ لە ماوەیەکی کورتدا ئەدەب ونووسراوەی مەوجود وەرگێڕینە سەر ئەلفوبێی لاتین و بیانپارێزین. جا چونکە ئێمە لە باری ئەدەبی نووسراوەوە نەتەوەیەکی تازەین، موشکیلەیەکی زۆرمان نابێ بۆ گۆڕینی میراتی ئەدەبیمان بە ئەلفوبێی لاتین. ئەوە هەنگاوێکی گەورەیە بەتایبەتی بۆ نەوەی داهاتووی کورد.

**● کاک عەزیز دیارە کەڵک وەرگرتن لە ئەلفوبێی لاتین هێندێک لایەنی پۆزێتیڤی هەیە، بەڵام ئەم کارە تەنیا شتێکی زمانی نییە، بەڵکوو کردەوەیەکی سیاسیشە. ڕۆژگارێک بۆ گۆڕینی فۆڕمی هێندێک لە پیتەکانی ئەلفوبێی عەرەبی بۆ ئەلفوبێی کوردی، کۆمەڵێک گیروگرفت خوڵقا. دەگوترا ئەوە ئەلفوبێی قورئانە و پیرۆزە و دەستێوەردانی کفرە.**

■ به ڕای من، هێندێك له گرووپه لهجهكانی كوردی كه ژمارهشیان زۆره، پێوهندییان لهگهڵ هێندێك له لهجه وزمانهكۆنهكانی ئارياييدا ماوهتهوه و گۆڕانكاریی زۆریان بهسهردا نههاتووه.

**دیارە بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دراوە و خەبات کراوە. جا بۆیە گۆڕینی ئەم ئەلفوبێیە لە خواروو و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا شکڵی سیاسی بە خۆیەوە دەگرێ و لە چوارچێوەی وڵاتانی ئێران و عێراقدا کارێکی هاسان نییە. لە تورکیا کردەوەی ئاتاتورک کە دیسان کردەوەیەکی سیاسی بوو ئەو گرفتەی بۆ کوردان چارەسەرکردووە. بەڵام دەبینین لە بەشەکانی تر، فارس و عەرەب ئیجازەی ئەم کارە قەت نادەن. جا بۆیە لێرەدا زمان و گۆڕینی ئەلفوبێیەکەی تەواو دەبێتە دیاردەیەکی سیاسی کە ناسیۆنالیزمی کورد دەبێ لە سەری ساغ بێتەوە.**

ـ زمان دیاردەیەکی نەتەوەیی وکۆمەڵایەتی یە و میکانیزمی زمان لە نێو کۆمەڵگادا هەڵسوکەوت دەکات. کردەوەی تاکەکەسی واتە ئەوەیکە کەسێک بە تەنیا بێت و بڕیار لە سەر گۆڕینی ئەلفوبێی زمان بدا، ناتوانێ کاریگەر بێت. جا هەر بە پێی باسەکەی ئێوە کە دەفەرموون ئەوە ڕەوتێکی سیاسی یە، هەر بۆیە دەبێ ئەم کارە بکرێ. ئەوە کارتێکەرییەکی گەورەی دەبێ لە سەر دوارۆژی نەتەوەکەمان. کێ دەبێ ئەم کارە بکات؟ خۆ ئێمە دەوڵەتمان نییە ئەو کارە بکات. لێرەدا دیسان ئەرکی پسپۆران، زانایان و زمانناسان زەق دەبێتەوە و هەروەها ڕۆڵی سیاسەتمەدارانی کورد. چونکە هەروەک بۆخۆتان گوتتان بۆ ئەم مەبەستە دەبێ هەموو هەوڵ بدەن و ڕای گشتی لەسەر بێت. گرینگ ئەوەیە لە هەنگاوی یەکەمدا پێداویستی و لازم بوونی ئەم کارە بۆ جەماوەر ڕوون کرێتەوە. گۆڕینی عادەتی جەماوەر کە خوویان بە ئەلفوبێی عەرەبی گرتووە، کارێکی ئەستەمە و دەبێ هەوڵی زۆری بۆ بدرێ کە واز لەو خوو و عادەتەیان بێنن.

**● لەم چەند دە ساڵەی ڕابردوودا، ژمارەیەکی زۆر لە کوردان هەڵوەدای ئورووپا و ئامریکا بوون. لە سیاسەت و کۆمەڵناسی و تەنانەت ئینساناناسیدا باسێک هەیە لە سەر دیاسپۆرا(Diaspora) واتە نیشتەجێ بوونی بەشێک لە نەتەوەیەک دوور لە زێدی خۆی. باس لە سەر توانایی ولێهاتوویی سیاسی و کارتێکەریی ئەم خەڵکانە دەکردرێ. کوردانی دەرەوەی وڵات بە گشتی دەستیان لە سیاستدا بووە، لە نێو ئەمانەدا ئەدییان و قەڵەم بەدەستان هەن کە کارتێکەریی گومان لێنەکراویان هەیە لە سەر ڕەوتی ڕووداوەکان و چارەنووسی زێد و نیشتمانەکەیان. هەروەها ئیمکاناتی دەرەوەی وڵات خۆی لە خۆیدا ئامرازێکە بۆ پێشخستنی زۆر پرۆژەی نەتەوەیی. دیاردەی ناسیۆنالیزم لە نێو کوردانی دەرەوەی وڵات زۆر بەرچاوە. هەربۆیەشە لەم دواییانەدا، مارتین ڤان براونێسن قسە لە ناسیۆنالیزم لە ڕێی دوورەوە(Long distance nationalism) دەکات. یان کاک ئەمیر لە کۆنفرانسێکی بێرلینێ دا دەڵێ کە مێدتێڤێ ویستی خەڵکێکی بێ دەوڵەتە کە سەربەخۆیی خۆی لە ئاسمانێ وەدی دێنێ و وەک کۆمەڵگای مەدەنی لە ئاسمانێ ناوی دەبات. ئێستا پێمخۆش بوو هێندێک باسی ئەرکی کوردانی دەرەوەی وڵاتمان بۆ بکەی.**

ـ بە پێی کۆمەڵێک سەرژمێری و ستاتیستیک نزیکەی یەک میلیۆن کورد لە دەرەوەی کوردستان دەژین. ئەمن پێموایە ئەوە گۆڕانێکی گەورە و بێ وێنەیە لە مێژووی گەلی کورددا. پێش ئەم ئاوارەبوونە، ئێمە نەتەوەیەکی بەستە بووین، بەڵام ئێستە بە پێی زەبروزەنگی دوژمنانی کورد، ژمارەیەکی زۆر لە کوردان هەڵوەدای وڵاتانی ڕۆژئاوابوون. ئەو کوردە

■ **هێندێك لەم خوێندكارانە درێژەیان بە لێكۆڵینەوەی خۆیان دا و بۆخۆیان بوون بە شاعیر و نووسەری ناسراو، وەك سوارەی ئێلخانی زادە كە بە داخەوە كەم ژیا، بەڵام بەرهەمی جوانی لە دوای خۆی بەجێهێشت.**

موهاجیر و پەنابەرانە دەتوانن دەورێکی گەورە بگێڕن لە گۆڕانی کولتووری نەتەوەکەیاندا. ئەو کوردە ئاوارانە بە فێربوونی زمان و زانستی ڕۆژئاوا دەبنە سەرمایەیەکی لە بنەهاتووی نەتەوەکەمان. مانەوە لە دەرەوەی وڵات بە هەموو ئیمکاناتی زۆریەوە، بەردەوام مرۆڤ دەخاتەوە بیری زێدی خۆی و ئەوەش لە خۆیدا بەو مانایەیە کە کوردە پەنابەرەکان دەیانهەوێ ڕۆژێک بەرەو زێدی خۆیان شۆڕببنەوە و ئەوکاتە وڵات لە توانایی وکارامەیی و لێهاتوویی ئەوان بەهرەوەر دەبێت. بە گشتی ئەمن ئەم دیاردەیە پۆزێتیڤ دەبینم و سوورم لە سەر ئەوەی لە داهاتوودا ئێمە لە دەسکەوتەکانی ئەم ئاوارەییە کەڵک وەردەگرین.

**● کاک عەزیز، ئەگەر شتێکی تایبەتیت لە سەر لایەنی تیۆریک و ئیمپێریستی باسەکە هەیە، بیفەرموو. دەنا نا، با بچینە سەر ژیانی خوێندن و لێکۆڵینەوەی خۆتان. من لە شوێنێک بیستم کە زۆر لەمەوبەر، واتە ئەوکاتەی کە لە زانستگای تاران بوون ئێوە لە هۆگرانی ئەدەبی کوردی بوون و کاک سەلاحی موهتەدی باس دەکات کە ئێوە لە شەستەکاندا کتێبەکانی مامۆستا گۆران(بەهەشت ویادگار، فرمێسک وهونەر)تان داوەتێ و شتی تری لەم چەشنە. جا مەبەستم لەو نموونەیە ئەوەبوو بتانبەمەوە ڕۆژانی ڕابردوو و هێندێکتان شت وەبیر بێنمەوە، جا تکایە فەرموون لەم بوارەدا...**

ـ ڕاستییەکەی من لە ساڵانی لاوەتیمدا هەر خەریکی ئەو جۆرە کارانە بووم و لاوەتیم نەکرد. جا ئیتر نازانم قازانجم کردووە یان زەرەر. من لە تەمەنی ١٢ساڵییەوە سەرنجم ڕاکێشرا سەر ئەدەبی کوردی. پاشان کە هاتمە زانکۆی تاران و لەوێ لەگەڵ هێندێک خوێندکاری تری کورد یەکمان گرتەوە، دەستمان کرد بە خوێندنەوە و توێژینەوە لە سەر ئەدەبی کوردی، دیارە بە گوێرەی هەل وئیکماناتی ئەو کات کە زۆر کەم بوو. کتێبی شاعیرانی کورد وەک حاجی قادر و مامۆستا گۆران کتێبی سەرمێزی هەموومان بوون. هێندێک لەم خوێندکارانە درێژەیان بە لێکۆڵینەوەی خۆیان دا و بۆخۆیان بوون بە شاعیر و نووسەری ناسراو، وەک سوارەی ئێلخانی زادە کە بە داخەوە کەم ژیا، بەڵام بەرهەمی جوانی لە دوای خۆی بەجێهێشت. کاک عەلی حەسەنیانی[هاوار]یش لەو کەسانە بوو کە لە سەرەتادا هەموو نووسراوەکانی نیشانی من دەدا و دوایە دەبینین کە ئەویش زۆری بەرهەم لە دوای خۆی بە جێهێشت.

دیارە کاک سەلاح لوتفی کردووە کە شتەکەی ئاوا گێڕاوەتەوە. بنەماڵەی کاک سەلاح بنکەی شێعر و ئەدەبی کوردی بووە و ڕاستییەکەی ئەوەیە توانایی و هۆگریی لە لای ئەو زۆر پتر لە هی من بوو. دەتوانم بڵێم من

←

تەنیا هاندەرێک بووم نە زۆرتر. پاشان کارەکەمان وردەوردە بووبە ئەدەبی سیاسی و ئاشکرایە دەوڵەتیش لێمان خافڵ نەبوو، زیندانی کراین و لێک هەڵبڕاین. بە دوای ئەوەدا لە هەر کوێیەک بووبم بە گوێرەی توانامەوە باسی ئەدەب و کولتووری کوردیم کردووە. ئێستا لە ئیسپانیا لە هەموو هەڵکەوتێکدا بەجۆرێک باسی کورد و کوردایەتی دەخەمە نێو باسەکان و کۆڕوکۆمەڵانی تر لە ژیان وژانی کوردان ئاگادار دەکەم.

لەو شوێنەی کە من خەریکی دەرسگوتنەوەی ئەدەبی جیهانیم دوای هەوڵێکی زۆر سەلماندم کە دەبێ ئەدەبی کوردیش لە ڕیزی ئەدەبی گەلانی تردا بخوێندرێ و بەخۆشییەوە پارەکە ئەم پێشنیارە پەسند کرا. دیارە بۆ ئەم کارە دەزانی گیروگرفت زۆرە و هیوادارم کەسانی وەک کاک ئەمیر و کاک جەعفەر[حەسەنپوور] و... لە ئامادەکردنی تێکستەکان بە ئینگلیسی یارمەتیم بدەن. بەداخەوە تێکستی لەم چەشنە بە زمانی ئینگلیسی نییە. ئەگەر بتوانین لە باری شێعرەوە کۆمەڵێک لە شێعرەکانی مامۆستا گۆران و شێرکۆ بێکەس و هێندێک شاعیری نوێی تر بکەینە ئینگلیسی ئەوە بۆ پێشخستنی ئەم پرۆگرامە کارێکی بەنرخمان کردووە. هێندێک لەم شێعرانەم وێڕای دوو شێعری مامۆستا هێمن کردوونەتە ئینگلیسی و دەبێ بۆ کاک ئەمیریان بنێرم و ڕای ئەو بزانم تا بتوانین بڵاویان بکەینەوە.

● **من هیوای سەرکەوتنتان بۆ دەخوازم. وەک ئاخر پرسیار، دەمەویست بڕێکیش باسی ریسالەی دوکتوراکەتمان بۆ بکەی.**

ــ ریسالەی دوکتوراکەشم هەر لە سەر زمانناسی یە. من لێکۆڵینەوەیەکی بەربڵاوم هەبوو لە بەینی زمانی ستاندارد و غەیری ستاندارد. ئەم باسە لک وپۆی زۆری لێ دەبێتەوە و ئەمن لە کۆتاییدا هاتمە سەر جیاوازییەکانی زمانی قسەکردن و زمانی نووسین. لە هێندێک لە زمانەکاندا ئەو جیاوازییە یەکجار زۆر وەبەرچاو دەکەوێ. بۆ نموونە لە زمانی عەرەبیدا ئەو جیاوازییە یەکجار زۆرە. زمانی دانیشتووانی میسرێ، ئەو زمانەی خەڵک قسەی پێدەکەن زۆر فەرقی هەیە لەو زمانەی تۆ نووسراوەی پێدەبینی یان وەک زمانی ڕەسمی لە ڕادیۆدا قسەی پێدەکرێ. لە زمانی فارسیدا ئەو جیاوازییە هەر لە ڕادە بەدەرە. تێزەکەی من بە شێوەیەکی کۆنکرێت لە سەر ئاڵوگۆڕی سەدساڵەی ڕابردوویە لە زمانی ئاخافتنی فارسیدا. من بە داخەوە نەمتوانی ئەم لێکۆڵینەوەیە تەرخانی زمانی کوردی بکەم، هۆیەکەشی ئەوەبوو من لە لایەن زانکۆی تارانەوە ناردرابوومە مەنچێستەر و پرۆژەی لێکۆڵینەوەکەم لە لایەن ئەوانەوە دیاری کرابوو...

● **مامۆستاکەت«بۆیل»بوو، بەڵێ؟**

ـ بەڵێ، بۆیل بوو ... من ناچاربووم لە سەر زمانی فارسی کاربکەم و بە خۆشییەوە نزیکی ئەو زمانە لە زمانی کوردی، دەبێتە هۆی ئەوە کە زۆرێک لە نەتیجەی لێکۆڵینەوەکەی من بۆ زمانی کوردیش بە کەڵک بێت.

● **کاک عەزیز، هەرچەند ئەوە دوایین پرسیار بوو، بەڵام دەمەویست بزانم چۆنە کە ئێستا لە گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییەکاندا شت بڵاوناکەیەوە؟**

ـ وەڵڵاهی ئەگەر زەبتەکەت بکوژێنیەوە پێت دەڵێم.

● **بەڵام با بەر لە کوژاندنەوەی تەسجیلەکەم، پڕ بە دڵ سپاست بکەم و هیوای سەرکەوتنتان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا بۆ بخوازم.**

ـ منیش سپاست دەکەم و لەوەیکە ئەو هەلەت رەخساند زۆر مەمنوونم.



**کۆچی دوایی مامۆستا «مصلح جەلالی»**

بە پێی هەواڵێک کە بە هۆی دۆستانەوە گەیشتووە، بەداخەوە، مامۆستا **«مصلح جەلالی»** نووسەر و ڕۆشنبیری کورد، لە سەرەتای مانگی ٨ی ٩٧، لە شاری بەغدا، کۆچی دوایی کردووە.

مصلح جەلالی وەک نووسەرێکی شارەزا و لێزان، کە زیاتر گرینگی بە نووسین ولێکۆڵینەوەی مێژووی کۆن دەدا، ماوەی ٥ ساڵ بەڕێوەبەری گشتیی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی بوو لە بەغدا. لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا گەلێک نەخشی بەرچاوی هەبووە. گۆڤاری «ڕەنگین» کە لەسەر پێشنیار و داوای ئەو لەگەڵ چەند نووسەرێکی دیکە، لەلایەن دەزگای ڕۆشنبیرییەوە بڵاوکرایەوە تا ئێستاش هەر بەردەوامە. هەروەها ئەرکی بەڕێوەبەریی گۆڤارەکانی **«کاروان»** و **«بەیان»** و ڕۆژنامەی **«هاوکاری»** بە ئەستۆوە بووە کە هەرکام لەوانە خزمەتێکی شایانیان بە ڕۆشنبیریی کوردی گەیاندووە.

خوالێخۆشبوو مصلح جەلالی سەرەڕای ڕاپەڕاندنی کار و ئەرکی ڕۆژنامەگەریی، چەند کتێبیشی بەچاپ گەیاندووە کە ژمارەیان بە تەواوی نازانم، بەڵام ئەو کتێبانەی کە خۆم دیومن بریتین لە:

١) *«شۆڕاتەکان»*، کە کتێبێکی مێژوویی یە. کاکڵ وناوەڕۆکی ئەو کتێبە، بووەتە هۆی ئەوە کە نووسەر لەگەڵ زۆر لە نووسەرانی عەرەب موناقشەی ڕەخنەگرانەی لێ پەیدا بێ، هەر لەبەر ئەوە کە قارەمانانی کۆنی ئاشکرا کردووە کە کورد بوون و بە خوێنەرانی کوردی ناساندوون.

٢) *«شێخ نووری و دەنگی ڕەسەنی شیعری کوردی»*.

٣) «ڕەشماڵی عێراق» کە باسی دەوارنشینەکانی عەرەب دەکات.

مامۆستا «مصلح جەلالی» لە ئاخرین نامەدا کە بۆی نووسیبوم و ڕۆژی ١٧-٧- ١٩٩٧ گەیشتەدەستم، نووسیبووی کە تا ئێستا نزیکەی ٤٠٠ لاپەڕەی لە بیرەوەرییەکانی نووسیوەتەوە و هەرواش خەریکە دەیاننووسێ. بەڵام بە داخێکی زۆرەوە، مەرگ مەودای نەدا کارە ناتەواوەکانی تەواو بکات.

نۆرویج ـ عارف باوەجانی، ١٣-٨-١٩٩٧

■ ڕاستە مەرگ هیچ ئادەمیزادێک نابوێری، بەڵام کۆچی دوایی ئەو نووسەر وڕۆژنامەوانە، زیانێکی گەورە و گران بوو لە بواری ڕۆشنبیریی و ئەدەبی گەلەکەماندا. یادی بەخێر و گڵکۆکەی پڕ لە گوڵ بێ. (گزینگ)

## مارکسیزم، مەسەلەی هەوێتی نەتەوایەتی و چینایەتی

**عەبباسی وەلی**

**■ لە سەر لێگێڕانەوەی ،کۆمەڵەی کوردستان ئاوارە ـ سوێد، ڕۆژی یەکشەمۆ ٣ی نووتی ١٩٩٧، کاک عەبباسی وەلی مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی وەیلزی بریتانیا و ئەندامی دەستەی نووسەرانی گزینگ، لە شاری ستۆکهۆڵم سێمینارێکی گێڕا بە نێوی ،*مارکسیزم،مەسەلەی هەوێتی نەتەوایەتی وچینایەتی*، کە لێرەدا دەقی ئەو وتارەتان پێشکێش دەکەین. پێویستە بڵێین ئەم سێمینارە بە نووسراو نەبوو. لێرەدا قسەکانی کاک عەبباس هێنراوەتە سەر زمانی نووسین و پرسیار و بۆچوونی بەشدارانی سێمیناریش وەک خۆی لە ڕووی کاسێتەوە نووسراوەتەوە.**

**دوای ناساندن و بەخێرهێنانی کاک عەبباس لە لایەن کاك شێخ سالحی گلەزەردە بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی کوردستان ئاوارە، مامۆستا عەبباس باسەکەی خۆی دەست پێکرد.**

**حەسەنی قازی**

**کاک عەبباس:** زۆر سپاس، لە پێشدا بە پێویست دەزانم کە لە **«کۆمەڵەی کوردستان ئاوارە»**، بە تایبەتی لە برای بەڕێز کاک شێخ سالح زۆر سپاس بکەم کە ئەمنیان بانگ کردووەتە ئێرە بۆ ئەوەی دیسان سەبارەت بە بابەتێک کە ئەهەمییەتی هەیە بۆ کوردان لە دەرەوەی وڵات، باسێکی بچووکمان هەبێ.

هەروەتر، زۆرم پێخۆشە ئێوەش بەخێرهاتن بکەم و زۆرتان سپاس لێبکەم کە هاتوونەتە ئێرە، بە تایبەتی، لە ڕۆژێکی یەکشەمۆی ئاوا گەرمدا کە قەتعەن جێگای زۆر باشتر هەبوو بچن و کاری زۆر خۆشتر هەبوو کە بیکەن لە جیاتی لێرە دانیشن گوێ بدەنە ئەو قسانە. زۆرتان سپاس لێدەکەم کە هاتوون. ئەوە بۆخۆی خەباتێکی گەورەیە. بەتایبەتی ئەمن ئەوەی زۆر بە شانازی دەزانم.

باشتر ئەوەیە باسەکەم ئاوا دەست پێبکەم و بڵێم بۆمن باسێکی ڕەخنەگرانە دەربارەی مارکسیزم کارێکی هێندە سەهل و ئاسان نییە، نەک لەبەر مەسەلەی تیۆری یا سیاسی، بەڵکوو وەک هێندێک لە ئێوە ڕەنگە بزانن ــ ئەمن پێشتر پێوەندییەکی ڕۆشنبیرانە و عاتفی زۆر قووڵم لەگەڵ مارکسیزم هەبووە. بەڵام ئێستا ئەو مەسەلەیە بەشێوەیەکی سیاسی هاتووەتەگۆڕێ.

ئەگەر بە شێوەیەکی سیاسی بۆی بچین وا باشە مەسەلەی عاتفی و ڕۆشنبیرانە تاحەدێکی زۆر وەلابنێین و بزانین مارکسیزم مەسەلەی نەتەوایەتی چۆن دەبینێ؟ بۆچی وای دەبینێ؟

باشتر وایە بەحسەکەم ئاوا دامەزرێنم و بڵێم ئەوە هەڵەیە کە بڵێین مارکسیزم و مەسەلەی میللی. دروستتر وایە بڵێین مارکسیزمەکان و مەسەلەی نەتەوایەتی. چونکوو مارکسیزم شتێکی یەکپارچە نییە، سیستمێکی فکری یەکدەست نییە. زۆر فکری جیاوازی تێدایە، ڕێگای جیاوازی تێدایە، ڕشتە و لکی جیاوازی تێدایە و هەریەک لەوانەش مەسەلەی میللی بە جۆرێکی دیکە دەبینێ. ئەگەر ئێمە بێین و بڵێین مارکسیزم و مەسەلەی میللی بە نەزەری من، ئەو جیاوازی و ئەو فکرە جۆربەجۆرانەی کە لە مارکسیزمدا سەبارەت بە مەسەلەی میللی هەیە نابینین. مارکیسزم لە باری سیاسییەوە سەبارەت بە مەسەلەی میللی هەڵوێستی زۆر جیاوازی هەبووە، ئەگەرچی ئەوە ڕاستە بڵێین کە هەڵوێستە جیاوازەکانی مارکسیستی سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە بنەمایەکی تاقانەی تیۆری زانست (epistemological)ەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەو بنەمایە لە هەموویاندا هەبووە و لە هەموویاندا دووپاتە بووەتەوە و هۆکاری ئەسڵی لاوازیی مارکسیزمی لە بۆچوون بۆ مەسەلەی میللی بووە. بەنەزەری من، هۆکاری ئەسڵی شکستی مارکسیزم لە دەرک پێکردنی مەسەلەی میللیدا بووە. دوایە دێمەوە سەر ئەو باسە، باشترە پێش ئەوە شتێکی دیکە بهێنمەگۆڕێ ئەویش ئەوەیە ئێستا زۆر باوە بڵێن کە مارکسیزم لە نەزەر سیاسییەوە لە ساڵانی ٩٠ ـ ٩١ ڕووخا وخلاس بوو. زورکەسی دیکەش دەڵێن دروستە مارکسیزم لە نەزەر سیاسییەوە شکستی خوارد بەڵام لە نەزەر تیۆرییەوە ئێستاش تیۆرییەکی زۆر ڕێکوپێکە و دەتوانێ بەشێوەیەکی زۆر مونسەجیم سەبارەت بە مەسەلەی سیاسی هەڵوێستی هەبێ، شیان بکاتەوە و لێکیان داتەوە و هەڵوێستی سیاسی تازە بدا بە ئێمە.

ئەو مەبەستەی ئەمن دەیهێنمەگۆڕێ ئەوەیە، ئەگەر مارکسیزم شکستی خواردووە ـ کە دەقیقەن شکستی خواردووە ــ لەو شکستەیدا مەسەلەی تیۆریی مارکسیستی هۆکاری ئەسڵی بوون نەک هۆکاری فەرعی. ⬅

مەسەلەی تیۆری مارکسیستی لەو شکستەیدا دەوری زۆرزۆر گەورەیان هەبووە و ئێستا دەبێ هۆیەکان شی بکەینەوە بزانین بۆچی وایە؟

ئەگەر تەماشا بکەین لە سالی ١٨٤٨ەوە، بە باوەڕێکی دیکە لە ١٨٤٢ـ ١٨٤٣ەوە، کە کارل مارکس دەستی بە نووسینێ کرد ئەوەڵین کاری گەورەی کە نووسی «*ڕەخنە لە فەلسەفەی حقووقیی هێگێل*»ی بوو، پاشان پێنج سال دواتر لەگەل «**فرێدریک ئێنگێلس**» *مانیفێستی کۆمۆنیستی* نووسی، ئەگەر تەماشای بکەین حەرەکەتی مارکسیستی یان ئەو حەرەکەتانەی کە مارکسیزمیان وەک تیۆریی ئەسلی خۆیان ڕەچاو کردووە هەتا ئەورۆ، یانی نزیکەی ١٥٠ سال، لەو ١٥٠ سالەیدا ئەگەر لە نەزەر سیاسییەوە تەماشای تەداوم و تەحەولی مارکسیزم بکەین، پەیتاپەیتا شکان لە دوای شکان بووە. هۆی ئەو بارودۆخە پێوەندی هەیە بە هێندێک مەسەلە لە تیۆری مارکسیزمیدا کە بنەما و بناخەی سیاسەتی مارکسیستی بووە. گومانی تێدا نییە ئەگەر بمانەوێ ئەو مەسەلانە لێک جوێ بکەینەوە دەبێ لە پێشدا ئیشارە بە شتێکی بکەین: هەر باسێکی سیاسی یان تیۆری دەربارەی مارکسیزم بکرێ، دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ کە تیۆری مارکسیزم هەتا ڕۆژێکی خۆی لە مێتافیزیک جوێ نەکاتەوە حالی لەوە باشتر نابێ ـ یانی دەمەوێ بلێم هۆی ئەو شکستانە چین ـ و هۆی ئەسلی چییە کە مارکسیزم ناتوانێ مەسەلەی میللی ببینێ و هەلوێستێکی دیار و ئاشکرای سەبارەت بەو کێشەیە هەبێ. سەبەبی تیۆرییەکەی، تەنیا شتێکە ئەویش مێتافیزیکی کۆمۆنیزمە. هەتا ڕۆژێکی تیۆری مارکسیزم لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزمی جوێ نەبووەتەوە ئەو موشکیلانە هەمیشە هەر دەمێنێ.

مەبەستم لە **مێتافیزیکی کۆمۆنیزم** چییە؟ مەبەستم ئەوەیە کە سیاسەت بە تیۆری مارکسیزم لە باوەڕێکی زۆر ئیدەئالیستی بە نێوی کۆمۆنیزم بەستراوەتەوە کە لە نەزەر تیۆری زانست(epistemological)ەوە بە هیچ جۆر قابیلی دیفاع نییە. واتە ئەوەی کە ئەمن نێوم ناوە: مێتافیزیکی کۆمۆنیستی. ئەو مێتافیزیکی کۆمۆنیزمە لە هەموو لک و شاخەکانی مارکسیزمیدا هەبووە. ئەگەر مارکسیزم بیتوانیبایە بەشێوەیەکی تیۆری، فەلسەفی و سیاسی خۆی لەو مێتافیزیکەی جوێ کردبایەوە و ئەو مێتافیزیکەی ڕەت کردبایەوە دەیتوانی زۆر هەلوێستی پڕ سوودی هەبێ نیسبەت بە مەسەلەی میللی، مەسەلەی ژنان، مەسەلەی ڕاسیزم، مەسەلەی فەرهەنگی و هەروەها مەسەلەی ئیدەئۆلۆژیکیی دیکە. بەلام ئەو مێتافیزیکی کۆمۆنیزمە کە بووەتە ئامانجی ئەسلی هەموو جۆرە سیاسەتێکی مارکسیستی ئەو دەرفەتەی لە مارکسیزم ئەستاندووە. تەنیا جێگایەک کە لە ناساندنی مارکسیزمدا ئەو مێتافیزیکە وەلاندراوە لە حەرەکەتی سۆسیال دێمۆکراتی ئوڕووپایەدا بووە. لە سالی ١٨٩٥ بەم لایەوە لە نێو جوولانەوەی سۆسیال دێمۆکراتی ئوڕووپایەدا بەتایبەتی لە ئالمان و ئوتریش(ئەمسا)، بەو نەتیجەیە گەیشتن کە هەتا ڕۆژێکی فەلسەفە، تیۆری و سیاسەتی مارکسیزم لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم ببەسترێتەوە ئەوە بە هیچ کوێیەکی ناگا. قسەکەشیان لەوبارەیەوە ورد بوو، بۆیەشە کە باشترین و ڕێکوپێکترین بۆچوون سەبارەت بە مەسەلەی میللی لە لایەن ئوسترۆ مارکسیستەکان ڕا هاتووەتەگۆڕێ، واتە بۆچوونی مارکسیستەکانی ئوتریشی سەبارەت بە گیر وگرفتی لەهیستان،

**■ کاتێک هێگێل گوتی ڕوحی میللەت تەنیا دەتوانێ لە تەمەدون(شارستانیەت)ی بەرزتردا خۆی نیشان بدا ـ بۆ ئەو، واتە تەمەدونی مەسیحی و یەهوودی ـ و ناتوانێ لە تەمەودونی بوودایی و ئیسلامیدا خۆی دەرخا، مارکسیش هەمان شتی دووپاتە کردەوە.**

مەجارستان، سەربستان و کرۆواتیا. ئەو دەمی کە ئەوان لەسەر ئەو شتانەیان نووسی بەو قەناعەتەی گەیشتبوون کە دەبێ حسێبی ئەو تیۆرییە لەو مێتافیزکەی جوێ بکەنەوە. ئەو مێتافیزیکە بەداخەوە لە ئەساسی مارکسیزمی دایە و هەر حەرەکەت و تەوجیهێکی کە مارکسیزم کردوویەتی و ئێستاش دەیکا، چ لە چوارچێوەی ئوڕووپا و چ لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست، چ لە ئێرانێ و بەتایبەتی لە کوردستانێ ـ هەلبەت مارکسیزمێکی کە خۆی بە مارکسیزمی ئۆرتۆدۆکس(بنچینەگر) بزانێ ـ ئێستاش ناتوانێ وشەیەک بنووسێ بێ ئەوەی ئیشارە نەکا بەو مێتافیزیکەی کە دەیبەستێتەوە بە بەرژەوەندیی ئینتیزاعی(abstract) چینێکی تایبەتییەوە. باشتر ئەوەیە بزانین بنەمای ئەو مێتافیزیکە لە کوێڕا دێ و چۆن پێشی حەرەکەتی تیۆری، فەلسەفی و سیاسی مارکسیزمی دەگرێ. بنەمای ئەو مێتافیزیکی کۆمۆنیزمە لە مارکسیزمدا لە فەلسەفەی هێگێلییەوە سەرچاوە دەگرێ. هیچ بۆچوونێکی مارکسیستی سەبارەت بە مەسەلەی نەتەوایەتی نییە کە پایەی سەد لەسەدی هێگێلی نەبێ. ئەگەر وردتری تەماشا بکەین تەنیا وشەکان گۆڕاون، ئەگەر ئێوە بێن لە جیاتی وشەکانی فەلسەفەی هێگێلی، وشەی ئابووریی سیاسی، یان مەسەلەی کۆمەلایەتی دانێن بنەمای فەلسەفەکە هەر هەمانە. هێگێل لە سالی ١٨٢١ تا ١٨٢٣ کتێبێکی نووسی بە نێوی *Philosophy of Right*یانی «*فەلسەفەی حقووق*». لەوێدا جوملەیەکی هەیە کە زۆرزۆر گرینگە، ئەویش ئەوەیە دەلێ: «کۆمەلگەی مەدەنی دەستکەوتی مۆدێرنیتەیە، ئەوە مۆدێرنیتەیە کە کۆمەلگەی مەدەنی پێکهێناوە، کۆمەلگەی مەدەنیش ماهییەتێکی تازەی داوە بە دەولەتێ».

هێگێل هێنای دەولەتی کردە سێ بەش: دەولەت، بەشە سیاسییەکەی کە کۆمەلگەی مەدەنی بوو و خێزان. هێگێل پێوەندییەکی دیالێکتیکی لە نێو ئەو سێ بەشەدا بەرقەرار کرد و بەپێی دیالێکتیکی خۆی ئەوە دەولەت بوو کە وەزعی کۆمەلگەی مەدەنی، حەرەکەتی کۆمەلگەی مەدەنی، تەحەول و گۆڕان و تەکامولی کۆمەلگەی مەدەنی و خێزانی پێکدەهێنا. لە نێو کۆمەلگەی مەدەنیدا، هێگێل باسی چینەکانی هێنایە گۆڕێ وگوتی: لەوێدا چینی مامناونجی هەیە ئەوەیکە دوایە پێیانگوت بورژوا، چینی وەرزێران هەیە و بێرۆکراسیش هەیە، بەلام لە سالی ١٨٢١ و١٨٢٣دا، هێگێل بەو شێوەیە باسی چینی کرێکار یان پرۆلێتاریای سەنعەتی نەکرد. بە بۆچوونی هێگێل کۆمەلگەی مەدەنی کانگایەک بوو، کە لەوێدا دەولەت دەتوانێ ڕوحی میللەت نیشان بدا، چونکوو لە فەلسەفەی هێگێل دا دەولەت ڕوحی میللەت بوو. هێگێل لەو بڕوایەدا بوو کە لەبەرەو پێشچوونی مێژوودا، ڕوحی میللی بەرەو ئازادی دەچێ و ئەوە تەنیا و تەنیا لە هێندێک فەرهەنگی موتەمەدین(خاوەن شارستانی)دا

←

هەڵدەسووڕێ، کە ئەو مەبەستی فەرهەنگی مەسیحی و یەهوودی بوو. یۆنانی باستان دێ بۆ ڕۆمێ، لە ڕۆمێ ڕا دێتە ئورووپای ڕۆژئاوا، لە ئورووپای ڕۆژئاوا بەتایبەتی لە دەوڵەت یان دەوڵەتەکانی ئالمانێ (پرووسیا) ـ کە ئەو دەمی یەکیان نەگرتبوو ـ پەیدا دەبێ، گەشە دەکا و سەرئەنجام ئەو پرۆسە دیالێکتیکییە بەرەو ئازادییەک دەڕوا. هێگێل وتەیەکی دیکەی هەیە کە دەڵێ: ئەگەر فەردێک یان میللەتێک بییەوێ ئاواتی خۆی وەدیبێنێ تەنیا دەتوانێ لە چوارچێوەی دەوڵەتدا پێی بگا.

کارل مارکس لە ساڵی ١٨٤٣ ڕەخنەی لەو کتێبەی گرت و باسێکی لەسەر نووسی، ئەو کتێبەی بەنێو بانگە «*ڕەخنەلە فەلسەفەی حقووقیی هێگێل*»، مارکس لەوێدا دەڵێ: هێگێل مەسەلەکەی سەرەونخوون دیوە، ئەوە دروستە کە مۆدێرنیتە هاتووە و بووەتە ئەساسی سیاسەت و کۆمەڵگەی مۆدێرنی ئەوڕۆ. بەڵام پێوەندی نێوان دەوڵەت لە لایەک و کۆمەڵگەی مەدەنی وخێزان لە لایەکی دیکەوە بەو جۆرە نییە کە ئەو دیویەتی. هێگێل ئەو پێوەندییەی بەراوەژوو دیوە، ئێمە دەبێ هەڵیگێڕینەوە و لە سەر لاقی دانێین، ئەوە لە فەلسەفەی هێگێلی لە سەر سەری ڕاوەستاوە. دوایە هات گوتی کە ئەو پێوەندییە دیالێکتیکیانەی هێگێل لە نێوان خێزان وکۆمەڵگەی مەدەنی لە لایەک و دەوڵەت لەلایەکی دیکەوە دەیانهێنێتەگۆڕێ، بە شێوەی پێوەندی چینایەتی حەرەکەت دەکەن و ئەوە دەوڵەتە کە نیشان دەدا ئەو ناکۆکییانە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەن. کۆمەڵگەی مەدەنی تابیعی دەوڵەت نییە، لە ڕاستیدا دەوڵەت تابیعی ئەوە. ئەوە باسێکی جیاوازە، بەڵام ئەو ئاکامەی کە کارل مارکس لەوەی وەرگرت زۆر گرینگە بۆ ئەوەی بزاندرێ کە دوایە مەسەلەی نەتەوایەتی لە مارکسیزمدا چۆنی چاو لێکرا. کارل مارکس لە حەقیقەتدا گوتی: شکڵی کۆمەڵگەی مەدەنی، شکڵی گشتیی کۆمەڵگەی مەدەنی، شکڵی تایبەتیی میللەتە. یانی کۆمەڵگەی مەدەنی دیاردەیەکە کە لەوێدا میللەت سەرهەڵدێنێ. ئەوە لە دیتنی فەلسەفی ئەودەمیدا، ئیستدلالێکی دروست بوو بەڵام کارل مارکس هات هەنگاوێکی دیکەشی بردە پێشێ بەو شێوەیەی کە گوتی: ئەوە دروستە کە میللەت شکڵی گشتیی (general form) شکڵی تایبەتیی(particular form) کۆمەڵگەی مەدەنی یە، بەڵام کۆمەڵگەی مەدەنی شتێکی یەکدەست نییە، لەوێدا چینەکان هەن و ماهییەت و کاراکتێری کۆمەڵگەی مەدەنیش بە ڕێگەی بەرژەوەندی، هەڵوێست و ماهییەتی ئەو چینەی کە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا خاوەندەستەڵاتە، دیاری دەکرێ. ئەوە مەعنای ئەوە بوو کە کارل مارکس پەیدابوون و سەرهەڵهێنانی میللەتی مۆدێرنی لە پەیدا بوون و وەدیارکەوتنی بۆرژوازی بەستەوە. ئەوە ئەساسی ئەو ڕەخنەیەیە کە مارکس لە هێگێلی دەگرێ. مەسەلەی نەتەوە لە فەلسەفەی مارکسیستیدا، بە هەر شێوەیەک بێ تەنانەت ئەوڕۆش دەبینین بە باوەڕی مارکسیستە کوردەکان، فارسەکان و عەرەبەکان بە هیچ جۆر ناتوانێ بە بێ جوێکردنەوە لە مەسەلەی بۆرژوازی بێتەگۆڕێ. مەسەلەیەکی دیکەش کە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو باسەدا دێتەگۆڕێ ئەوەیە کە کاتێک کارل مارکس دەڵێ: دەبێ ئێمە ئەو فەلسەفەی هەڵگێڕینەوە و لەسەر لاقی دانێین، لێی زیاد دەکا و دەڵێ پێوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگەی مەدەنی ئەو جۆرە نییە کە هێگێل دیویەتی و بە پێچەوانەی ئەوەیە. واتە ئەوە کۆمەڵگەی مەدەنی یە کە ماهییەتی دەوڵەت دیاری دەکا. ئەگەر لەو ئیستیدلالە وردبینەوە و ئیستیدلالی پێشووش لەبەرچاو بگرین کە ماهییەتی کۆمەڵگەی مەدەنی بە چینەکانەوە دەناسرێتەوە واتە بۆرژوازی دیاری دەکا بەو مانایەیە کە ماهییەتی دەوڵەتیش بۆرژوازی یە؛ ئیستیدلالەکە بەردەوام دەبێ و دەگاتە ئەوەی کە ماهییەتی دەوڵەتی میللی ماهییەتێکی بۆرژوایی یە. ئەگەر تەماشای بکەین ئەو ئیستیدلالەی کە مارکس دەیکا بەتەواوی بنەمای فەلسەفەی هێگێلە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو ڕەخنەیەی کە لێی دەگرێ. جا کە بڵێین ئێمە دەوڵەتمان هەیە، دەوڵەت میللی یە، دەوڵەتی میللی ماهییەتی بۆرژوایی هەیە، ئەوە ئیستیدلالێکی فەلسەفی یە، لەوانەیە سیاسەتی دروست یان هەڵەی لێ بکەوێتەوە. ئەوە لە چوارچێوەی ئەو باسەی کە مارکس لە ساڵی ١٨٤٣ سەبارەت بە هێگێلی نووسی بەو شێوەی لەوێ بە جێ بوو، بەڵام پاشان پێنج ساڵ دواتر کاتێک هات ـ هەڵبەتە لەو نێوانەدا واتە ١٨٤٣ تا ١٨٤٨ کە مانیفێستی کۆمۆنیستی لەگەڵ ئێنگێلسی نووسی ـ کارێکی گەورەی دیکەشی کرد بە نێوی: «*ئیدەئۆلۆژیی ئالمانی*» (کتێبێکی گەورەیە)، کە لەو کتێبەدا لە ساڵی ١٨٤٥- ١٨٤٦، مارکس بەو نەتیجەیە گەیشتبوو کە میللەت وەکوو فۆرمێکی سیاسی مردووە و لە بەین چووە. ئەو قسەیە لە *ئیدەئۆلۆژیی ئالمانی* دا دەکا کە میللەت وەکوو فۆرمێکی سیاسی کە بکرێ ببێتە بنەمای موحاسەباتی تیۆری و تیۆریزەکردنی سیاسی لە بەین چووە واتە بەو شێوەیە کەلکی نەماوە بێتوو خۆی پێوە خەریک بکرێ کارێکی هەڵەیە. بەڵام ئەوە لە چوارچێوەی باسەکەی ئەوڕۆماندا باسێکی گرینگ نییە. ئینسان لە هەلومەرجێکدا لەوانەیە زۆر قسان بکا کە پاشان بۆی قابیلی قەبوڵ نەبێ. ئەمن هەر دەمەوێ ئەوەی بڵێم کە ئەو مەبەستانە لە خەتێکی تەحەولی دا هەبوون، ماون و پێشی تەکامولی سیاسی، فەلسەفی و تیۆری مارکسیزمیان گرتووە. مارکس لە ساڵی ١٨٤٨، ئەو مەبەستەی بە شێوەیەکی دیکە لە مانیفێستی کۆمۆنیستی دا هێناوەگۆڕێ و شتێکی لێ زیاد کرد ئەویش ئەو لایەنەیە کە ئەمن نێوم ناوە «مێتافیزیکی کۆمۆنیزم». ئەوە دروستە دەوڵەت واتە کۆمەڵگەی مەدەنی هەیە، ئەوە ش دروستە کە کۆمەڵگەی مەدەنی چینی جیاوازی تێدایە ئەوانە دروستن، وە دروستیشە کۆمەڵگەی مەدەنی ڕوح و ماهییەتی دەوڵەت دیاری دەکا. بەڵام مارکس هێنای دیسان ئەوەی لە پرۆسەی دیالێکتیکی هێگێلی ترینجاندەوە، بەو شێوەیەی کە گوتی: مەسەلەی تەکامولی دەوڵەت و چین و کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ لە چوارچێوەی پرۆسەیەکی دیالێکتیکی دا ببیندرێ کە ئەساسی ئەو پرۆسەیە ئەوەیە کە بە ئینگلیسی پێی دەڵێن: (negation of negation) واتە نەفیی نەفی یانی هەر قۆناخەی قۆناخێکی دیکە نەفی دەکا و دەچێتە پێشێ. ئەگەر ئەساسی قسەکانی مارکسی لەبەرچاو بگرین ئەوە بەو مانایەیە دەوڵەتی میللی کە لە ڕوانگەی وییەوە دەوڵەتی بۆرژوایی بوو، خاسییەتێکی(transitional) واتە تێپەڕ و کاتی هەیە تا پەیدا بوونی سۆسیالیزم و کۆمۆنیزم. دەوڵەتی مۆدێرن بۆ مارکسی حاڵەتێکی مانا و دایمی نەبوو و هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەشدا بوو کە مەسەلەی میللی بۆ کارل مارکس هەمیشە بە شێوەی سیاسەتێکی مووەقەت لە گۆڕێدابوو کە لە پێوەندی لەگەڵ ئامانجێکی گەورەوتردا کە پێکهێنانی سۆسیالیزم و ◄

کۆمۆنیزمە، ببیندرێ. ئەو ئیستیدلالەی مارکس کردی لە ئەزەر فەلسەفییەوە پێی دەڵێن ئیستیدلالی (teleological). ئیستیدلالێکی کە وەکوو ئیستدلالی مەزهەبی وایە بەو شێوەیەی کاتێک ئەتۆ ئیستیدلال دەکەی، ئەو ئیستیدلالەت پرۆسەیەک نیشان دەدا، ئەتیجەی ئیستیدلالەکە، ئەتیجەی کارەکە، لە خودی بنەمای ئیستیدلالەکەدا هەیە. واتە مارکس پرۆژەیەکی دیاری کرد، ئەو پرۆژەیە ئەک بە پێی ئەوەیکە چۆن تەحەول پەیدا دەکا، دەناسێندرێ، بەڵکوو لە سەر ئەساسی ماهییەتی ئەوەیکە ئامانجی چییە کە ئامانجەکەش کۆمۆنیزم بوو. شێوەی تەحەول و بەرەوپێشچوونەکەی هەر چۆنێک بایە دەبوو جۆرێک بهێنرابایەگۆڕێ کە بتوانێ ئەو ئامانجەی ڕوون کاتەوە. ئەگەر ئەو ئامانجەی ڕوون ئەکردبایەوە یان دەبوو بە شێوەیەکی تیۆری ڕەت بکرێتەوە یان دەبوو حاڵەتی کاتی و غەیەری ئەوەڵییەی هەبێ، حاڵەتی سانەوی هەبێ. جابۆیە مەسەلەی میللی، مەسەلەی جنسییەت کە پاشان بۆ مارکسیزم هاتەگۆڕێ لە پێوەندی لەگەڵ ئەولەویەتی ئامانجی ئەسڵی کە سۆسیالیزم یان کۆمۆنیزم بێ، هەمیشە حاڵەتی سانەوی واتە حاڵەتی فەرعی(auxiliary) پەیدا کرد.

مارکس قەت نەیتوانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ کێشەی نەتەوایەتی بچێ، چونکوو ئەو ڕێگا تیۆرییەی کە ئەو گرتبووی؛ ئەو حاڵەتە فەلسەفییەی کە ئەو هێنابوویەپێشێ ئیجازەی نەدەدا پێوەندی چینایەتی، پێوەندی ئەوتۆی کە دەبوو ببن بە هەڵگری حەرەکەتی مێژوویی بەرەو ئەو ئیدە ئینتیزاعییەی (abstract) کۆمۆنیزم پێشی پێ بگیرێ. جا وەختێک لەساڵی ١٨٤٨ هات باسی مەسەلەی میللی کرد وشە بە وشە قسەکانی هێگێلی دووپاتە کردەوە؛ بۆ مارکس مەسەلەی هەوێتی نەتەوایەتی وەکوو شتێک بوو کە هەمیشە هەبووە و بە تاریخ دراوە نەک وەکوو شتێک کە دەبێ ساز بکرێ. ئەوە ناکۆکییەک بوو لەگەڵ قسەکانی خۆی بەو مانایەی کە لەلایەک دەیگوت میللەت بۆرژوازی مۆدێرن سازی کردووە و لەلایەکی دیکەشەوە باسی ئەوەی دەکرد کە ڕوحی میللی لە مێژوودا حەرەکەتێ دەکا و دەچێتەپێشێ. بۆیە ئەمن دەڵێم لە هەر مەسەلەیەکدا کە مارکس سەبارەت بە کێشەی نەتەوایەتی دەیهێنێتەگۆڕێ هێگێل هەمیشە حازرە. بۆ وێنە کاتێک هێگێل گوتی کە ڕوحی میللی لە دەوڵەتێدا موسەجەل دەبێ، ئەو ڕوحی میللییە تەنیا لە حاڵەتێکدا دەچێتەپێشێ و دەتوانێ خۆی نیشان بدا کە دەوڵەت هەبێ. مارکس ئەو قسەیەی سەلماند بەڵام لێی زیاد کرد و گوتی ئەو دەوڵەتە ناپایەدار و کاتی یە. چونکوو کاتێک سۆسیالیزم وەدی بێ ئەوە نامێنێ و لە بەین دەچێ. کاتێک هێگێل گوتی ڕوحی میللەت تەنیا دەتوانێ لە تەمەدون(شارستانیەت)ی بەرزتردا خۆی نیشان بدا ـ بۆ ئەو، واتە تەمەدونی مەسیحی و یەهوودی ـ و ناتوانێ لە تەمەودونی بوودایی و ئیسلامیدا خۆی دەرخا، مارکسیش هەمان شتی دووپاتە کردەوە. بەڵام بەو شێوەیە کە هات باسی دوو جۆرە میللەتی کرد، هێندێکی ئێونان میللەتی تاریخی و هێندێکیش میللەتی غەیری تاریخی. بۆ مارکس میللەتی تاریخی ئەوانە بوون کە لە پرۆسەی گەشەی سەرمایەداریدا هاتبوونە مەیدانێ و پێکهاتبوون. میللەتی غەیری تاریخیش مەبەست لە خەڵکی ئەو جێگایانە بوون کە لەواندا سەرمایەداری، یان گەشەی

**■ کارل مارکس کۆمەڵگەی مەدەنی لە میللەت، میللەتی لە چین، چینی لە دەوڵەتی میللی بەستەوە. دەوڵەتی میللیشی لە ئامانج و ئیدەئالی کۆمۆنیستی بەستەوە و گوتی لەو پێوەندییەدا دوو بەشمان هەیە: میللەتی تاریخی و غەیری تاریخی.**

نەکردبوو یان حەولی ئەوە دەدرا بە هێزی سیاسی میللەتی ئەوتۆ ساز بکرێ. بۆ وێنە بۆ مارکس، ئینگلیسی و فرانسەیی و ئاڵمانی میللەتی تاریخی بوون چونکوو لەوێ سەرمایەداری گەشەی کردبوو؛ بەڵام مەجاری، سەربی و کرۆواتی میللەتی تاریخی نەبوون. بوون و نەبوونیان لە پێوەندی لەگەڵ گەشەی سەرمایەداری و بۆرژوازیدا بوو. بۆ وێنە میللەتێکی بەناو تاریخی وەکوو ئینگلیسی لە چوارچێوەی بریتانیای مەزن دا ساز دەبێ، بەڵام ئەوە گرینگ نەبوو بەشێک لە سکاتلەندییان، ئیرلەندییان، وەیلزییان چیان لێ بەسەر دێ. بۆ وی ئامانجی سەرەکی گەشەی سەرمایەداری، گەشەی بۆرژوازی ئینگلیس وەکوو هێزی بزوێنەری ئەو سەرمایەدارییە بوو کە بچێ بەرەو سۆسیالیزم. لەو نێوەدا چارەنووس و ماف و بەسەرهاتی سکاتلەندی، وەیلزی و ئیرلەندییەکان مەسەلەیەکی زۆر سانەوی بوو، ئەوانە دەبوو لەو خەتەیدا بچنەپێشێ و تابعی وی بن. نموونەی دیکەش زۆرن کە نیشان دەدەن مارکس لە مافی نەتەوەی ژێردەست لە بەرانبەر نەتەوەی بە قەولی خۆی بۆرژوازی سەرکەوتوودا دیفاعی نەکردووە. چونکوو بەنەزەری وی، ئەوە سیاسەتێکی پێشکەوتوو نەبوو، نەدەبوو بیکا. مارکس بۆچوونێکی ئەو تۆشی لەمەڕ کۆلۆنیالیزم هەبوو. وەک زاندراوە مارکس لە هیندوستانێ لایەنگریی لە کۆلۆنیالیزمی ئینگلیسی دەکرد لە چینیش هەر وای کرد و پشتیوانی لە کۆلۆنیالیزمی ئیسپانیا لە ئامریکایە دەکرد. ئەساسی ئەو لایەنگرییە هەر ئەو مێتافیزیکە بوو کە عەرزم کردن. لە ڕوانگەی وییەوە دەبوو ئەو لایەنگرییە بکرێ چونکوو ئەو کۆلۆنیالیزمانە ئی فەرهەنگ و ئابوورێکی زۆر بەرزتر بوون و ئەگەر مێژوو ئیجازە بدا ئەوانە لەوێ سەربکەون و لەوێ سەرمایەداری هەموو جێگایەک دابگرێ، سەرئەنجام مەسەلەی میللی بۆخۆی جێبەجێ دەبێ. مارکس تەنیا هێندێک جار لەبەر ئەو جەریانانەی کە لە ئورووپایە لە گۆڕێدا بوون واتە ئەو جووڵانەوانەی لە وێ دەستیان پێکردبوو، ناچار بوو مافی دیاریکردنی چارەنووسیان تێدا ببینێ. بەڵام مافی دیاریکردنی چارەنووس دیسان وەکوو مەسەلەیەکی بۆرژوایی لە گۆڕێدا بوو. مەسەلەیەک کە دەبوو لە پێوەندی بە گەشەکردنی بۆرژوازی و سەرمایەداری و ئەو ڕەوەندە دیالێکتیکییەی کە ئەو دەیگوت بتوانێ لە کورتخایەن یان درێژخایەندا بگاتە ئامانجی سۆسیالیزم و ئاخرییەکەی ئامانجی غایەتمەندیی کۆمۆنیزم. مارکس مافی دیاریکردنی چارەنووسی لەو پێوەندییەدا دەدی و هیچکات بە هێندی نەگرت. بۆچی بە هێندی نەگرت؟ ئاشکرایە مەسەلەکە شتێکی شەخسی نەبوو. ئەو سیستەمە تیۆرییەی کە ئەو دایمەزراندبوو ڕێگای نەدەدا مافی دیاریکردنی چارەنووس وەکوو مافێکی دایمی هەبێ. ئەگەر بشبایە دەبوو شتێکی کاتی و تێپەڕ بێ. بۆیە ئەو میللەتانەی کە ئێوی ئابوون میللەتی تاریخی پشتیوانی ←

لێکردن و دەبوو هەبن. چونکوو دەوڵەتی میللی لە ڕوانگەی وییەوە ئەو دەمی حدوود و سنووری قەزایی و سیاسی گەشەی سەرمایەداری دیاری دەکرد، دەبوو هەبێ. بەڵام ئەوانەی کە نەیانبوو نا! دیفاع لە مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەو میللەتانەی کە دەرەتانی گەشە پێدانی سەرمایەدارییان نەبوو هیچکات نە بۆ کارل مارکس و نە بۆ فرێدریک ئێنگێلس لە گۆڕێدا نەبوو. ئەگەر بمانەوێ جەدەلێکی فەلسەفی لەو بارەیەدا بکەین، دەکرێ بڵێین کە مارکس لە ژێر تەئسیری زۆری هێگێل دا بنەمایەکی دانا کە پێیدەڵێن حالەتی(epiphenomenalism). مارکس هیچکاتێک نەیتوانی لە سەر نەوعی سیاسەت، نەوعی گرێوگۆڵی غەیری ئابووری بە شێوەیەکی وا قسان بکا کە بۆخۆیان سەربەخۆیی کردەوەیان هەبێ. ئەوانە تەنیا و تەنیا لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئابووری دا، بۆ وی لە گۆڕێدا بوون. ئەگەر هەوێتییەکیان هەبوایە لە پێوەندی لە گەڵ ئابووری دا بوو. ئەگەر هەوێتیان نەبایە گرینگ نەبوو، چونکوو هەوێتی ئەساسی هەوێتی ئابووری بوو.

لە سیستمی تیۆری کارل مارکسدا ئەوە کارێکی خۆڕایی یە، کەسێک وەدوای دۆزینەوەی هەوێتی نەتەوایەتی بکەوێ، تێیدا نییە، ناشکرێ تێیدا بێ. لە سیستمی مارکسدا تەنیا نەوعێک هەوێتی هەیە، ئەویش هەمووتان دەزانن هەوێتی چینایەتی یە. بەڵام ئەمن دەمەوێ شتێکیشی لێ زیاد بکەم و بڵێم لەو سیستمەدا هەوێتییە چینایەتییەکەش شتێکی ئابووری یە. واتە چین، چینی کۆمەڵایەتی، چین لە کۆمەڵگەیەکدا هەوێتی سیاسییەکەی لە هەوێتییە چینایەتییەکەی ڕا دێ. لە سیستمی مارکسدا چینی کۆمەڵایەتی، هەوێتییە سیاسییەکەشی سەربەخۆیی نییە، هەوێتییە سیاسییەکەی نەتیجەی هەوێتییە ئابوورییەکەیەتی. ئەگەر بگەڕێینەوە سەر هێگێلیش بەوجۆرەی کە دەبێ باسی هەوێتی ناکرێ، بەڵام پاشان هەوێتی بوو بە مەسەلەیەکی زۆر سەرەکی لە نێو ئەوانەدا کە پێیان دەڵێن (Neo-Kantian) نوێ کانتییەکان. ئەوانە دەستیان کرد بە ڕەخنەگرتن لە مارکسیزم کە هەوێتی نابینێ. بۆ ئەوان هەوێتی هەر ئەوە نەبوو کەسێک خۆی پێوەدەناسێ و خۆی دەناسێنێ. هەوێتی بۆ وان مەسەلەیەکی فەرهەنگی بوو و فەرهەنگیش بۆ ئەوان گۆڕەپانێک، بوارێک بوو کە نەدەکرا بە مەسەلە ئابوورییەکان ڕوون بکرێتەوە.

کێشەی نەتەوایەتی بەتایبەتی پاش ئەوەی مارکسیزم کەوتە بەر دەستی ئەنترناسیۆنالی دووەم، بوو بە مەسەلەیەکی زۆر گەورە لە ئورووپایەدا. ئەو مارکسیستە گەورانەی کە کاری مارکسیان درێژە پێدا خۆیان ناچار دیت لەو بارەیەوە هەڵوێست دەربڕن و شتێکی بڵێن. وەک دەزانن لەم بارەیەوە **ڕۆزا لوکزامبورگ، کائۆتسکی، بێرنشتاین، لێنین، برۆنۆ باور و گرامشی** نووسیان و **ستالین** یش نووسی، کە نووسراوەکەی وی بەتایبەتی لە نێو مارکسیستی کورد و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا بەنێوبانگە. ئەوانە هەموو نووسیان تا ئەو جێگایەی بۆ باسی ئەوڕۆی ئێمە ئەهمییەتی هەیە بەنەزەری من، نووسینەکانی لێنینی لەبەر چەند سەبەب ئەهمییەتیان زۆرترە. نەک لەبەر ئەوەی ڕێگا چارەیەکی بۆ پەیدا کردبێ، بەڵکوو بۆ زانینی ئەوەیکە لێنین ئەوجۆرەی ئیستیفادە لە مارکسیزم دەکرد کە پێویستی بوو. هەڵبەت ئەگەر بمانەوێ سادەی بکەینەوە، دەکرێ بڵێین لێنین مارکسیستێکی زۆر باش نەبوو، مارکسیستێکی ئۆرتۆدۆکسی زۆر چاک نەبوو. لێنین ڕەئیسی کوللی ڕێڤیزیۆنیستان بوو. تیۆری مارکسیزم بۆ لێنینی حالەتی تەقەدوسی نەبوو لەبەر ئەوە زۆر بە هاسانی دەیتوانی زۆر لە شتەکانی ئەساسی مارکسیزم هەڵگێڕێتەوە و بیگۆڕێ. لە چوارچێوەی ئەو باسەدا کە لە سەر مەسەلەی میللی لەگۆڕێدا بوو، موشکیلەیەکی دیکەش لەبەر دەم لێنین قوت ببووەوە. ئەویش ئەوەبوو لێنین لە کۆمەڵگەیەک، لە مەملەکەتێک، لە جێگایەکەوە هاتبوو کە بەشی گەورەی ئورووپایی نەبوو، ئەگەر ئەو هاتبا و قسەکەی کارل مارکسی لەمەڕ نەتەوە تاریخییەکان(historical nations) بە سەر ڕووسیای قەیسەریدا دابەزاندبایە، دەبوو دوو بەشی ڕووسیای قەیسەری فت بکا. کارل مارکس کۆمەڵگەی مەدەنی لە میللەت، میللەتی لە چین، چینی لە دەوڵەتی میللی بەستەوە. دەوڵەتی میللیشی لە ئامانج و ئیدەئالی کۆمۆنیستی بەستەوە و گوتی لەو پێوەندییەدا دوو بەشمان هەیە: میللەتی تاریخی و غەیری تاریخی. ئەوە بەو مەعنایە بوو کە میللەتێکی کە دەوڵەتی مێژوویی نەبوو و لە بەر هەلومەرجی مێژوویی نەیتوانیبوو پێوەندیی سەرمایەداری گەشە پێبدا و سیستمی بۆرژوازی پێکبێنێ ئەو جۆرە میللەتە کە دەوڵەتی میللی نەبوو، میللەتی بێ تاریخ بوون. ئەگەر لێنین ئەو قسەیەی مارکس و ئێنگێلسی دووپاتە کردباوە دووبەشی زیادتری ڕووسیای قەیسەری دەبووە میللەتی بێ تاریخ. بۆ کەسێکی وەکوو لێنین کە ئیستیدلالی دەکرد ڕووسیای قەیسەری گەیشتووەتە ئەو جێگایەی، سەرمایەداری گەیشتووەتە ئەو جێگایەی کە ئیمکانی شۆڕشی سۆسیالیستی هەیە و ئەمنیش پێشەنگی (vanguard) ئەو شۆڕشە سۆسیالیستییەم، نەدەکرا بڵێ دەیەوێ لە جێگایەکدا شۆڕشی سۆسیالیستی بکا کە دوو بەشی زیادتری دانیشتووانی میللەتی غەیری تاریخین. ئەوە دەبوو بەشتێکی زۆر پووت. لەوبابەتەوە لێنین بە پێچەوانەی کەسێکی وەکوو لوگزامبورگ کە لەبەرانبەر دەستەڵاتی ئابووری و سیاسی ئاڵمانێدا بە هاسانی، تەواو نکۆڵی لە حقووقی لەهیستانییان دەکرد ـ لوگزامبورگ هیچ ئەهمییەتێکی بۆ لەهیستانییان دانەدەنا ـ و بە پێچەوانەی کائۆتسکی کە ئەوانەی وەکوو ئێنگێلسی ڕەبت دەدا بە گەشەی سەرمایەداری و ئامانجی ئەهایی کۆمۆنیزم، ئەو وای نەدەدی. بۆ لێنینی مەسەلەی میللی بە شێوەی سیاسەتی ڕۆژ لە گۆڕێدا بوو، دەبوو وەڵامێکی بۆ ببینێتەوە. ئەگەر بە پێوەری سیاسی بێ لێنین زۆر مارکسیستێکی باش بوو و ئەگەر پێوانەی تیۆری ـ فەلسەفی بۆ دابنێی زۆر مارکسیستێکی خراپ بوو، یانی دەیەویست لە خەت لابدا. کاتێک مەسەلەی میللی بە شێوەی مەسەلەی سیاسی ڕۆژ بۆ لێنینی هاتەگۆڕێ دەبوو وەڵامێکی بۆ ببینێتەوە، بەڵام گرفتی وی ئەوە بوو کە چۆن خۆی لە کۆڵ ئەوەیکە پێی دەڵێن: reductionism ی مارکس و ئێنگێلسی بکاتەوە، واتە لە کۆڵ خۆکردنەوەی ئەو داشکاندنە چینایەتییەی کە هەموو شتێکی بە ئابووری دەبەستەوە. ئەوە مەسەلەیەک بوو کە بۆ لێنینی لەگۆڕێدا بوو، جا بۆیە کاتێکی لێنین هات لە چوارچێوەی ڕووسیای قەیسەریدا ستراتیژی شۆڕش گەڵاڵە بکا ئەوەی کردە دوو بەش، بەشێکی سەر بە دەورەی بۆرژوا دێمۆکراتیک بوو و بەشەکەی دیکەشی قۆناخی تێپەڕین بوو لە مەرحەلەی بۆرژوادێمۆکراتیک تا سۆسیالیزم. بەڵام لەبەر ئەوەی کە مەسەلەی سۆسیالیزم و سیاسی بۆ لێنینی فەورییەتی هەبوو، مەسەلەی ڕۆژێ بوو

ئەو قەت پێی خۆش نەبوو وەک کائۆتسکی، لوگزامبورگ، بێرنشتاین یان پلەخانۆف کە نفوزێکی زۆری لە سەر لێنینی هەبوو، بێنێ ئەوەی لە چوارچێوەی تەکامولی بنێ. ئەگەر تەماشای نووسراوەکانی لێنین سەبارەت بە حەرەکەتی بۆرژوازی یان شۆڕش بکەی فەرقێکی عومدەی هەم لەگەڵ مارکس تێدا دەبینی هەم لەگەڵ کائۆتسکی و لوگزامبورگ. چونکوو لە نەزەر لێنینەوە نێوانی شۆڕشی بۆرژوادێمۆکراتیک و شۆڕشی سۆسیالیستی هەم دەتوانێ پرۆسەیەکی تاریخی بێ هەم دەتوانێ نەبێ. ئەو دووانە دەتوانن بەیەکەوە بن. هەر ئەو شێوە لێکدانەوەیەی لە شۆڕشی ئۆکتۆبر بە دەستەوە دا. مەقسوودی ئەوەبوو ئەگەر جووڵانەوەی بۆرژوادێمۆکراتیک هات شۆڕشی بۆرژوا دێمۆکراتیکی کرد ئیتر پێویست بە چاوەڕێبوونی گەشەکردنی سەرمایەداری نییە، دوای ئەوە ئەگەر هەلومەرج ئیجازە بدا دەستبەجێ دەکرێ شۆڕشی سۆسیالیستیش بکرێ. لێنین ئەو بنەمایەی دانا. بۆ لێنینی گیر و گرفتێکی دیکەش لە گۆڕێدا بوو کە دەبوو وەڵامی بداتەوە، مەسەلەیەکی کە بۆ کارل مارکسی نەبوو، ئەویش بۆچوون بۆ مەسەلەی میللی بوو. مەسەلەی میللی بۆ لێنین زۆر گرینگ بوو بەتایبەتی پاش ١٩١٢ سەبارەت بە مەسەلەی ئیمپریالیزم. بۆ لێنینی ئەو شتانەی کە مارکس گوتبووی، ئەو ڕەوت(trend)انەی کە مارکس گوتبووی بە کردەوە هاتبووەگۆڕێ. واتە سەرمایەداری لە ئاستێکی گەورەدا گەشەی کردبوو مەسەلەی ئیمپریالیزم هاتبووەپێشێ. لێنین بۆ گەڵاڵەکردنی بۆچوونەکانی لەسەر مەسەلەی میللی کەلکێکی زۆری لە دیاردەی ئیمپریالیزم وەرگرت. ئەویش ئەوەبوو کە مەسەلەی ئیمپریالیزمی کردە بنەمایەک ـ زیادتر لە نووسراوەکانی دوایی خۆیدا ـ کە لەوێ خەتی چینایەتی وخەتی میللی دەگەیشتنەوە یەک. ئەوە، بوو بە بنەمایەک بۆ سیستمی ئەو فکرە تیۆرییە. لێنین مارکسیستێک بوو کە مەسەلەی تیۆری تەنیا لە پێوەندیی لەگەڵ مەسەلە سیاسییەکانی ڕۆژدا دەدی. ئەگەر بمانەوێ لێنین وەکوو تیۆریسیەنێکی مارکسیست بناسێنین دەبێ بڵێین وەزعی وی لەگەڵ خەڵکی دیکە جیاواز بوو. ئەو لە سەر هیچ شتێکی نەدەنووسی، فکری لە هیچ شتێکی نەدەکردەوە مەگەر ئەوەیکە پێوەندیی ڕاستەوخۆ و دەستبەجێی لەگەڵ قودرەتی سیاسی نەبێ. ئەو یەکێک لە گەورەترین تاکتیسیەنەکانی قودرەتی سیاسی ئەو سەروبەندی بوو. مارکسیزمیش بۆ وی ئەوجۆرە بوو، ئاوای دەدیت. جا هەر لەو پێوەندییەشدا بوو لێنین مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووسی لە تیۆری دێمۆکراتیکەوە هێنایە نێو مارکسیزم. ئەوە گەورەترین کارێک بوو کە لێنین لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی میللیدا کردی بەبێ ئەوەی دەستی بلەرزێ، بەبێ ئەوەی لەوە بترسێ پێی بڵێن بۆرژوا ڕێڤیزیۆنیست و فلان وفلان. لێنین ئەو بابەتەی هێنایە نێو مارکسیزمەوە. مافی دیاریکردنی چارەنووسی کردە یەکێک لە مەسەلە ئەساسییەکانی کێشەی نەتەوایەتی. تا ئەو جێگایەی چوو کە دەبینین دەڵێ: لە سیستمێکدا کە حدوود و سنووری سیاسی خۆی هەیە، سەرمایەداری گەشە دەکا و لە بەر دەستەڵاتی ئیمپریالیزم ئەو میللەتانە ئەگەر بیانەوێ، ئەگەر وا بە سەلاح بزانن دەتوانن دەوڵەتی نەتەوایەتی خۆیان پێکبێنن. لە هێندێک لە نووسراوەکانی لێنینیدا دەبینین کە ئەو هەنگاوێک زیادتر لە مارکس، ئینگێلس، لوگزامبورگ و کائۆتسکی هاتووەتە پێشێ. ئەو هات و تەقریبەن سیستمێکی نیوە سەربەخۆ،

**■ مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس یان مافی مرۆڤ لە تیۆری دێمۆکراتیکدا بەوردی مەسەلەی قودرەتی سیاسی یە. وەختێك یەكێك بێ بڵێ ئەمن لەگەڵ مافی دیاریكردنی چارەنووس موافیق نیم بەڵام لەگەڵ جوێبوونەوە موافیقم وەك ئەوە وایە بڵێ ئەمن پێویستیم بە لاقم نییە بەڵام دەمەوێ هەڵێم.**

حاڵەتێکی نیوە سەربەخۆی دا بە مەسەلەی میللی، نەک ئەوەی کە لە سەیتەرە یا فکری چینایەتی ڕزگاری بکا، بەڵکوو حاڵەتێکی نیوە سەربەخۆی دایە. ئەگەر نووسراوەکانی لێنین لە سەر مەسەلەی میللی بخوێنینەوە دەبینین ئەوانە یەکپارچە نین زۆر جیاوازن. بەتایبەتی لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس باسی جیاواز دەکا و دەتوانێ نەتیجەی جیاوازی لێوەربگرێ. بەڵام ئەوە گرینگە کە کاتێک لێنین بابەتی ئیمپریالیزمی هێناژوورێ ئەو بابەتە توانی بۆوی ببێتە بنەمایەکی تیۆری کە پێوەندییەکان لە سەروەڕا بە شێوەی عەموود(ئەستوون)ی دەست پێدەکەن و دێنەخوارێ، واتە پێوەندی عەموودی چینایەتی لەگەڵ پێوەندی ئوفوقی(ئاسۆیی) ئەو میللەتانەی کە لە ژێر سەیتەرەی ئیمپریالیستیدا بوون. لێنین توانی ئەوانە ببینێ و لە سیستمێکی تایبەتی تیۆریدا لە پێوەندی لەگەڵ ئیمپریالیزم و کاپیتالیزمدا دایبڕێژێ. بەڵام دوایە پاش ١٩١٤ و بەتایبەتی دوای ١٩١٧ بەرەبەرە لەو هەڵوێستە پاشەکشەی کرد. نوختەی هەرە بەرزی پاشەکشەی لێنین کە تەقریبەن دەگەڕێتەوە سەر هەڵوێستە سەرەتاییەکانی مارکس، لەوەدا دەبینین کە لێنین نکۆڵی لە ئۆتۆنۆمی، نکۆڵی لە سەربەخۆیی فەرهەنگی میللی دەکا. لێنین سەربەخۆیی هەوێتی نەتەوایەتی لە بەرانبەر فەرهەنگی چینایەتیدا ئینکار دەکا. کاتێک ئەوەی دەکا تەئسیری ئەو ئیستیدلالە تیۆرییانە لە سەر مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس کە هێنابوویە ژوورێ زۆر دەبێ. مافی دیاریکردنی چارەنووس دەبەستێتەوە بە هەلومەرجی سیاسی کە ئیمکانی زۆر کەمە وەدی بێ و ئەگەریش وەدی بێ، دەبێ لە پێوەندی لەگەڵ مەسلەحەتێکی گەورەتری سۆسیالیستیدا ببیندرێ. ئەو مافە لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسلەحەتەدا، لەوانەیە بچێتەپێشێ و لەوانەیە نەچێتەپێشێ. ئەمن کە لێرەدا باسی مافی دیاریکردنی چارەنووس دەکەم، با ئیشارە بە شتێکیش بکەم کە بە نەزەری من زۆر بە جێیەو لە پێوەندی لەگەڵ ئەوڕۆیدا دەبینم. مافی دیاریکردنی چارەنووس یان مەسەلەی ماف ئەوەی زۆر کەس بە بەشێک لە سیستمی بۆرژوایی دەزانن بە باوەڕی من، هەڵەیەکی زۆر گەورەیە. ئەوانەی کە ئەو جۆرەیان دیوە، بەتایبەتی مارکسیستان تووشی هەڵە هاتوون. ئێستا ئەمن نموونەیەکتان بۆ باس دەکەم، کە بۆچی ئاوای دەبینن. ئەوانە هیچکاتێک ئەساسی تیۆریی مەسەلەی مافیان لێک نەداوەتەوە و مافی دیاریکردنی چارەنووس هەر بە هەقی جوێبوونەوە دەزانن. ئەمن چەندێک لەوەپێش لە نووسراوەی یەکێک لە حیزبە ئێرانییەکان کە سەردەمایەک لە کوردستانی ئێرانێ نفوزی هەبووە و سەبارەت بە مەسەلەی کورد و مەسەلەی میللی لە ئێرانێ شتیان نووسیبوو شتێکی زۆر سەیرم دیت. لەو نووسراوەیەدا دەڵێ ئەمن لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتان وەکوو هەقێکی میللی موافق ←

نیم، بەڵام لەگەڵ هەقی جوێ بوونەوە و تەشکیلی دەوڵەتی کورد بۆ قەومی کورد موافیقم. ئەمن نازانم ئەوەی چۆن تەعبیر بکەم کە چۆن یەکێک لەگەڵ مافەکەی موافیق نییە بەڵام لەگەڵ مافی جوێبوونەوە موافیقە. بە بۆچوونی من، ئەو کابرایە مێشکی خۆی لە دەست داوە. ئەوەشتێکی جیددییە عەرزتان دەکەم. هۆی چییە بۆ وا دەڵێ؟ ـ ئەمن ئەو قسەیەم لە ژمارە ١٦ی یەکێک لەو ڕۆژنامانەدا دیت ـ مافی دیاریکردنی چارەنووس، لە تیۆری دێمۆکراتیکدا مەسەلەی ماف ـ هەر مافێک بێ ـ بە مەسەلەی (consensus) واتە ئیتیفاقی ئارا بەستراوەتەوە. ئەو کابرایەی کە ئەو قسەی کردووە ئەوەی نازانێ کە لە تیۆری دێمۆکراتیکدا مەسەلەی ماف هەمیشە بە (consensus) بەستراوەتەوە، یانی ئیتیفاقی ئارا. -con sensus لە تیۆری دێمۆکراتیکدا بنەمای قودرەتی سیاسی یە. مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس یان مافی مرۆڤ لە تیۆری دێمۆکراتیکدا بەوردی مەسەلەی قودرەتی سیاسی یە. وەختێک یەکێک بێ بڵێ ئەمن لەگەڵ مافی دیاریکردنی چارەنووس موافیق نیم بەڵام لەگەڵ جوێبوونەوە موافیقم وەک ئەوە وایە بڵێ ئەمن پێویستیم بە لاقم نییە بەڵام دەمەوێ هەڵێم.

**یەکێک لە بەشداران:** باسی جیابوونەوەی کوردستانی عێراق کراوە.

**کاک عەبباس:** ... بەڵێ، ئەمن نامەوێ مەسەلەکەی بکەمە شەخسی، بەڵام کەسێکی کە ئاوا دەنووسێ، بەتایبەتی وەکوو تیۆریسیەنێک دەنووسێ دەبێ لە پێشدا فکر لەو جۆرە شتانە بکاتەوە و بزانێ ماف لە تیۆری دێمۆکراتیکدا یانی چی؟ بزانێ پێوەندی ماف لەگەڵ consensus ـ ئیتیفاقی ئارا یانی چی؟ بۆچی ماف لە قودرەتی سیاسی جوێ نییە؟ ئەگەر ئەو هەقی جوێبوونەوە بە من بدا یان نەدا چ ئەهمییەتی هەیە؟ ئەوەی ئەهمییەتی هەیە ئەوەیە کە ئەمن بۆخۆم قودرەتم هەبێ جوێ ببمەوە یان نەبمەوە. ئەگەر جوێ ببمەوە یان نەبمەوە ئەمن بۆ لەوی دەپرسم. ئەو هەزار سالیش لەوێ دانیشێ بە من بڵێ دەیدەم بە تۆ یان نایدەم بە تۆ، چ ئەهمییەتی هەیە؟ ئەو موشکیلەی کە پێوەندی من لەگەڵ وی جێبەجێ دەکا مەسەلەی قودرەتی سیاسی یە. ئەگەر قودرەتی سیاسی لەمن زۆرتر بێ نایدا بە من. ئەگەر ئەمن زۆرترم هەبێ لە سەدا سەد لێی دەستێنم(چەپڵەی بەشداران).

مەسەلەکەی کە ئەمن مەترەحی دەکەم ئەوەیە کە ئەو بەشەرە دەبێ بە ئەندازەی بزنێکی مەغزی هەبێ، یانی بە ئەندازەی بزنێکی کە بتوانێ مەسەلەی ماف وەکوو capacity بۆ عەمەلکردن [ببینێ]. قودرەت لە تیۆری سیاسیدا، مەعنای زۆرە. قودرەت لە پێوەندی لەگەڵ دەوڵەتێدا -ca pacity واتە تواناییە کە ئەتۆ بتوانی ئامانجێکی دیاری بکەی و بەرەو ئەو ئامانجە بچی و ئەو ئامانجەی وەدەست بێنی. بەڵام ماف لە تیۆری دێمۆکراتیکدا بە consensus واتە ڕێککەوتنی گشتی بەستراوەتەوە. ئەهمییەتی تیۆری دێمۆکراتیک ئەوەیە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بەشێکە لە تیۆری دێمۆکراتیک. پێش وەی ئینسان بیێتە سەرۆکی حیزبێکی یان تیۆریسیەنی حیزبێکی باشتر ئەوەیە کتێب بخوێنێتەوە پاشان مەسەلەی وا بێنێتەگۆڕێ. ماف لە تیۆری دێمۆکراتیکدا، لە دەرەوەی قودرەتی سیاسی کە لە سەر consensus دامەزرێندرابێ، بێ مانایە.

**یەکێک لە بەشداران:** لە لای ئێمە وا نییە.

ئەگەر ئێمە بمانەوێ وەکوو capacity یانی توانایی بۆ عەمەل، باسی قودرەت بکەین ئەوە دەبێتە کێشەی پێوەندی نێوان من و وی. پێوەندی نێوان من و ویش، پێوەندی تەفاروق و تەناقوزە. ئەو پێوەندییەیە کە هەوێتی میللی تێدا پێکدێ. بۆیە مەسەلەی هەوێتی نەتەوایەتی بە وردی هەم بە مەسەلەی ماف بەستراوەتەوە و هەم بە قودرەتی سیاسی، ئەوە تەنیا هەر ئەوە نییە کە ئینسان هەوییەیەک، سجیلێک، یان پاسپۆرتێکی لە گیرفاندا بێ. کاتێک کەسێک مەسەلەی هەوێتی میللی لە پێوەندی لەگەڵ کەسێکی دیکەدا دەهێنێتەگۆڕێ، کاتێک میللەتێک مەسەلەی هەوێتی میللی لە پێوەندی لەگەڵ میللەتێکی دیکەدا دەهێنێتەگۆڕێ ئەوە هەم مەسەلەی مافی تێدایە و هەم مەسەلەی قودرەتی سیاسی.

جا ئێستا با بچینەوە سەر قسەکانی پێشوو. یەکێک لە گەورەترین هەڵەکانی لێنین ئەوشتە بوو کە نێوی نا بۆرژوا دێمۆکراسی. هەمیشە لە سەروگوێلاکی دا. هیچکاتێک لە ماهییەتی نەگەیشت هەمیشە بەستیەوە لە بەرژەوەندیی ئابووری چینێکی تایبەتی. لەو بابەتەوە ئەگەر تەماشا بکەین کەسێکی کە هەمیشە لە مارکسیزمدا ڕەجمیان کردووە واتە **ئێدوارد** بێرنشتاین زۆر چاک لەوە گەیشتبوو. بۆ وی مەسەلەی پارلمانتاریسم یان مەسەلەی consensus (ئیتیفاقی ئارا)ی دێمۆکراتیک، مەسەلەی مافە دێمۆکراتییەکان زۆرزۆر لە بەرژەوەندی ئابووری چینێکی باڵاتر بوو. ئێستا دێنم ئەوەی ڕەبت دەدەم بە سیاسەتی ئەو ڕۆژی کە چۆن بۆ وان باڵاتر بوو و بە چ شێوەیەک ئەو تەعبیرە دێمۆکراتیکە لە ماف، قودرەت و هەوێتی بوو بە بنەمای ئەو سیاسەتانەی کە ئێمە بە شێوەی سیاسەتی سۆسیال دێمۆکراسی لە ئورووپایەدا دەیناسین.

کاتێک ئێمە دەڵێین ماف لە هەوێتی بەستراوەتەوە و هەوێتیش لە قودرەت گرێ دراوە. ئەوە مانای ئەوەیە کە هەر جۆرە حەرەکتێک، هەر جۆرە جووڵانەوەیەک بەرەو وەدستهێنانی ئەو قودرەتە دەڕوا کە لە کۆمەڵگەدا تەئسیری ڕاستەوخۆی لە سەر مەسەلەی هەوێتی، مەسەلەی حەرەکەتی میللی، مەسەلەی فەرهەنگی میللی و گشت ئەو شتانەوە هەیە کە غەیری چینایەتین.

ئەمن مونکیری ئەهمییەتی مەسەلەی چینایەتی نیم بەڵام نەک بەو شێوە میکانیکییەی ئەو ئوستادانەی مە دەیبینن. ئەوە دروستە هەر چینێکی کۆمەڵایەتی بەرژەوەندییەکی چینایەتی هەیە. ئەوەش دروستە کە لە هەلومەرجێکیدا لەوانەیە بەرژەوەندیی سیاسی ئەو چینە، تابیعی بەرژەوەندە ئابوورییەکەی بێ. بەڵام ئەوە بەشێکە لە قەزییە، ئەوە سەدلەسەدی قەزییەکە نییە. بەشەکەی دیکە ئەوەیە کە ئەو بەرژەوەندیی چینایەتییە چلۆن دەتوانێ لە سیاسەتی ڕۆژدا بەیان بکرێ، لەگەڵ وی لێک بدرێ و بێتە نێو دەستووری سیاسی ڕۆژ. نێوانی ئەوەیکە چینەکان چیان دەوێ و چ دەتوانن بکەن و چۆنیان بوێ، بۆخۆی پرۆسەیەکی زۆر گرینگی سیاسی یە. پرۆسەیەکە کە لەوێ هێزەکانی چینایەتی و غەیری چینایەتی شەڕی سیاسی دەکەن لەگەڵ یەک. دیاریکردنی دەستووری سیاسی ڕۆژ، بۆخۆی کێشەیەکی سیاسی گەورەیە. ئەمن باسی نموونەیەکتان بۆ دەکەم: لە ساڵی ١٩٧٩ حیزبی کرێکاری بریتانیا لە هەڵبژاردندا دۆڕاندی. بانگەشەی حیزبی کونسێرڤاتیڤ( موحافزین) زۆر کاریگەر بوو لە کەوتنی ■

حیزبی کرێکار. لە ساڵی ٧٩، کاتێک حکوومەتی «کالاهان» هەڵبژاردنی دۆڕاند، ژمارەی بێکاران لە ئینگلیس وابزانم نزیکەی ١,٣٠٠٠٠٠ کەس دەبوو، شتێکی ئاوا. مەسەلەی بێکاری بە جۆرێکی ئاوا کەوتبووە ناو دەستووری ڕۆژی بەربەرەکانی سیاسی، ببووە مەسەلەیەکی ئەسڵی هەڵبژاردنێ. لە ساڵی ١٩٨٣، چوار ساڵ دواتر دیسان هەڵبژاردن بوو، ئەودەمی ژمارەی بێکاران گەیشتبووە ٣ میلیۆن کەس، دەیانگوت تەقریبەن لە نێوان ١٢تا١٣ لە سەدی هێزی کاری بریتانیا بێکارن، بەڵام لە هەڵبژاردنی ١٩٨٣دا گرفتی بێکاری ئەسڵەن نەبوو بە مەسەلەی سیاسی وحیزبی کرێکار بە هەموو حەول و قەوەتی خۆی نەیتوانی ئەو بابەتە بێنێتە نێو کێشەی سیاسی ڕۆژەوە، هۆی چ بوو؟ هۆی ئەوەبوو ئەو هێزەی کە ئەودەمی لە سیاسەتی بریتانیادا هەژمونی فەرهەنگی وئیدەئۆلۆژی هەبوو ئیجازەی نەدا ئەو مەسەلەیە بێتە نێو دەستووری سیاسی ڕۆژ. ڕاستە کە بۆ خەڵکی ئینگلیستانێ بێکاری لە دوو قات زیادتر بووبوو. بەڵام ئەوە لە هەڵبژاردندا، وەکوو مەسەلەیەکی سیاسی بێ ئەهمییەت بوو.

نەتیجەیەکی کە ئەمن لەو قسەیەی وەردەگرم ئەوەیە بەرژەوەندی چینایەتی دەتوانێ مەسەلەیەکی سیاسی بهێنێتەگۆڕێ. بەڵام ئەوەیکە ئایا ئەو بەرژەوەندییە دەتوانێ بە هاسانی بێتەنێو دەستووری سیاسی ڕۆژەوە و بە شێوەی مەسەلەیەکی دەستەویەخەی سەرانسەری بە خەڵکی بفرۆشن ئەوە پرۆسەیەکی جیاوازە. ناکرێ ئەو پرۆسەیە بە نەتیجەی پرۆسەی یەکەم دابندرێ. شتێکی کە زۆر جار لە بەینی شیوعییەکانی عێراق و توودەییەکاندا دیومانە، بۆ ئەوان نێوانی ١و٣ هیچکات ٢ نەبووە، هەمیشە لە ١ڕا چوونە ٣ی. بۆ ئەوەی لە١ڕا بگەیە ٣ی دەبێ بە ٢یدا بڕۆی. لە قۆناغی٢ دا ئەو هێزانەی یان ئەو پێوەندییانەی کە دەستووری سیاسی ڕۆژ دەگۆڕن، زۆر فەرقیان هەیە لەگەڵ قۆناخی ١. بۆیە -reduc tionism(داشکاندن بۆ ئاستی ئابووری) یانی ئەوەیکە بەرژەوەندی سیاسی، هەڵوێستی سیاسی، مەسەلەی میللی، مەسەلەی فەرهەنگی، مەسەلەی جینسی و مەسەلەی ڕاسیزم ڕاستەوخۆ دێنێتەخوارێ و دەیبەستێتەوە بە بەرژەوەندیی ئابووری و هەر لەو ڕوانگەیەوە دەیبینێ، هەمیشە میکانیکی یە و هیچ وەختێکی هەلوێستێکی ڕوونی لەو بارەوە نییە.

بگەڕێینەوە مەتڵەبەکەی لای لێنینی کە بەجێمهێشت. لێنین تەنیا کەسێک نەبوو کە مەسەلەی میللی ڕاگەیاند. گەورەترین کاری کە لێنین کردی ئەوەبوو هێنای سیاسەت یان ڕۆڵی سیاسی لە شیکردنەوەی مەسەلەی میللی بەنیسبەت ڕۆڵی ئابووری بەرزکردەوە. ئەوە کارێکی عومدەبوو کە لێنین کردی. بەڵام سەرئەنجام ئەوreductionism ەی وی، ئیجازەی نەدا کە بتوانێ مەسەلەی میللی یان مەسەلەی فەرهەنگی میللی بە شێوەیەکی سەربەخۆ ببینێ، یان تەنانەت بە شێوەیەک لە چوارچێوەی ئەو سیستمەی کە ئەمن نێوم ناوە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم جێی بکاتەوە. با بڕێکی شی بکەمەوە، کە بۆچی ئەمن نێوم ناوە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم. تا ئەو جێگای کە ئەمن دەزانم لە سیستمی کارل مارکسدا، لە هیچ کوێی نووسراوەکانیدا شیکردنەوەیەکی تیۆری لە سەر کۆمۆنیزم نەکراوە. ڕەنگە ئەوە بۆ هێندێکان جێگەی سەرسووڕمان بێ، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەو شتانەی کە مارکس لە سەر کۆمۆنیزمی گوتووە بە تەواوی لەسەر بناغەی

**■ مارکسیزم بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی میللیدا زۆر ناموەفەق بووە ـ هۆی ئەوە تەنیا موشکیلەی سیاسی مارکسیزم نەبووە، موشکیلەی عومدە تیۆری و فەلسەفی مارکسیستی بووە. ئەو موشکیلە عومدەیەش ئەویە کە سیاسەت، تیۆری و فەلسەفەی مارکسیزم لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم بەستراوەتەوە.**

ئەو ئیستیدلال و ڕەخنانە داندراون کە لە سیستمی کاپیتالیزمی گرتووە. مارکس هیچکات سیستمی کۆمۆنیزمی وەکوو شێوەیەکی بەرهەمهێنان تیۆریزە نەکردووە. تا ئەو جێگەی ئەمن لێی دەزانم ئاوایە. ئەگەر بنەمای قسەکانیشمان ئەو ٤٤ بەرگە شوێنەوارە کۆکراوانەی مارکس وئێنگێلس بن کە تا ئێستا بە ئینگلیسی بڵاوکراونەتەوە، ئەمن لە سەدا سەد دڵنیام لەو ٤٤ بەرگەدا مەسەلەی شێوەی بەرهەمهێنانێک بە نێوی کۆمۆنیزم تیۆریزە نەکراوە.

تەنیا ئیستیدلالێکی تیۆری و فەلسەفی ـ جێگای داخیش ئەوەیە ـ کە لە سیستمی مارکسیدا بۆ کۆمۆنیزم دەکرێ و دیالێکتیکی بۆ دەهێندرێتەوە، ئەو شیکردنەوە ڕەخنەییانەیە کە لە کاپیتالیزمی کردووە و گوتوویەتی ڕەوتی مەنتیقی ئەوانە بەو جێگایە دەگا. بەڵام ئەو جێگایە خۆی نە باسی کراوە نە تیۆریزە کراوە و نە دامەزراندراوە. ئەمن بۆیە نێوی ئەوەی دەنێم مێتافیزیکی کۆمۆنیزم. چونکوو ئەگەر کەسێکی سیاسەتی مۆدێرن بزانێ، دەزانێ هیچ کۆمەڵگەیەک ـ ئەگەر دەوڵەتیش وەلابنێ، با دەوڵەتیش وەلابنێ، ئەو کۆمەڵگە بێ چینە با دەوڵەتیشی تێدا نەبێ ـ بەبێ ئەدمینستراسیۆن ئیدارە ناکرێ. هیچ سیستمێکی ئیداری بەبێ ئۆتۆریتە ناتوانێ هەڵسووڕێ، هیچ سیستمێکی ئۆتۆریتەدار بەبێ پێوەندی (domination) و( subordination)واتە دەستەڵات و ژێردەستەڵاتی هەڵناسووڕێ. بۆیە تەنانەت ئەگەر ئێمە لە کۆمەڵگەیەکی فەرزکراوی کۆمۆنیستیدا ڕۆژێ نێوەمان پیانۆ لێبدەین و نیوەکەی دیکەشمان ماسی بگرین، ئەگەر ئەو کارەش بکەین دیسان دەبێ ئەدمینستراسیۆن هەبێ و دەبێ تەرتیبێک بۆ ئەوە بدرێ کە هەموو کەس بە یەکەوە پیانۆ لێنەدەن. تەرتیبێکی وا بدرێ ئەوانەی ڤیۆلۆنیش لێ دەدەن ڤیۆلۆنی لێبدەن. تەرتیبێکیش بۆ ئەوەی بدرێ ئەوانەی کە دەیانەوێ لە جیاتی ماسی کەروێشکی بگرن، با کەروێشکی بگرن. ئەوە پێی دەڵێن ئەدمینستراسیۆن. ئەدمینستراسیۆن بەبێ ئۆتۆریتە نابێ، ئۆتۆریتە بەبێ دەستەڵات نابێ و دەستەڵاتیش بەبێ قودرەت نابێ. تەسەوری بوونی کۆمەڵگەیەکی بێ قودرەت تەسەورێکی بەتاڵە. با بگەڕێمەوە سەرئەو مێتافیزیکەی پێی دەڵێم مێتافیزیکی کۆمۆنیزم کە زۆر کەس باوەڕیان پێکردووە و بە سەدان هەزارکەس لە پێناویدا مردوون. بەداخەوە مێتافیزیکەکە لە سیستمی مارکس خۆیدا هیچوەختێک شینەکراوەتەوە. ئەوەش ئەنجام و نەتیجەی جۆر بەجۆری لێ کەوتووەتەوە. کاتێک بۆلشەڤیکەکان لە ١٩١٧ دەستەڵاتیان بەدەستەوە گرت گەورەترین موشکیلەیان ئەوەبوو کە بۆخۆیان بە خۆیان بڵێن ئەو سیستمەی ئێمە باسمان دەکرد چۆنە؟ ئەو سۆسیالیزمە چییە و چۆنی دامەزرێنین؟ هیچکەس بەرنامەی مۆدێلی لە پێش نەبوو. یەکیان دەیگوت ئاوا دەبێ

←

بۆی بڕۆین ئەوی دیکە دەیگوت دەبێ ئاوای بۆ بچین. هۆیەکەشی ئەوەبوو کارل مارکس ئەو بەرنامەی بۆ دانەمەزراندبوون. کارل مارکس تەحلیلێکی ڕەخنەگرانەی زۆر چاکی لە سیستەمی سەرمایەداری کردبوو، نەتیجەی مەنتیقیشی وەرگرتبوو و گوتبووی: ئەوە بەو ڕێگایەدا دەڕوا، بەڵام لە هیچ کوێیەکی ئامانجەکەی شینەکردبووەوە. هەر ئەوە نییە. ئەوانەی کە باسی تیۆری دەوڵەتیش لە سیستەمی مارکسدا دەکەن قسەکەیان ڕوون نییە. نووسراوەکانی مارکس چەندین تەعریفی دەوڵەتی تێدایە، بەڵام تیۆری دەوڵەتی تێد انییە. چونکوو هەمیشە سیاسەتی دەخاتە بن دەستی ئابووری و هەر تەعریفێکیش کە لە دەوڵەت بە دەستەوە دراوە حاڵەتی لاوەکی هەبووە و لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی ئابووریدا هاتووەتەگۆڕێ و ئەوەش یەکدەست و یەکپارچە نییە. کە تەماشای ئەو ڕەخنەیەی مارکسی بکەی کە لە ١٨٤٣ لە هێگێلی گرتووە زۆر جیاوازە لەو تەعریفەی کە سەبارەت بە دەوڵەت لە مانیفێستی کۆمۆنیزمدا بە دەستەوەی داوە. لەوێدا زۆر (instrumentalist) ـ ئامرازخوازە. دەبینی لە هەلومەرجێکی دیکەدا چوارساڵ پاشان لە ١٨ی *برومێری لویی بوناپارت* دا، تەعریفێکی دیکە لە دەوڵەت بە دەستەوە دەدا و دەوڵەت دەبێتە مەسەلەیەک کە پارسەنگی هێز لە نێوان چینەکان لە فەرانسەدا بەرقەرار دەکا. لەو سەرەتاییەی کە لە ساڵی ١٨٥٧ بۆ *ئابووری سیاسی* نووسیوە دەچێتە سەر مەسەلەیەکی دیکە کە پاشان لە فەرهەنگی مارکسیستیدا زۆر ئەهەمییەتی پەیدا کرد. ئەویش ئیستیعارەی base و superstructure واتە ژێرخان و سەرخانە. لەو باسەی کە دوو ساڵ دواتر، لە ١٨٥٩کردی ئەوەی دووپاتە کردەوە. دیسان دەبینین وەختایەکی لە ١٨٧١ کۆمۆنی پاریس دەڕوخێ، دیسان مەسەلەکەی وەک ئەوەی لە مانیفێست دا هێنابوویەگۆڕێ باس دەکاتەوە.

لە فەرهەنگی مارکسیستیدا هێندێک نووسراو سەبارەت بە دەوڵەت وەکوو قسەی قابیلی قەبوڵ ڕەچاوکراون کە یەک لەوان نامیلکەیەکی لێنینە بە ناوی دەوڵەت و شۆڕش. ئەونووسراوەیەی لێنینی هەر ئەو شتانەن کە مارکس لە ١٨٧١ لە سەر کۆمۆنی پاریسی نووسیوە و لێنین ئەوەی دارشتووەتەوە و هیچ دەرک بەو قسانەی کائۆتسکی ناکا کە لەمەڕ مەسەلەی دیکتاتۆری پرۆلێتاریا ئیشارەی پێکردووە. لێنین لەو بارەیەوە زۆر نووسراوەی باشتری هەیە، بەڵام بەداخەوە لەسەردەمی ستالینی دا ئەو نامیلکە پووتە، بوو بە پێوەری تێگەیشتنی مارکسیستی لە دەوڵەت. ئەگەرچی لێنین ویستی وەزعی سیاسەت، دەوری سیاسەت، لە شیکردنەوەی مەسەلەی میللیدا گەورە بکاتەوە، بەرزی بکاتەوە؛ بەڵام نەیتوانی خۆی لە ئامانجی ئەهایی یان داشکاندنی سیاسەت بە بەرژەوەندیی چینایەتی ئازاد بکا. شایەد دوای لێنینی گەورەترین مارکسیستێکی کە زۆر بە شێوەیەکی باشتر بۆ ئەوە چووە مارکسیستی ئیتالیایی «ئانتۆنیۆ گرامشی» بێ. گرامشی هێندێک مەسەلەی بۆ لەگۆڕێدا بوو، دەیدیتن، کە بۆ ئەوانی دیکە لە گۆڕێدا نەبوو. گرامشی سەر بەیەک لەو میللەتانە بوو کە لە بۆچوونەکانی مارکس و ئێنگێلسدا غەیری تاریخی بوون. ئەو خەڵکی ساردینیا بوو. ساردینیا بەشێک لە ئیتالیا بوو، ئێستاش هەیە، بەڵام فەرهەنگێکی جیاوازی هەیە و ئەوانەی لەوێ دەژین دەڵێن کە خەڵکی وێ ئیتنیسیتەی جیاوازیان هەیە و هەلومەرجی ئەوێ جیاوازە. بۆ گرامشی مەسەلەی میللی هەر لە ئەوەڵەوە یەکجار بە شێوەیەکی گەورە لەگۆڕێدا بوو و هەوەڵین نووسراوەکانیشی لە سەر مەسەلەی میللین. بەڵام ئەو جۆرەی ئەو دەیگوت مەسەلەی جنوب بوو بەنیسبەت ئیتالیای گەورە لە شیمال. گرامشی هەستی بەو کێشەیە کردبوو و پاشان کە چووە نێو حیزبی کۆمۆنیست و بوو بە کۆمۆنیست و یەکێک لە سەرۆکەکانی کۆمۆنیستی ئیتالیا، پێش ئەوەی لە ١٩٢٦بیگرن و دەزیندانیی بکەن تا ١٩٣٧ کە دەزیندانی فاشیستەکانی ئیتالیایەدا مرد زۆری لەو بارەیەوە نووسی. گرامشی دەیەوێ لەو هەڵە و گیروگرفتانەی کە لە کاری لێنین و ئەوانی دیکەدا هەبووە نیسبەت بە مارکسیزم لابدا. هەست بەوەش دەکا کە ئەگەر بیەوێ کارێکی ئەوتۆ بکا دەبێ ئەو شتەی کە لە سیستەمی مارکسیزمدا ئەوەندە مەرکەزییەتی هەیە بگۆڕێ. یەک لەو کارانەی دەیکا ئەوەیە دەیەوێ پێوەندی نێوان سەرخان و ژێرخان بەو شێوەیەی کە لە فەلسەفەی مارکسیزمدا بووە بگۆڕێ. ئەوەش لە پێوەندی لەگەڵ چارەدۆزینەوەی مەسەلەیەک دەکا کە بۆ وی زۆر گرینگە. شایەد گرامشی ئەوەڵین مارکسیسێک بێ کە بە شێوەیەکی زۆر مونسەجیم لەوە گەیشتووە کە حکوومەت هەر بە زۆریی و قەهر و سەیتەرە و زەبر وزەنگ ناکرێ. بەڵکوو شتێک پێویستە کە ئەو نێوی نا هەگەمونی یا هەژەمونی. لە ڕوانگەی گرامشی یەوە دەبێ شتێک زۆرتر لەوەیکە لێنین نێوی دەنا ئیئتلافی چینایەتی هەبێ. بۆ ئەوەیکە هێزێکی سیاسی بتوانێ لە سیستەمێکی ئیئتلافیدا قودرەتی هەبێ و بۆ ئەوەی بتوانێ هێندێک بەرژەوەندی تایبەتی بە شێوەی بەرژەوەندیی گشتی نیشان بدا دەبێ هەژەمونی هەبێ. هەژەمونیش بەو مانایە کە ئەو هێزە نەک هەر دەبێ دەستەلاتی ئابووری وسیاسی هەبێ بەڵکوو دەبێ سەیتەرەی فەرهەنگی و ئەخلاقیشی هەبێ. یانی لەپێشدا دەبێ ئەو سەیتەرەی فەرهەنگی و ئەخلاقییەی لە کۆمەڵگەدا دامەزرێنێ و لەدوایە وەدوای سەیتەرەی سیاسی بکەوێ. بۆ گرامشی سەیتەرەی فەرهەنگی و سیاسی لە سەر ئەساسی فەرهەنگی چینایەتی لە گۆڕێدا نەبوو بۆیە ئەو دەبوو کۆنسێپتێکی تازە دروست بکا. ئەو کۆنسێپتەش دەبوو سەربەخۆیی هەبێ. ئەویش کۆنسێپتی (national popular culture ) واتە فەرهەنگی جەماوەریی نەتەوەیی بوو. ئەوە گەورەترین دەستکەوتی گرامشی لە پێوەندی لەگەڵ کێشەی ئەتەوایەتیدا بوو. بە تیۆریزەکردنی ئەو کۆنسێپتەیە کە گرامشی توانی بنەمایەکی باشتر بۆ دیتنی مەسەلەی میللی لە پێوەندی لەگەڵ سۆسیالیزمدا بهێنێتەگۆڕێ. بەڵام گرامشی سەرئەنجام لەبەر ئەوەیکە نایەوێ خۆی لە ئیدەی ئەهایی مێتافیزیکی کۆمۆنیزم ئازاد بکا، سەرەڕای تیۆریزەکردنی فەرهەنگی جەماوەریی نەتەوەیی، دێ دیسان خۆی دەگەیێنێتەوە سەر مەسەلەی چینایەتی. بۆ گرامشی لە فەرهەنگی جەماوەری نەتەوەییدا ئەو چینە حاڵەتی سەیتەرەی هەیە کە سەرئەنجام لە باری ئابوورییەوە سەیتەرەی بە دست هێناوە. بۆچوونەکانی گرامشی هەروا نابێ بەرپەرچ بدرێنەوە، ئەو قسانەی کە ئەو لە سەر فەرهەنگی جەماوەریی نەتەوەیی کردوونی یەکجار گرینگن. دەکرا ئیستیفادەیان لێ بکرێ بەڵام بەو شێوەیەی کە دەبوو کەڵکیان لێوەرنەگیرا.

باشتر ئەوەیە کە ئەمن قسەکانی خۆم کورت کەمەوە بۆ ئەوەی لەدوایە

ئیمکان بۆ بەحس هەبێ. ئەو قسانەی کە ئەمن کردم بە کورتی ئاوان: مارکسیزم بەتایبەتی لە پێوەندی لەگەڵ مەسەلەی میللیدا زۆر ناموەفەق بووە هیچوەخت سەرنەکەوتووە. هۆی ئەوە تەنیا موشکیلەی سیاسی مارکسیزم نەبووە، موشکیلەی عومدە تیۆری و فەلسەفی مارکسیستی بووە. ئەو موشکیلە عومدەیەش ئەویە کە سیاسەت، تیۆری و فەلسەفەی مارکسیزم لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم بەستراوەتەوە. ئەو مێتافیزیکی کۆمۆنیزمە مەسەلەی چین و چینایەتی کردووەتە مەسەلەی ئەسلی شیکردنەوەی سیاسی و ئیجازەی نەداوە هیچ مەسەلەیەک کە لەوی جیاوازە، چ میللی بێ ، چ جینسی بێ، چ فەرهەنگی بێ و چ مەسەلەی ڕەگەزی بێ بە شێوەیەکی تەنانەت نیوەسەربەخۆ لە مارکسیزمدا بێتەگۆڕێ.

ئەگەر مارکسیزم بیەوێ لەوەی دواوە وەکوو هێزێکی دینامیک تیۆری و سیاسەتی خۆی لەو مەسەلانەی کە ئێستا لە دنیایەدا زۆر عومدەن گرێ بدا، دەبێ خۆی مۆدێرنیزە بکا. بۆ ئەوەش، دەبێ بە شێوەیەکی گشتی وەک ئەو جێگایانەی کە مارکسیزم بە حاڵەتی موتەعادیل موەفەق بووە خۆی لەو مێتافیزیکە ئازاد بکا. لە هیچ کوێیەکی دنیایە ئێستا ئەو مەسەلەیە تا ئەو جێیەی پێوەندی بە مەسەلەی میللی پەیدا دەکا لە کوردستانێ گرینگتر نییە. لە هیچ کوێیەکی دنیایە ئەو خۆ ئازادکردنەی مارکسیزم یان سۆسیالیزم لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم لە کوردستانێ گرینگتر نییە. ئەگەر مارکسیزم بیەوێ وەکوو هێزێک لە بەینی هێزەکانی دیکەدا لە کوردستانێدا عەمەل بکا، دەبێ حاڵەتێکی سەربەخۆیی بدا بە مەسەلەی میللی و خۆی لە مێتافیزیکی هێگێلی و مارکسی و کۆمۆنیزمی ئازاد بکا! **(چەپڵەی بەشداران)**

**بەڕێوەبەری سێمینار کاک شێخ سالح:** ئێستا کاتی پرسیار و وەڵام هاتووە، فەرموون!

**پرسیاری یەکەم:** کاک عەبباس باسی فەلسەفەی مارکسیستی کرد دەربارەی ئەیشن. لەو ڕۆژەوە کە ئینسان توانیویەتی لێکۆڵینەوە و ئانالیز لەسەر جیهان بکا، لە ساڵەکانی ١٧٠٠ نیوتۆن هات تەحلیلێکی میکانیکی بۆ لێکدانەوەی جیهان دۆزییەوە و ماتێماتیکی کرد بە بنەمای لێکۆڵینەوە. موقابیل بەو ... لە ڕێگای ژمارە، تەحلیلێکی میکانیکی دانا. مارکس تەحلیلی ئیقتیسادی کرد. ئەمانە هیچی ئەخشی دەوروبەر و میلیۆ نابینن. ئەوەش کە تۆ ئەڵێیت لە سەر سۆشیال دێمۆکراسی ئەمانە وەڵامی موشکیلەی ئێستا نادەنەوە.

**کاک عەبباس:** ئەمن پێمخۆشە ئەوەی بڵێم ئەو قسەیەی لە سەر سۆسیال دێمۆکراسی کردم لەبەر ئەوەی ئەبوو بمەوێ بنەمایەک بۆ ئەم ڕێبازە دامەزرێنم. ئەمن ئەوەم بۆیە بە نموونە هێنایەوە، چونکوو سۆسیال دێمۆکراسی لە سەرچاوەیەکی سۆسیالیستی مارکسیستییەوە ئاو دەخواتەوە. ئەوانە لە ئاخروئۆخری سەدەی پێشوو خۆیان لەو مێتافیزکەی کە من ئێوم ناوە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم ئازاد کردووە. سۆسیال دێمۆکراسی توانیویەتی زۆر لە ئیدەکانی سۆسیالیستی لە عەمەلدا تا ئەو جێگایەی کە هەڵسووڕاوە، پیادە بکا و وەدیان بێنێ. بەڵام تا ئەو جێگایەی کە من تێیدەگەم ـ ئێستا چەند دەقیقە لەوەپێش باسێکمان بەیەکەوە هەبوو ـ

■ **ئێکۆلۆژی یان سیاسەتی دەوران پشتی لە دنیای ئەوڕۆدا شتێکی زۆر گرینگە ئەمن حاشای لێناکەم. بەڵام بە باشتری دەزانم سیاسەتی ئێکۆلۆژی لە چوارچێوەی سیاسەتی گەورەتردا بەیان بکرێ.**

ئەتۆ دەتەوێ بە قەولی ئینگلیسییان، کەیسێک بۆ سیاسەتی ئێکۆلۆژی دانێی کە ئایا ئینسان دەتوانێ ماهییەتێکی ئێکۆلۆژی هەبێ؟

ئێکۆلۆژی یان سیاسەتی دەوران پشتی لە دنیای ئەوڕۆدا شتێکی زۆر گرینگە ئەمن حاشای لێناکەم. بەڵام بە باشتری دەزانم سیاسەتی ئێکۆلۆژی لە چوارچێوەی سیاسەتی گەورەتردا بەیان بکرێ. چونکوو ئەمن گومانم هەیە لەوەدا کە بکرێ لەسەر بنەڕەتی سیاسەتێکی ئێکۆلۆژی شیکردنەوەیەکی ورد و مەنتیقی لە ئابووری زۆر پێچەڵپێچەڵی ئەم ڕۆژگارە بە دەستەوە بدرێ، بکرێ ئابووری زۆر ئاڵۆزی ئەوڕۆ هەڵبسووڕێندرێ. مەسەلەی ئێکۆلۆژی یەکجار موهیمە. بەڵام ئەوەیکە بڵێین ئینسان هەوێتییەکی ئێکۆلۆژی و بیۆلۆژییانەی هەیە و بەرزترە لە هەوێتییەکانی دیکەی کۆمەڵایەتی، چینایەتی و نەتەوایەتی ئەمن لەو بڕوایەدا نیم. ئەمن پێمخۆش نییە ئەوانە لەبەرانبەر یەکتریدا دابنێم. ئەمن نازانم کە ئەوەندە بچینە پێشێ و بڵێین هەوێتی ئینسان ئێکۆلۆژی و بیۆلۆژی یە، دەگەینە کوێ؟ بەڵام تەنەخیم لەوەی نییە ئەو مەسەلەیە زۆر گرینگە بەتایبەتی لە دنیای سێهەمدا کە کۆنترۆڵ بە سەر دەوران پشتدا زۆر کەمە. ئاکامی ئەوە هەموو ڕۆژێ لە دنیای سێهەم بە چاوی خۆمان دەبینین. هەروەها لە دنیای پێشکەوتووشدا، بەڵام ئێمە ئەگەر سیاسەتێکی سۆسیال دێمۆکراتیکمان هەبێ، کە بتوانێ مەسەلەی ئێکۆلۆژی لەبەرچاو بگرێ و بەرنامەی بۆ ئەو گیروگرفتە هەبێ زۆر سەرکەوتووتر دەبێ! ئەمن ئاوای دەبینم. موشکیلە بتوانم لە باسی ئوڕۆدا، هەوێتییە گرینگەکانی فەرهەنگی، چینایەتی و میللی بێنم بیکەم بە هەوێتییەکی بیۆلۆژی و ئێکۆلۆژییانە. ئەمن گومانم لەوە هەیە بکرێ بەگوێرەی هەوێتییەکی بیۆلۆژی و ئێکۆلۆژی سیاسەتێکی سەربەخۆ دابمەزرێندرێ. ئەتۆ دەڵێی حیزبی سۆسیال دێمۆکراتی سوێد یان حیزبی کرێکاری بریتانیا یان ئیدارەی ئامریکایە سیاسەتێکی ڕوون و ئاشکرایان سەبارەت بە ئێکۆلۆژی نییە. ئەمن ئەوەی قەبوڵ دەکەم. ئەوان سیاسەتێکی زۆر هەلپەرستانەیان لە ئاست مەسەلەی ئێکۆلۆژی و دەوران پشت هەیە. ئەویش لەبەر ئەوەیە کە ئەوان گرێوگۆڵی ئابووری ـ سیاسی گەورەتریان لە بەرنامەکانیاندا هەیە. بۆ دەنگ هێنانەوە، بۆ هەڵبژاردن، بۆ ڕاگرتنی قودرەت، بۆ بەربەرەکانی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆن، بۆ ڕووبەڕوو بوون لەگەڵ گیر وگرفتی سەنعەتی و بێکاری و چەکوچۆڵ و چی وچی. ئەمن لەو باوەڕەدام کە دنیای موتەمەدین بەرەو ئەوە دەچێ کە مەسەلەی ئێکۆلۆژی ڕۆژبەڕۆژ ئەهەمییەتی زۆرتر هەبێ. ئەوەندەی دەتوانم بڵێم.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** زۆر سپاس مامۆستا، هاوڕێی دووەم، کاکە فەرموو!

**پرسیاری ٢:** کاک عەباس ئەوەڵی قسەکانی بەوەی دەست پێکرد کە

ئەم جەمعەی کە هاتوون بۆ ئێرە، بەم ڕۆژە گەرمە قابیلی تەقدیرە و لە موقابیلیشدا خۆی سوپاسی لەو جەمعە کرد و ئەمانە. جاوەختێ دێتە سەر ئیختیلافی سیاسی ئیتر بەداخەوە دەچێتە سەر باسە کۆنەکەی جاران. من لە جەنبەیەکا حەق ئەدەم بە کاک عەباس وەلی، ئەزەرێکی سیاسی هەیە بەهەر حاڵ موخالەفەتی ئەکا و ئەمانە. وە من لەگەڵ ئەوەی موخالیفیشم لە عەینی کاتا تەقدیرم هەیە بۆ بەحسەکەی بەس ئەویش ئەبێ بە ئەزەری من ئیحتیرامی هەبێ بۆ ئەزەراتی من و بۆچوونی من. جا کە ئەڵێم ئەچینەوە سەر باسە کۆنەکە چۆن چۆنی؟ یەک؛ باسی کەسێک ئەکات بەبێ ئەوەی هیچ ناوێکی بەرێت. باسی ڕۆژنامەیەک ئەکات و ژمارەی ڕۆژنامەکە ئەڵێ ١٦ەیە بەبێ ئەوەی بڵێ چ ڕۆژنامەیەکە سەرەڕای ئەمەش، بێ ئیحتیرامی ئەکا و ئەمانە...

کاک عەباس لە ناو کۆڕوکۆمەڵی کوردییا بەوە ناسراوە کە بەحسەکانی عیلمی یە. ئایا کاک عەباس کە تۆ واقیعەن ئیشارە بەوە ئەکەی کە کەسێک، کابرایەک لە ڕۆزنامەیەکا [شتی نووسیوە] هیچ بەوە ئیشارە ناکەی کابراکە کێیە، ڕۆزنامەکە چییە؟ پێی کلک و گوێی باسەکە... واقیعەن ئەمەیە کە ئیشارەی پێ ئەکەی. چ ئەهەمییەتێکی هەیە؟ تۆ حەتتا من ئەڵێم هینی ئەوەت ئەکرد ناوی شەخسەکە بێنی، ناوی ڕۆزنامەکە بێنی...

من ئەڵێم ئەم فەرهەنگە واقیعەن چ فەرهەنگێکی سیاسی یە کە کەلیماتی غەیرە سیاسی بەکاردەهێنێ غەیری ئەوەی بۆ کپکردنی ئەزەراتی سیاسی تر. من لەگەڵ هەر ئیحتیرامێکم بۆ کاک عەباس ئایا چ فەرقێکی هەیە لەگەڵ ئەوانەی کوردستانا کە تفەنگ ئەکەنە شانیان دوو کەس دوایان ئەکەوێ هەر ڕۆژەی کەوا سووری بەر لەشکری ئەم هێز و ئەو هێزن. بە ئەزەری من ئەوە هەر هەمان سەرکوتە.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** کاکە کاتەکەت تەواو بوو زۆر سپاس.

کاک عەبباس: ئیجازە بدە! ئەمن ئەگەر لە سەر ئەو ڕۆژنامەیە یا ئەو شەخسەی کە هەموومان دەزانین کێیە و ئەو ڕۆژنامەیە چییە، قسەم کرد...

● بۆ ناوی نابەی.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** دەقیقەیەک بوەستە کاکە، با ئەویش وەڵامی خۆی بداتەوە.

**کاک عەبباس:** ... لەبەر ئەوەی ئەو قسەیەم کرد کە ڕەخنەم لە هەڵوێستی گرت، ئەوە هەڵوێستێکە کە ئەو دیفاعی لێدەکا. جا بۆیە ئەمن هەموو هەقێکم هەیە ئیشارەی پێبکەم. ئەمن لانی کەمی مەناعەتی تەبعم نیسبەت بەو حیزبە و ئەو ڕۆژنامەیە ریعایەت کرد نە حەدی ئەکسەری. چونکوو ئەوان تەنانەت حەدی ئەقەلیشیان نیسبەت بە من ریعایەت نەکرد. لە ئەزەر مندا نە ئەو ڕۆزنامەیە و نە ئەو حیزبە و نە تیۆریسیەنەکانی، موتڵەقەن ئەرزیشیان نییە. ئەگەر ئەوان دەیانەوێ لە سەر مارکسیزم دیبەیتێ بکەن ئەمن حازرم لێرە [سوێد]، لە فەرانسەی یان لە لەندەنێ بە زمانی شیرینی فارسی! یان بە کوردی یان بە ئینگلیسی دیبەیتیان لەگەڵ بکەم، باشە! (چەپڵەی بەشداران)... لە سەر مەبنا تیۆرییەکەیان. بەحسەکەش ئەوان، جێگاکەش ئەوان، کتێبەکانیش ئەوان و مەوزووعی بەحسەکەش با ئەوان هەڵی بژێرن. ئەمن ئەوەندەم ئیتمینان بە خۆم هەیە کە دەتوانم ئەو کارەی بکەم. لەگەڵ دەفتەری سیاسییەکەشیان دەیکەم نەک هەر لەگەڵ شەخسێکی. بەڵام ئەوان ئەوەیان شکاند. ئەوە یەکێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەوان بوو کە جنێوی بە من دا. ئەو جنێوەشیان بە شێوەی خۆیان داوە. کابرا وەدەزانێ فرێدریک ئێنگێلسە و لەنزیک ستۆکهۆڵمێ دانیشتووە و خەریکی تیۆریزەکردنە لە جیاتی ئۆژێن دوورینگیش کابرایەکی پەیدا کردووە بە نێوی عەبباسی وەلی و دەڵێ ئاکادێمیکی فلان... کاکە خۆ ئاکادێمیک بوون فاحیشەگەری نییە. ئەمن لە زانکۆیە دەرسێ دەڵێم، ئەو کابرایە عیفەتی کەلامی نییە. ئەمن کارم بەوەی نییە مەغزی چەندە یان چەندە نییە. ئەو کابرایە عیفەتی کەلامی نییە. ئەتۆ لە پێشدا لە باتی ئەوەی ڕەخنە لە من بگری بچووە دەفتەری سیاسی یا کۆمیتەی مەرکەزی، بڵێ کاکە ئەتۆ بۆ عیفەتی کەلامت نییە؟ ئەوانەی کە ئەمن دەیڵێم هەموو بە جێی خۆی، ئەمن زۆرم پێخۆشە ئەوانە لە پشت پەردەی بێنە دەرێ، بێن لە پێش جەماعەتێ سابیتی بکەن کە ئەو شتەی من بەوم گوت ئەویش دووپاتەی کاتەوە. با ئەو بێ سابیتی کا مەغزی من لە بزنێکی شت ترە! ئەمن قسەکەم وەرناگرمەوە. هەموو کەسیش دەزانێ ئەو حیزبە کێهە حیزبە و ئەو ڕۆژنامەیە کێهە ڕۆژنامەیە. من نامەوێ ئاوای لێ بێ. ئەتۆ بچۆ بە ئەفەری دووەم، سێهەم یان ئەندامی دەفتەری سیاسی حیزبی X بڵێ ئەتۆ بۆ ئەو کارەت کرد، ئەو کابرایە چی لە تۆ کردبوو. ئەسڵەن بە وشەیەکیش باسی تۆی کردبوو ئەتۆ ئاوا دەڵێی؟ تەواوە قسەکە کاکە؟! بەڵام ئەمن ئەو قسەیەی لە پێش وان دادەنێم کە ئەگەر ئیعتیقادیان بەوەی هەیە کە ئەوە مەبنای تیۆرێکی وانە و دەتوانن دیفاعی لێ بکەن، دەیانەوێ دیبەیت بکەن، دیبەیتێکی ئاوا ئازاد، ئەمن حازرم ئەو کارەی بکەم. ئەمن دمەچەقەی ڕۆژنامەییم پێ خۆش نییە. ئەمن نە ڕۆژنامەم هەیە، نە تفەنگم هەیە، نە هیچم هەیە. پێمخۆش نییە خۆم لە دمەچەقەی وەربدەم. بەڵام پێمخۆشە دیبەیت بکەم، وەرن بیکەن. ئەگەر نەیکەن ــ ئەوەشی لێ زیاد کەم، هەرکاتێک کە ئەندامانی دەفتەری سیاسی ئەو حیزبەی چاو لە چاوی ئەندامەکانی دیکەی خۆیان بکەن دەبێ شەرم لە خۆیان بکەن بڵێن ئەو کابرایە ئێمەی دەعوەت کرد بۆ دیبەیتی ئازاد، ئێمە دەبێ شەرم بکەین کە نەچین، حازر نەبین لە عەقیدەی خۆمان لە بەحسێکی ئازاددا دیفاع بکەین.

**بەڕێوەبەی سێمینار:** زۆر سپاس. ئەو هاوڕێیەی کە کاک عەبباس باسی دەکا و ئەو برادەرەی لە پرسیارەکەیدا باسی کرد، من خۆم پێوەندیم پێوە کرد کە بێ بەشداری بکا لێرە. بە داخەوە نەهاتووە ئەگەر بهاتبایە لەوانەبوو دیالۆگەکە دەوڵەمەندتر بایە، خۆشتر بایە، زۆر سپاس. فەرموو برادەرەری سێهەم.

**پرسیاری٣:** پێش هەموو شتێک زۆر سپاسی کاک عەبباس دەکەم بۆ هاتنەکەی و بەحسەکەی کە زۆر دەوڵەمەند و زۆر زانستییانە بوو. زۆرم پێخۆش بوو کە بەو ڕەنگە ڕەخنەگرانە مەسەلەکانی هێنایەپێشەوە، ئەمن لەگەڵ بەحسەکە هیچ بۆچوونێکی جیاوازم نییە تەنیا سێ سەرنجم هەیە سەرنجی یەکەم لەوەدایە تیۆری مارکس، وەکوو خۆشتان ئیشارەتان پێکرد، لە *ئیدەئۆلۆژی ئاڵمانی* دا بۆ خۆشی دەڵێ کە ئەمن مارکسیست نیم و ئەو کەسانەی پێم دەڵێن مارکسیستم هەڵە دەکەن. چونکە من دوگمایەکم دروست نەکردووە کە خەڵک وەدوای بکەون بەڵکوو ئەوە چارچێوەی تیۆرییە بۆ ئانالیز کردنی هێندێک ڕووداو و فێنۆمێنی کۆمەڵایەتی لە ■

مێژووی ئینساندا. یانی ئەگەر ئینسان وەکوو دوگمایەکی ئایدیۆلۆجی تەماشای نەکا ــ کە لە دوایە وای بە سەر هات ــ یان وەکوو دینێک تەماشای نەکا کە هیچ گۆڕانێک لەو دوگمانەدا نەبێ، بەڵکوو وەکوو چوار چێوەیەکی تیۆری بۆ لێکۆڵینەوەی کۆمەڵایەتی زۆر سوودی هەیە لە دوو لایەنەوە، بە قەناعەتی من، هەتا ئێستاش هەرچەندە زۆر لە بۆچوونە تیۆرییەکانی وەک بۆخۆشتان ئیشارەتان کرد بە هەڵە چوو. ئەو چەوت بوونە لە بنەڕەتەوە، لە تیۆریدا بووە. بەڵام کۆنسێپتی خەباتی چینایەتی و تەعریفکردنی چین، دەوڵەمەندکردنی تەعریفی چین، هەتا ئێستا سوودی هەیە لە زانستی سۆسیۆلۆژی چ ئێستا و چ لە ئایەندەدا، هەر سوودی دەبێ. ئەوەی تر مەسەلەی ماتریالیزمی دیالێکتیکە، مەسەلەی تێز وئانتیتز و یەکگرتنەوەیە، ئەوە خۆی لە خۆیدا دیسان وەکوو ئینسترۆمێنتێکی ئانالیز زۆر بە کەڵک دێ لە لێکۆڵینەوەی زانستیدا، ئەوە لایەنێک. سەرنجی دوو ئەوە بوو لەلای مارکس وەکوو خۆتان باستان کرد، مەسەلەی میللەت لە کۆنسێپتی مێتافیزیکی یا مۆدێلی مێتافیزیکی دوارۆژیاندا دەوری نییە. شتێکی کاتییە، شتێکی یاریدەدەرە. بەڵام نەک تەنها کۆنسێپتی میللەت بەڵکوو دەوڵەت و چینیش لە مێتافیزیکی خۆیان لە ئایەندەدا لەناو دەچێ، withering away of classes و ئەوانە. ویستم سەرنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم. ئەوەی سێهەم قسەکەی شێخ ساڵح بوو کە زۆر بە گرینگی دەزانم چونکوو ئێمە ئێستا لێرە باسێکی زانستی دەکەین. ئەوە زۆر جێگای داخە کە ئێوە ئەو تەعبیرەتان بەکارهێنا. بە ڕاستیش وایە لە ڕووی زانستییەوە کە لێنین یەکەم گەورەترین ڕێڤیزیۆنیستی مارکسیزم بوو لە دنیادا. بەڵام وشەی ڕێڤیزیۆنیزم بە عەرەبی، بە فارسی و تورکی و بە زۆر زمانی دیکە بەشێوەیەکی زۆر نێگاتیڤ وەرگێڕدراوەتەوە: تەحریفییەت ی بۆ بەکار دێنن یانی لادەر. لادەر شێوەی نێگاتیڤی ناوەرۆکی ڕێڤیزیۆنیزمە. ئەگەر ڕێڤیزیۆنیزم بە شێوەی عیلمی لێی بکۆڵییەوە، یانی ئیعادەی تەفسیری دوگما یان تیۆری یان ئۆرتۆدۆکسی یە نەک لادەر نەک تەحریفییەت. هێندێک جار مومکینە ببێ بە تەحریفییەت بەڵام هەموو وەختێک وا نییە، یانی تەفسیر کردنەوەی دوگما یان تەفسیر کردنەوەی تیۆرییە یان تەفسیر کردنەوەی ئۆرتۆدۆکسی یە... ئاخر شت، تەقلیدێکی زۆر خراپ پەیدا بووە هەموو جارێ یەکێک قسەیەک دەکا دەست دەکەن بە چەپڵەلێدان. تکایە واز لەوە بێنن. (چەپڵەی یەک لە بەشداران)

**شێخ ساڵح:** زۆر سپاس! وەڵلا ئەمە خۆش بوو با چەپڵەیەکی بۆ لێدەم کاکە ئەوە زۆر بەقوەت بوو. فەرموو مامۆستا!

**کاک عەبباس:** ئەمن حاشا لەوەی ناکەم و فکر ناکەم لە هیچ کوێیەکی قسەکانی کە کردم گوتبێتم بیروڕاکانی کارل مارکس یان مارکسیستەکانی دیکە لە سەر مەسەلەی چین وچینایەتی لە نەزەر سۆسیۆلۆژییەوە یان لە ڕوانگەی شیکردنەوەی ئابووری و سیاسییەوە ئەهەمییەتی نییە. ئەهەمییەتی یەکجار زۆرە. ئەو کەسانەی کە نووسراوەکانی منیان بەتایبەتی لەمەڕ ئێران خوێندبێتەوە دەزانن ئەمن زۆرم ئیستیفادە لەو بیر وڕایانە کردووە. ئەمن لە پێشداش کە باسەکەم دامەزراند گوتم باسێکی ئاوا، زۆر بۆ من موشکیلە. چونکوو ئەمن پێوەندی زۆر قووڵی عاتفی و ڕۆشنبیریم لەگەڵ مارکسیزم هەبووە و هەیە. ئەمن نەمگوتووە ئەوانە

**■ بۆ تەحلیل و شیکردنەوەی هەلومەرج و پێوەندیی ئەو پرۆسەیە مارکسیزم نیشانی داوە دەتوانێ زۆر توانا بێ. دیالێکتیك هێندێك جار بەتایبەتی لە نووسراوی تاریخیدا زۆر دەتوانێ گرینگ بێ. بە شەرتێك لە حاڵەتی teleological واتە حاڵەتی غایەتمەندی خۆی بێتە دەرێ.**

ئەهەمییەتیان نییە دیالێکتیکیش وەکوو مێتۆدێک ڕەت ناکەمەوە، دیارە نەک هەموو بەرداشتێک لە دیالێکتیک، بەڵام هێندێک مەسەلەی مێتۆدی دیالێکتیک لە شیکردنەوەدا زۆر عومدەن. ئەمن ئەوانە قەبووڵ دەکەم. تەنانەت وەختێک نەتیجەگیریم لە قسەکانم کرد نەمگوت جێگا بۆ مارکسیستان نییە، نا، جێگای زۆر موهیمیش هەیە. بەڵام ئەگەر بیانەوێ تەئسیر لە سەر حەرەکەت بکەن و تەئسیری پۆزێتیڤیان هەبێ، ئەگەر دەیانەوێ بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەند بکەن دەبێ دەست لەو مێتافیزیکەی هەڵگرن. ئەگەر دەستیان لەو مێتافیزیکەی هەڵگرت ڕێگایان دەکرێتەوە. تا ئەو جێگایەی من لە بیرم مابێ ئەمن باسەکەم ئاوا تەواو کرد. لە هەموو جووڵانەوەیەکدا ئەگەر لایەنی دیسکۆرسی تیۆریی ئەوانە هەرچی پلۆرالیستی بێ باشترە. بۆچی ئەمن دەڵێم دەست لەو مێتافیزیکەی هەڵگرێ، چونکوو وەختێک مارکسیست دەنووسێ، بە قەولی ئینگلیسییان ئیدیعایtruth دەکا، ئیدیعای حەقیقەت دەکا. هەر نووسراوەیەک، هەر کەسێک، هەر حیزبێک، هەرهێزێک کە ئیدیعای حەقیقەت بکا دەبێ لێی لادەی. ئەوە دەبێتە شتێکی مەزهەبی و دەبێتە شتێکی دوگم وجەزمی. هەرکەسە بەشێک لە شتێکی دەزانێ و ئەو تیۆرییانە لە عەمەلدا شایەد سابیت بن یان نەبن. ئەمن لە ژیانی خۆمدا ئەوەندە فێر بووم کە بڵێم هەر تیۆرییەک کە ئیدیعای حەقیقەت بکا موشکیلی گەورەی هەیە. کەسێک دەتوانێ لە سەر هێندێک مەسەلە بڵێ نەزەرم هەیە کە بڵێ ئەو نەزەرە لە ڕوانگەی وییەوە لە نەزەری ئەلفوبێ، ئیکس و ئیگریک و... لە واقیعییەت نزیکترە. واقیعییەت هەمیشە دەگۆڕدرێ. حەقیقەت شتێکی ئینتیزاعی یە. ئیمکانی ئەوەیکە تیۆری سیاسی یان تیۆری کۆمەڵایەتی یان تیۆری ئابووری بگاتە بناغەی حەقیقەت، محاڵە. حەقیقەتیش شتێکی زۆر نیسبی یە. هەمیشە دەگۆڕدرێ. بەڵام کاتێک حیزبێک دێ بە دوو مەقالەی لە نەزەری منەوە پووت لە سەر مەسەلەیەکی ئاوا عومدە بۆ۳۰ میلیۆن ئینسان لە سەر کورەی خاک نەزەری ئاوا دەدا و دەڵێ نەزەری منیش حەقیقەتە ئەوە زۆر خەتەرناکە. ستالینیش ئیدیعای حەقیقەتی کرد. بۆیە دەڵێم هەر تیۆرییەک ئامانجی مێتافیزیکی هەبێ وەدوای حەقیقەتی ئاوا دەکەوێ. ئەمن باوەڕم بە هیچ ئامانجێکی مێتافیزیکی نییە. ئەمن باوەڕم بەوەیە سیاسەت پرۆسەیەکی ئاواڵەیە، لەو پرۆسە ئاواڵەیەدا ئیمکانات دێتە پێشێ، ئەو ئیمکاناتە تابعی هەلومەرجن. ئەو هەلومەرجانە تابعی جۆرە پێوەندییەکن. ئینسان یەکێک لەوانەیە. هێزە سیاسییەکان یەکێک لەوانن. بۆ تەحلیل و شیکردنەوەی هەلومەرج و پێوەندیی ئەو پرۆسەیە مارکسیزم نیشانی داوە دەتوانێ زۆر توانا بێ. دیالێکتیک هێندێک جار بەتایبەتی لە نووسراوی تاریخیدا زۆر دەتوانێ گرینگ بێ. بە شەرتێک لە حاڵەتی -teleologi

←

cal واتە حالەتی غایەتمەندی خۆی بێتە دەرێ. ئەمن وام گوت. ئەمن پێموا نییە ئێمە لە ئەسڵدا ئیختیلافی نەزەرمان هەبێ، ڕەنگە باشم ڕوون نەکردبێتەوە!

**بەڕێوەبەری سێمینار: هاوڕێی چوارەم، فەرموو!**

**پرسیاری٤:** زۆر سپاس، زۆرم پێ ناخۆش بوو برادەرە کەی پێشوو پێش من قسەی کرد. چونکوو تەواوی ئەو شتانەی کە ئەمن دەمویست بیڵێم ئەو باسی کرد. بەڵام خۆشبەختانە دوو سێ شتم پێیە. لە پێشوودا لە وڵاتە شاهەنشاییەکان، کاک عەبباس وەختایەکی شا دەمرد دەیانگوت «شا مرد، زیندەباد شا، یا هەر بژی شا»، وەکوو مارکسیستێکی کۆن پێموابێ ئەمن بۆخۆم لەمێژە یاسینی مردنی مارکسیزمم خوێندووە. ئەمن پێموایە مارکسیزم مردووە، ئەمما هەر بژی خەباتی چینایەتی. ئەمن دوو پرسیارم هەیە: یەکێکیان ئەوەیە بە بڕوای من گەورەترین نوختەی عەتفی لێنینی هەر ئەوە بوو کە ئەو برادەرەی پێشوو باسی کرد کە لێنین مارکسیستێکی چاک نەبوو و گەورەترین نوختەی زەعفی ستالینیش ئەوەبوو کە بە ڕاستی لێنینستێکی چاک بوو... ئەمما پرسیارێکم لە تۆ هەیە، باسی مێتافیزیکی کۆمۆنیستی دەکەی، ئەوە چەندە لە ئەفکاری Karl Popper زانای گەورەی ئوتریشی نیزیکە کە حدوودی ٤٠ ساڵ لەوەپێش باسی ئەوەی دەکا کە مارکسیزم لەبەر ئەوەیکە فالسیفا بیلیتی(falsifiability) وەخۆی ناگرێ ناتوانێ بە حەیاتی خۆی ئیدامە بدا و Popper یش تەعریفێکی تایبەتی بۆ عیلم هەیە. جا لەبەر ئەوەی چەندە بەدبەختی مارکسیزمی غەیرە عیلمییەکەی بوو تا ئەەیکە فکرەکەی چۆن بێ، یان ئەوەیکە مارکس چەندەی تەعریف لە هێگێل وەرگرتووە یان چۆن لەناو ٤٤ کتێباندا، باسی جامیعەیەکی کۆمۆنیستی نەکردووە، بە نەزەری من ئەوانە زۆر نوختە زەعفی گەورە نین، نوختە زەعفی گەورەی مارکسیزمی ئەوە بوو کە مێتۆدۆلۆژییەکی عیلمی نەبوو. هەر وەک کارل پۆپر باسی دەکا. نەزەری جەنابتان چییە لەو بابەتەوە؟ زۆر سپاس!

**کاک عەبباس:** ئەمن لەو باوەڕەی دا نیم کە هیچ تیۆرییەکی سیاسی یا ئابووری یان کۆمەڵناسی بەو بنەما عیلمییەی کە ئێوە لە زەینتان دایە بتوانێ هەبێ. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئامانجی لێکدانەوە و تەحلیل و شیکردنەوە فەرقی هەیە لەگەڵ ئۆبژەی کاری عیلمی و هیچ وەختێکیش بەو شێوەی نابێ. چونکوو ئێمە ناتوانین لەوانەدا ئیدیعای حەقیقەتمان هەبێ. ئەگەر ئیدیعای حەقیقەت و واقیعییەتمان هەبێ ئەوە دەبێ شتێکی نیسبی بێ. ئەمن ئاگام لە کاری پۆپر هەیە، بۆ وی پێوەری زانستی ئەوە نییە کە ئەتوانی ڕەدی بکەیەوە، بۆ وی میعیاری عیلمی ئەوەیە کە قابیلی ڕەتکردنەوە بێ یانی falsifiability بێ، قابیلی ئیبتال بێ. ئەگەر لەو بارەیەوە پێوانەی پۆپری لەبەرچاو بگرین لەوانەیە بکرێ بە سەر مارکسیزمیدا قابیلی تەتبیق بێ. بەڵام ئەوە مەرجی ئەوەیە کە ئێمە لە پێشدا باوەڕمان بەوە هەبێ مارکسیزم وەکوو کولییەتێکی یەکپارچە و یەکدەست واتە سیستمێکی زانستی یەکپارچە و موتەجانیس کە حدوود وسنووری خۆی هەیە، لە گۆڕێدا بێ؛ بە نەزەری من وا نییە. مارکسیزم شتێکە کە زۆر پارچە پارچە و ناموتەجانیسە یان ئەوەی بە ئینگلیسی پێی دەڵێن:heterogeneous، کە چەند کۆنسێپتی هەیە. ئەو کۆنسێپتانە، ئەو سیستمەی کە زۆر ناموتەجانیس و پارچەپارچەیە یەکێتی باوەڕی تێدا پێکدەهێنێ. یەک لەو کۆنسێپتانە کۆنسێپتی شەڕی چینایەتی یە. ئەو کۆنسێپتانە بۆ ئەوە دروست کراون تا ناوەرۆکی بابەتی(value)ـ بایەخ ـ و (surplus value) ـ زێدەبایەخ ـ ڕوون کەنەوە. بەڵام ئەو کۆنسێپتانەی کە دروست کراون وەکوو پێوەری زانستی لە چوارچێوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا، بۆ ئەوەی بزانین چەندە لەگەڵ واقیعییەت یەکدەگرنەوە یان یەک ناگرنەوە دوو ڕێگامان هەیە بیبینین. یەکەمیان، ئەگەر هەموو شەرت و مەرجێک هەبێ دەڵێین بەڵێ ئەو تیۆرییە دەتوانێ لەگەڵ واقیعییەت یەکبگرێتەوە و لە نەزەر مەنتیقییەوە مونسەجیم بێ یانی ئەو کۆنسێپتانەی کە لەوێن و بە بنەمای تیۆرییەکەی دادەندرێن دەبێ پێوەندییەکی مەنتیقیان لەگەڵ یەکتری هەبێ کە ئەگەر یەکیان لابەری و هەڵی گری تیۆرییەکە بەبێ وی نەتوانێ بەردەوام بێ؛ ئەگەر داینێیەوە بتوانێ درێژە بە بەردەوامبوونی خۆی بدا. دووهەمیش ئەوەیە کە هەرکام لەو کۆنسێپتانە بەشی پێکەوە لکاویان هەیە لە بەینی خۆیاندا، ئەو بەشە پێوەلکاوانەی ئەو کۆنسێپتانە لە نەزەر دیسکۆرسییەوە دەبێ پێکەوە پێوەندی مەنتیقییان هەبێ بەو مەنایە کە ئەگەر یەکێک لەو بەشانەی لێ دەرهاوێی کۆنسێپتەکە نەتوانێ درێژە بە مانی بدا. ئەگەر هەر تیۆرییەک، نەزەرێک، ئیستیدلالێک بتوانێ ئەو دوو شەرتەی تێدا بێ دەتوانی بڵێی ئەو تیۆرییە، ئەو ئیستیدلالە توانیویەتی ئەو ئامانجەی کە لە بەر خۆی ڕۆناوە ڕوونی کاتەوە. بەڵام ئەوەیکە ئەو ڕوونکردنەوەیە ڕاستە یان هەڵەیە مەسەلەیەکە، کە تەنیا کاتێکی تیۆرییەکەی دەکاردەهێنی وەدیار دەکەوێ. جا بەو مانایە ئێمە ناتوانین ئولگوی(falsifiability) لە سەر مارکسیزم تەتبیق بکەین مەگەر وەختێکی لە عەمەلدا بیبینین.

ئەوەیکە دەڵێی !king is dead, long live the king ئەوە ڕاستە. مارکسیزم لە کۆمەڵگەی مۆدێرندا هێندێک شتی هێنا گۆڕێ. بە بڕوای من زۆربەی ئەو وەڵامانەی کە بۆ جێبەجێکردنی گیروگرفتەکان دایەوە دروست نەبوون. بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە کە ئەو گیروگرفتانە نەماون و جێبەجێ بوون. ئەو گیرو گرفتانە لەگۆڕێدا هەن. مارکسیزم شتێک نییە کە لە نوختەی X خلاس بووبێ، لەوانەیە بە نێوی تیۆرییەکی دیکە یان هەر بە نێوی خۆی درێژە بە مانی بدا. ئەوە نەک هەر ئیمکانە بەڵکوو بەئیحتیمالی زۆریش وا دەبێ.

**بەڕێوەبەری سێمینار: هاوڕێی پێنجەم! فەرموو کاکە!**

**پرسیاری ٥:** لە ڕاستیدا ئەمجۆرە سمینارانە ئەتوانین بڵێین جۆرە هەوڵدانێکە بۆ بە ئاکادێمی کردن و بە تیۆریکردنی بابەتی سیاسەت. ئەمەش تا ڕادەیەکی زۆر شتێکی تازەیە لە ناو ئێمە، بەڵام خۆی لە ڕاستیدا بەئاکادێمی کردن و بەتیۆریکردنی سیاسەت هێندێک گرفتی هەیە لەوانە ئەمن چڕی دەکەمەوە بۆ دوو گرفت:

گرفتێکیان ئەوەیە کە بابەتی ئاوا، داوا لە گوێگر ئەکا ئەگەر سمینار بێ، ئەگەر نووسینیش بێ داوا لە خوێنەر دەکات کە دەبێ خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی تیۆری باڵا بێ، بەلای کەمەوە دەبێ ئاگای لەو دێباتە تیۆرییانە هەبێ کە لەناو بابەتی وەکوو کۆمەڵناسی و سیاسەتا هەن. جا ئەوەی ئەو کارەی لانەبێت، ئەو ڕۆشنبیرییەی لا نەبێت ڕەنگە بکەوێتە دەرەوەی تێگەیشتن و لە مارگینالا بێ، لە پەراوێزا بێت، ئەویش گوناحە.

دووهەم گرفت ئەوەیە کە با بڵێین ئەم جۆرە بابەتانە بابەتێکی تر دروست ■

دەکەن ئەویش ئەوەیە کە بە بڕوای من، لە ڕۆژ ئاوا مۆدێرنیتێ هەبووە، ئەویش تیۆر پیرۆز ئەکرێت، ئەپەرسترێت. کە ڕۆژئاوا لە قۆناخی مودێرنیتێ باجێکی زۆری داوە بۆ ئەوەیکە هێندێک لە تیۆرەکانی پیرۆز کراون، پرستراون لەوانە مارکسیزم بە قۆناخی پیرۆزیەوە، فرۆیدیزم و چەندین قوتابخانەی تر. ئەمجا ئەبێ چۆن لە پیرۆزی ڕزگاری کەین؟ ئەوەش خۆی قوربەسەرییەکی ترە و هەوڵدانێکی تری ئەوێ.

جا ئەوە شتێکی تازەیە لە نێو ئێمە بە ئاکادێمی کردن. بەس ئەو سەرنجانەی کە من هەمە لە دەروازەکەی کاک ساڵحەوە دەست پێدەکا. کاک ساڵح (لە کاتی ناساندنی کاک عەبباس ــ گزینگ) بۆچوونی هێندێک کەسی هێنایەوە، لەوانە هێندێکی تایبەت بوو بە بیری خۆی، هێندێکی تایبەت بوو بەبیری چەند کەسانێک لەوانە بۆچوونی جەنابت و بابڵێین جەمال ئەبەز. وە وتی: (گۆیا تۆ دەڵێی ــ من حەز دەکەم بزانم پێرفێکت ئەم دێرە هی تۆیە: یان دەسکارییەکی زمانەوانی تیایە؟ کاپیتالیزم... چونکە زۆر دەم مرۆڤ شتێک وەرئەگرێ کە داینەڕێژێت ڕەنگە لە ڕووی زمانەوانیا گرفتی بۆ دروست بکات ــ « کاپیتالیزم بەشێکی چکۆڵەی مۆدێرنیتێ یە»، وات وتووە؟

**کاک عەبباس:** من ئەمگوتووە بەشێکی چکۆڵەی مۆدێرنیتەیە. گوتوومە بەشێک لە مودێرنیتەیە.

• چونکە چکۆڵە وگەورە زۆر زۆر بابەتێکی سەیرە...

**کاک عەبباس:** فەرموو! ئەگەر خلاست کرد دەتوانم ئەوەت بۆ ڕوون بکەمەوە.

• ... جا من ئەمەوێ بڵێم مەسەلەی کاپیتالیزم باسێکی زۆر گەورەیە لە ناو مۆدێرنیتێ دا، یانی ناکرێ ئاوا چکۆڵە بکرێتەوە. ئەمە لەلایەک، لایەکی تر ئەوەی کە جەنابت دەڵێی مارکسیزم ئەگەر لە مێتافیزیکی کۆمۆنیزم ڕزگاری بێ خزمەت بە مەسایلی میللی دەکات من ئەڵێم مۆدێرنیتێ ئەگەر ڕزگاری بێ لە مێتافیزیک خزمەت نەک بە مەسایلی میللی ئەکا، خزمەت بە هەموو مرۆڤایەتی ئەکات. چونکوو من وا هەست دەکەم ئێستا وەک پۆستمۆدێرنیستێک کە مۆدێرنیتێ دەستێکی باڵای هەبووە لە دروستکردنی ...... مێژوو.

**کاک عەبباس:** لە پێشدا وەڵامی ئەوەت عەرز بکەم لە بارەی ئاستی زانایی تیۆری. ناکرێ باسێکی ئازاد دانێی و بڵێی تەنیا ئەوانە بێن کە کتێبیان خوێندووەتەوە. ناتوانی ئەو کارەی بکەی کاکە. ئەوە کاری من نییە. ئەمن لە زانکۆیە کە دەرسێ دەڵێمەوە، ئەوەی دەکەم، دەڵێم ئەگەر دەتانەوێ بێنە فلان سێمیناری بە بابەتێکی داریکراوەوە، دەبێ لە پێشدا ئەو کتێب و ئەم کتێبی بخوێننەوە. بەڵام ئێرە جێگەی ئەوەی نییە. ئەمیش ئەهاتوومە ئێرە باسێک بە شێوەیەکی زۆر قووڵ و بێ بن دامەزرێنم. ئەو قسانەی لە سەر هێگێلم کرد زۆر گشتی بوون. بۆ خۆشت ڕەنگە هەستت پێکردبێ. هەرئەوەندەی کە ئیمکانی باسێکی وا هاتووەتەگۆڕێ هەرچەندیش کەم وکووڕی هەبێ، فکر دەکەم لەوە باشترە باسێکی وا نەبێ. لەوانەیە زۆرکەس بە نارەزایەتی لێرە بچنەدەرێ، لەوانەیە هێندێکان ئەو قسانەیان پێ ناخۆش بێ، ئامانجی من لەو باسانە ئەوەیە کە گومانێک پێک بێ، ئیمکان بۆ فکرکردنەوە ساز بێ. ئەگەر بەو قسانە ئەو ئیمکانە ساز بووبێ، ئەو گومانە هاتبێتەگۆڕێ، فکردەکەم باسەکە سەرکەوتوو بووە.

**■ ئەگەر من ڕەخنەم لە مارکسیزم گرت یان ڕەخنەم لە هێزێکی سیاسی گرت کە لە ئێران، کوردستان یان لە ئەفغانستانێ کار دەکا ڕەخنەکەم لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە نوختەنەزەرێکم هەیە. ئەمن ناتوانم بەبێ نوختەنەزەر ئەو کارەی بکەم.**

وەکی دی ئەوە شتێکی دیکەیە. بە هەڵکەوت ئەو قسانەی کە ئەمن، سەبارەت بە بیروڕاکانی مارکس لەمەڕ civil society (کۆمەڵگەی مەدەنی) کردم زۆر ڕەبتی بە مۆدێرنیتە و کاپیتالیزمەوە هەبوو. واتە وەختێک مارکس، ستروکتوری کۆمەڵگەی مەدەنی لە کاپیتالیزم و ئەو چینانەی کە تێیدا هەن کردە یەک، ئەوەی بە حاڵەتی ڕێداکسیۆنی، جۆرێک تەتبیق دا کە کۆمەڵگەی مەدەنی تەنیا و تەنیا بووبە ئینعیکاسی حاڵەتی چینایەتی. مەسایلی فەرهەنگی و سیاسی، جوێ لە مەسایلی چینایەتی لەو سیستەمەدا لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا نەدەهاتنەگۆڕێ. کۆمەڵگەی مەدەنی تەواو بووەتە کۆمەڵگەیەکی چینایەتی کاپیتالیستی. بۆیە مۆدێرنیتە لەو بەینەیدا ون بوو. بە نەزەری من دروستە کاپیتالیزم بەشێکی گەورەی لە کۆنسێپتی مودێرنیزم یان مودێرنیتە تێدایە بەڵام کاپیتالیزم هەر بنەمای فەرهەنگی و تیۆری، بنەمای غەیری ئابووری، سیاسی یان ئیداری ئەو کۆمەڵگەیە نییە. جا بۆیە کۆنسێپتی مۆدێرنیتە لە کۆنسێپتی کاپیتالیزم فرەوانترە. ئەمن بەم جۆرەم گوتووە. نەزەری دووەم ئەوەیکە لەمەڕ ئوڕووپا و مۆدێرنیتە گوتتان، ئەغلەبی ئەو تیۆرییانەی کە ئێمە کاری پێدەکەین Eurocentric (ئوڕووپایی خوازی)ن. ئەوە ڕاستە و قسەی تێدا نییە کە مارکسیزم وایە، لیبرالیزم وایە، کۆنسێرڤاتیزم وایە، تاحەدێکی ناسیۆنالیزمیش وایە. چمکەکانیان، بنچینە تیۆرییەکانیان لە پێوەندی لەگەڵ ئوڕووپادا و لە چوارچێوەی فکری ئوڕووپاییدا دروست کراون. ئەوە لە بارەی تیۆرییەوە. لەسەر narra-tive (ڕیوایەت)یش هەر وایە. بەڵام ئەوەش دەکرێ کە کۆنسێپتی تیۆری بە شێوەیەکی ئابستراکت لەوانە بهێندرێتەدەرێ و لە چوارچێوەیەکی دیکە بخرێ و لەوێدا بتوانێ عەمەل بکا. لەوانەیە هێندێک لە لایەنەکانی ئوڕووپایی خوازی لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، بەڵام مومکینە لە دەست هێندێک لەوانەش ڕزگاری بێ. لە هەلومەرجی ئێستادا هیچ چارە نییە، زۆربەی ئەو سیستەمە تیۆرییانە لە ئوڕووپای ڕۆژئاوا دروست کراون. ئەمن لەگەڵ ئەو تیۆریسیەنانەی authenticity (بەدیهێنەر)ی دنیای ئیسلامی نیم کە هێندێکیان دەڵێن ئەو تیۆرییانە لەوێوە هاتوونە ئوڕووپایە، دزیویانن و گەورەیان کردوونەتەوە. واتە ئەوەیکە بڵێن ئێمە دەتوانین شتی باشترمان هەبێ. بە نەزەری من لە هەلومەرجی ئێستادا بۆ ئێمە ئەوەندە گرینگ نییە کە ئەساسی لیبرالیزم لە زانکۆی ئاکسفۆرد یان کەمبریج داندراوە یان لە سووربۆنی داڕێژراوە یان لە ئەلئەزهەری ڕا هاتووە. ئەوەی گرینگ بێ، ئەوەیە کە کێهە یەک لە مەفهوومەکانی لیبرالیزم ئێستا دەتوانێ کەلکی بۆ ئێمە هەبێ و کێهە نەیبێ. بە باوەڕی من، ئەسڵی sovereignty (سەروەری)ی فەردی لە لیبرالیزمدا قسەی زۆر لە سەرە، هەر ئەوەندەی کە قسە لە سەر چین و چینایەتی لە مارکسیزمدا هەیە. ئەمن دەزانم ئەوانەی

ئەتۆ مەبەستتن ئورووپایی خوازی دەکەن، ئێتنۆگەری دەکەن. چ نووسراوەیەکیان نییە کە ئورووسێنتریست نەبێ، ئی ئەو کەسانەی لە زەینی تۆ دان. بۆ وێنە «دێریدا». لە سەر مۆدێرنیتەش، دروستە ئەورۆ جوولانەوەیەکی زۆر گەورەی تیۆری لە ڕۆژئاوادا هەیە کە سەرچاوەی بە شێکی زۆری دەچێتەوە سەر بیروڕای «نیچە»، بەشێکی دەچێتەوە سەر ئەوانەی کەلکیان لە بیروڕای «نیچە»ی وەرگرتووە. گەلێک لە کارەساتەکانی وەکوو فاشیزم، ئانتی سمێتیزم و ڕاسیزم، نیسبەت دەدرێ بە rationalism (ئاوەزیرەوایی)و individualism(تاکیرەوایی) مۆدێرنیتە. باشترین ئیستیدلال بۆ ئەوانە، دەکرێ لە«نیچە»یدا ببینینەوە. ئەمن بەحورمەتەوە باسی «نیچە»ی دەکەم چونکوو باوەڕم بەو قسانە نییە کە چەپییەکان لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست هەڵیان بەستووە کە گۆیا نیچە فاشیست بووە، ئەوە بێ مانایە. نیچە فەلسەفەیەکی زۆر گەورەی هەبوو. بەشێکی زۆری ئەو فەلسەفەیە، ئەورۆش شیاوی کەڵک لێوەرگرتنە. ئەو ڕەخنەیەی کە نیچە لە مۆدێرنیتەی گرتووە زۆر گرینگە. بەڵام ئێستا ئەمن ئەگەر لە چوارچێوەی باسێک کە سەبارەت بە مارکسیزم و مەسەلەی نەتەوایەتییە، دەستبکەم بە وەی بنەمایەک دابنێم بۆ ئورووسێنتریزمی مارکسیزم و بمانەوێ ئەو باسەی بە شێوەی فەلسەفی بکەین، بە نەزەری من لە زانکۆی ئوپسالایە بیکەین باشترە. لێرە بۆ ئێمە مەسایلی سیاسی ڕۆژ زیادتر لە گۆڕێدایە. بەڵام قسەکەت قەبوڵ دەکەم کە نابێ هەموو ئەسڵێکی مۆدێرنیتە سەد لەسەد وەربگیرێ. دەبێ بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە لێی بڕواندرێ.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** زۆر سپاس مامۆستا، ئێستا هاوڕێیەکی دیکە، فەرموو کاکە!

**پرسیاری ٦:** لە سەرەتا دەستخۆشانەیەکی زۆر گەرم لە کاک عەبباس دەکەم. ڕاستییەکەی ئەوە یەکەم فورسەتە بۆ من کە ئاشنای نەزەراتی کاعەبباس بم. وە نوختەیەک کە بۆمن لە پێش هەموو شتێکدا قابیلی مولاحەزە بوو ئەوەبوو، کە من چاوڕوان بووم کە کاک عەبباس وەکوو ئینسانێکی ئاکادێمی زیاتر کە هاتووە دراسەی مارکسیزم دەکا، ڕێک لە نوختەیەکی موحاید بۆی بچێ. بۆ ئەوەی بەحسەکانی زیاتر ئاکادێمی تر بێ. من چاوەڕێ بووم کە ئاوا بێ، لەوێشەوە بگا بە نەتیجەکانی. بەڵام ئەوە کە ئەمن مولاحەزەم کرد، ئەوەبوو کە ئەو ڕێک لە نوختەنەزەری ناشیۆنالیزمی خۆیەوە دراسەی مارکسیزم دەکا. لەوێ ئیتر بەو نەتیجانە گەیشتووە کە ئەوەش حەتمەن هیچ شتێکی غەریب نییە. هەر کەسێک دراسەی هەر شتێک بکا لە زاوییەی نەزەری خۆیەوە بەو نەتیجانە دەگا کە خۆی دەیەوێ. هەروەها ئەقدێکی ئەسڵیش کە کاعەبباس خۆی لە مارکسیزم هەیبوو کە بە شوێن ئەو هەدەفەی کە پێشتر لە بەردەم خۆی داناوە، دێ دراسەی شتەکان دەکا و ئەو باسانەی کە کاک عەبباس باسی کرد ئینسان هەر ئەوەندە فریا دەکەوێ بە ئا و نا جوابیان بداتەوە.

من محاوەلە دەکەم بە کورتی چەند شتێک باس بکەم کە پێموایە ئیتر قابیلی ئینکار نین لەم ڕۆژانەی ئەمڕۆدا. یەک لەوانە شکستی مارکسیزمە. ئەمڕۆ شکستی مارکسیزم بووەتە مەسەلەیەک کە لە هەموو جێگایەک باس دەکرێ. هەریەکە بە ئەوعێ باسی ئەو شکستە دەکا کە لە کوێوە بووە. بەڵام ئەوەی زۆر تازە بوو لە قسەکانی کاعەبباس دا، مەسەلەی نەتەوایەتی و ئەو تێگەشتنە نادروستەی کە لە مارکسیزمدا هەبووە، ئەو زەعفە ئەسڵییەی کە وای کرد ئەو تەجروبەی کۆمۆنیزم تێک بشکێ کە ئەمن پێموایە ئەوە شتێکی زۆر تازە بوو. ئەوە لەوانەیە ــ من موتەئەکیدم ـ ئەگەر کاک عەبباس کورد نەبوایە ئەو نوختەی نەدەکردە شکستی مارکسیزم. وەک کابرایەک لە ئورووپا، لە وەزعی ئورووپا بۆخۆی بەو نەتیجەیە نەدەگەیشت، بەڵام بۆ کەسێکی وەکوو کورد، کەسێکی ناسیۆنالیست زۆر زەرووره ئەو قسەیە بکا لە سەردەمی ئەمڕۆ کە لە هەموو لایەکەوە هجوم دێ بۆ سەر مارکسیزم. ئەمڕۆ ماراتۆنێک هەیە لە دنیا، ئازایەتییەکە کە هەرکەس بسەلمێنێ کە دژ بە مارکسیزمە. کاک عەبباسیش لە گەڵ ئیحتیرامم کەسێکە کە لەو ماراتۆنەیە ئەمڕۆ. یەک نوختە کە زۆر پێویستە ئینسان تەئکیدی لە سەر بکا ئەوەیە ئایا ئێمە بە فیعلی دەمانەوێ بزانین شکستی مارکسیزم یان ئەو تەجروبەی کە بە ناوی مارکسیزم کە لە دنیا هەبوو بۆچی تێکشکا؟ ئەگەر فیعلییەن بێینە پای ئەوە ئیتر لەو ئیستینتاجە خێراییانە ڕزگارمان دەبێ مەسایلی تیۆری بێتە بەرەوە کە زەعفی مەسایلی نەتەوایەتی بوو لە مارکسدا.

مەسەلەیەکی دیکە کاک عەبباس باسی کرد کە تەبعەن ئەویشیان لە تیۆری مارکسیزمدا جیاوازی ناشیۆنالیزمە بە بۆرژوازی. ئەوەندەی کە من تێی گەیشتم فکرەی ناشیۆنالیزم مەربووت بووە بە تەبەقەیەکی دیاریکراو. من پرسیارەکەم لێرە ئەوەیە کاک عەبباس دەتوانێ ناوی ولاتێک بێنێ کە دەولەتێکی تێدا بێ مەربووت نەبێ بە تەبەقەیەکی دیاریکراو؟ ولاتێک هەیە ئەمڕۆ لە دنیا مەربووت بێ بە کولی شەعب؟ کولی شەعب بپارێزێ؟ ئەوە پرسیاری منە لەو بابەتەوە.

ئەخیر شتیشم ئەوەیە کە ئیدیعای حەقیقەتە. من پێموایە هەر کەسێک ئەگەر مەشکووک نەبێ لە بیر و ڕای خۆی حەتمەن فکرەکەی خۆی بە حەقیقەت دادەنێ. هەموو کەسیش وایە. کەسێک کە نەتیجەی چەند ساڵی دراسەی خۆی دەکا بە ئینتاجێک حەتمەن پێی وایە بۆیە ئیدیعای حەقیقەت دەکا. ئەگەر کەسێک کەمترین شکی هەبێ ئەو کاتە دەڵێ کاکە ئەوە بەحسێکە تەرحم کردووە بەڵام ئیتر نازانم ڕاستە یان نا؟ وە ئەخیر قسەی منیش ئەوەیە کە لەسەر مەسەلەی بزنەکە. بەڕاستی ئەوە زۆر لە دڵم گران بوو هەروەک چۆن کاک عەبباس لە شوێنێکی دیکە بە وییان وتووە، بەو شێوەیە موعامەلەیان کردووە هەر چەند ئەویشم زۆر پێ ناخۆش بووە، ئەوەی کاک عەبباسیشم پێ ناخۆش بووە، بەو شێوەیە ئەو ئەوعە جوابدانەوەیە. ئێستا ئەمنیش دەتوانم جوابێک بدەمەوە زۆر ڕەقتر کە دڵی ئەویش بریندار بکەم بەشێکیش لێرە چەپڵەم بۆ لێبدەن، بەڵام ئەوە تاکەی؟ ئەو مەسەلەیە مەفرووزە لە شوێنێک کۆتایی پێ بێ. زۆر سپاس!

**کاک عەبباس:** ئەوەی کە کەسێک قسان دەکا یان دەنووسێ دیارە نوختەنەزەرێکی هەیە. جوێکردنەوەی نووسەر یان کەسێک کە وتارێک پێشکێش دەکا نوختەنەزەرەکەی لە باسێکی ئاوادا زۆر موشکیلە. تەبعەن ئەگەر من ڕەخنەم لە مارکسیزم گرت یان ڕەخنەم لە هێزێکی سیاسی گرت کە لە ئێران، کوردستان یان لە ئەفغانستانێ کار دەکا ڕەخنەکەم لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە نوختەنەزەرێکم هەیە. ئەمن ناتوانم بەبێ نوختەنەزەر ئەو کارەی بکەم. لێرە دەتوانرێ باسی سیستمێکی فکری ــ ئەوەیکە بە زمانی مۆدێرن پێی دەڵێن: deconstruct ــ بکرێ. واتە بناغەکەی ←

هەڵبکۆڵدرێ بۆ ئەوەی لە سەر ئەساسی مەنتیقی ئەو مەفهوومانەی کە تێیدایە لێی بکۆڵرێتەوە. بەڵام، ئەمن پێموانەبوو کە ئێرە کلاسیکی ئاکادێمیکە و ئەمنیش هاتووم مارکسیزمی deconstruct بکەم. ئەوەدەمی ئەمن دەستم دەکرد بەوە کە لە تیۆری زێدەبایەخ ڕا دەست پێبکەم. باسی مەسەلەی نەتەوە و نەتەوایەتیم نەدەکرد. دەمگوت ئەگەر دەمانەوێ گیر وگرفتەکانی مارکسیزمی ببینین با بێین لە تیۆری بایەخەوە دەست پێبکەین، لەوێیەوە بۆی بچین. بەڵام لە باسێکدا کە زیاتر لە سیاسەتی ناسیۆنالیزم لەو تیۆرییەدا دەکۆڵێتەوە ئەوە خوراییە. ئەمن پێموایە ئەگەر کارێکی ئەوتۆم کردبایە لە سەدا حەفتای ئەو خەڵکەی لێرە دانیشتوون بە هەق خەو دەیبردنەوە و ئەمنیش سەرەڕەتی قسەکانم لە دەست دەردەچوو. ئەمن نەهاتوومە ئێرە بە شێوەیەکی گشتی لە نەزەر تیۆرییەوە باسی شکستی مارکسیزمی بکەم. ئەو قسانەی کە لێرە کردم ئەو ڕەخنانەی کە گرتم بێ ئەملاوئەولا نوختەنەزەری خۆمن. ئەمن ناتوانم لێرە دانیشم نوختە نەزەری کەسی دیکە بە ئێوە بڵێم و بشڵێم ئەوە ئی منە.

کاکە! چەند پرسیارت هێناگۆڕێ، یەکیان ئەوەبوو کە ئەمن بۆچی مەسەلەی بۆرژوازیم هێنایەگۆڕێ. ئەمن ناڵێم کە لە نێوان بەرەوپێشچوون و تەکامولی چینایەتی کۆمەڵگەیەک و هەستی ناسیۆنالیستی یان هەوێتی ناسیۆنالیستی پێوەندییەک لە گۆڕێدا نییە. قسەیەکی وا پووتە. بەڵام لەوەش پووتتر ئەوەیە کە ئینسان بێ بڵێ تەواوێتی ئەو هەستە، ئەو حەرەکەت و ئەو هەوێتییە تەنیا و تەنیا پێوەندی بە بەرژەوەندی چینایەتی هەیە لە کۆمەڵگەدا. ئەوە لە فکرەکەی هەوەڵێ نەفامانەترە. دەنا ئەوە دروستە چینەکانی کۆمەڵایەتی لەوێ هەن و کاتێک دێنە نێو پرۆسەی سیاسی دەبنە هێزی سیاسی. عەرزم کردی ئەوانە بەرژەوەندییەکیان هەیە، بەڵام ئەوەیکە ئایا دەتوانن ئەو بەرژەوەندییانە وەدیبێنن یان نا؟ ئەوە باسێکی دیکەیە، پرۆسەیەکی دیکەیە چونکوو لەوێ مەسەلەی پارسەنگی هێزەکان دێتەگۆڕێ. مەسەلەی چینەکانی دیکە لە گۆڕێدایە کە شەڕی یەکتری دەکەن. ئاکامی ئەوە، چ دەبێ هەر لە لایەن یەکێکیانەوە دیاری ناکرێ. ئەگەر دیاریش بکرێ پاش پرۆسەیەکی درێژخایەن دیاری دەکرێ. ئەمن ئیشارەم بە کاری ئانتۆنیۆ گرامشی و مەسەلەی هەژمونی کرد، هەڵبەت ناڵێم گرامشی لەو بابەتەوە سەرکەوتووە یان سەرکەوتوو نییە، بەڵام نیسبەت بە مارکسیستەکانی دیکە پێشکەوتووترە. ئەویش لە پێوەندی لەگەڵ ئەوەیدا کە دەیەوێ ڕوونی کاتەوە بۆچی لە ئیتالیایە دیاردەیەکی وەکوو فاشیزم هاتە پێشێ. سەرکەوتنی فاشیزم لە ئیتالیایە نەتیجەی شکستی سۆسیالیزم و لیبرالیزم بوو لەوێ. کاتێک گرامشی ئەوەی ڕوون دەکاتەوە باسی ئەوەش دەهێنێتەگۆڕێ کە بۆچی هێزە فاشیستییەکان توانیان لە سەحنەی سیاسیدا هەژمونی خۆیان دامەزرێنن. گرامشی دەڵێ ئەو هێزە دەتوانێ هەژمونی لە سەحنەی سیاسیدا بەرقەرار بکا کە بتوانێ بەرژەوەندی تەواوی چینەکانی دیکە لە بەرژەوەندی خۆی ببەستێ و وەکوو بەرژەوەندیی گشت کۆمەڵ، بەرژەوەندیی میللی لەشانۆی سیاسیدا جەختی کاتەوە.

دروستە، لە سیاسەتدا، لە تیۆریدا، هەر شتێکی دەنووسرێ یان دەگوترێ باری سیاسی هەیە. بە قەولی ئالتوسێری چ کۆنسێپتێکی بێ

**▪ یەک لە موشکیلەکانیی من لەگەڵ ناسیۆنالیستی ئێتنیک ئەوەیە کە وەدەزانێ یەکێک کە کوردە هەوێتییەکی فیکسدی هەیە واتە لە ڕۆژێکی ڕا کە لە دایکی دەبێ هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەیبەن یاسینی لە سەر دەخوێنن.**

گوناح نییە. واتە هەموو کۆنسێپتەکان بەرپرسیارییان لە ملە. یانی باری سیاسی بە کۆڵی خۆیانەوە دەکێشن. لەو چوارچێوەیەدا هەر شتێکی بیڵێی، هەر شتێکی بینووسی ڕەنگدانەوەی بەرژەوندییەکی تێدایە. ئەگەر ئێمە ئەو قسەیەی بەرینە ئەو پەڕی خۆی، دەکرێ بڵێین کە هیچ شتێکی شەخسیش نییە کە سیاسی نەبێ. ئەمن باوەڕم بە وانەیە. جا کەسێکی باوەڕی وابێ، ناتوانێ بۆ نموونە بڵێ هەستی نەتەوایەتی یان هەوێتی نەتەوایەتی لایەنی سیاسی، ئابووری یان کۆمەڵایەتی نییە حەتمەن هەیەتی. بەڵام ئەو لایەنە سابیت نییە. هەڵەکە لەوەدایە، وای دابنێین ڕۆژێکی کە ئەوە دامەزرێندرا، باری سابیتی چینێکی بە سەرەوەیە. مۆریان لێدا خلاس بوو. کاکە! هەوێتی شتێکی یەکجار لە حاڵی گۆڕاندایە. هۆیەکەشی ئەوەیە هەوێتی من هەمیشە لەبەرانبەر هەوێتی کەسێکی دیکەدا، هەوێتی گەلێکی لە بەرانبەر گەلێکی دیکەدا، ئی میللەتێکی لە بەرانبەر میللەتێکی دیکەدا، ئەسپێک لە بەرانبەر ئەسپێکی دیکەدا دێتەگۆڕێ. پێوەندییەکە لە سەر ئەساسی فەرق و جیاوازییە. بۆ نموونە چۆن دەکرێ ئینگلیسی و فرانسەیەکی لەیەکتری جوێ بکەینەوە. ئەوە لە سەر ئەساسی ئەو فەرقانەی کە هەوێتی ئینگلیسی نیسبەت بە هەوێتی فرانسەیی ڕوون دەکاتەوە، لێک دەکرێتەوە. ئەوە بەو مانایەیە کە پێوەندی ئەو هەوێتییانە هەمیشە لە حاڵی گۆڕاندایە. ئەتۆ ئێستا بەرنامەیەکی ناسیۆنالیستی دابنێ کە ئەو بەرنامە ناسیۆنالیستییە لەسەر بناوانی سەربەخۆیی داندرابێ. ئەو بەرنامە ناسیۆنالیستییە جۆرێک کۆنسێپتی هەوێتی دەبێ تێدابێ کە زۆر جیاوازە لە بەرنامەیەکی کە لە سەر ئەساسی ئەسڵی خودموختاری داندرابێ. چونکوو بەرنامەیەکی سەربەخۆیی ناسیۆنالیستی پێوەندییەکی تایبەتی لە نێوان کورد و تورک، کورد وعەرەب، کورد و فارسدا دەبینێ و بەرنامەی خودموختاری ئەو پێوەندییە بە جۆرێکی دیکە دەبینێ. شتێک وەکوو هەوێتی fixed نییە واتە لە ڕۆژی هەوەڵێ ڕا هەبووبێ و تا ئاخری وەکوو خۆی بمێنێتەوە. ئەوە لە سیاسەتدا بێ مانایە. یەک لە موشکیلەکانیی من لەگەڵ ناسیۆنالیستی ئێتنیک ئەوەیە کە وەدەزانێ یەکێک کە کوردە هەوێتییەکی فیکسدی هەیە واتە لە ڕۆژێکی ڕا کە لە دایکی دەبێ هەتا ئەو ڕۆژەی کە دەیبەن یاسینی لە سەر دەخوێنن. هەوێتی لە پرۆسەیەکدا ساز دەبێ. ئەو هەوێتییە بە گوێرەی هەڵوێستی سیاسی ئاڵوگۆڕی بە سەردا دێ. ئەگەر هەوێتی فیکسد بێ، ئەگەر سیاسەت فیکسد بێ، ئەگەر بەرژەوەندی حیزبەکان فیکسد بێ، ئەگەر ئێستیفاقی ئارا فیکسد بێ، ئێمە دەبێ هەموو دوکانەکانمان گاڵە دەین و بڕۆین. یانی سیاسەت خلاس بوو. بەڵام هەموو شت لە حاڵەتی گۆڕان دایە، موشکیلەی من لەگەڵ بەشێک لە بەرنامەی مارکسیستی سەبارەت بە ناسیۆنالیزم ئەوەیە کە وەدەزانن هەوێتییەکی ⬅

چینایەتی فیکسد هەیە کە بە بەژنی هەوێتی نەتەوایەتیدا دەبڕن و ئەوەی تا ڕۆژی ئاخری ڕادەگرێ. ئەمن پێموایە ئەوە لەگەڵ شعووری تیۆری، یەک ناگرێتەوە، لەگەڵ مەنتیقی فەلسەفی جوردەرنایەتەوە. لەگەڵ بەحسی مونسەجیمی سیاسیش یەک ناگرێتەوە.

بێینە سەر ئەو قسانەی کە گوتت ئەمن سەتحی بەحسەکەم هێنایە خوارێ. حەقیقەت ئەوەیە وەختێکی ئەو شتەی لە ڕۆژنامەی ئەو حیزبەدا نووسرابوو، بە منیان نیشان دا، زۆر نارەحەت بووم. چونکە ئەو کەسەی کە ئەو مەقالەی نووسیبوو، ئەمن بەرخوردێکی باشم لە گەڵی هەبوو، تەنانەت چوار وشەی سیاسیشمان بەیەکەوە ئاڵوگۆڕ نەکرد. ئەمن وتووێژێکم کردبوو. ئەو وتووێژە چەند نەزەری تێدایە. ئەو، بە هیچ جۆر نەهاتووە لە نەزەرەکانی من بکۆڵێتەوە هەر ئەوەندەی دەڵێ کە بزانە ئەو ئاکادێمیکەی لە ئینگلیستانێ دانیشتووە چەندە لە دنیایە بێ خەبەرە. لە دنیا بێ خەبەر بوون لەگەڵ بزن بوون فەرقێکی هێندەی نییە. جا ئەتۆ ئەگەر ئیراد لەمن دەگری دەبێ لەویشی بگری. قسەکانی من بڵاوکراونەتەوە، ئەو با بێ بە شێوەی ئوسولی لێکیان داتەوە، بڵێ کاکە ئەو نەزەرانەی تۆ لەبەر ئەو هۆیانە، یەک، دوو، سێ... هەڵەن. ئەوەندەش هەڵەن دەبێ بێی هەموو قسەکانی خۆت بخۆیەوە لەبەرچاوی خەڵکیش مەعزەرەت لە هەموو کەس بخوازی بڵێی خەڵکینە زۆر بمبەخشن ئەمن ڕۆیشتم قەتیش ناگەڕێمەوە. بەڵام ئەو کارەی ناکا. بە شێوەی دامەزراوی فەرهەنگێکی زۆر پیسی سیاسی لە دوورەوە دادەنیشێ قسەی وا دەکا. ئەو سبحەینێ لە ڕۆژنامەی خۆشیدا قسەی پووتتریش بە من بڵێ ئەمن وەڵامی نادەمەوە. ئەمن عەرزم کردی دمەچەقەی سیاسیم پێ خۆش نییە. بەڵام ئامادەم بۆ باس و دیبەیت کردن. ئەگەر ئەتۆش نارەحەت بووی شەخسەن داوای مەعزەرەت لە تۆ دەخوازم بەڵام لەوی ناخوازم.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** زۆر سپاس مامۆستا، ئێستاش نۆرەی خانمێکە، فەرموو!

**پرسیاری٧:** ڕاستییەکەی بەحسەکەی کاک عەبباس بۆم بەحسێکی ..... نییە، هەڵبەت لێرەش حەول نادەم وتە بە وتە وەڵامی بدەمەوە......

لەو شوێنانەی کە پارلمانات، لەو شوێنانەی کە بۆرژوازییەکان حوکم دەکەن ئەوان لەوێیا حوکم دەکەن. هەموو کاتێک بۆرژوازی دەسەڵاتی داوەتە دەست ئەوان بۆ ئەوەی ئەوان دیفاع لە مادییەت و هەبوون و نەبوونی مولک و مالی ئەوان بکەن. ئەوان پێویستیان بەو تەقەتەقە نییە کە منیش بێم بیکەم. حەز ناکەم بڵێم تۆ ئەیکەی. لەوانەیە تۆ بە خۆتی ڕەوا نەبینی. ئێمە چندەدها ساڵ ئەمەمان کردووە. ئەوان پێویستیان بە مە نییە. چوار کەس ئەگرێ حوکمی بۆ ئەکا. ئەمەیە بورژوازی. ئەمەیە کە حوکمی موجتەمەعی کردووە. ئێمە دەمانەوێ ئیستیحسالی ئەو دەسەڵاتە لەو بکەین. چۆن بیکەین؟ بە قسەی خۆش نایکا. هیچکەس ئامادە نییە بڕواتە دەر لە خانووەکەی بە قسەی خۆش کە تەبەقە بە دەستی هێناوە. وا نییە؟ کێ ئامادەیە ئەوە بکا!

نوختەی دووهەم ئەوەیە کە ئیستیدلالت هێناوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەت ماهییەتێکی بورژوازی نییە. بۆچی مارکسیستەکان هەمیشە ئەڵێن دەوڵەت ماهییەتی بۆرژوازی هەیە؟ تەسەور ئەکەم بۆ هەر مارکسیست وغەیرە مارکسیستێک و ئینسانێکی زۆر ئیعتیادی ئەمە ئاشکرایە. ئەمن نازانم ئەتۆ چۆن دەکرێ چۆن ئەتوانی بە من قەناعەت بکەی کە دەوڵەت ماهییەتی بورژوازی نییە. ... من ناتوانم ئەمە هێن کەم، هەڵبەتە هەوڵ ئەدەم...

نوختەی سێهەم ئەوەیە دەوڵەتی مەدەنی مۆدێرنیزم بۆ کارل مارکس حاڵەتێکی سابیت نییە، بەڵکوو حاڵەتێکی ترانزیشناڵە. ئەو مەبەستی لە موجتەمەعی مەدەنی نییە. موجتەمەعی مەدەنی بۆرژوازی دروستی نەکردووە، بۆ ئەوەی کاتێک گۆڕیمان بڵێین ئەو موجتەمەعە لەناو ئەبەین. موجتەمەعێک کە هیچ فڕێکی بە سەر مەدەنییەت و مودێرنیزمەوە نییە. ئەو مەدەنییەت و مۆدێرنیزمە بە نەزەری ئێمە بورژوازییەت دروستی نەکردووە، بەڵکوو لە ئەنجامی ئەو کلاس ستراگڵەی کە خۆت ئەیڵێی، لە ئەنجامی ئەوەوە، ئەو مۆدێرنیزمە دروست بووە ئەگینا ئێستا لە مە خراپتر دەبوو موجتەمەع.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** کاتەکەت تەواو بوو.

● حەز دەکەم یەک نوختەی دی بڵێم وەک چۆن هەر ئینسانێک موحاوەلە دەکا هەموو تەحەولاتێک بە قازانجی ئەفکاری خۆی تەرح بکا، هەر ئەمەی کردووە مارکسیزم. بۆ قازانجی تەبەقەی کارگەر هەموو شتێکی بۆ قازانجی ئەو کۆمۆنیزمە و ئەو موجتەمەعەی کە ئەو دەڵێ تەنها حەلی هەموو مەشاکیلی دنیایە. ڕاسیزم و... هەموو هینەکانی کە خۆت گوتت هیچ حەلی بۆ نەکردووە، بە قەناعەتی من...

**بەڕێوەبەری سێمینار:** کاتت تەواو بوو! خەڵکی تریش هەیە، با نەختێک عادیلانە بێ!

● یەک دەقیقەی ترم بەرێ!

**بەڕێوەبەری سێمینار:** سپاس بۆ ئێوە، فەرموو مامۆستا!

**کاک عەبباس:** هەڵبەت ئەمن، ئەگەر باسێکی تیۆریم دامەزراندووە ئەوە زۆر ئاسایی یە. بەتایبەتی بۆ کەسێکی وەکوو خۆتان کە لەگەڵ ئەدەبیات و نووسراوەی مارکسیستی ئاشنایی هەبێ، دەبێ ئەو باسەی ئەورۆ، زۆر بۆی سادەبێ. چونکوو ئەوانە لەوێدا هەن. مەبەستیشم ئەوە نییە بە دامەزراندنی باسی تیۆری مەغلەتە بکەم یان باسەکەی بشێوێنم. مەقسەدم ئەوە نییە. ئەمن ئاوام خوێندووە، ئاوا گەورە بووم. یەکێک ڕۆمان دەخوێنێتەوە یەکێک شێعر دەخوێنێتەوە ئەمنیش بەداخەوە تیۆری دەخوێنمەوە. هەرکەسە بە جۆرێکی، لە سەر چینی بورژوازی و موشکیلی مارکسیزم و شۆڕشی پرۆلێتاری و کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی... ئەمن دژی ئەوەی نیم، کە ئەتۆ یان کەسانێکی دیکە موشکیلەیان لەگەڵ کۆمەڵگەی بورژوازی هەیە دەڵێن ئەوە خەڵکی دەچەوسێنێتەوە. ئەمنیش لەوانەیە زۆر لەو قسانە قەبوڵ بکەم. بەڵام، قسەی منیش ئەوەیە کە ئەتۆ واقیعەن بەرنامەیەکت هەبێ بۆ گۆڕینی. ئەمن فکر ناکەم ئەتۆ بەرنامەت هەبێ. ئەتۆ هێندێک قسەت هەیە بەڵام بەرنامەت نییە کە کۆمەڵگەی بگۆڕی. هۆیەکەشی ئەوەیە کە من عەرزم کردی دیسان عەرزیشتان دەکەمەوە، ئەوەی وەکوو ئالتێرناتیڤ بۆ ئەو کۆمەڵگەیە دابمەزرێندرێ ـ ئەمن لە سەدا سەد موافیقم کە دەبێ ئالترناتیڤێکی باشتر بۆ ئەو کۆمەڵگەیە هەبێ ـ تەنیا لە ڕەخنەگرتن لەو کۆمەڵگەیەی بە دەست نایە شتێکی دیکەی دەوێ. کارل مارکس لە کاپیتالدا ڕادیکالترین ڕەخنەی لە کاپیتالیزم ←

گرتووه. بەشێک لە قسەکانی بۆمن قابیلی قەبوڵە، بەشێک لە قسەکانی بۆمن قابیلی قەبوڵ نییە. ئەمن باوەڕم بە تیۆری value (بایەخ)ی مارکس نییە. ئەتۆ هەتە، ئێمە لە دوو قوتبی موخالیف داین لەو بابەتەیەوە. کەسێکیش باوەڕی بە تیۆری «بایەخ»ی مارکس نەبێ، باوەڕی بە ئیستیدلالە ئابوورییەکانی مارکسیستی نامێنێ. ئەمن باوەڕم بە ئیستیدلالە ئابوورییەکانی مارکسیستی نەماوە. هەمبوو نەمماوە. جا فەرقی من و ئێوە لەو بابەتەیەوە ئەوەیە. ئەو ئیستیدلالە ئابوورییانە ئیستیدلالی conceptual یان تیۆری سەربەخۆ نین. ئەوانە لە ڕەخنەگرتن لە کاپیتالیزمەوە هەڵقوڵیون. بەڵام بەو مانایە نین کە بتوانن ببن بە بنەمایەک بۆ ئالترناتیڤێکی دیکە. ئالترناتیڤ دەبێ هەبێ، ئالترناتیڤێکی باشتر، مونسیفانەتر، یەکسانتر، خۆشتر، ئەوە دەبێ هەبێ. بەڵام ئەو بنەمایەی داندراوە بە نەزەری من مێتافیزیکییە. ئەمنیش چ ئێستا و چ لەو قسانەی کردم دەڵێم ئەوە نەزەری منە. ئەگەر دروست بێ، هەڵە بێ، لە سەدا بیستی هەڵە بێ، لە سەدا هەشتای هەڵە بێ، ئەوە موشکیلەیەکی دیکەیە. بەڵام ئەمن ناتوانم ئەو هەڵوێستەی کە تۆ قەبوڵتەو پێتوایە بەرنامەیەک هەیە کە دەکرێ بە گوێرەی وی بجووڵێینەوە و بەو ڕێگایەی کە دایناوە پێیدا بڕۆین، قەبوڵ بکەم. ئەو ئوسولەی کە ئەو بەرنامەی لە سەر فەرز کراوە بەو شێوەیەی لە زۆر جێگای دنیایە نامێنێ. ئەگەر ئەوە قەبوڵ بێ کە مارکسیزم مەزهەب نییە و بە شێوەیەکی ئاوا لە مارکسیزمی بکۆڵێینەوە گەورەترین ئیحتیرامان بۆ داناوە. ئەمن ئێستاش پێوەندی زۆر قووڵی عاتفیم لەگەڵ مارکسیزم هەر ماوە. بەڵام ئەگەر یەکێک بێ وەکوو مەزهەب چاوی لێ بکا، دیارە ئەو جۆرێکی دیکەی دەبینێ. ئەمن عەرزم کردی هەوێتی سیاسی، چ دەوڵەتی بی، چ شەخسی بی، شتێکی فیکسد نییە. ئەوە بوارێکە کە لەوێدا شەڕی سیاسی لە نێوان هێزی سیاسی بۆ دەستەڵات وەدەستهێنان هەمیشە دەکرێ. هەر سانیە، هەر دەقیقەیەک ئەوە بەردەوامە. ئەوەیکە ئاکامی ئەو شەڕە چ بێ، جا چ شەڕی چینایەتی بێ، یان غەیری چینایەتی تەنیا بە ڕێگەی پارسەنگی قودرەت لە کۆمەڵگەدا وەدیار دەکەوێ. ئەمن قەت حاشا لەوەی ناکەم کە سیاسەت بنەمای ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و سیاسی هەیە بەڵام حازر نیم بڵێم کە ئەوانە فیکسدن و بڕاونەتەوە. ئەگەر وا بڵێم لەگەڵ خۆم دروست نیم. بەڵام بەداخەوە هەڵوێستی سیاسی و تیۆری من و تۆ هێندە لێک دوورە ئەمن هەر ئەوەندە دەتوانم بڵێم، ئەو ئوسولەی بۆ تۆ قابیلی قەبوڵ و غەیری قابیلی ڕەدە، بەداخەوە بۆ من وا نییە. لەوانەیە ئەتۆ پێی بڵێی ئاواتێکی سیاسی کە وەدی دێ، ئەمن پێی دەڵێم مێتافیزیکی فەلسەفی.

**بەڕێوەبەری سێمینار**: زۆر سپاس مامۆستا! دەبوو سەعات ٧ تەواو بێ، بەڵام سەعاتێکی دیکەشی دەخەینەسەر بۆ ئەوەی دیالۆگەکە زیاتر دێمۆکراتیک بێ کە هەمووان کاتیان بەر کەوێت. ئێستا هاوڕێیەکی تر، فەرموو کاکە!

**پرسیاری٨**: یەکێک لە شتەکان کە ئەمن دەبوو باسی بکەم ئەوەبوو بە کورتی باسی جیابوونەوەی کرد. پێموابێ، وشەی جیابوونەوە بەکارهێنان وەک ئەوە دەچێ کە کوردستان بەشێکی دانەبڕاو بێ لە وڵاتێکی دیکە. یان کوردستانێک نەبێ. باشتر نەبوو ئێمە کوردستانی وا باس بکەین کە

**■ ئەمن هیچ سەبەبێك بۆ ئەوەی نابینم و بە هەڵەی دەزانم کە سیاسەتی کوردستان لە بەرژەوەندییەکی لێڵ و نادیار ببەسترێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن هێزێك ڕا کە بەنەزەری من هیچجۆرە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییە لێڵ و نادیارەدا نییە. ئەوە کارەکەی خراپتر دەکا.**

جێگایەکی سەربەخۆیە و داگیرکراوە؟ کە جیابوونەوە لە وڵاتێکی دیکە نییە بەڵکوو ئێمە دەمانەوێ هەقی خۆمان وەربگرینەوە و ئەوانەی کە داگیریان کردووە دەبێ لێی بڕۆنە دەرێ. ئەوە مەسەلەیەکی کورت کە پێمخۆشە بە کورتی جوابم بداتەوە لە دوایە.

یەکێکیش بە کورتی دەمەویست لوتف بفەرموێ کە داخوا ئیدەئۆلۆژی سیاسی مارکسیستی چ کارێکی کردووە لە سەر مەسەلەی کوردستان بە چاک یان بە خراپ؟ زۆر سپاس!

**کاک عەبباس**: کاکە وەختێک یەکێک دێ یەکدوو سەعاتی وەخت هەیە، ناتوانێ هەموو شتێکی بڵێ، بەڵام ئەوەیکە ئەتۆ دەیڵێی لە نەزەر منەوە بۆ ئەوانەی کە لێرە دانیشتوون وەک ڕۆژ ڕوونە. ئەگەر وا نەبایە لێرە نەدەبووم. یانی ئەو موشکیلە هەر نەدەبوو. لەوانەبوو باسی ئاووهەوای سوێدمان کردبایە. جا بۆیە ئەوەیکە ئەمن بڵێم کوردستان داگیرکراوە و دەبێ بچنە دەرێ...

● تەوزیحی وشەکە بۆ جیابوونەوە...

**کاک عەبباس**: ... ئەمن ئیشارەم بە باسێکی تیۆری کرد کە لە نووسراوە تیۆرییە مارکسیستەکاندا هەبوو ، ئەوان ئەوەی وەکوو مافێک دەبینن. بەباوەڕی من، جوێبوونەوە یەکێک لە ئیمکاناتی ئەو مافەیە. ئەمن پێوەندی عیلەت و مەعلوولی ئەوانە بە پێچەوانە دەبینم. بۆیە باسی ئەو مەسەلەیەم کرد. بەڵام ئەوەیکە مارکسیزم چ پێوەندی بە وییەوە هەیە بەداخەوە، ئەمن لەگەڵ ئێوە موافیق نیم. لە دوای شەڕی دووهەمی جیهانی مارکسیزم هێزێکی فکری زۆر عومدە بووە لە شەرقی ئەوسەت...

● پرسیارەکەم وا نەکردووە. عەرزم کرد چۆنی کار کردووەتە سەر کوردستان بە چاک یان بە خراپ؟

**کاک عەبباس**: ... مەنتیقی قسەکە ئەوەیە بە نەزەری من هەتا ئێستا تەئسیری مەنفی بووە، ئەمن هیچ دوو دڵیم نییە لە نیازی چاکەی زۆر لە مارکسیستان، بەڵام دەبێ دیسان دووپاتەی کەمەوە، کە ئەو تەئسیرە مەنفی بووە. هەر مەنفیش دەمێنێ، هەتا مارکسیزم خۆی لە کۆڵ ئەو بەند و بەستانە نەکاتەوە کە باسم کردن. ئەمن ئاوای دەبینم.

**بەڕێوەبەری سێمینار**: هاوڕێیەکی تر، فەرموو!

**پرسیاری٩**: ئەمن پرسیارم لەسەر ئەو باسەی بوو لە سەر مافی چارەنووس. لە تاریخی مارکسیزمدا هەتا ئەو جێگایەی خۆی لە مەسەلەی نەتەوایەتی داوە. مافی دیاریکردنی چارەنووس بەحسێکی گرینگ بووە کە هەمیشە ئاماژەی پێکراوە و خۆی لێداوە. وە هەموو جورە چەپێک و مارکسیستێک، ئەوانەی کە لە جونبیشی نەتەوایەتی دا بوون یا دژی بوون، هەمیشە وەک دروشمێک هەڵدراوە. بەبڕوای من، لێرەدا ئاڵۆزییەک هەیە لە سەر خودی ئەو قسەیە. مافی دیاریکردنی چارەنووس، بۆ ←

تەوزیحدانی لە ڕوانگەی کاک عەبباسەوە چۆنە و چ شکڵێکی هەیە؟

دێمەوە سەر ئەوەی لە سەر ئەو حیزبەی کە باست کرد و گوتت مافی دیاریکردنی چارەنووسی قەبوڵ نییە بەڵام لەولاشەوە دەڵێ دەوڵەتی موستەقیل. ئەمن ئەو شتەیکە لەوێ خوێندوومەتەوە ئاوای لێ حاڵی بووم کە ئەو دەڵێ مافی دیاریکردنی چارەنووس دەگەڵ ئەو کەسانەی کە باسی ئەوەی دەکەن مافی دیاریکردنی چارەنووس یانی هەم جودایی، یانی هەم فیدراسیۆن، یانی هەم ئۆتۆنۆمی، یانی هەمووی ئەوانە. ئەو ویستوویەتی ئیختیلافی خۆی لەگەڵ ئەوانە بڵێ کە مافی دیاریکردنی چارەنووس یانی تەشکیلی دەوڵەت، نەک خودموختاری نەک ئۆتۆنۆمی و نەک فیدراسیۆن و نەک ئەوانە. من ئاوای لێ حاڵی بووم. شایەد بەحسەکە ئەوە نەبێ. بۆیە پێمخۆش بوو بزانم ئەسڵەن مافی دیاریکردنی چارەنووس چییە؟ وە مەعناکەی چییە و ئایا دەتوانێ هەموو شتێک بێ و ئایا دەتوانێ ئۆتۆنۆمی بێ؟ دەتوانێ خودگەردانی بێ؟ دەتوانێ خودموختاری بێ؟ چییە؟ ئەوە بۆ من... پێمخۆشبوو باسی بکەی.

**کاک عەبباس:** عەرزی بە خزمەتت بکەم، مافی دیاریکردنی چارەنووس هەمیشە بەشێک لە مارکسیزمی نەبووە. مارکسیستی زۆر گەورە وەکوو ڕۆزا لوگزامبورگ ئەگەر باسی مافی دیاریکردنی چارەنووست لەگەڵ کردبایە زۆری پێ تێکدەچوو. گومانیش لەوەدا نییە هەموو کەس دەزانێ ڕۆزا لوگزامبورگ مارکسیستێکی زۆر گەورە بوو. بەڵام بۆ وی، مافی دیاریکردنی چارەنووس لە تیۆرییەکی ڕا دێ کە سەری بە بۆرژوازی بەستراوەتەوە و مەسەلەی نەتەوایەتی و سیاسی لەوێوە هەڵدەقوڵێ. لە چوارچێوەی تەحەولی مارکسیزمدا یەک لەو کارە گەورانەی کە لێنین کردی ئەوەی هێناژوورێ، بەرزی کردەوە، حاڵەتی مەرکەزییەتی پێدا. چونکوو لە دەستووری سیاسی ڕۆژدا بۆی مەترەح بوو، یانی موشکیلەی ئەوەنەبوو بە شێوەیەکی ئابستراکت و تیۆری باسی بکا. دوایە چەندین جاران هەڵوێستی خۆی لەسەر گۆڕی. ئەوەیکە دوایە باو بوو کە دەڵێن مافی دیاریکردنی چارەنووس مافێکی بۆرژوایی یە. موشکیلەکە ئەوە نییە، هەروەکی گوتم ئەو مافە بەشێک لە تیۆری دێمۆکراتیکە، ئەوانەش دێن تیۆری دێمۆکراتیک لە بۆرژوازی دەبەستنەوە. هەروەک چۆن پارلمان لە بۆرژوازی دەبەستنەوە.

پارلمان یان پارلمانتاریزم فۆرمێکی سیاسییە، ئەوەش واتە دێمۆکراسی فۆرمێکی سیاسییە. دێمۆکراسی وەک فۆرمی سیاسی بۆخۆی دەبێتە گۆڕەپانی شەڕی سیاسی لە نێوان ئەو هێزانەدا کە دەیانەوێ داگیری کەن. فۆرمی سیاسی ماهییەتی نییە تا ئەو کاتەی داگیر نەکراوە. ئەوە وەک خانووبەرەیەکی وایە کە دەتەوێ بچی تێیدا دانیشی. ئەتۆ ناکرێ خانووبەرەکەبە ئی خۆت بزانی هەتا تێیدا دانەنیشی. تازە ئەگەر تێشیدا دانیشی لەوانەیە زۆر کەس قەبوڵی نەکەن، بیانەوێ بێنەژوورێ، دێنەژووریش.

مەسەلەکە ئەوەیە کە ڕەبتدانی تیۆری دێمۆکراتیک یان بەستنەوەی دێمۆکراسی وەکوو فۆرمێکی سیاسی بە ماهییەتی چینایەتی هەڵەیەکی زۆر گەورەی مارکسیزم بووە. لێنین لەو هەڵە گەورەیەدا دەوری سەرەکی گێڕاوە. ئەگەر ئەو موناقەشەیەی بخوێنیەوە کە لەگەڵ کائۆتسکی دەیکا، لە هەموو ئەو هێرشانەی کە دەیکاتە سەر پارلمان وپارلمانتاریزم مەبەستی ئەوەیە بڵێ کە ئەوە ماهییەتی بۆرژوایی یە. ئەوەش ئەساسەکەی لە مارکس ڕا هاتووە و ئەویش ئەو مەسەلەی هەبوو. بەڵام ئەو مەتڵەبەی کە ئەمن دەیڵێم ئەوەیە کە مافی دیاریکردنی چارەنووس یان تەنانەت مافی مرۆڤ ئەوانە وەکوو مافی دێمۆکراتیک نابێ لە چوارچێوەی تیۆری خۆیان بهێندرێنە دەرێ، بێ ئەوەی بزانین چیان بەسەردێ ناکرێ هەوێتی چینایەتییان بدرێتێ. ئێمە ئەگەر ماف لە چوارچێوەی تیۆری دێمۆکراتیکدا ببینین ئەو کاتەی قابیلی قەبوڵە کە لەسەر ئیتیفاقی ئارا داندرابێ.

ئەتۆ ئەگەر لە سوێدێ بچی لە شوێنێکی گشتی ڕەخنە لە دەوڵەتی سوێد بگری خەڵک ئاوڕیشت لێ نادەنەوە و دەڕۆن. بەڵام ئەگەر ئەو کارەی لە وڵاتێکی دنیای سێ بکەی لەوانەیە بۆ بەیانی نەتوانی لە خەوێ هەستی، یان مومکینە بە حاڵەتێکی زۆر نارەحەت لە خەوێ هەستی. مەسەلەکە ئەوەیە لەوێ ئەوجۆرەی کە لە هەلومەرجی دێمۆکراتیکدا ماف دەبیندرێ، نایبینن. لە تیۆری دێمۆکراتیکدا کە هەقی بەیانی ئازادت هەبێ، هەقی ڕەخنەگرتن لە دەوڵەتت هەبی، هەقی نووسینت هەبێ، هەقی کۆبوونەوەت هەبێ، هەقی داوای هەوێتی نەتەوایەتیت هەبێ، یان هەقی داوای هەوێتی چینایەتی خۆت هەبێ، بۆ ئەوەی ئەوانەت هەبێ، دەبێ ئیتیفاقی ئارایەک بوونی ئەوانە لە کۆمەڵگەدا بناسێ. کاتێک ئەوانە بە ئیتیفاقی ئارا لە کۆمەڵگەدا ناسران ئەو مافە دەبێ بە قودرەت. واتە ئەگەر جەنابت citi-zen (هاووڵاتی)ی دەوڵەتی سوێدێ بی، پێوەندی تۆ لەگەڵ دەوڵەتی سوێدێ، پێوەندی مافی ئازادی بەیان و کەلامی تۆ بەشێکە لە قودرەتی هاووڵاتێتی تۆ. بۆیە ماف لە قودرەت جوێ ناکرێتەوە. کاتێک کەسێک دێ دەڵێ ئەمن ئەو مافەم قەبوڵ نییە بەڵام جوێبوونەوەی پەسند دەکەم. بە نەزەری من مەسەلەکەی بە هەڵە دەبینێ. جوێ بوونەوە هەلومەرجی ئەو مافەیە. چونکوو ئەگەر قودرەت نەبێ هەقی جوێبوونەوە چ مانای نییە. ئەگەر ماف بە مانای قودرەت نەبێ هەر لە بنەڕەتەوە، چ پێوەندییەکی بە سیاسەتەوە هەیە؟ جا بۆیە بۆمن، مەسەلەی مافی دیاریکردنی چارەنووس، مەسەلەی پێوەندی قودرەتە لە نێو ئەو هێزانەدا کە شەڕی بۆ دەکەن. جا ئەگەر ئاغای X بڵێ: ئەو هەقی جوێبوونەوەی دەدا گرینگ نییە مەگەر بڵێ ئەمن ئەو هەقەی وەکوو قودرەتی زاتی ئەو میللەتەی قەبوڵ دەکەم. جا ئەو کەیفی خۆیەتی پێی خۆشە جوێ دەبێتەوە یان دەمێنێتەوە. دەیەوێ خودموختاربێ، دەیەوێ هەوێتی خۆی دە قەبری بنێ بینێژێ، یان پێی خۆش بێ نەیکا. ئەوانە ئەو موشکیلانەن کە دێنە پێشێ. بەڵام ئەو دێ بە من یان بە هەر کوردێکی دیکە دەڵێ ئەتۆ دەبێ ئەو مافەی لێرە فەرامۆش بکەی. بۆچی فەرامۆشی بکەم؟ چونکە ئەوە موخالیفی بەرژەوەندیی گەورەترە. ئەو بەرژەوەندییە گەورەترەش کە ئەو ئیدیعای دەکا بەرژەوەندیی پرۆلێتارییایە. ئەمن دەڵێم بەرژەوەندی پرۆلێتاریا لە ئێران، لە عێراق، لە تورکیا ــ هەڵبەت لە تورکیا هێندێک جیاوازە ــ ، تا حەدێکی زۆر بەرژەوەندیی ئەسڵی نییە کە ڕێبازی ئەسڵی سیاسی دیاری بکا. ئەگەر لە هەلومەرجی ئێستادا، کەسێک بڵێ کە ئەمن ئەو مافەم وەکوو قودرەت قەبوڵ نییە چونکوو ئەوە دەبێ بکرێتە تابعی بەرژەوەندی گەورەتر، مەنتیقی ئەو قسەیەی بەرەو ئەوە دەڕوا کە ئەویش بریتییە لە پتەوکردن و ئیستیقرار و گەورەکردنەوەی دەوڵەتێکی بۆرژوازی.

بەباوەڕی من ئینسانێک دەبێ بیری زۆر تەسک بێ کە بڵێ ئەمن دەمەوێ ئەو مافەی لە دەست بدەم بۆ ئەوەی بۆرژوازی لە فلان شوێنی قەوام بگرێ. بە قەولی ئینگلیسیان Future is a long time واتە ئاینده زۆر دوور ودرێژە.

ئەمن لەوانەبوو، قسەی ئەو شەخسەم قەبوڵ کردبایە ئەگەر هەلومەرجێکی ئاوا هەبایە کە پرۆلێتاریا بیتوانیبایە لە ئێران، کوردستان، عێراق وەک هێزێکی سیاسی سەربەخۆ عەمەلی کردبا، تەئسیری لە سەر موحیتی سیاسی خۆی هەبا و هەلومەرجی سیاسی خۆی گۆڕیبا، ئەودەمی دەمگوت ئەو رەفیقەی ئێمە، ئەو جەنابە، ئەو کەسە سەبەبێکی هەیە کە ئیستیدلالی وا دەکا. ئەمن هیچ سەبەبێک بۆ ئەوەی نابینم و بە هەڵەی دەزانم کە سیاسەتی کوردستان لە بەرژەوەندییەکی لێڵ و نادیار ببەسترێتەوە، بەتایبەتی لەلایەن هێزێک ڕا کە بەنەزەری من هیچجۆرە پێوەندییەکی ئۆرگانیکی لەگەڵ ئەو بەرژەوەندییە لێڵ و نادیارەدا نییە. ئەوە کارەکەی خراپتر دەکا. ئینسان وەک بلیتی لاتاری بکرێ وایە، کاکە لە سەیاسەتێدا ئینسان نابێ بلیتی بەخت ئازمایی(یا نەسیب) بکڕێ، تووشی کێشەی دەبێ. گیروگرفتەکە لەوەدایە وەک عەرزم کردی بنەمای ئەو باسە لە بۆچوونی ئەواندا لە هەر کوێیەکەوە تەماشای بکەی هێندە بەتاڵە نبێتەوە! وەک ئینگلیسیان دەڵێن:wishful thinking — هەر ئارەزووە، بە نەزەری من ئینسانێکی کە عەقلی موتەعاریفی هەبێ سیاسەتی خۆی لە سەر ئارەزوو دانانێ. ئەویش ئارەزوویەکی کە ئیمکانی وەدیهاتنی لە ئایندەی قابیلی پێشبینیدا نییە. لەوانەیە ئەو کەسانەی ئەوجۆرە قسانە دەکەن، ئینسانی زۆر خۆش نییەت بن، بەڵام لە سیاسەتێدا خۆش نییەتی و نیازچاکی کافی نییە.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** زۆر سپاس مامۆستا، ئێستاش خانمێکی تر!

**پرسیاری ۱۰:** وەڵلا من یەک تەوزیحم هەیە. لەو بەحسەدا کاک عەبباس وەلی، تا توانی تەوهینی تەواوی خۆی کرد. تا تۆش توانیت درۆیەکت کرد لێرە. ئەوە دووەمجارە کە من ئاگاداری تۆ ئەکەم، لە سەر ئەم شەخسە لە جەمعێکی تریشا....

**کاک عەبباس:** مەقسودت ئەمنم.

● نەخێر، شێخ ساڵح!

**بەڕێوەبەری سێمینار:** ڕوو بکەرە من. زۆر سپاس!

● من ئەو شەوەی کە دانیشتن سێهەم کەس بووم لە گەڵتانا. ئەو داوای سمیناری کرد، داوای پانێلی کرد ئیمکانی نەبوو. وتی باشە، من بە نووسراو جوابی ئەدەمەوە، تۆ وتت وەرە بۆ سمینارەکە، ئەو وتی من سمێسترم هەیە لە دووی مانگا لە ستۆکهۆڵم نیم. ئێستا تۆ ئیجازەت نییە دابنیشی و بڵێیت ئەو خۆی ئامادە نەکردیە. هەروەک جاری پێشووش کە دانیشتین وتت توانایی جوابدانەوەی عەبباس وەلی نییە. ئەبێ ئاگات لەم نەوعە قسانە بێ!

**بەڕێوەبەری سێمینار:** ئەوە ڕەئی خۆمە قەی چی ئەکا؟

● نەء، ڕەئی تۆ نییە. من لە هەر شوێنێکی تریشا دانیشم قسەیەک بە دەمی تۆوە یا کەسێکی تروە بکەن عەینی مەوقیفم ئەبێ. لەبەر ئەوە ئەو شەخسە ئێوە ئیحتیفازتان بە ناوەکەیەوە کرد بۆیە منیش ناوی ناهێنم.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** من ناوی کەسم نەوتووە. ڕێزم هەیە!

**■ ئەمن هیچکاتێک بێ ئیحتیرامیم بە مارکسیستان نەکردووە و ناشمەوێ پێیان بکەم، جێگاشی نییە. لە ئێران، لە تورکیا، لە عێراق، لە سووریەی ئەوانە لە هەلومەرجی زۆرزۆر ناسک، زۆر دژوار لە شەرتومەرجی خەفەقاندا فەعالیەتیان کردووە بۆ باوەڕێک، لە پێناو، عەقیدەیەک، زۆر کەسیان لە دەست داوە.**

● ناوەکەی بۆیە منیش نایڵێم. ناوەکەی من ئەزانم، تۆ و عەبباس وەلیش ئەزانێ کێیە! تۆ خۆت لەگەڵی دانیشتی. ئێستا پرسیارم هەیە لە عەبباس وەلی، هەمان دانیشتنی هەبووە لەگەڵ ئەو. ئیجازەت نییە لە دوای ئەوەوە بێی ئەو درۆیە بە دەم ئەوەوە بکەی. ئێستا توهمەی پێبکەی، جوابت چییە بۆ ئەمە.

**بەڕێوەبەری سێمینار:** زۆر سپاس، بەس منیش ئەتوانم جواب بەمەوە! بەڵێ، بۆچوونی مامۆستا عەبباس، بۆمن بۆچوونێکی تازەیە. مامۆستا عەبباس بۆمن سەرچاوەیەکە ـ inspiration källa . بۆچوونی تازەی هێناوەتەگۆڕ. من ئەو هاوڕێیەی ئەتۆ باست کرد، زۆر کابرایەکی خۆشەویستە بۆمن، بەس من لەگەڵ بیرو بۆچوونی ئەوا نیم، چونکوو مێژوو بیر وبۆچوونی ئەوی خستە گۆڕەوە. کاک عەبباسیش باسی کرد، بەس من قەت ناویم نەهێناوە و قەت سووکایەتیشم پێنەکردووە. ئەو داوا دەکا ئەڵێ ئەبێ بێ لەگەڵ ئەما دابنیشێ. بەس کاتێک کە ئێمە سمینارمان کرد بۆ زۆر کەس، وەختی خۆی بۆ داوای ئەکرد لەپاڵ ئەوان دابنیشێ. مامۆستا عەبباسیش هەقی خۆیەتی سمیناری خۆی، بابەتی خۆی بگێڕێ. ئازادانە ڕەئی خۆی دەربڕێ. ئەویش ئەگەر ویستی سبەینێ سمینارێک بگێڕێ ئێمە دەتوانین هاریکاری بکەین. بەس من درۆم بە دەم کەسەوە نەکردووە. مامۆستا عەبباس بۆمن بۆچوونێکی تازەیە...

ئێستا دەوری ٥ دەقیقەیەکمان ماوە. کۆکردنەوەی کورسییەکان کاتی ئەوێ. چوار پێنج کەسیش لە نۆرەدا ماون. لەبەر نەبوونی کات ئەبێ ببوورن. کات هەر بۆ ئەم برادەرە ماوە، فەرموو!

**پرسیاری۱۱:** پرسیارەکەی من تیۆری نییە. لەبارەی سیاسەتی عەمەلییەوەیە. هەر جووڵانەوەیەکی ناسیۆنالیستی، موشکیلەی ئەوەیە لۆیالیتەکانی ناوچەیی یان سابلۆیالیتییەکان بکا بە لۆیالیتی میللەت/ نەتەوە. مارکسیستەکانیش موشکیلەیان ئەوەیە کە ئەو وەفادارییانەی کە لە خوارەوەن بیکەنە وەفاداری بە چین؛ کە ئەتۆ باسی ئەوەت کرد لە کوێ لە دژایەتی دەکەوێ لەگەڵ وەفاداری بە میللەت و لە کوێ لە وەفاداری بە چین. بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو مارکسیستانە دەعەمەلدا پشتیوانیان لەو دەوڵەتە نەتەوەییانە نەکردووە کە لە نێو خۆیان ویستوویانە ئەو کۆمەڵگەیانەی کە یەکدەست نین لەبەین بەرن؟ ئایا لە عەمەلدا پشتیوانییان لەو دەوڵەتانە نەکردووە بۆ ئەوەی هەنگاوێک لە وەفاداری بە چین نزیکیان بکاتەوە؟ واتە کۆمەڵگەیەکی یەکدەست پێکبێنن. ئەوەیەک؛ دووەم ئەوەیە ئیدەئۆلۆژی سیستمێکی فکری یە لە ئەرزش و مێعیار، عالەمی یە، یۆنیڤێرسالە. وەکی ئاندرسۆن لە کتێبەکەشیدا دەڵێ: ئەو وڵاتانەی کە سۆسیالیستین قەت ناکۆکی خۆیان بە تێرمینۆلۆژی مارکسیستی تەوجیه نەکردووە، وەختێک دە ناکۆکی کەوتوونە لەسەر ←

قازانج و بەرژەوەندی نەتەوە قسەیان کردووە. یان ئەوەیکە هاوبسباوم دەڵێ ئەوەیکە مارکسیستەکان ناوی وڵاتەکانیان لە خۆیان ناوە، مەسەلەن جمهووری خەڵکیی چین. یانی ئەوە نە تەنیا ئەو چوارچێوە جوغرافیاییە، تەمامیەتی ئەرزی ئەو وڵاتانەیان قەبووڵ کردووە، بەڵکوو ناوەرۆک و موحتەوای سیاسەتەکەشیان بووەتە میللی. ئایا قسەکردن لە مارکسیزمی بە هەوێتییەکی میللی بەخسووس، مەعنای هەیە؟ دروستە قسەیەکی وا بکەین؟ سێهەم نەزەرێکە فەقەت، مارکسیزم لە لای مە یانی مارکسیزمی ئاکادێمیک مەعنای نەبووە، مارکسیزمێکی حیزبی بووە. جا ئەگەر ئیجازە بدەن ئەو حیزبە کوردییانەی کە نێوی خۆیان دەنێن مارکسیست، ئەمن پێیان دەڵێم ئەوان Vulgar Marxsistن. ئەوە مارکسیزمێکی ڤۆلگەرە و ئەوانەش ڤۆلگەرمارکسیستن.

**کاک عەبباس:** ئەوە دروستە کە لە مارکسیزمیدا تاندانسێکی بەهێز، بۆچوونێکی بەهێز هەبووە کە چوارچێوەی سیاسی ئابووری گەورەتری پێ باش بووە و لەو بڕوایەدا بووە لە چوارچێوەی سیاسی گەورەتردا مەسەلەی چینایەتی دەبێ ئەولەویەتی هەبێ و لە پێوەندی لەگەڵ ویدا حقووقی ئەو نەتەوانەی کە چکۆڵەترن, لەو چوارچێوە سیاسییە گەورەترەدا ڕێگایەکی دێمۆکراتیکی بۆ ببیندرێتەوە. بەڵام بۆ جێبەجێکردنی مەسەلەی جوێبوونەوە، سەربەخۆیی و هەوێتی ئابووری و سیاسی جیاوازیان بەدڵ نەبووە، ئەوە وایە. لە پێشوودا مارکسیستان گوتوویانە لە چوارچێوەیەکی گەورەتردا کە ئیقتیسادێکی قەوی هەیە، چینێکی بورژوایی قەویتری هەیە، دەوڵەتێکی قەویتری هەیە وەزع ئیدامە بدرێ، بەشەرتێک هەلومەرجی دێمۆکراتیک دابین بکرێ، کە ئەو میللەتە چکۆڵانەش بتوانن لەوێدا حقووقێکیان هەبێ. بەڵام جوێبوونەوە یان دەوڵەتی سەربەخۆ موخالەفەتی لەگەڵ کراوە. لە زۆر جێگایاندا ئاوا بووە. ئەوە دروستە نە بە شکڵێکی یۆنیفۆرم و هەمیشەیی بەڵام لە زۆر جێگایاندا ئەوە هەبووە. ئەوەش دروستە کە مارکسیزم لە هەلومەرجێکدا کە لە دەرەوە هێرشی کراوەتە سەری ، موشکیلی بۆ هاتووەتە پێشێ، تەکیەی کردووەتەسەر خۆپاراستن بە کەڵک وەرگرتن لە زەمینەی میللی. بۆ نموونە شوورەوی لە شەڕی دووەمی جیهانی یان لە کێشەی نێوان چین و شوورەوی یان لە ڤێتنام و کامبۆج و ئەوانە. لەوێ مەسەلەی هەوێتی میللی لە پڕڕا هێزی وەبەرنراوە و تەقویەت کراوە. تەنانەت کاتێک ستالین زۆر هەست بە خەتەری فاشیزم دەکا و دەزانێ فاشیستەکان، نازییەکانی ئاڵمانێ لە فکری پەلاماردانی شوورەوی دان و ئەوەی زۆر بە واقیعی دەبینێ هەتا ئیحتیمالێک دێ دەیەوێ ئەو هەوێتی میللییە بەهێز بکا. لە فیلمدا، لە شێعردا لە لکەکانی دیکەی هونەریدا. بۆ وێنە دەبینی دەچنە لای کەسێکی وەک سێرگەی ئایزنشتاین و پێی دەڵێن فیلمی ئالێکساندر نۆڤسکی دروست بکا. ئالێکساندر نۆڤسکی قارەمانێکی نەتەوایەتی ڕووسی بوو. کاتێک کۆمۆنیستان دەیانەوێ فیلمی ئالێکساندر نۆڤسکی دروست بکەن و یەکی وەک ئایزنشتاین کە کارگەردانێکی چەپی و مارکسیست بوو ئەو کارەی دەکا، بەو مانایەیە ستالین و ئەو کەسانەی ئەودەمی لە شوورەوی تەسمیمیان دەگرت بەو نەتیجەیە گەیشتبوون کە لە هەلومەرجێکدا بوون دەبوو هێزی نەتەوایەتی و فکری نەتەوایەتی یان هەوێتی نەتەوایەتی لە شوورەویدا تەقویەت بکرێ، بەتایبەتی ئی نەتەوەی زاڵ کە ڕووسان بوون.

ئەوە دروستە کە مارکسیستان لەو هەستی میللییە ئیستیفادەیان کرد. زۆر کەسی ئاکادێمیک هەن حازر نین مارکسیزمی مائۆی بە لانی کەمەوە لە ۱۵ساڵی یەکەمیدا لە ناسیۆنالیزمی چینی جوێ بکەنەوە. بۆیە نێوی دەنێن ناسیۆنالیزمی جووتێری یان شتی دیکە. مارکسیستان ئەو هێزەیان تەشخیس داوە و کاتێکی کە پێویست بووە کەڵکیان لێوەرگرتووە.

مەسەلەی دیکە، ئەوەیکە لە کوردستاندا ڤۆلگەر مارکسیزم هەبووە یان مارکسیستی ئاکادێمیک و بەرزتر، بەو شێوەیە نەبووە... نازانم! هەرئەوەندەی دەزانم کە ئێوە دەزانن. بە نەزەری من بۆچوونەکەت دروستە واتە مارکسیزم بە ڕێگایەکی دیاریدا هەر ئەو جۆرەی کە هاتووەتە ئێران، عێراق، هاتووەتە سووریەی، هاتووەتە تورکیا، هەر ئەوجۆرەش هاتووەتە نێو کوردان. بەڵام لەبەر ئەوەی بە شێوەیەکی سیاسیی تایبەتی هاتووە و لە هەوەڵەوە بە شێوەی سیاسەتێکی مەخفی هاتووە، ئەو حاڵەتی نهێنی بوونی مارکسیزمی بەتایبەتی لە شەرقی ئەوسەت و بە گشتی لە دنیای سێهەم تەئسیرێکی زۆری لە سەر هەوێتی مارکسیزمی کردووە، لە جەزمییەتیدا، لە داخراوبوونیدا، لە حاڵەتی میلیتاریزمیدا. ئەو مەخفی بوونە زۆر تەئسیری بووە، ئەوەش لەبەر هەلومەرجێکی دژی دێمۆکراتیک بووە کە مارکسیستان کاریان تێدا کردووە، لە زۆر جێیان ئەگەر بۆ سێ چوار ساڵان بە حاڵەتی قانوونی کاریان کردبێ. پاشان هەلومەرجی ئەوتۆ هاتووەتە پێشێ کە ناچار بوون خۆیان بشارنەوە و بچنە ژێر زەوی. مارکسیستان لە وەزعێکی زۆر دژواردا کاریان کردووە، زۆریان لێ کوژراوە و لە دەست چوون.

قسەکانی من وا وەرمەگرن کە بڵێم ئەو کارانەی مارکسیستان کردوویانە دەبێ خەتی بەسەردا بکێشرێ. بە هیچ کلوجێک مەبەستم ئەوە نییە. بە هیچجۆر وای وەرمەگرن. ئەمن هەمیشە ئەو پەڕی ئیحتیرامم بۆ ئەو مارکسیستانە هەبووە و هەیە کە بە سەداقەت وەدوای کارێک کەوتوون. بەڵام پێموایە ئێستا وەختی ئەوە هاتووە بڵێین ئەو بەرنامە هەڵەیە وەدوای مەکەون ئەگەر وەدوای دەکەون بە شێوەیەکی دیکە وەدوای کەون. ئەمن هیچکاتێک بێ ئیحتیرامیم بە مارکسیستان نەکردووە و ناشمەوێ پێیان بکەم، جێگاشی نییە. لە ئێران، لە تورکیا، لە عێراق، لە سووریەی ئەوانە لە هەلومەرجی زۆرزۆر ناسک، زۆر دژوار لە شەرتومەرجی خەفەقاندا فەعالیەتیان کردووە بۆ باوەڕێک، لە پێناو، عەقیدەیەک، زۆر کەسیان لە دەست داوە. ئێمە هەموومان ئەوەی دەزانین. کەسێکی بێ لێرە، پێچەوانەی ئەوەی بڵێ، بێ چاووڕوویی بکا، بە نەزەری من زۆر خراپ دەکا. ئەمن نامەوێ ئەو کارەی بکەم. ئەگەر لە بارێکەوە تەماشای بکەین ناسیۆنالیستەکانی فارس، تورک، کوردیش هەڵەی کەمتریان نەکردووە. ئەگەر بویسترێ و کاری تازە دەست پێبکرێ، ئەو تازەییە دەبێ بۆ هەمووان بێ، ئەمن موخالیفی ئەوەم ئێمە لێرە لە خۆمانەوە ئەو حەقانییەتەی بدەین بە خۆمان دادگایەکی دروست بکەین و خەتێکی سیاسی تێدا موحاکەمە بکەین. ئامانجی من لەو قسانە، موتڵەقەن ئەوە نەبووە و نییە. ئەگەر کەسێک وای وەرگرتووە موتڵەقەن لە هەڵە دایە. ئەمن ویستم ئەوەی ڕوون بکەمەوە کە مارکسیزم چۆن مەسەلەی میللی دەبینێ و موشکیلەکانی لە نەزەر منەوە چییە. چۆن باشتر دەبێ ئەگەر بە شێوەیەکی دیکە عەمەل بکا. وەسەلام. غەیری وەی نییە. (چەپڵەی بەشداران)

# مافی ژن له کۆمەڵی کوردەواریدا

باسێکی مێژوویی لە سەر مافی ژن

(٩)

لێکۆڵینەوە و نووسینی: «ژیلا.ف» و «تەیفور»

**پێشەکییەک بۆ تازەکردنەوەی باسەکە**

پرسیار کراوە و دەکرێ کە ئەم باسە چەندە پێوەندی بە ژیانی ئەمڕۆی کوردەوە هەیە؟ یان دەپرسرێ کەنگێ دەگاتە باسی کوردستان؟ لەسەرەتادا ئێمە باسی ئەوەمان کردووە کە بۆ زانین و لێکۆڵینەوەی ئەورۆ، زانین و لێکۆڵینەوەی مێژوو گرینگ و پێویستە و بۆ دیتن و دۆزینەوەی ڕاستییەکان یارمەتیمان دەدا. بۆ وێنە سەرچاوەی چەند ژن هێنان چ بووە، کەنگێ بووەتە داب، چۆن بووەتە یاسا و بۆ هێشتا بەردەوامە؟ ئەگەر هۆی پێکهاتنی دیاردەیەک بزانین و هەل ومەرجی کۆمەڵایەتی گەشەکردن و بەردوام بوونی دیاری بکەین، دەزانین چۆن گۆڕانکاری تێیدا بکەین یان بە چ شێوەیەک بەگژیدا بچین.

باسی مافی ژن لە کوردەواریدا و تەنانەت لە ڕۆژهەلاتی نێوەڕاست و بگرە هەموو ولاتە ئیسلامییەکاندا شتێکی تازەیە. ئەم باسە پاش هاتنە سەرکاری ڕژیمی ئیسلامی لە ئێراندا خولێکی تازەی دەست پێکردووە. هۆیەکەشی ئەوەیە کە دەسەلاتی ڕەشی مەلاکان لە ئێراندا بەر لە هەموو شتێک ژیانی سەربەخۆی ژنانی پەلامارداوە و کۆمەڵی کردەوە ژنانە و پیاوانە و مرۆڤی بە پێی سێکس دابەش کردەوە. یەکەم خەلاتی دەسەلاتداری پاسدارەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بۆ گەلانی ناوچە و بە تایبەت کورد جگە لە کوشتن و برین و ماڵ وێران کردن زیاد کردنی زەخت لەسەر ژنان (بە داخەوە بەدەست پیاوانی کورد) و لە زیندان کردنەوەیان بوو. دانانەوەی هێندێ یاسای کۆن کە تا ڕادەیەک لەبیر چووبوونەوە ژیانی ژنانی بردەوە دەورانی تاریکی ئومەوییەکان. هێزەکانی سەر بە ئەم ڕژیە لە ولاتانی دیکە زیندوو کرایەوە و دیمەنێکی تازە، بێ مانا و نارێک لەگەڵ هەلومەرجی ئەورۆی دنیادا درا بە ژنان. چارشێو جارێکی دیکە بە ئیجبار درا بەسەر ژناندا. چەند ژن هێنان پەرەی ئەستاندەوە. ڕەجم کردنی ژن کە زۆر لە مێژ بوو نەمابوو هاتەوە گۆڕێ. بۆ وێنە لە مانگی گەلاوێژی ئەوساڵ (١٩٩٧) دا ژنێک لە بۆکان بەردەباران کرا کە لە مردەشورخانە زیندوو بۆوە. زانینی ئەوەی کە ئەم ڕەجم کردنەی ژن وەکوو شەیتان، ئیسلام دایهێناوە یان پێشتریش بووە و دەسەلاتداران (شەریعەت دانەران) ئەمەیان کردۆتە دابی ئیسلام؟ ئاخۆ ئەو کاتە بۆ وایان کردووە و دوایە بۆ دەوری نەماوە و ئێستا بۆ سەری هەڵداوەتەوە؟ بۆ هێزە ئیسلامییەکانی ولاتانی دیکەش بەر لە هەموو شتێک، ژنانیان کردۆتە ئامانجی داسەپاندنی ئیسلامەتی خۆیان و بە کۆنەپەرستانەترین شێوە لەگەڵیان دەجووڵێنەوە. وەکوو ئەوەی کە طالبانی ئەفغان دەیکەن و لە شارە وێرانکراوەکانی کوردستاندا چاویان لێدەکەن. بێ گومان بەشێک لە کورد کە ئێستا لە ژێر دەسەلاتی ڕژیمی ئێران دان و ئەو بەشەی کە خۆیان بە جوولانەوەی ئیسلامی دەزانن و ئەو بەشەش کە لایەنگری ئێرانن بەلام ڕاستەوخۆ بە ئیسلامی ناناسرێن، بیانەوێ و نەیانەوێ لەژێر کارتێکەری ئەو یاسا کۆنەپەرستانە دان کە مرۆڤ و مێژوو خەریک بوون بە جێیان بهێڵن و خۆیان لەوە دەرباز بکەن کە نیوەی کۆمەڵەکەیان بە نیوە مرۆڤ بزانن و یاسای تایبەتی بۆ لە زیندان کردنی دابنێن. ئەورۆ لە دنیا دا هەر جوولانەوەیەکی سیاسی ـ کۆمەلایەتی بە پێی ئاکار و کردەوە و ڕوانگەی سەبارەت بە ژنان هەڵدەسەنگێندرێ و پێشکەوتوویی و دواکەوتوویی بەم پێوانەیە دێتەئاراوە.

ئێمەش ئەگەر نەمانەوێ سەر بۆ ئەم دواکەوتووییە دانەوێنین و بۆ سەربەرزی کۆمەڵەکەمان هەوڵ بدەین، بێ گومان دەبێ دژی ئەم چەشنە یاسایانە ڕاوەستین و بۆ یەکسانی مرۆڤ خەبات بکەین. ئەم خەباتەش لە ناسینی کۆمەڵەکەی خۆمانەوە دەست پێدەکا. ناسینی یاسایەک کە بەسەر کۆمەڵەکەماندا زاڵە. یاسایەک کە ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان لە مێژوودا لەبەر هەلومەرجێکی تایبەتی بەسەرمان دا سەپاوە، ئەورۆ نە هەلو مەرجەکە ماوە و نە مانەوەشی بە قازانجە. تەنیا ئەوەندەیە کە دەسەلاتی کۆنەپەرستمان بەسەردا زاڵە و ئێمەش بە نەزانینی خۆمان ملمان بۆ یاساکانی کەچ کردووە. خەبات دژی کۆنەپەرستی بە بێ زانین و ئاگاداری لە هۆی نەزانین ناکرێ و ئەم نووسراوەش یارمەتی دان بەو زانیارییانەیە.

خالێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێ ئەوەیە کە هێندێ لەخوێندەوارەکانمان پێیان وایە ئەوە تەنیا ئیسلامە بەم شێوەیە. ئەوان لە بەرانبەرکێیەکەیاندا ڕوو لە ئایینێکی کۆنتر دەکەن و بە بالای زەردەشت و زەردشتییەتی دا هەڵدەڵێن. ئێمە لە باسەکەماندا ڕوونمان کردەوە کە لەو ئایینەش دا ژن چەندە بەش خوراو و بە کەم دانراو و زۆر لێکراو بووە. ئێمە پێمان وایە یاسایەکی دواکەوتوو بە یاسایەکی دواکەوتووتر چارەسەر ناکرێ. باسی مێژوویی یارمەتیمان دەدا بۆ دیاری کردنی نرخ و جێگای یاساکان. دیارە ئەم کارە نابێ تەنیا بۆ مافی ژنان بکرێ و دەبێ هەموو ماف و یاساکانی دیکەی کۆمەڵیش بگرێتەوە.

←

### درێژەی باسی ژنی موسوڵمان

لە باسی کۆکراوەکەی غەزالی دا هێندێ یاسای سەرەکی نەهاتووە و نەش کرا پێکیانەوە گرێ بدەین، جا یان غەزالی ڕای لەسەر نەبووە یا بە گرینگی نەزانیوە یان چۆن بە عەزابی تایبەتی بۆ ژنانی نەزانیوە باسی نەکردووە. هەر چۆنێک بێ ئەمانەی خوارەوەش چ وەکوو یاسا و چ وەکوو داب و نەریت لە کۆمەڵە ئیسلامییەکاندا و ( لە کوردستانیشدا!) بەڕێوە دەچن. بۆ وێنە سەبارەت بە زینا.

* بە پێی ئایەی ۳۳ سورەی نور، کوڕ و کچ بەر لە یەکەم هاوسەری دەبێ پاک بن یانێ کچ باکێرە بێ و پیاویش پێوەندی لەگەڵ ژنی دیکە نەبووبێ. دیارە بە کردەوە ئەمە تەنیا کچان دەگرێتەوە. چوونکە تەنیا کچ بە مەرجی باکێرە بوون بە مێرد دەدرێ و ئەگەر باکێرە نەبێ مافی مارەیی نییە و هەزار پەت پەتی بەسەر دێن. تەنانەت دەشی کوژن. پیاو دەتوانێ ژنی دیکەشی هەبووبێ یا هەیبێ، بەڵام کچێکیش بخوازێ. کەچی ئەگەر کچ ببێ بە ژن ئیتر بە بێوەژن دەناسرێ و جۆرێکی دیکەی لەگەڵ دەجووڵێنەوە.

* زینا بۆ پیاو و ژن سزای وەک یەکە. هەر کام سەد شەلاخیان لەبەرچاو خەڵکەوە لێدەدرێ. بەڵام مەرجی ڕوودانی زینا ئەوەیە چوار کەس شایەتی بدەن. ئەگەر کەسێک تۆمەتی زینا بە درۆ لە کەسێکی دیکە بدا، ۸۰ شەلاخی لێی دەدرێ (سورەی نور ئایەی ۲)، ئەوەی زینای کردبێ بۆی نییە لەگەڵ موسوڵمان هاوسەرایەتی بکا.

دانانی چوار شایەت پاش ئەوە بووە کە تۆمەت لە عایشە ژنی پێغەمبەر دراوە. دەکرێ بگوترێ هێنانی چوار شایەت بۆ کردەوەیەکی ئاوەها زۆر زەحمەتە و مەگەر بە دەگمەن بکرێ. ئەمە بەو مانایە کە لە ئیسلامدا ویستوویانە سەرپۆشی زاڵ بێ بەسەر ئابڕو بردن دا. وەک یەکێک لە نێوەکانی خودا "ستارالعیوب" دانراوە. بەڵام لە ڕژێمی کۆماری ئیسلامی ئێراندا شایەتی دان ئاوایە کە یەکێک شایەتی دەدا و سێ کەسەکەی دیکە شایەتی دەدەن کە بڕوایان بە شایەتی یەکەم هەیە. کەسی یەکەمیش لە دەست و پێوەندەکانی حاکمی شەرعە. ئەمە بووەتە هۆی ئەوە کە کەس ئەمنییەتی گیانی و ماڵی نەمێنێ و و هەر حاکمی شەرعێک هەرچی پێی خۆش بێ دەیکا.

* ئەگەر پیاو یا ژن هاوسەریان هەبێ و زینایان کردبێ بەردەباران (ڕەجم) دەکرێن [هەر وەک لە تەوراتدا هاتووە]. ئەمە تەنیا لە بڕوای شافعی و حەنەفی و [شێعە]دا هەیە و ڕای هەموو شەریعەتەکانی لەسەر نییە، چوونکە لە قورئاندا نییە و دواتر بە پێ حەدیس و ڕوایەت دانراوە.[١]

* ژنی موسوڵمان ناتوانێ مێرد بە پیاوی ناموسوڵمان بکا و پیاوی موسوڵمان ئەگەر ژنی لە غەیرە موسوڵمان هێنا دەبێ بیکا بە موسوڵمان.

ئەم یاسایە لە دابێکی تایفەی قورەیش وەرگیراوە. تایفەی قورەیش پێش ئیسلامیش دەسەڵاتدار بوون و کاتێک کچیان لە تایفەیەکی دیکە هێنابا، مەرجیان ئەوە بوو کە ژنەکە بێتە سەر دینی قورەیش. لێرە دەردەکەوێ کە ژنی ئەو کۆمەڵە عەشیرەتییانە تەنانەت خاوەنی دینی باب و باپیرانیشی نەبووە و بە بیر و باوەڕیش دەبوا لایەنگری لە ئایینی عەشیرەتی شووەکەی بکا. دواتر ئەم خۆ بە ناوەند و گەورەتر زانینەی قورەیش هەر بەردەوام بوو و قورەیش هەموو کاتێک مافی تایبەتی بۆ خۆیان قایل بوون (ئەو دابە بە شێوەی ڕێزلێنان لە سەید لە وڵاتی ئێمەدا هەر ماوە) و گەرچی لە ئیسلامدا هەموو موسوڵمانان لە بەرانبەر یاسادا بەرانبەرن بەڵام بە کردەوە وا نەبووە. تا ئەو ڕادەیە کە دەیانگوت ژنی قورەیش هەتا شەست ساڵەیی منداڵی دەبێ و ژنانی دیکەی عەرەب هەتا پەنجا ساڵەیی.[٢]

کاتێک عەرەب وڵاتی غەیرە عەرەبیان داگیر کرد ئەم دابە بوو بە دابی هەموو عەرەبان (و بە زمانی ئەوڕۆیی شۆڤینیزمی عەرەبی پێکهێنا). عەرەب کچیان بە غەیرە عەرەب نەدەدا بەڵام کچیان لێ دەستاندن. بە گشتی عەرەب موسوڵمانی غەیرە عەرەبیان لەگەڵ عەرەبان بە هاوپەرا نەزانیوە و بە مەوالی و عەجەم و شتی وایان نێو بردوون. ئەوان خۆیان بە ڕزگارکەری مرۆڤ زانیوە و فەخریان بە گەلانی دیکە فرۆشتووە. ئەم شۆڤینیزمە تا ئەو ڕادەیە بووە کە دەڵێن ئیمام شافعی هەرکات تەرمێکی دەدیت دەی پرسی "کێیە مردووە؟ " ئەگەر گوتبایان لە قورەیش بوو. دەیگوت "داخەکەم لە بنەماڵەکەم یەکێک کەم بۆوە" ئەگەر گوتبایان عەرەب بوو دەیگوت "داخەکەم هاو وڵاتییەکم مرد" بەڵام ئەگەر گوتبایان غەیرە عەرەب بوو دەیگوت " ماڵی خودایە بیەوێ دەیبا و بیەوێ دایدەنێ".[٣]

عەرەبان بەو کەسەی کە دایکی عەرەب نەبوو و تەنیا باوکی عەرەب بوو، دەیانگوت "هەجین" یانێ نا ئەسڵ (زڕە) و مافی دەسەڵاتداری نەبوو. بۆ وێنە کاتێک یەزید ئیبن عەلی ئیبن حوسێن (ئیمام زینالعابدین ی شێعە) ئیدعای خەلافەتی کرد. هوشام بۆی نووسی "بیستومە هەوای خەلافەتت لەسەر دایە تۆ کە دایکت کەنیزە چۆن دەتوانی ببی بە خاوەنی ئەم ڕوتبەیە". لە کاتێکدا دایکی کچی یەزدگردی ساسانی ئاخر پادشای ئێران بوو.[٤]

لە دەورانی ئومەوییەکاندا ئەگەر غەیرە عەرەبێک ژنی عەرەبی هێنابا حاکمی شار حوکمی دەکرد سەر و ڕیش و سمێڵ و برۆی بتاشن و سەد شەلاخی لێ بدەن و ژنەکەشی پێ تەڵاق دەدا. تەنانەت ئەگەر پیاوێکی زانا و پایەبەرزیش بایە وەکوو "عەبدوللە ئیبن عەون" و ژنەکەشی کچە جووتێرێکی سادە بایە.[٥]

### سەبارەت بە مارەیی

پیاو دەبێ نرخێکی دیاریکراو کە لەلایەن باوک یا دەسەڵاتداری کچەوە دیاری دەکرێ، بدا بە کچ. یا خۆ وەک قەرز لەسەر پیاوەکە دەمێنێتەوە و هەرکات ژن داوای بکا یان ئەگەر تەڵاق درا دەبێ مارەییەکەی پێی بدرێ. ئەگەر ژن چاو پۆشی لە مارەیی بکا دەتوانێ داوای تەڵاق بکا. کە وابوو ئەم نرخە کە میزانەکەی بە ڕێکەوتنی دوو بنەماڵە دیاری دەکرێ دەتوانێ دەورێکی زۆر گرینگی کۆمەڵایەتی بگێڕێ و لە بنەماڵەشدا گرێ و گۆڵی گەورە پێکبێنێ. بۆ وێنە پیاو هەست بە بەستنەوەی خۆی بکا، یا خۆ بە پێی نرخەکە لەگەڵ ژن بجوڵێتەوە، گرینگتر لە هەمووان گۆڕینەوەی مرۆڤە بە پارە و هۆی سەرەکی ئەمە ئەوەیە کە کچ خۆی بڕیار لەسەر خۆی نادا و خۆی خاوەنی ژیانی خۆی نییە. یەکێکی دیکە دەیفرۆشێ. ئەمە یەکێک لەو خاڵانەیە کە لە لایەن مافی مرۆڤەوە وەکوو نیشانەی کۆیلەتی ناسراوە. خاڵی یەکەمی یاسای "بەرگری لە کۆیلەتی" بەم شێوەیە: «هەر ژنێک بە پێچەوانەی مەیلی خۆی بە مێرد بدرێ کۆیلە فرۆشییە.».[٦]

نموونەی هەرە دەستنیشانکراوی مارەیی لەسەرەتای ئیسلامدا مارەیی سەکینە کچی ئیمام حوسەینە کە یەک میلیۆن درهەم بووە.

له کورده‌واریدا ماره‌یی وه‌کوو له نێو عه‌ره‌باندا چۆن باو بووه هه‌ر به‌و شێوه باوه، یانێ نرخی کچ له بێوه‌ژن زۆرتره. ماره‌یی به پێی ده‌ستڕویشتوویی کۆمه‌لایه‌تی بنه‌ماله دیاری ده‌کرێ. به‌لام له هه‌موو کۆمه‌ڵێکدا وا نییه. بۆ وێنه له نێو تورکه‌مه‌ندا بێوه ژن نرخی زۆرتره و به گشتی ماره‌یی به پێی کارزانی ژن دیاری ده‌کرێ که کاره‌کەش قالی و ته‌ون کردنه. له کورده‌واریدا وه‌کوو زۆر جێگای دیکه به تایبه‌ت له ئوورووپا و ڕوسیه‌دا بابی کچ له باتی ماره‌یی خه‌لاتی(باربوو)یه‌که، که پێویستی ژیانی ناوماڵه و له‌گه‌ڵ کچه‌که ده‌خرێ. له هێندێ کۆمه‌ڵدا و له نێو زه‌رده‌شتییاندا ماره‌یی نییه به‌لام خه‌لاتی هه‌یه. یانێ بنه‌ماله‌ی کچ ده‌بێ پاره بده‌ن هه‌تا کچه‌که‌یان بخوازن. ده‌کرێ بڵێین ماره‌یی له عه‌ره‌به‌وه به میرات گه‌یشتووه‌ته کورد، به‌لام خه‌لاتی له کۆنتره‌وه بۆی ماوه‌ته‌وه. پێشتر (له سه‌رده‌می ئاغاوه‌تیدا) خه‌ڵکی ده‌ستڕویشتوو ماڵ و موڵکیان خستۆته پشت قه‌باڵه‌ی کچه‌که‌یان.

ئه‌مه بوو کورته‌یه‌ک له‌و یاسایانه که هه‌تا هاتنی مه‌غول به‌سه‌ر کۆمه‌ڵی ئێمه‌دا زاڵ بووه و هه‌روا که ده‌زانن زۆربه‌ی هێشتا هه‌ر به‌و ده‌قه ماوه‌ته‌وه. ئێستا پێش ئه‌وه‌ی باسی شێوه‌ی کرده‌وه‌ی ده‌سه‌لاتداران له خه‌ڵوه‌تی(حه‌ره‌مسه‌را)یه‌کاندا بکه‌ین، چاوێک به یاساکانی مه‌غوولیدا ده‌خشێنین، بزانین ئه‌وان چییان به دیاری بۆ هێناوین.

**یاسای مه‌غوول**

مه‌غوولان له ساڵی ٦٢٨هـ (١٢٣١زایینی)دا دیاربه‌کریان داگیر کرد. هه‌ولێر و موسڵ له ٦٣٤هـ ده‌که‌وێته ده‌ستیان و له ماوه‌ی دوازده ساڵاندا چه‌ند جار ده‌ست به‌ده‌ست ده‌کرێن و له ساڵی ٦٥٦هـ دا مه‌غوولان به‌غدا ده‌گرن و کورد نشینه‌کان به ته‌واوی ده‌چێته ژێر "یاسا"ی مه‌غوول. (وشه‌ی "یاسا"ش هه‌ر دیاری ئه‌وانه له زمانی ئێمه‌دا ماوه‌ته‌وه و له باتی وشه‌ی "قانوون" به‌کاری دێنین). له سه‌رده‌می مه‌غوول دا "ئایینی ئیسلام زۆر کز بوو و خه‌ڵک ناچار بوون تا ڕاده‌یه‌کی زۆر پێڕه‌وی "یاسا" بن که له به‌رانبه‌ر قورئان دا دانرابوو.[7]

مه‌غوولان به‌وه به‌ناوبانگن که به هاسانی ئایینی دیکه‌یان وه‌رگرتووه. به‌شێکیان بوون به بوودایی و به‌شێکیان بوون به مه‌سیحی و به‌شێکیشیان بوون به موسوڵمان. سه‌ره‌ڕای ئه‌وه‌ش داب و نه‌ریتی عه‌شیره‌یی خۆشیان هه‌ر ڕاگرتووه. ئه‌م داب و نه‌ریتانه کۆمه‌ڵه یاسایه‌ک بوون که قوورڵتای (مه‌جلیسی گه‌وره‌ی سه‌رۆک عه‌شیره‌ته‌کان) دایناب‌وو و هه‌ر حوکمێکی تازه‌شی دابا لێی زیاد ده‌کرا. به‌داخه‌وه ده‌قی ئه‌م کۆمه‌ڵه یاسایه نه‌ماوه، به‌لام له سه‌رچاوه‌کانی دیکه‌دا باسی برێک له یاساکان کراوه و زۆر به زه‌حمه‌ت ده‌کرێ چۆنییه‌تی ژیان و یاسای سه‌باره‌ت به ژنان بدۆزرێته‌وه، چونکه مه‌غوولان له نووسراوه‌کانیاندا هێنانی نێوی ژنانیان به شووره‌یی زانیوه. بۆ وێنه کاتێک سوڵتان غازی ئه‌بو یه‌زید پادشای عوسمانی نامه‌ی بۆ ته‌یمور نووسیوه. له نامه‌که‌یدا گوتوویه "ئه‌گه‌ر به‌ره‌و ڕووت نه‌یه‌مه‌وه ژنه‌کانم سێ ته‌لاقه ده‌ده‌م." کاتێک ئه‌و نامه ده‌گاته ته‌یمور سوڵتان به شرشێت ده‌زانێ. له‌به‌ر ئه‌وه‌ی که نێوی ژنانی له نامه‌که‌یدا هێناوه. "نێو بردنی ژن به‌لای ئه‌وانه‌وه گه‌وره‌ترین شووره‌یی و له گوناهه گه‌وره‌کان بوو تا ئه‌و ڕاده‌یه که نێوی ژنانیان به زماندا نه‌ده‌هات و هه‌رکات ژنێکیان کچی

■ **ڕه‌جم کردنی ژن که زۆر له مێژ بوو نه‌مابوو هاته‌وه گۆڕێ. بۆ وێنه له مانگی گه‌لاوێژی ئه‌وساڵ (١٩٩٧) دا ژنێک له بوکان به‌رده‌باران کرا که له مرده‌شۆرخانه زیندوو بۆوه. زانینی ئه‌وه‌ی که ئه‌م ڕه‌جم کردنه‌ی ژن وه‌کوو شه‌یتان، ئیسلام دایهێناوه یان پێشتریش بووه و ده‌سه‌لاتداران (شه‌ریعه‌ت دانه‌ران) ئه‌مه‌یان کردۆته دابی ئیسلام؟ ئاخۆ ئه‌و کاته بۆ وایان کردووه و دوایه بۆ ده‌وری ئه‌ماوه و ئێستا بۆ سه‌ری هه‌ڵداوه‌ته‌وه؟**

بایه ده‌یانگوت په‌رده‌نشینێکی بووه" [8](ئه‌م دابه هێشتاش تا ڕاده‌یه‌ک له نێو ئێمه‌دا ماوه‌ته‌وه.) دینی مه‌غوولان پڕ بووه له ئاکاری سێحر و جادو و خورافه. فێتیشیزم یه‌کێک له خاڵه گرینگه‌کانی ئه‌م دینه بووه. ده‌خیل به‌ستن به دار و به‌رد و چاکه و کانیاوی پیرۆز و... شتی وا له ناویاندا زۆر بووه، که له‌کورده‌واریشدا زۆره. هه‌ر به‌وه‌دا ده‌کرێ بزانین که زۆر له داب و یاساکانیان له نێو ئێمه‌دا ماوه‌ته‌وه. چونکه دووسه‌د ساڵ به‌سه‌رماندا زاڵ بوون و که‌س نه‌یوێراوه به دژی داب و نه‌ریتی ئه‌وان بجووڵێته‌وه. ئێمه هێندێک له یاسا و نه‌ریته‌کانیان ده‌گێڕینه‌وه و خوێنه‌ر بۆ خۆی ده‌توانێ به پێی ئه‌و باسانه‌ی تا ئێستا کردوومانه پێوه‌ندییه‌کانی له‌گه‌ڵ کۆمه‌ڵی کورده‌واریدا بدۆزێته‌وه.

ـ ئه‌ندامانی عه‌شیره‌ته‌کان یه‌کێتییه‌کیان هه‌بوو که پێی ده‌گوترا "قودا"، هێندێ کات گۆڕینه‌وه‌ی کچان له نێوان دوو عه‌شیره‌تدا بۆ سه‌لماندنی یه‌کێتی باو بووه (به‌کاربردنی کچ بۆ مه‌به‌ستی سیاسی).

ـ چه‌ند ژنیی شتێکی زۆر ئاسایی بووه ، به‌لام ژنی یه‌که‌م هه‌موو کاتێک وه‌کوو گه‌وره‌ی ژنه‌کانی دیکه چاوی لێده‌کرا.

ـ یاسای چه‌نگیز ده‌ڵێ: "کاتێک پیاوان ده‌چن بۆ شه‌ڕ ئه‌و ژنانه‌ی که له ئوردودا ده‌مێننه‌وه کاری پیاوه‌کانیش به ئه‌ستۆ ده‌گرن."

ـ ژنانی عه‌شیره‌ت بۆ خۆیان خاوه‌ن سامانی وه‌کوو ئاژه‌ڵ و خێوه‌ت و ئه‌ڕابه و شتی نێوماڵ بوون.

ـ "مارکۆپۆلۆ" ده‌ڵێ: ژنانی مه‌غوول له کڕین و فرۆشتنی پێداویستییه‌کانی ماڵ و شووه‌که‌یاندا سه‌ربه‌ستن" به وته‌ی ڕوبرک: "هه‌موو کاره‌کانی نێوماڵ له مه‌ڕ دۆشینه‌وه هه‌تا جل دورین و که‌وش دۆزی و ئه‌وگ چێکردن له ئه‌ستۆی ژنانه".

ـ له نێو مه‌غوولاندا دابێک هه‌بووه که کاتێک که‌سێک ده‌مرد ژنه‌که‌یان ده‌دا به براکه‌ی. بۆ وێنه "ئالان قوا" پاش مردنی مێرده‌که‌ی سێ منداڵی دیکه‌ی به دنیا هێناوه.

ـ ئه‌و بێوه ژنانه‌ی که منداڵی چووکیان هه‌با و هه‌تا گه‌وره بوونی منداڵه‌کانیان مێردی دیکه‌یان نه‌کردبا، خاوه‌ن ده‌سه‌لاتی بێ ئه‌ملا و ئه‌ولای ماڵ بوون و هه‌موو ماف و ده‌سه‌لاتی مێرده‌که‌یان پێ ده‌بڕا.

ـ له کاتی ئیمپراتووری مه‌غوولدا بێوه‌ژنان "تیول" (موڵکێک که له باتی خزمه‌ت ده‌درێ) یان پێده‌درا و فه‌رماندەیی سوپای کوره‌کانیان به ئه‌ستۆ ده‌گرت. ژنه‌کانی ئیمپراتووره‌کان و سه‌رۆک عه‌شیره‌کان پاش مردنی شووه‌کانیان ده‌بوون به جێگر و خاوه‌ن تیول.[9]

ـ بەدیل گرتنی ژنان لە شەڕدا لە نێو مەغوولانیشدا وەک عەرەبان باو بووە، ژن و ئاژەڵ وەکوو دەستکەوت چاو لێکراون.

ـ ژنانی بەدیل گیراویان وەکوو ماڵ و موڵک دەبەخشی. چەنگیز خان بە قورچی دەڵێ: " لە بابەت ئەو خزمەتەی بە منت کردووە دەتوانی سی ژنی جوان لەنێو ئەوانەی کە شکستمان داون هەڵبژێری."[10]

ـ کچ و بێوە ژن جگە لە خەلاتییەکەیان هیچی دیکەیان [لە میرات دا] پێ نەدەدرا.

ـ لە دەورانی مەغوولدا دایک لە بنەماڵەدا قورساییەکی تایبەتی هەبووە و پاش مردنی باب لە کاتی نێوان ناخۆشی و دووبەرەکی کوڕاکانیدا دایک سەرپشک بووە.[11]

ـ یاسای مەغوولان سەبارەت بە زینای موحەسەنە و قەتڵی مەغوولێکی دیکە و بەجێ نەهێنانی هێندێ داب و نەریتی دیکە وەکـوو دابی ئاژەڵ سەربڕین و خۆ شوشتن مەرگ بووە.[12]

ـ کچ میراتی لە دایک دەبرد. ڕوبرک دەڵێ: "سیرینا" کچی منگۆ کە لە ژنە مەسیحییەکەی بوو بەجێ ماوی دایکی بە میرات برد.[13]

ـ بووک دەکـرا [مـەبەست مـارەییـە کـە بە نەقـد دراوە ـ لە نێـو تورکەمـەنەکـاندا ئێستـاش هەر وایە] و پاش مـارەکـردن بە سـاز و دەهـۆڵ لێدان دەگوێزرایەوە مـاڵـی شوو. [وەکـوو ئەوڕۆی خـۆمـان] بووک دەبوا بە تەمەنێکی دیاری کراو گەیشتبا. [تەمەنەکە دیاری نەکراوە]

ـ ژن پاش مـێرد کـردن دەبـوو بە ئەندامی بنەمـاڵەی مـێـردەکـەی و پاش مردنی مێردەکەی نەیدەتوانی بگەڕێتەوە بنەماڵەکەی خۆی یا دەبوو بە ژنی برای مێـردەکـەی یان دەبوو بە ژنی یەکێک لە کوڕەکـانی مێـردەکـەی کە لە ژنێکی دیکە بوو. بنەماڵەی مێردەکە دەیانتوانی وەکوو یەکێک لە ژنەکانی بنەماڵەی خۆیان بە مێردی بدەن بە بنەماڵەیەکی دیکە. ئەگەر ژن بەتەمەن بایە لە ماڵێ دادەنیشت و خزمەتی نێوماڵی دەکرد.

ـ پیـاو هەر چەندەی توانیـبـا ژنی دەهێنا و سنووری نەبوو. ئەوان دەیانتوانی بە کەیفی خۆیان بچنە لای ژنەکان، یان بە تەواوی نەچنە لایان. ئەوانەی کە لە لای شوویان خۆشەویست بوون منداڵەکانیشیان خۆشەویست بوون.

ـ دایک، خۆشکی حەق و کچی پیاو مەحرەم بوون و خۆشکێک کە لە دایک یا بابێکی دیکە با دەکـرا بیـخـوازن. پاش مـوسـوڵـمـان بوونیـان شەریعەتی ئیسلام جێ ئەم یاسایە گرتەوە.

ـ نێـوزەد کردنی منداڵان باو بووە و ئەگـەر منداڵەکەش مردبا، هێـشـتـا ئەو دوو بنەماڵە خۆیان بە خزمی یەکتر دەزانی.

ـ ژنی تەلاق دراو لە لایەن مێردەکەیەوە پارەیەکی پێدەدرا.

ـ فەرمانڕواکان هەر ژنێکیان ویستبا دەبوا پێیان بدەن.

ـ ژنانی مـەغـوول لانیکەم هەتا ئاخـری سـەدەی حـەوتەمی هیـجـری بێ حیجاب بوون.

ـ ژنان دەیانتوانی دارایی خۆیان بە یەکی دیکە ببەخشن.

ـ بەشێک لە دەستکەوتی شەڕ دەدرا بە ژنان.

ـ ژنان لە کـاری کـۆمـەڵایەتیـدا بەشـدارییـان دەکرد. ژنی فـەرمانڕواکـان تەنانەت باڵوێزی بێگانەشیان میوان دەکرد.

ـ ئەگەر بوونی ژنێک لە ئۆردودا پێویست نەبا دەیتوانی بچێ بۆ شەڕ.

ـ ژن جگە لە بەخێو کردنی منداڵان، ڕاگرتن و ئامادە کردنی کەرەسەی شەڕی پیاوەکەشی بە ئەستۆوە بوو.

ـ جادو کردن، کوشتنی شوو و هەموو ئەو تاوانانەی کە سزایان مەرگ بوو، بۆ ژنیش بەجێ دەهێنرا و شێوەی کوشتنی ژنان خنکاندیان لە ئاودا بووە.[14]

ـ خۆشەویستترین ژنی مردوویان بە زیندوویی لەگەڵی دەناشت هەتا لەو دنیا پێکەوە بن. کاتێک چنگیزخان مرد چل کچ لە کچانی خانەکانی پایەبەرزیان ڕازاندەوە و لەگەڵی ناشتیان.[15]

دریژەی هەیە


**سەرچاوەکان**

١ـ *اسلام در ایران*، پطروشفسکی، کریم کشاورز، ل ١٨٠

٢ـ *تاریخ تمدن اسلام*، جرجی زیدان، جواهر کلام، ل ١٦

٣ـ ــــــــــــ، ل ٦٩٨

٤ـ ــــــــــــ، ل ٧٠٠

٥ـ ــــــــــــ، ل ٧٣٠

٦ـ شیرین عبادی، *آرش* شماره ٥٨ ل ٣٣

٧ـ *دین و دولت در عهد مغول*، ل ١٢٨

٨ـ *زندگی شگفت آور تیمور*، تالیف ابن عربشاه، ترجمه محمد علی نجاتی، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی ل ١٧٦

٩ـ *نظام اجتماعی مغول*، ب. ولادیمیر تسوف، ترجمه شیری بیانی ل ٨٠ هەتا ٩٤

١٠ـ ــــــــــــ، ل ١٧٥

١١ـ ــــــــــــ، ل٢٧٤ـ٢٧٥

١٢ـ *تاریخ مغول در ایران*، برتولد اشپولر، ترجمه محمود میر آفتاب ل ٣٧٨

١٣ـ ــــــــــــ، ل ٣٨٩

١٤ـ ــــــــــــ، ل ٣٩٠هەتا ٣٩٧

١٥ـ *دین و دولت در عهد مغول*، ل٣٢ـ ٣٥


▲▲▲

## سەرنجێک لە سەر

## «ڕاگەیاندنی پێکهاتنی گروهی لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژنی کورد»

Kurdish Women´s studies and Activism: A Global Research Network

■ لەو ڕاگەیاندنەی سەرەوە، کە لە ژمارە ١٦، لاپەڕەی ١٠دا چاپکرابوو، بە داخەوە ئادرێس و ئی مەیل(E-mail)ەکەی چەند هەڵەی تێکەوتبوو، لەگەڵ داوای لێبووردن لە د. شەهرزاد موجاب، ئەوا لێرەدا دروستەکەی سەرلەنوێ بلاودەکرێتەوە:


Dr. Shahrzad Mojab
Assistant Professor OISE/UT
252 Bloor Street West
Toronto, Ontario
CANADA M5S 1V6
Fax: (416)926-4725
E-mail: smojab@oise.utoronto.ca

# ڕۆژژمێری تەورێز(Tabriz diaries)

## بەشێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا

وەرگێڕانی: ئەنوەری سولتانی

«تەورێز» (یا تەبرێز)، شاری سەرەکی ئازەربایجانی ئێرانە. لە سەردەمی حوکمی ڕەزاخانی پەهلەویدا، ئازەربایجانی ئێران کرا بە دوو بەشی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواوە. تەورێز، ناوەندی بەشی ڕۆژهەڵات و، «ورمێ» مەرکەزی بەشی ڕۆژئاوایە. بەشێک لە کوردان کەوتوونەتە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا و ئەگەر لە ڕابردوودا، کەم وزۆر، کوردێک لە مەراغە، مەرەند، تەسوج یا شەڕەفخانە بووبێت، ئیتر ئەمڕۆ لەو شارانەی ئازەربایجانی ڕۆژهەڵاتدا، کورد نەماون.

کۆنسوولیەتی بریتانیا لە تەورێز، لە ماوەی باسی ئێمەدا، سەرپەرشتی کاروباری هەردووبەشی ئازەربایجان و هەروەها ئوستان(محافظە)ی کوردستان و کرماشانی کردووە و کۆنسوولیەتی ئەو بەشانەش لە ژێر چاودێریی تەورێزدا بوون. بەم پێیە، دەوری کونسوولیەتی تەورێز لە مەسەلەی بارودۆخی کوردستاندا، گەلێک گرینگە.

بەشێک لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە «پۆبلیک ریکۆرد ئۆفیس»ی لەندەن[1]، کە پێوەندییان بە ئێرانەوە هەیە، لە فایلی تایبەت بە Tabriz diaries دا تۆمارکراون. لە ماوەیەکی چەندین ساڵەدا، هەموو ١٠تا ١٥ڕۆژ جارێک کۆنسوول یا بەرپرسێکی سەرەکی کونسوولیەتی بریتانیا لە تەورێز ڕاپۆرتێکی لە سەر بارودۆخی سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، نیزامی وئاسایشی ناوچەکانی ڕۆژئاوای ئێران (بە کوردستانەوە) ئامادە کردووە و ناردوویەتی بۆ باڵوێزخانەکەیان لە تاران. تارانیش لەگەڵ یادداشتێکی کورت یاخود هەڵسەنگاندنێکی هەواڵەکان ئاراستەی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا لە لەندەنی کردووە.

ڕاپۆرتەکان، گەلێک ورد و هەڵسەنگاندنی بارودۆخەکە لە ڕادەی خۆیدا، قووڵ و متمانەپێکراون. ژمارەیەک ڕووداوی سیاسی وکۆمەڵایەتی لە ڕاپۆرتەکاندا ڕەنگیان داوەتەوە کە زۆریان لە بیرچوونەتەوە و لە سەرچاوەکانی دیکەدا، باسیان نەکراوە. هەموو ڕاپۆرتێک ١٠تا١٥لاپەڕەی گەورە(A3) دەگرێتەوە و بەگشتی بۆ توێژینەوە لە مێژووی هاوچەرخی ئێران، سەرچاوەیەکی سەرەکین.

ئەو بەشانەی وا ژیانی کورد و بارودۆخی کوردستان دەگرنەوە، بە مەزننە یەک تا دوو لاپەڕەی هەموو ڕاپۆرتێک دەگرنەوە و ئەوەندەی من سەیرم کردبێ جێگەی متمانەی زۆرن. هۆی مەسەلەکەش، هەست بە بەرپرسایەتی کردنی کاربەدەستانی کۆنسوولیەت لەلایەک و هەبوونی«سەرچاوە»ی گرینگ ـ واتە مەئموور و جاسووسی خاوەن ئەزموون لەلایەکی دیکەیە. مەئموورانی سیاسی بریتانیا لە پێوەندییەکی نزیکی سەرەک عێل و دەرەبەگی گەورەی کوردستاندا بوون. ئەو کەسانە، هەواڵی هەموو جموجۆڵێکی کوردیان ڕاستەوخۆ داوە بە کۆنسوولیەت وباڵوێزخانەی بریتانیا.

لە پێوەندیی «ڕۆژژمێری تەورێز»دا، من تەنیا ئەو بەڵگەنامانە وەردەگێڕمە سەرکوردی، کە پێوەندییان بە کوردەوە هەبێت و لە ناو ئەوانیشدا، ئەوانەی وابەشێوەیەک «کۆماری کوردستان(٤٦-١٩٤٥)» دەگرنەوە. واتە درێژە بەهەمان کاردەدەم کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوو لە ڕووپەڕەکانی «گزینگ»دا ڕەنگیان داوەتەوە.

«ڕۆژژمێری تەورێز»بەگشتی لە پێوەندیی بارودۆخی ئازەربایجاندا نووسراون بەڵام هێندێک بەشیان تەرخانی مەسەلەی کورد کراوە و ئەویش لە دوو بەشی جیاوازدا خۆ دەنوێنێ کە هەموو جارێ یەک بە دوای یەکدا دێن:

- ورمێ(ڕەزائیە)
- مەسەلەکانی دیکەی کورد

لە ڕاپۆرتەکاندا. ورمێ وەک شارێکی کورد سەیر کراوە و نزیک بە ٨٠٪ی ڕاپۆرتەکانی ورمێ، مەسەلەی کورد دەگرنەوە؛ پاشماوەی، لە پێوەندیی چالاکیی حیزبی توودەی ئێران لە ورمێ ودەوروبەریدا نووسراون. بەشی دووهەم واتە «مەسەلەکانی دیکەی کورد»بە شێوەیەکی سەرەکی مەهاباد و دەوروبەری دەگرێتەوە. ئەگەر باسێک لە ناوچەکانی دیکە ـ بۆنموونە: سنە وکرماشانیش دێتە گۆڕێ، زۆرتریان لە پێوەندی هەر ئەو مەسەلەدایە وا «مەهاباد» مەرکەزیەتی واتە «کۆماری کوردستان» و چالاکی سیاسی ـ نیزامی کورد لە بواری دامەزراندن وپاراستنی کۆمارەکە.

هیوادارم تەرجەمەی ئەم بەڵگەنامانە، کەرەستەی پێویست بۆ توێژینەوە جیددی لە مەسەلەی «کۆماری کوردستان»و هۆگەلی سەرهەڵدان و تێکشکانی پێک بێنێت. من، کاری تەرجەمەی دەستاوێژەکان لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥ەوە دەست پێدەکەم و تا کۆتایی ساڵی ١٩٤٦ درێژەی پێدەدەم. ئەگەر دەرەتان هەبێت، واهەیە درەنگتر، ئەو دەستاوێژانەش کە لە ساڵانی پێش یا دوای کۆماری کوردستان نووسراون، تەرجەمەبکەمەوە.

1) Public Record Office, London

## ڕۆژژمێری تەورێز

ژمارە۱ی ساڵی ۱۹٤٥ 25338 FO. 371/45478

لە دیسەمبری ۱۹٤٤ەوە تا ۱۲ی جانیوەری۱۹٤٥

۸) **ڕەزائیە**[ورمێ]. لە دەوروبەری ڕۆژی ۲٦ی دیسەمبری ۱۹٤٤دا، کۆبوونەوەیەکی «جبهەی ئازادی» بەستراوە بۆ ئەوەی لقێکی [ڕێکخراوەکە]، لەو ناوچەیە بکرێتەوە. حیزبی توودە لە ڕابردووشدا، لێرە بە هێز بووە، بەڵام جبهەی ئازادی، هەر بوونی نەبووە... ڕاپۆرتی متمانەپێکراو دەڵێ دەسەڵاتداریەتی سۆڤیەت، لە ناوچەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، ۱٥سەرەک هۆزی شکاکی بۆ «باکۆ»بانهەێشتن کردووە کە «تەها ئاغا» کوڕی سمکۆی خوالێخۆشبوو و کوڕی «عومەرخان»و کوڕی سەرتیپ خان و «قۆیتاس ئاغا» دەگرێتەوە. لەوانە، حەوت کەسیان گەیشتوونەتە تەورێز و دەگوترێ ئەوانی دیکەش لە مەهابادەوە وەڕێ کەوتوون.

۹) **کێشەکانی دیکەی کورد**. وەک لە ڕۆژژمێری پێشتردا باسکراوە، هێندێ ڕقەبەری لە نێوان سەرەک هۆزانی عەشیرەتی «دێبۆکری»لە ناوچەی نێوان میاندواو و مەهاباددا هەیە. «عەلی ئاغای ئێلخانیزادە(ئەمیر ئەسعەد)» ئێرەیی بە دو براگەورەی خۆی واتە مەحموود ئاغا و بایز ئاغا دەبات و پێیان بەدگومانە. ناوبراو تازە بەو ڕاستییەی زانیوە کە کوڕانی ئەو دووکەسە ـ قاسم ئاغا و عەبدوڵڵا ئاغا، لەلایەن تارانەوە بۆ پێکهێنانی هێزێکی ۱٥سوارەیی دەست نیشانکراون کە چاوەدێریی ڕێگای نێوان میاندواو و سەقز بکات. «سەرهەنگ کەماڵ» ـ فەرماندەی جەندەرمری لە ورمێ، فەرمانی ئەم ئەرکەی پێگەیشتووە و چۆتە گوندی ئەمیرئەسعەد لە نزیک بۆکان[1] بۆ ئەوەی بۆچوونی ئەو سەبارەت بەو دوو کەسە بزانێت. ئەمیرئەسعەد گەلێک تووڕە و نارەحەت بووە و گوتوویەتی هەموو گوندی ئەمبەر وئەوبەری جادەکە ملکی منن، هیچ کاتێکیش ئاژاوەیان تێدا بەدی نەکراوە، بەڵام ئەگەر برازاکانم بە سوارەی خۆیانەوە چاوەدێریی شوێنەکە بکەن، ئەوا زۆرزوو[ئاژاوە] بەرچاودەکەوێت.

هێشتا نازانرێت ئایا قاسم و عەبدوڵڵا دەستیان بەو ئەرکە کردووە کە لەلایەن دەوڵەتەوە پێیان سپێراوە؟ هەردووکیان حاسڵێکی باشیان لە ناوچەی بۆکان هەبووە و وەک تاجر، گەنمیان بە دەوڵەت فرۆشتووە. هەر تۆنێکی گەنمیان لە بۆکان بە ۱٥۰۰قران (ریال) کڕیوە و لە تەورێز بە ۲۹۰۰ قرانیان فرۆشتووە. دەگوترێت کە کۆنتراتێکیان گەیاندبێتە ئەنجام وتێیدا هەزار تۆنیان بە هەمان نرخ فرۆشتبێت، هەروەها پێیان خۆش بێت کۆنتراتێکی تازەتر بەڕێوەببەن.

بەقسەی ئیبراهیم ئێلخانیزادە ـ کوڕی ئەمیرئەسعەد[2]، کۆمەڵەی ناسیۆنالیستی «ژ.ک» ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لە مەهاباد بەهێزتر دەبێت، هەرداواکارییەک بۆ ئەندامیەتی [ژ.ک]، دەنێردرێتە لای دەسەڵاتداریەتی ڕووس لە میاندواو یا ورمێ و ئەوان دەبێ پەسندی بکەن[3]. دەگوترێ کوڕانی مەحموودئاغا و بایزئاغا لە هۆزی دێبۆکری بە هەمان شێوە چوبێتنە ناو کۆمەڵەوە. ئیبراهیم ئێلخانیزادە هەروەها گوتی هەموو ژمارەیەکی گۆڤاری کوردی«نیشتمان» دەنێردرێتە کونسوولیەتی گشتی سۆڤیەت لە تەورێز ودوای تەرجەمە و ڕێکوپێککردن، دەبرێتە چاپەمەنی پێشەوای

**■ سوودی حیزبی توودە لە بەکارهێنانی ورمێ وەك پێگەیەکی سەرەکی بۆ بەرنامەکانی خۆی لەم چەند خاڵە دایە: دوورە لە چاودێری کردن؛ ژمارەیەکی کەمی کاربەدەست و ئەرتەشی ئێرانی لێیە؛ ئیمکاناتی پێوەندی گرتن لەگەڵ هۆزە کوردەکان بەنیسبەت زیاترە؛ نفووزی دەسەڵاتداریەتی ناوچەیی ڕووس لەوێ زیاترە و ژمارەیەکی زیاتری دانیشتووانی ئەرمەنی و ئاسۆری لێیە کە بەگشتی لایەنگرێکی گەرموگوڕتری [حیزبی]توودە و پێوەندیی لەگەڵ ڕووسەکانن.**

ڕوحانی ئەرمەنییەکان بۆ ئەوەی لەوێ چاپ بکرێت. لە مەسەلەی هەڵسەنگاندنی ڕادەی ڕاستی و ناڕاستی ئەم مەعلووماتە، پێویستە ئێرەیی ئیبراهیم بە ئامۆزاکانی لەبەرچاو بگیرێ.

ڕاپۆرتێکمان لەلایەن ئەمیرئەسعەدەوە پێگەیشتووە کە دەڵێ لە دەروروبەری ڕۆژانی ۲۸یا۲۹ی مانگی دیسەمبر[ی ۱۹٤٤]دا، ئەفسەری قۆماندانی هێزەکانی ڕووس لە میاندواو، سەردانی گوندی «ئەرمەنی بلاغی» لەبەشی ڕۆژهەڵاتی جادەی نێوان بۆکان و میاندواو کردووە و لە گەورە[کوێخا ؟]ی ئاواییەکەی پرسیوە ئایا هەواڵی ئەوەی هەیە چەند ڕۆژ پێشتر ئوتومبیلێکی سپی بە سێ ئەفسەری بریتانیاییەوە گەیشتبنە گوندەکە؟ کوێخا هیچ زانیارییەکی لەم بارەیەوە پێنەداوە، بەڵام بە قسەی کوڕی ئەمیر ئەسعەد، لە کۆتاییدا دەری خستووە کە سێ ئەفسەرە بریتانیاییەکە سەردانی گوندی«ئوچکوتە» (ڕەنگە«چیچەکەتوو»بێ)یان کردووە[4]. کوێخا گوتوویەتی بۆیە درۆم کردووە و گوتوومە ئاگام لێ نییە، تا پێشی پرسوجۆی بە ژانەسەریان بگرم چونکوو وای بۆ دەرکەوتووە کە ناوبراو، گەلێک لە هەڵسوکەوتی ئەفسەرەکانی کۆڵیوەتەوە و بە قسەی ئەو، ڕاپۆرتی ئەوەیان پێگەیشتووە کە ئەفسەرە بریتانیاییەکان سەبارەت بە «ئەقشە و پلانی ڕووس لە ناوچەکەدا» پرسوجۆیان کردبێت. دووهەزارکەس لە هێزی «سەرتیپ هۆشمەند» [ئەفسەری فەرماندەی ئەرتەشی ئێران]، لە ژێر قۆماندانیی«سەرگورد کۆششی»دا، لە بانەوە چوون بۆ سەردەشت کە ماوەی زستان لە وێ بمێننەوە.

J. h. Wall, January 12, 1945

### پەراوێزی وەرگێڕ:

۱) دەبێ گوندی«عەمبار» یا «وشتەپە» بێت لە باکووری بۆکان.

۲) ئەم بەشەی هۆزی دێبۆکری، هەموویان بە ئێلخانیزادە ناسراون بەڵام دواتر، بەرەی عەلی ئاغا ناسناوی «عەلیار» و بەرەی حاجی بایزئاغا ناسناوی «موهتەدی»یان هەڵبژارد، لە کاتێکدا بەرەی مەحموودئاغا بە هەمان ناوی«ئێلخانی زادە»مانەوە. ئەو ئیبراهیم ئاغایەی والێرەدا بە ئێلخانیزادە ناودەبرێت لە ڕاستیدا برایم ئاغای عەلیار کوڕی عەلیاغای سەردارئەسعەدە و جیاوازە لە برایم ئاغای ئێلخانیزادە کوڕی مەحموودئاغا.

۳) ئەم تاوانەی دەدرێتە پاڵ کۆمەڵەی ژ.ک لەوەناچێت هیچ ڕاستییەکی تێدابێت. ئەم قسانە لەلایەن برایم ئاغای عەلیار و لە

پێوەندی نێوانناخۆشی لەگەڵ ئامۆزاکانیدا کراوە کە دەزانین چەشنە پێوەندییەکیان لەگەڵ کۆمەڵەدا هەبووە، گەرچی ئەوانیش هەر هاتوچۆی کۆنسوولیەتی تەورێزیان کردووە و هەواڵی کۆماری کوردستانیان پێڕاگەیاندوون!

٤) ناوی ڕاستەقینەی ئەم گوندە دەبێ «ئەشکەوتان» بێت کە بە دەست بنەماڵەی «عەبباسی» یەوە بووە و عەبباسییەکان بەتایبەت حەمەدئاغای عەبباسی هەڵوێستی دژ بە کۆماری کوردستان وڕووسەکانیان هەبوو. حەمەدئاغا، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان کرایە نوێنەری سەقز و بانە لە مەجلیسی شۆڕای میللی ئێران و درەنگتر بوو بە «سناتور انتصابی شاه» لە ئوستانی کوردستان.

**ڕۆژژمێری تەورێز** (ساڵی ١٩٤٥)

ژمارەی بەڵگەنامە 25338 FO. 371/45478

لە ١٢ تا ٣١ جانیوەری ١٩٤٥

٢٣) **ڕەزائیە**[ورمێ]. بارودۆخی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا بۆتە هۆی دڵنیگەرانییەکی زۆری سەرهەنگ «عەلی ئەکبەری دورەخشانی» ئوستاندار. ئەویش وەک چاودێریکەرانی دیکە لە سەر ئەو باوەڕەیە کە جیاوازیخوازەکان خۆیان ئامادە دەکەن بۆ ئەوەی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا وەک پێگەی هەڵسوکەوتی خۆیان بۆ ئەو کردەوانە بەکاربێنن وا دژ بە دەسەڵاتداریەتی ئێران خەریکن بەڕێوەی بەرن. سوودی حیزبی توودە لە بەکارهێنانی ورمێ وەک پێگەیەکی سەرەکی بۆ بەرنامەکانی خۆی لەم چەند خاڵە دایە: دوورە لە چاودێری کردن؛ ژمارەیەکی کەمی کاربەدەست و ئەرتەشی ئێرانی لێیە؛ ئیمکاناتی پێوەندی گرتن لەگەڵ هۆزە کوردەکان بەنیسبەت زیاترە؛ نفووزی دەسەڵاتداریەتی ناوچەیی ڕووس لەوێ زیاترە و ژمارەیەکی زیاتری دانیشووانی ئەرمەنی و ئاسۆری لێیە کە بەگشتی لایەنگرێکی گەرموگوڕتری [حیزبی]توودە و پێوەندیی لەگەڵ ڕووسەکانن.

ئوستاندار، هەموو ئەو چالاکییانە وەک ئامادەبوون بۆ کودێتایەک دژ بە حکوومەتی ئێران سەیردەکات و نیگەرانیی سەرەکی ئەوەیە کە دەڵێ ئەو ئەفسەر و کارمەندانەی وا دەبێ بۆ بەڕێوەبردنی کاروبار پشتیان پێ ببەستێت «قامیشی شکاو»ن! ئەوخۆی، وەک فەرماندەی تیپی[نیزامی]تەورێز، زۆربەی کاتی لە تەورێز ڕادەبوێرێ و یاریدەدەرەکەی واتە «سەرهەنگ نشاری» گەرچی «چەند هەڵەیەکی لێ ڕووداوە»، بەڵام وەک مرۆڤێکی باش سەیری دەکات. سەبارەت بە زۆربە[ی کاربەدەستانی تر]، بە ڕاشکاوی دەڵێ بێ کەڵکن و لایەنگری لە حیزبی توودە دەکەن. ناوبراو «نشاری» ناردوەتە تاران بۆ ئەوەی سەبارەت بە گۆڕینی کاربەدەستان[ی ورمێ] قسەیان لەگەڵدا بکات و خەیاڵی هەیە خۆشی بچێتە ئەوێ. خۆ ئەگەر ئەو کەسانەی دەیەوێ، بۆی ئەنێرن، دەڵێ خۆی لە ئیشی ئوستانداریەتی دەکێشێتەدواوە.

پانزدە سەرەک هۆزی کورد و کوڕانی سەرەک هۆزەکانی شکاک لە «سەڵماس»ی نزیک [ورمێ]لە کاتی کۆنفرانسی حیزبی توودەدا، هاتن بۆ تەورێز و دەلیلی باشمان بە دەستەوەیە بۆ ئەوەی لامان وابێت ئەوان بەگوێرەی بانگهێشتنی دەسەڵاتداریەتی ڕووس، هاتوون گەرچی واهەیە بەشێوەیەکی تایبەت پێشیان نەگوترابێت کە بەشداریی کۆنفرانسەکە دەکەن. لە ڕاستیدا، باوەڕی گشتی ئەوەیە بانگ کرابن بۆ ئەوەی بچنە باکۆ(بڕوانە ڕۆژژمێری پێشوو).

هەرچۆنێک بێت، گومانی کەم لەوەدا هەیە کە ئامانج ئەوەبووە بیانهێننە نێو کۆنفرانسەکەوە و وادەردەکەوێت هێندێکیان چووبێتن و بەڵێنی پشتگریکردنیان لە حیزبی توودە لە پێناو خێرومەسڵەحەتی گەلی ئێران دابێت. یەکێک لە سەرەک هۆزەکان «تەهائاغا» ـ کوڕی بچووکی سمایل ئاغای سمکۆ بووە کە لەدوای ماوەیەک حوکمی سەربەخۆ بەسەر بەشێکی زۆری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، لە ساڵی ١٩٣٠دا لەلایەن هێزەکانی ئێرانییەوە لە «شنۆ» کوژرا؛ تەهائاغا ئێستا ١٩ ساڵێکی تەمەنە. پێش ئەوەی کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ سەڵماس، دیاریی وەک شەکر وکووتاڵیان لەلایەن ڕووسەکانەوە پێدراوە.

٢٤) **کێشەی دیکەی کورد.** مەسەلەی پارێزگاری کردنی ڕێگای نێوان میاندواو و بۆکان لەلایەن سوارەی قاسم ئاغا و عەبدوڵلائاغای دێبۆکرییەوە (ڕۆژژمێری پێشوو، پاراگرافی٩)، هێشتا یەکلایەنی نەبۆتەوە. فەرماندەی تازەی جەندرمری ـ سەرهەنگ هومایوونی، کە سەرەتا لەگەڵ ئەو فکرە نەبوو، وادیارە ئێستا لایەنی کارەکە بگرێت گەرچی گومانی لەوەدا هەرماوە ئایا دەتوانێ ئەمیرئەسعەد[عەلی ئاغای عەلیار]لەم مەسەلەیەدا بێلایەن ڕابگرێت.

سەرهەنگ هومایوونی، لانیکەم لە قسەکردندا، لایەنگری هەڵسوکەوتێکی خێرخوایانە و باوکانەی زۆرترە لە ئاست کورد، زیاتر لەوەی تائێستا بووە. باوەڕی وەهایە کە دابەشکردنی دیاریی وچەند میواندارییەک لەلایەن ئوستاندارەوە، ئاڵوگۆڕێکی بەرچاو لە هەڵسوکەوتی سەرەک هۆزەکاندا پێکدێنێت.

قاسم ئاغا خەریکی ئەوەیە ئینگلیزی فێر بێت و داوای لە مامۆستاکەی خۆی ـ گەنجێکی ئەرمەنی کە لە قوتابخانەی هەیئەتی ئەمریکاییەکان دەرسی خوێندووە ـ کردووە لەگەڵ ئەودا بچێت بۆ بۆکان و لەوێ کاری هەمیشەیی مامۆستایی خۆی پێ بسپێرێ.

زەحمەتە زانیارییەکی بە متمانە لەمەڕ ژمارەی ئەو چەکانەی وا ڕووسەکان بە هێزی بەربەرەکانیکەری کوردیان فرۆشتووە بکەوێتەدەست، وا چاووڕاوکەی بڵاوبووەتەوە. فەرماندەی جەندرمە بەتوندی لای وایە هەواڵدەرێکی[1] کورد لە دەوروبەری بۆکان، باوەڕی وانییە کورد خەریکی چەک بن. ناوبراو دەڵێ سەرەک هۆزی ناوچەی مەهاباد هەموو چەکێکی پێویستیان هەیە، بەڵام دەیسەلمێنێ کە ئەگەر کوردی دەوروپشتی ورمێ چەکیان بوێ، بەبێ هیچ موشکیلەیەک لە ڕووسەکانی وەردەگرن.

J. H. Wall, 31 January 1945

١) informant هەواڵدەر، جاسووس

تێبینی: ڕۆژژمێری ژمارە٣ (١تا١٦ی مانگی فیبریوەری ١٩٤٥)، هیچ بابەتێکی لە سەر کورد تێدا تۆمار نەکراوە و هەربۆیەش تەرجەمە نەکرا. لە ژمارەکانی دوایی «گزینگ»دا، درێژەی ئەم ڕاپۆرتانە بڵاودەکرێنەوە. ■

## بۆچوونێک سەبارەت بە تاریخی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد

حەسەنی قازی

لە کتێب و نووسراوەی کوردی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیسی، فرانسەیی و رووسی دا، لەمەڕ مێژووی بزووتنەوەی سیاسی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، تاریخی دامەزران ونێوی کۆمەڵەی ژێکاف جۆربەجۆر باسکراوە. بەڵام سەرچاوەی دەستی یەک و ئی هەرە باوەڕپێکراو چاپەمەنی خۆی کۆمەڵەیە[1] کە ئەو تاریخەمان بۆ ساخ دەکاتەوە، ئەویش ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢١هەتاوی(١٦ی ئووتی ١٩٤٢)یە.

تەنانەت نووسەرێک[2] کە لە یەکەم کۆبوونەوەی ئەو ڕێکخراوەیەشدا بەشدار بووە ئەو تاریخەی دوو جۆر باسکردووە. دیارە زۆربەی ئەو سەرچاوانەی کە پاش سالی ١٩٦٣ بلاوکراونەتەوە بۆ زۆربەی زانیارییەکانیان پشتیان بە کتێبی ئیگلتن ی کوڕ[3] بەستووە.

لەم نووسراوەیەدا قسەی من ئەوەیە، ئەگەرچی لە زەمانی ڕەزاخان و بەر لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠(ئاخرونۆخری ئووتی١٩٤١) بە پێی ئەو سەرچاوانەی لە خوارەوە باسیان دەکەین لە ساباڵاخ و ناوچەی موکریان ڕێکخراوێکی سیاسی پێکهاتووە و لەو ڕێکخراوەیەدا چەندێک لە هەڵسووڕ و دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد بەشداربوون، بەڵام تاریخی دامەزرانی ڕەسمی کۆمەڵە ناگەڕێتەوە بەر لە سەردەمی بەر لە ئووتی ١٩٤١، بەڵکوو کۆمەڵەی ژیانی کورد خەباتی خۆی بە درێژەی کار وچالاکی ئەو ڕێکخراوەیە داناوە ولەیەک لە سەنەدەکانیدا ئەوەی باس کردووە.

د. ڕەحیمی قازی لە کتێبێکی دەستنووسدا«قاضی محمد و جنبش رهائی بخش ملی خلق کرد»[4]دەڵێ:

> "کۆمەڵەی ژ.ک لە مانگی ژووەنی ١٩٣٨ لە مهاباد لەلایەن چەند ڕووناکبیری نیشتمانپەروەرەوە دامەزرابوو بەڵام لە سەروبەندی دیکتاتۆری ڕەزاخاندا و لە هەلومەرجی تێرۆر و خەفەقاندا چالاکییەکانی کۆمەڵە بەرچاونەبوو. لە مانگی مای ١٩٣٩، دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژیانی کورد پێوەندی لەگەڵ نیشتمانپەروەرانی کورد لە عێراق دەگرن و لە سنوور چاوپێکەوتنێک لە نێوان نوێنەرانی هەردووک لا دەکرێ. لەم چاوپێکەوتنەدا بڕیاردەدرێ هەڵسووڕانی کۆمەڵە هەم لە ئێران و هەم لە عێراق پەرەپێبدرێ. یەکێک لە نوێنەرانی کوردی عێراق کە ئەفسەر بووە گوزاریشی بڕیارەکانی ئەو چاوپێکەوتنە دەدا بە کاربەدەستانی عێراق و لە ئاکامی ئەوەدا دەوڵەتی ئێران و عێراق بەپێی مادەکانی پەیمانی سەعداباد[5]بە شێوەیەکی هەموولایەنە هەڵسووڕانی کۆمەڵەی ژ.ک دەخەنە ژێر چاوەدێری. لە سالانی ٤٠-١٩٤١دا کاربەدەستانی دەوڵەتی ڕەزاخان شکیان لە هێندێک لە خەڵکی مهاباد کرد و دووریان خستنەوە..."

هەر لەو بەشەی دەستنووسی کتێبەکەیدا قازی دەنوسێ:

> "لە مانگی ژووەنی سالی ١٩٤٣[6]یەکەم ژمارەی گۆڤاری «نیشتمان» کە بلاوکەرەوەی بیر وئۆرگانی نێوەندی کۆمەڵە بوو بلاوکرایەوە، دوای ڕووخانی ڕێژیمی دیکتاتۆری ڕەزاشا ئەوە هەوەڵین بلاوکراوەی کوردزمان بوو کە لە کوردستانی ئێران چاپ دەکرا... ئەو گۆڤارە بووە هۆی توورەیی و بێزاری کۆڕوکۆمەڵی شۆڤێنیستی لە ئێران و ڕۆژنامەیەکەی سەر بەوان«آیندەایران»لە نووسراوەیەکی خۆیدا بە نێوی«زبان رسمی ایران فقط یک زبان است»(زمانی ڕەسمی ئێران تەنێ یەک زمانە وبەس) نووسیویە: «وەکی دەرکەوتووە لە ئێران ڕۆژنامەیەک بە لەهجەی محەلی چاپ دەکرێ. شوکرانەبژێری خودام ئەو ڕۆژنامەیە نەگەیشتووەتە دەستی ئەم نووسەرە و هیوادارم لە ئایەندەشدا نەگاتە دەستی»(روزنامە آیندەایران ـ ١٨ی دیسامبری ١٩٤٣)"

ڕەحیمی قازی دەڵێ ئەوەی لە کتێبەکەیدا لە سەر کۆمەڵەی نووسیوە «بە پشت بەستن بە هێندێک دەستنووس لە بەڵگەنامەکانی کۆمەڵەیە بە قەڵەمی ڕەحمانی زەبیحی یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵە و بەرپرسی تەبلیغاتی ئەو ڕێکخراوەیە(دەستنووسی کتێبی ر. قازی، ل ٧١، ٧٢و٧٣).

کاک غەنی بلووریان لە کتێبەکەیدا[7] لە زمان کاکەمین کە کارداری ماڵیان بووە دەگێڕێتەوە:

> "لە زەمانی ڕەزاشادا هەر چەشنە بزاڤێکی سیاسی لە ئێران و بەتایبەتی لە کوردستاندا بە توندی سەرکوت دەکرا. لەو هەلومەرجەدا ژمارەیەک ڕووناکبیری مهاباد بۆ ئەوەی هەستیان پێ نەکا[نەکرێ] دەستەیان سازکردبوو و هەر شەوەی لە ماڵێک کۆدەبوونەوە... لە نێو ئەو گرووپ و دەستانەی شەوانەدا ژمارەیەک ڕووناکبیری چالاک و بەکردەوە، دامەزراندنی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»یان هێناوەتە بەرباس. ئەوان شەوێک لە شەوانی ڕەمەزانی ١٣١٧(١٩٣٨) باسی دامەزراندنی «کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد»یان کردووە".

لە نووسراوەیەکی تازەدا[8]، کاک حامیدی گەوهەری باسی ڕاپۆرتێکی

گشتی دەکا و دەڵێ:

ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵە لەمەڕ "چۆنیەتی دامەزراندنی ژ.ک، مێژووی خەباتی، چۆنیەتی پێوەندیگرتن و دابینکردنی دۆستایەتی لەگەڵ یەکیەتی سۆڤیەت، قەوارەی تەشکیلاتی، پرۆگرام، شێوەی ئەندام وەرگرتن و ژمارەی ئەندام، دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کورد و چەند بابەتی تر بە ژمارەنامەی ٤٤٤ ڕۆژی ٧ی بەفرانباری ساڵی ١٣٢٣ (٢٨ی دیسامبری ١٩٤٤) بۆ مۆلۆتۆف وەزیری دەرەوەی سۆڤیەتی ناردووە لەمەڕ دامەزراندنی ژ.ک دەڵێ: «حیزبی ئێمە لە مانگی یونی ساڵی ١٩٣٨دامەزراوە، بەڵام بە هۆی کۆنترۆڵی توند وتیژی حکوومەتی ئێران چالاکییەکی زۆری نەبووە، تا ئەو جێیەی کەسێک بە تەواوی جێی متمانەی ئێمە نەبووبێ داوای ئەندامەتی لێنەکراوە و سیاسەتی ئێمە لەمبارەدا ئێستاش بەمجۆرەیە. لە مانگی مای ساڵی ١٩٣٩، کوردەکانی عێراق داوای پێوەندییان بە حیزبی ئێمەوە کرد. هەر لەومانگەدا ئەندامێکی نوێنەری حیزبی ئێمە چووە ناوچەی سەرسنووری عێراق و چاوی بە دوو ئەفسەری کوردی عێراقی کەوت. لەو چاوپێکەوتنەدا بڕیاردرا هاوکاری دوولایەنە پەرەی پێبدرێ. دووکوردی شەخسی (سویل)یش لەو کۆبوونەوەیەدا بون. بەهۆی خیانەتی یەکێک لەو ئەفسەرانە بە ناوی «فایق ئەمین» حکوومەتی عێراق ئاگاداری بڕیارەکانی ئەو کۆبوونەوەیە بووە. عێراق چونکە لە پەیمانی «سەعداباد»بوو، چونیەتی ئەم دیدارە و بڕیارەکانی بە ئێران ڕاگەیاند و ئێرانیش کوردستانی خستە ژێر کۆنترۆڵ و چاوەدێری توند».

گەوهەری لە درێژەی نووسراوەکەیدا دەڵێ: «بەپێی ئەو ڕاپۆرت و بەڵگانەی بە دەستەوەن کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد لە نێوان مانگەکانی جۆزەردان ـ پووشپەڕی ساڵی ١٣١٧ (نووتی ١٩٣٨) دامەزراوە».

وەک دەردەکەوێ هەر سێی ئەو سەرچاوانەی لە سەرەوە باسیان کرا هەموویان دەنووسن کۆمەڵەی ژ.ک لە ساڵی ١٩٣٨دا پێکهاتووە. لە بەراوردکردنی نووسینەکانی ر. قازی و ح. گەوهەریش لەوبارەوە جوان دەردەکەوێ کە ئەوان بە پشت بەستن بە سەرچاوەیەکی وەک یەک ئەو بۆچوونەیان هێناوەتەگۆڕێ. وەک باسمان کرد ر. قازی دەڵێ سەرچاوەی ئەوەی لە سەر کۆمەڵەی نووسیوە لە دەستنووسێکی زەبیحی وەرگیراوە و لەبەر ئەوەی بەتەواوی و بەوردی ئەو بەڵگەیەی نەناساندووە، بە لەبەرچاوگرتنی زانیارییەکانی وی و گەوهەری کە هەر یەکن دەبێ سەرچاوەی هەردووکیان هەر ئەو بەڵگە و ڕاپۆرتە بێ کە ح. گەوهەری باسی دەکا.

لە کتێبی کاک غەنی بلووریان دا کە لە سەرەوە باسکرا لە باسی قسەکانی «کاکەمین»دا دەنووسێ:

"... کاغەزێکی چرووکی چرێشاوی دوو لەتی دەرهێنا و بە هێمنی و بە دەنگێکی نزم گوتی: وەیخوێنە! ئەو هەمان بەیاننامەیە کە خەڵک باسیان دەکرد و بەدیواری مزگەوت و بازاڕەکانی شاریان لکاندبوو.

هەرچۆنێک بوو دەقی بەیاننامە ـ دەست نووس ـ کەم خوێندەوە. لەودا داوا لە جەماوەری کورد کرابوو، کە بە هانای ئەو لاوانەوە بچن کە بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ خەبات دەکەن. کاکەمین دەیگوت: پۆلیس بە تاوانی ئەو بڵاوکراوەیە گەنجێکی بەناوی «حاجی خوسرەوی» گرتووە و چەند کەسیشی لەو پێوەندییەدا بۆ هەرێمی ژووروی ئێران یانی «شیراز» و «کرمان»دوورخستۆتەوە.[9] ئەوانەی کە من شارەزایانم ««حوسێنی زیرینگەران» و«محەمەدی راتبی» (حەمەدی مەولودی)ن کە دوورخراونەتەوە."

سەبارەت بە دەخەرکەمان نان و ڕاونانی کوردان لە زەمانی ڕەزاشادا ئاگاداری و زانیاری زۆر بە دەستەوەیە[10]، بەڵام لەمەڕ دوورخستنەوەی کوردی سابڵاخی لە پێوەندی لەگەڵ هەڵسووڕانی سیاسی دژی ڕێژیم، ئەوەی لە نووسراوەی ر. قازی و غ. بلووریان دا ئیشارەی پێکراوە لە هۆنراوەیەکی سەیفولقزات دا (١٢٥٥ ـ ١٣٢٣ی هەتاوی)[11] کە وێدەچێ ئاخر شوێنەواری بێ بە جوانی دەردەکەوێ:

«هەورامی و جەلالی بۆ سمنان وساوە چوون
سابڵاغی بۆ شیرازێ ڕەپێچەک دراویـــــە»

هەتا ئێرە دەردەکەوێ کە لە زەمانی ڕەزاشا و بەر لە نووتی ١٩٤١دا جۆرە چالاکییەکی سیاسی لەگۆڕێدابووە و ئیدارەی ناوەندی کۆمەڵەی ژ. ک لە نامەکەیدا بۆ مۆلۆتۆف ئەو چالاکییانەی کە ئەگەرچی زۆریش بە دەرەوە نەبوون لەبەر ئەوەی بەلانی کەمەوە دوو لە هەڵسووڕ و دامەزرێنەرانی تێیدا بەشدار بوون بە ئی خۆی داناوە. لەو چاپەمەنییانەی سەردەمی کۆماری کوردستان کە بەدەستەوەن تا ئەو جێیەی ئەمن بزانم ناوی کۆمەڵەی ژێکاف نەهاتووە، بەڵام لە نووسراوەیەکی ڕۆژنامەی کوردستاندا (ژمارە ٦٩، ٣٠ پووشپەڕی ١٣٢٥-٢١ی ژوویيەی ١٩٤٦) بە قەڵەمی سەید محەمەدی حەمیدی بە بۆنەی شەهیدبوونی محەمەدی نانەوازادە فەرماندەی هێزی ناوەندی کوردستان لە باسی کارنامەی ژیانی دا هاتووە:

"...نانەوازادە ساڵی ١٣٢٠ (١٩٤١) داخلی «حزبی آزادی کوردستان»بوو و سویندی خواردکە بو رزگاری کورد وآزادی کوردستان لە ظلم و زور لە هیچ رووداویک روو وەرنەگیری».

بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە سەبارەت بە «حزبی آزادی کوردستان»[12] بەڵگەیەکی ئەوتۆ بە دەستەوە نییە و، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە بە پێی ئەو سەرچاوانەی تاکوو ئێستا سەبارەت بە مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نووسراون باسی «حوسێنی زێرینگەران» (حوسێنی فرووهەر) و «محەمەدی نانەوازادە« وەکوو دووکەس لە دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی ژ.ک کراوە و لەبەر ئەوەیکە تەواو ڕێی تێدەچێ مەبەستی کۆمەڵە لە نامەنووسین بۆ یەکێتی شوورەوی بە دەرەجەی یەکەم پشتیوانی وەدەستهێنان بۆ داواکانی بێ بۆ ئەوەی پێشینەیەکی دوورودرێژتر بۆ ڕێکخراوەکە بهێنێتەگۆڕێ، ئەو

هەڵسووڕانانەی وا بەر لە ساڵی ۱۹٤۲ش کراون ـ لە حزبی آزادی کوردستان ـ دا لەو نامەیەیدا بۆ شوورەوی بە بەشێک لە بڕبڕدووی خۆی داناوە. وەک لە چاپەمەنییە ڕەسمییەکانی کۆمەڵەڕا جوان دەردەکەوێ، کۆمەڵەی ژیانی کورد لە ۲٥ی گەلاوێژی ۱۳۲۱ی هەتاوی(۱٦ی ئووتی ۱۹٤۲) دامەزراوە.

ئاوریلی ۱۹۹۷

## پەراوێزەکان

۱) لە ڕۆژژمێری تایبەتی کۆمەڵەی ژ.ک کە لەلایەن کۆمەڵەوە بڵاوکراوەتەوە لە ڕۆژژمێری ساڵانی ۲۲ و۲۳ی هەتاوی لەبەرەوەی مانگی گەلاوێژی ۱۳۲۲دا نووسراوە: ۲٥- جی گەلاویژ جیژنی سەرساڵی کومەلەی ژ.ک و لە بەرەوەی مانگی گەلاوێژی ۱۳۲۳دا نووسراوە: «۲٥- جیژنی سەرساڵی کومەلە».

۲) سەید محەمەدی سەمەدی کە لەگەڵ چەندێک لە هەڵسووڕێنەرانی کۆمەڵە دواوە لە نووسراوەی یەکەمیدا: «ژێ. کاف چبوو؟ چی دەویست؟ وەچی لێ بەسەرهات». مەهاباد ۱۳٦۰ی هەتاوی۱۹۸۱/ زایینی لە زمانی مەلا قادری مودەریسییەوە دەنووسێ: «ئەو تێن ومەیلە لە ۲٥ی شەهریوەری ساڵی ۱۳۲۱ی هەتاوی ڕێکەوتی سێپتامبری ۱۹٤۲ شکڵی گرت. ئەو ڕۆژە لەگەڵ پۆلێک چووینە باغی ئەمینولئیسلامی کە هەر ئێستا ئەخۆشخانەی (موبارزە باسل)ی مەهاباد لەوێ هەڵکەوتووە، وە لەوێ ئوتفەی تەشکیلاتی ژێ. کاف گوورا». مەلا قادری مودەریسی لە نووسراوەیەکی دیکەدا: نگاهی دیگر به ژ.کاف ـ از یادداشتهای شخصی یکی از بنیادگزاران جمعیت ـ به کوشش: سید محمد صمدی، مهاباد پائیز ۱۳٦۳، ۲۲ مه ۱۹۸٥ دەڵێ: «ڕۆژی ۲٥ی مورداد(گەلاوێژ)ی ۱۳۲۱(۱٦ی ئووتی ۱۹٤۲) حیزبی کۆمەڵەی ژ.کاف دامەزرا و جێژنی ساڵڕۆژی دامەزرانی لە ساڵانی ۲۲(٤۳)، ۲۳(٤٤)، ۲٤(٤٥) و ۲٥(٤٦)گیرا.

مامۆستا هەژار لەوبارەیەوە دەڵێ:

گەلاوێژەکەی بەختت لە ئاسۆ<br>
دەرکەوت چابوو ئەبووی ڕەنجەڕۆ<br>
نرخی ئەم مانگە پارەی گیانە<br>
جەژنی سەرساڵی کۆمەڵی ژیانە

۳) بڕوانە: William Eagletom Jr. *The Kurdish Republic of 1946*, Oxford University Press. 1963

ئیگلتن ی کوڕ، ڕۆژی دامەزرانی کۆمەڵەی ژیانی کوردی بە ۱٦ی سێپتامبری ۱۹٤۲(۲٥ی خەرمانانی۱۳۲۱) داناوە بەبێ ئەوەی بڵێ ئەو زانیارییەی لە کێ وەرگرتووە.

٤) د. ڕەحیمی قازی ئەو کتێبەی هەم بە کوردی و هەم بە فارسی نووسیوە. دەستنووسی فارسی کتێبەکەی لە ساڵی ۱۹۸٦ بە دەست من گەیشت. دەستنووسە کوردییەکەی لەلای چەند دۆست وناسیاوی هەیە. هیچکام لەو دەستنووسانە تائێستا چاپ نەکراون.
ڕەحمەتی ر. قازی کتێبەکەی لە ڕوانگەیەکی لایەنگرانەوە نووسیوە و بارودۆخی ئەو سەروبەندی کوردستانی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی سیاسەتی شوورەوی دا شی کردووەتەوە. ئەگەرچی ئەو بۆچوونە لە هێندێک جێ بووەتە هۆی ئەوەی لە توێژینەوە بابەتییانە و پشت ئەستوور بە سەنەد وبەڵگە لابدا بەڵام سەرەڕای ئەو کەم وکورتییەش کتێبەکەی زانیاری نەزانراوی سەبارەت بە کەسایەتی قازی محەممەد و مێژووی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تێدایە. ئەو زانیارییانەی ر. قازی لەمەڕ کۆمەڵە یەکەمجار لە کتێبەکەی ویدا باس کراون.

٥) **پەیمانی سەعداباد** لە ۱۷ی پووشپەڕی ۱۳۱٦ هەتاوی (ژووەنی ۱۹۳۷ی زایینی) لە نێوان دەوڵەتانی ئێران، عێراق، تورکیا وئەفغانستان بەسترا. لە مادەی حەوتەمی ئەو پەیمانەدا دژایەتی ئەو دەوڵەتانە لەگەڵ بزووتنەوەی کورد و بەگژداهاتنەوەی بە ئاشکرایی هاتووەتەگۆڕێ:

«مادەی۷ - (هەرکام لەو دەوڵەتانەی کە بە یەکەوە پەیمانیان بەستووە وەستۆی خۆیان دەگرن لە چوارچێوەی سنوورەکانی خۆیاندا پێشبگرن بە پێکهاتن ویان کردەوەی دەستەی چەکدار و لە دامەزرانی هەر جۆرە هەیئەت یان ڕێکخراوێکی دیکە بۆ تێکدانی ئەو دامەزراوانەی هەن و بۆ ئاڵۆزی پێکهێنان لە ئەزم و هێمنی هەر بەشێک لە خاکی هاوپەیمانێکی دیکەدا بێ (چ لە سەر سنوور و چ غەیری سنوور) و یان بۆ ڕوخاندنی حکوومەتی لایەکی دیکە.)

٦) یەکەم ژمارەی «نیشتمان» لە پووشپەڕی ۱۳۲۲( ژووییەی ۱۹٤۳) بڵاوکراوەتەوە و ئەو زانیارییەی دوکتور ر. قازی هەڵەیە. سەرچاوە: مجموعه *عهدنامەهای تاریخی ایران*، بەرگی ۳، لاپەڕەی ۲۱۷و۲۱۸.

۷) بڕوانە: غەنی بلوریان. ئاڵەکۆک «بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم» کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: حامید گەوهەری. ستۆکهۆڵم ۱۹۹۷.

۸) بڕوانە: «گزینگ»ی ژمارە۱٥، ئاوریلی ۱۹۹۷، ل.٤۰، ٤۱ و ٤۳.

۹) ئەگەرچی کتێبی غەنی بلوریان زانیاری تازەی لە مەڕ کۆمار و مێژووی حدکا تێدایە بەڵام لە بەر پەلە و بێدیقەتی کۆکەرەوە و ئامادەکاری کتێبەکە جارجار هەڵەی زۆر زەقی تێکەوتووە. بۆ نموونە «شیراز»و «کرمان» بە «هەرێمی ژووررووی ئێران» ناوبراون.

۱۰) بۆ زانیاری تازە لەسەر ڕەفتاری ڕێژیمی ڕەزاشا لەگەڵ عەشیرەتە کوردەکان و گەلی کورد بە گشتی بڕوانە کتێبی(بەتایبەتی بەندی ۱۰):
David McDowall. "*A Modern History of The Kuds*" I. B. Tauris. London 1996

۱۱) سەیفولقوزات لەو هۆنراوەیەیدا وێڕای پەسنی شوورەوی باسی دەوری گۆڤاری «نیشتمان»یشی کردووە ودەڵێ:

«کوردان کە هاتوچۆ دەکەن ئەوڕۆ بە پڕ چەکی<br>
نیشتمان زمانی وانە بە ئەمری دراویە»...

لە پارچە شێعرێکی دیکەدا کە هەر نی ئەو سەروبەندەیە دەڵێ:

«بۆچی زمانی دایکی لە ئێمە مەنع کرا؟<br>
ئەو هێندە زوڵم وزەحمەت و فەرق و جوداییە<br>
دەکرانە دیل و بوونە ئەسیرێ لە نێو عەجەم<br>
<u>هەورامی</u>، <u>سابڵاغی</u> و عێلی <u>جەلالییە</u><br>
هێندێکی بۆ عێراق و بۆ سمنان ودامغان<br>
دەستێکی بۆ شیرازێ کە جێی شێخی سەعدییە»...

وەک لە دەقی نووسراوەکەدا باسکرا حوسێنی زێڕینگەران و حەمەدی مەولوودی دوورخرابوونەوە بۆ شیراز.

لە بەڵگەنامەکانی نهێنی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی بریتانیادا FO 371/45478 (Tabriz Diary. No.8 November 1945)73277 لە زمان کەسێکەوە کە لە بۆکانەوە ڕاپۆرتی بۆ کونسوولی بریتانیا لە تەورێز ناردووە، هاتووە:

«لە ئەتیجەی حەول وتێکۆشانی تازەی حیزبی تووده بۆ ئەندام وەرگرتن لە ئازەربایجان[ لە بەشی کوردنشینی] ، نزیکەی ۱۰۰۰کەس لە ئەندامانی عەشیرەتی دێبۆکری، حەیدەری و شێخ ئاغایی و هەروەها مەلایەکی دەستڕۆیشتووی کورد، سەیفولقوزات .... (وشەیەک ناخوێندرێتەوە) [بۆ بەرپەرچدانەوەی حیزبی تووده] لەگەڵ کۆمەڵەی ژ.ک کەوتوون».

ئەگەر ئەو ڕاپۆرتە لەمەڕ ساڵی ۱۳۲۳یەوە بێ لەمەڕ سەیفولقوزات وەڕاست دەچێ. سەیفولقوزات ئەو شێعرەی خۆی لە پەسنی شوورەوی، ڕاگوێزانی کوردان و دەوری گۆڤاری نیشتمان لە مانگی ذیحجەالحرام ی ساڵی ۱۳۲۳ی هەتاوی دیسامبری ۱۹٤٤) مانگێک بەر لە وەفاتی خۆی ڕێبەندانی ۱۳۲۳ (ژانڤییەی ۱۹٤٥ی زایینی) نووسیوە. شێعرەکانی سەیفولقوزات لە ڕووی دەستخەتی خۆی کە لە لای نووسەری ئەم باسەیە نووسراوەتەوە.

۱۲) **گۆڤاری توودە.** ارگان سازمان انقلابی حزب توده ایران در خارج از کشور لە ژمارە ۱۹(تیر ۱۳٤۹)- ژووەن ـ ژوویيەی ۱۹۷۰- دەنووسێ: «لە ساڵانی ۳۹-۱۹٤۲ڕێکخراوێکی پچووک بە نێوی«حزب آزادی کوردستان»بە ڕێبەری دوکتور!! عەزیزی زەندی پێکهات. لەو ڕێکخراوەیە جگە لە بەیاننامەیەک بە بۆنەی هاتنی ئەرتەشی سوور بۆ سەرووی ئێران، کە لەودا پیرۆزبایی کراوە لە ڕزگاربوون لە فاشیزم و داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ گەلی کورددەکا، چ سەنەدێکی دیکە بە دەستەوە نییە»ل.۱۰.

### داوای لێبوردن

■ لە «گزینگ»ی ژمارە۱٦دا، لە وەرگێڕانی نووسراوەی «هەوێتی لە گۆڕانهاتووی نەتەوایەتی...» ، لاپەڕەی ۲۰، پەراوێزی ۷، هەڵەیەک کراوە. Ümet Firat et al دەبوو بە(«ئومید فرات» و نووسەرانی دی)، وەربگێڕدرێ.

حەسەنی قازی

# پەرۆشەکانی دۆزەخی ژیان
# لە ئاوێنەی گەشبینییەکی ئاوەزخوازانەدا

**س. کاوە (شەماڵ)**

- نێوی کتێب: لە پەرۆشەکانی ژیان
- نووسەر: مەسعود محەمەد
- چاپ و بلاوکردنەوە: کتێبی هەرزان، سوێد ۱۹۹۷
- سەرجەمی لاپەڕەکان: ۲۰۶
- نیگارکێش: مسعود قیصری

لە مێژووی نووسراوی مرۆڤایەتیدا لە مەڕ مرۆڤ و داهاتووی ئەم بوونەوەرە هەمیشە دوو روانگەی رەشبین و گەشبین لە پاڵ، یاخود لە بەرانبەر یەکدا وێنەیەکی جودایان نیگارکێش کردووە، بەچەشنێ کە مێژووی مرۆڤ مەیلەو هەمیشە لە ژێر تاو یان گرانایی یەکێ لەم روانگانەدا بووە. لە رۆژئاوادا ئەم کۆنتراستە باشتر دەبیندرێ چونکوو بەرهەمە فکری، هونەری، ئەدەبی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم بەشەی دنیایە تا رادەیەکی زۆر ماوە و پارێزراوە.

لە لێکدانەوەیەکی خێرادا دەبینین کە دوو جیهەتی جیاواز[1] بە تایبەت لەم سەدانەی دواییدا لایەنی گەشبینانەیان تێدا بەهێز بووە. یەکەمیان هومانیست (مرۆڤخواز)ەکان مرۆڤیان بە بوونەوەرێکی بێ هاوتا و ناوەندی لە ئەفراندنی یەزداندا دەزانی و پێیان وابوو پەروەردەکردنی ئەم بوونەوەرە کلیلی گەیشتنێتی بە داهاتوویەکی گەش و شیاو. بۆ ئەم قۆڵە دەکرێ ئاماژە بەکەسانێکی وەک ئەراسموس، مۆر، پیکۆ، دێلا میراندۆ و پێترارکا بکەین. دواتر بە ئاوەڵاندنی دەرگای زانست و تەکنیک راسیۆنالیست (ئاوەزخواز)ەکان سەریان هەڵدا کە ئاوەزی مرۆڤیان بە تاکە پێوەری راستی و هەروەها ئامرازێکی مسۆگەر لە ناسین، دۆزینەوە و پەیبردن بە هەقیقەت دەزانی. دێکارت، سپینوزا و لایبنیتس سەر بەم لایەنە بوون. ئەم دوو لایەنە مەرج نییە بە یەک قوتابخانە بژمێردرێن، بەڵام هەر دووکیان گەشبینییەکیان لە مەر داهاتووی مرۆڤ و خودی مرۆڤ تێدایە کە وێنەی لە مێژوودا کەم بووە. ئەم گەشبینییە سەرەڕای رەشبینییەک کە هەمیشە لە پالیدا بوونی هەبووە، بە تایبەت لە سەدەی پانزە تا سەرەتای شەڕی یەکەمی جیهانی دیاردەیەک زەق و فرەجار زاڵ بووە لە مەیدانی فکر و فەلسەفەی رۆژئاوادا. ئینجا ئەگەر من خۆ لەم رێڕەوانە و "ئیسم"ەکانیان بپارێزم، نەتەنیا دێکارت، بەڵکوو هێگێل، مارکس، میل، کانت و زۆر کەسانی دیکەش ئامێتەی ئەم قەوارە فکرییە دەکەم. فکرێک کە بە گشتی بەهەشتێکی بۆ مرۆڤ بە هێندێ مەرج نیگارکێش دەکرد.

لە ناو کوردەواریدا، شوێنەوار و ئاسەواری فکر نەبووە (لە ئاستی فەلسەفە و زانستدا)، ئەگەریش لەم نێوەدا بڕوایەک هەبووبێ، بڕوایەکی گەلەکی بووە کە لە بەیت، حەیران و شیعر و قسەی ئەستەقی کوردیدا خۆی دەرخستووە. ئەمیش زۆرتر بە هۆی نەبوونی دەرەتان و نەرەخسانی هەلی سیاسی، ئابووری، فەرهەنگی و... ژیانی ئاستەم و دژوار و شەڕە هەمیشەییەکانی کورد لە تەک یار و نەیارانیدا، سێبەرێکی رەشبینی خستۆتە سەر دنیابینییەکەیەوە. دیارە رەنگ و تاوی ئیسلامیش وەک ئایینێک ئەم رەشبینییەی خەستتر کردووە. ئەگەریش سەیری بواری سیاسەتی رۆژانە یاخود سیاسەت بە گشتی بکەین دەبینین ئێمە خەیاڵکار، ساویلکە و ئۆتۆپیستمان زۆر بووە، بەڵام بە دەگمەن تووشی هۆمانیست و ئاوەزخواز دێین. ئەمەش بۆ بارودۆخی کورد رەنگە شتێکی سروشتی بێت نەک ریزپەڕێن.

لەم نێوەدا **مەسعود محەمەد** یەکێکە لەم بیرکارە دەگمەنانەی کە نە تەنیا دوور و نامۆیە لە رەشبینی بگرە نموونەشی وەک رۆشنبیرێکی پاسیفیست (بەمانای ئایەتیی ئەم وشەیە)، گەشبین و ئاوەزخواز کەمە[2]. مامۆستا م. محەمەد ئۆتۆپیاخواز نییە و لەمیش گرینگتر، لەم کەسایەتییە دەگمەنانەیە کە بیرورایەکی رەسەنی هەبووە. مەخسەدم لە رەسنیش ئەوەیە کە سەر بە قوتابخانەیەکی تایبەتی رۆژئاوا نەبووە، بەڵکوو هەوڵی داوە وەک کوردێک بە ئاکام و رێگەیەکی کوردی بگات و وشکبینانە تیۆرییەکانی رۆژئاوایی بەسەر واقیعی کورددا نەچەسپێنێت.

لەم رۆژانەدا کتێبی *«لە پەرۆشەکانی ژیان»* دوای چەند ساڵێک چاوەڕوانی لە سوێد، لە لایەن کتێبی «هەرزان»ەوە چاپ و بلاو بۆوە. ئەم کتێبە کە پێشتر بە عەرەبی لەژێرناوی «من *هموم الحیاة*» لە ساڵی ۱۹۸۸ ؟دا بلاوبووبۆوە، لە لایەن نووسەر خۆیەوە کراوەتە کوردی. هەرچەند من لە خۆم رانابینم باسی زمانی مامۆستا بکەم، بەڵام دیسانیش هەست دەکەم وەرگێڕانەکە هێندێ پەلەی تێدا کراوە و داڕشتنەکان لە هێندێ شوێندا رەنگی عەرەبیان پێوە ماوە و رستەکان هەمیشە بە شێوەیەکی کوردانە دانەشکاون.

*«لە پەرۆشەکانی ژیان»*، لە سێ وتاری سەربەخۆ پێکهاتووە. وتارەکان بریتین لە: "لە پەرۆشەکانی ژیان" (۱۱۲ل)، "گەردماڵێک لە تەوێڵی خۆر" (۲۷ ل) و "وتووێژی دالەنگاوم لەگەڵ شەڕ" (٤۷ ل).

*«لە پەرۆشەکانی ژیان»*، رەخنە و بەرەنگارییەکە لەگەڵ توتالیتاریتی/تێکراخوازی، ئۆتۆپیا و روانگەی جەبرخوازانە و یەکسانخوازانەی مارکسیستەکان (هەرچەند نووسەر بە ئاشکرا ناو ناهێنێ، بەڵام ئیشارەتەکان دیارن روویان لە چ لایەنێکە). لەم وتارەدا مامۆستا مەسعود، ئەم بۆچوونە مارکسیستییە بەرپەرچ دەداتەوە کە «تناقض» هاندەری پێشکەوتنی کۆمەڵگایە. دامەزراندنی کۆمەڵگایەک کە لەودا جودایزی و دژایەتی نەبێ، کارێکی مەحاڵە و هەر چەشنە کۆششێک لەم بوارەدا و بۆ ئەم مەبەستە خۆی لە خۆیدا دەبێتە بەرهەمهێنەری سەرەڕۆیی. هەروەها م. محەمەد لە روانگەی کوردێکی لیبراڵ داکۆکی لە مرۆڤ و توانستی ئاوەزی مرۆڤ لە یەکالاکردنی کێشەکاندا دەکات و گرینگییەکی تایبەت دەداتە رۆڵی پەروەردە کردن و

فێرکردن.

مامۆستا مەسعود لە بۆچوونەکانیدا جەختێکی زۆر لە سەر ئاوەز دەکا. ئاوەز دەتوانێ چارەسەری کێشەکان بکات ئەگەر لەم رەوتەدا بە دروستی کەڵکی لێوەرگیرێت. گەڕانەوە بۆ خودی مرۆڤ وەک سەرچاوە و ناوەندی هەموو شتێک و پەسندکردنی جیاوازی نێوان ئەم مرۆڤە بە هەموو رەگەز و باوەڕەوە و کـردنەوەی دیالۆگ لە بری شـەڕ و دژەکـاری یەکـدی، لە گۆشەنیگای نووسەرەوە یەکێکە لە رێگە هەرە گرینگەکانی گەیشتن بەم مەخسەدە.

ئەم وتارە داکۆکییەکە لە تاکخوازی، لیبرالێتی، ئازادبیری و دێمۆکراتی. لەم رەوتەدا تەنیا لایەنی چەپ نییە کە رەخنەی لێ دەگیرێ، بەڵام وەک فکر، ئەمە مارکسیسزمە کە دەکەوێتە بەر رەخنەی فکری م. محەمەد. وتارەکە هێندێ رەخنە هەڵدەگرێ کە من لە کۆتایی ئەم نووسینەدا ئاماژەی پێدەکەم.

وتاری دووەم دەربارەی «محەمەدی خەتێ»یە. خەتێ لە مێژووی ئەم دواییانەی کوردیدا، زۆرتر وەک خاین باسی لێوە کراوە. چونکوو لە هێرشی عوسمانییەکان بۆ سەر ئەمیری سۆران، داوای لە خەڵک کردووە بەرەنگاری لەشکری عوسمانی نەکەن. لەم وتارەدا مامۆستا بە شێوەیەکی ژیربێژانە دەکەوێتە داکۆکی کردن لە محەمەدی خەتێ و بەم شێوەیە داکۆکی لە روانگە و کردێک دەکات کە لە ناو کوردەواریدا نە تەنیا باو نەبووە، بەڵکوو بگرە زۆرجاران وەک شوورەیی سەیری کراوە. لەلایەک نووسەر داوامان لێدەکا بە پێوەرەکانی ئیمڕۆ کەسێ لە رابردوودا بە خاین تاوانبار نەکەین و لە هەمان کاتیشدا نیشتمانپەروەری تەنیا لە بەقوردان و بنبڕکردنی نەتەوە و ژمارەی شەهیداندا نەبینین. هەرچەند من وەک خوێنەرێک ئاگاداری باری مێژوویی و بەڵگە و فاکتۆرەکانی ئەم بابەتە نیم، بەڵام هێزی لۆژیکی م. محەمەد لەم وتارەدا، دڵنیاییەک بۆ رەوایەتی روانگەی نووسەر دەخولقێنێت. یەکێ لە بنچینەکانی بۆچوونێکی ئەوا لە هومانیزمی نووسەرەوە سەرچاوەی گرتووە، بەم واتایە کە نووسەر ئامانج بە شتێک نازانێ کە هەموو شتێک لە پێناویدا فیدا بکرێ؛ بەڵکوو لەم بوارەدا دەبێ هەڵسەنگاندنێک هەبێ لە قەدەر و بەپێی رووکاری کێشەکە بایەخی بۆ دابندرێ. بەتایبەت مرۆڤ تەنیا ژمارە نییە کە هەروا بە سانایی لیستەیەکی لێ دروست بکرێ و رەوایەتی پێ بخولقێ. لەم بۆچوونەدا مامۆستا ئەم خاڵە بەرجەستە دەکا کە بەشێکی وێرانیی کوردستان دەگەڕێتەوە وەباڵی ئەو سەرکردانەی کە گیانی مرۆڤ بە کەم دەگرن و ئازایەتی تەنیا لە مەیدانی شەڕدا دەبینن و سیاسەتزانی و دووربینییان نییە.

وتاری سێیەم دەربارەی شەڕ بە گشتی و شەڕی ئێران و عێراق بەتایبەتی و هێندێ لایەنی ئەم شەڕەیە کە دیارە لە سەر داخوازی رۆژنامەی *"الثورە"* نووسراوە، بەڵام عوزریان هێناوەتەوە و بڵاویان نەکردۆتەوە. ئەم وتارە لە سەرەتادا نەفرینێکی هەموو چەشنە شەڕی تێدایە و نووسەر وەک ئاشتیخوازێک دەکەوێتە هێرش بۆ هەموو چەشنە شەڕێک. بەڵام هەلومەرجی نووسینی ئەم وتارە و باری عیراق لە ١٩٨٨دا بواری ئەمەی نەداوە ئەم وتارە بتوانێ بە سەربەستی بنووسرێ. سەرڕای ئەمەش من پێموایە هێندێ لایەنی رەخنەیی تێدایە کە رەنگە زۆر کەس بوێری ئەوەیان نەبێ لە عیراقدا بینووسن. بەهەمە حاڵ، بەش بەحاڵی خۆم پێموایە دەکرا و باشتریش بوو ئەم وتارە لە کوردییەکەیدا وەلانرابا و کتێبەکە خۆی بە دوو وتاری پێشوو بڵاو ببایەوە. من پێموایە ئەم وتارە سەنگ و کێشی کتێبەکەی دابەزاندووە، هەر چەند رەنگە لە عەرەبییەکەیدا وانەبووبێ.

**چەند تێبینییەک سەبارەت بە *"لە پەرۆشەکانی ژیان"***

نووسینی بابەتی تیۆری لە کوردیدا کەمە، بەتایبەت نووسینی کوردی و تیۆریک. دیارە لەم دواییانەدا لەو بوارەدا هەنگاوی زۆر هەڵگرتراوە، بەڵام ئەم نووسینانە لە رووبەکەوە کوردی نین، بەم مانایە کە فکرەکە وەردەگێڕدرێتە سەر کوردی و لەم وەرگێڕانەشدا رواڵەتی باسەکان بە ئێمە دەگات. ئەمە لە حاڵێکدایە کە نەتەنیا کوردی، بەڵکوو تەنانەت ئینگلیزی بۆ وێنە لە وەرگێڕانی هەیدگێر و نیچە دوچاری ئاڵۆزی و گرفتێ، ئەم زاراوانە لە زمانی عەرەبی و فارسییەوە بەبێ گرفت دەبنە کوردی. بەڵام ناوەرۆکی ئەم زاراوانە زۆرجاران تەنانەت بۆ وەرگێڕەکانیش نادیار و ناناشنان. ئەمە گرفتێکی زمانە و زمانی کوردیش بەتایبەت بە هۆی خاویی و کرچ و کاڵیی لە بواری ئابستراکت و زانستیدا هەموو لەشی گیرۆدەی ئەم گرفتەیە.

لە نووسینەکانی مامۆستا مەسعود(بۆ وێنە: مرۆڤ و دەورووبەر، *نامەیەک بۆ ئەمیری حەسەنپوور* و هتد) هەمیشە لایەنێکی فکری ئامادە بووە و نووسەر ویستوویەتی فکرەکان کوردی بن و بە کوردی بنووسرێن. جا ئەگەریش لە کتێبێکی وەک «*لە پەرۆشەکانی ژیان*» وتارەکان لە هێندێ شوێن تەفسیلیان پێوە دیارە کە تایبەتمەندییەکی زمانی ئێمەیە، بەڵام لە هەمان حاڵدا باسێکی فکرییە کە بە کوردی نووسراوە و کراوەتە کوردی. ئەم کوردیبوونی فکرەکە تێگەیشتنی هاسانتر دەکا، تەنانەت لەم شوێنانەی کە نووسەر راستەوخۆ لە ژێر تاوی هێندێ بیروبۆچوونی بیرکارانی رۆژئاوادایە. ئەم چەشنە نووسینانە یارمەتی زمانەکەمان دەدەن و رسکانی زمانیش لەم ئاستەدا راستەوخۆ مەیدان بۆ بەقووڵاییدا شۆڕبوونەوەی فکر و بیر دەکاتەوە.

*"لە پەرۆشەکانی ژیان"* وتارێکی رەخنەیی یە لە فەلسەفە و فکری مارکسیستی، بەڵام بە بڕوای من لە زۆر شوێنان ئەم مارکسیزمە دادەکشێرتە نزمەئاستی پارتە سیاسییەکان و هەروەها هێندێ دیاردەی ناحەز کە لە بنەڕەتدا ریشەی لە کولتووری ئەم وڵاتانەدا هەیە و لە دواکەوتوویی عەشیرەییەوە زنەی کردووە، دەخرێتە پاڵ مارکسیزمەوە. لە هەمان حاڵدا لە کەم شوێن مارکسیزم وەک فەلسەفە یاخود سیستمێکی ئایدیۆلۆژییانە خراوەتە بەر رەخنەوە. بەشێکی زۆری رەخنەکان بە بڕوای من لە شوێن خۆیانن، بەڵام ریشەی دیاردەکان لە شوێنی دیکەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەروەها هێندێ لایەنی فکریی مارکسیستی جیا لەوەی کە ساکاراندراوە، بە زێدەڕۆییشەوە بەرجەستە کراوە. ئەمە بە واتای نکۆڵی لە خەسڵەتی توتالیتاریستی ئایدیۆلۆژی مارکسیزم نییە، هەروەها ئەمە بە مانای حاشا لە ئەنجامە دزێوەکانی دەسەڵاتداریی چەپەکان چ لە وڵاتە سوسیالیستییەکان و چ لەو وڵاتانەی بە دوای دەسەڵاتەوە خەباتیان دەکرد نییە، بەڵام لە نووسینێکی ئاوادا دەبێ دوو لایەنی سیاسەتی رۆژانەی پارتەکان ــ با مارکسیستیش بن ــ و فەلسەفەی مارکسیستی لێک جیا بکرێنەوە و ئینجا بکەونە بەر رەخنەوە.

چونکوو ئەم دوو دیاردەیە دوو رەخنەی جیاواز هەڵدەگرن (وێڕای هێندێ لایەنی هاوبەش)، بۆ وێنە لە لێکدانەوەی سیاسەتی پارتێکی کۆمۆنیست لە وڵاتێکی وەک عێراق دەبێ ئەوەمان لە بەرچاو بێ کە ئەم پارتە رەنگی کولتووری ئەم وڵاتەی پێوەیە، لە راستیدا حیزبی شیوعی وەک نموونەیەک ئەوەندەی کۆمۆنیست بووە، ئەوەندەش ئیسلامی و عەشیرەیی بووە. بۆیەش وەپاڵدانی سیاسەتی ئەم رێکخراوە یان هەر رێکخراوێکی دیکە بە ئایدیۆلۆژییەک کە لە راستیدا نە زەمینەی بابەتیانە و نە پێشخانی فکری شیاوی بۆ تێگەیشتن و دەرک هەیە، هەڵەیەکی گەورەیە.

جیا لەمانە نووسەر لە روانینی بە مرۆڤ، دەرکێکی ئاوەزگەرانەی رەهای هەیە، بەچەشنێ کە مرۆڤ لە دەرەوەی ساختارە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکاندا دەبینێ. مرۆڤ وەک سوبژەیەک کە لە دەرەوەی واقیعێکدا دەژی کە خودی مرۆڤ سازدەکاتەوە. مرۆڤ راستە بەرهەمهێنەری دەورانپشتێتی بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەورانپشتی بەرهەم دێنێتەوە. ئەم روانگەیە کە ئاوەز بە کلیلی چارەسەری هەموو گرفتێک دەزانێ هەرنا لە رۆژئاوا تووشی ئەزمەیەکی زۆر بووە و مێژووی ئەم دواییانەی فکر و فەلسەفەی رۆژئاوا لە مارکس، نیچە، فرۆیدەوە گرتوویەتی تا کەسانی وەک فوکۆ، دێریدا و هتد پێشانی داوە کە مرۆڤ بوونەوەرێک نییە کە خۆناس بێ و بتوانێ دەرەوەی خۆی بە تەواوی بناسێ. مرۆڤ لە هەمان کاتدا کە گرفتاری نەناسی دەرەوەیەتی لە خۆناسیشدا گرفتارە.

دواتر، چەشنێ شیکاری ساکارانە لە جەبرباوەڕی و فێتیشیزم لەم وتارەدا بەرچاو دەکەوێ و ئازادی ویست و ئیرادە لە بەرانبەر جەبر و چارەنووسدا بەشێوەیەکی ساکار خراوەتە بەرانبەری یەکتری. هۆیەکی ئەم ساکاراندنە دەگەڕێتە بۆ قووڵنەبوونەوە لە پێوەندی نێوان ئۆبژە و سۆبژە و دەوری ئەم دووانە لە سەر یەکتری. مرۆڤ لە دەرەوەی سروشت و دیاردەکانی دەوروپشتی، بوونی نییە. مرۆڤ بەم دەورانپشتەوە مرۆڤە و راستە کە خۆی بەرهەمهێنەری بەشێکی زۆر لەم بوونانەیە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەم شتانە ئەویش درووست دەکەن و دەیخولقێننەوە. لایەنێکی دیکەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ سەر دەرکێکی نازانستی یاخود سەرێپیی لە ماتریالیزم. دیارە لەم ئاماژانەدا، هەموو ئەنجامەکانی نووسەر ناکەوێتە ژێر پرسەکەوە، بەڵام سادەکارییەک لەم لێکدانەوانەدا دەبیندرێ و هۆش و ئاوەز بایەخێکی زێدەی دەدرێتێ.

لەهەمان کاتدا لەم نووسینەدا ئەگەرچی رەخنە- زۆرجار بەهەق ــ لە روانگەیەکی ماتریالیستی یا دوگما و وشکیی توتالیتەر و ئایدیۆلۆژیکی دەگیرێ، بەڵام هیچ ئالتەرناتیڤێک پێشان نادرێ و تەنانەت ئەم ئاواتانەی کە بۆ دیالۆگ و تاکێتی باسیان لێوە دەکرێ، هەر وەک ئارەزوو دەمێننەوە. گرفتی ئێمە و وڵاتانی جیهانی سێ و چوار و پێنج کە بێ یادەوەری مێژوویی دەژین، ئەوە نییە کە دیالۆگ نییە، بەڵکوو ئەوەیە کە بۆ دیالۆگ سەرهەڵنادا. ئەگەر ئەم تاوانەش بخرێتە سەر مارکسیزم ئەوە ئێمە تاوانێکی دیکەمان کردووە. چونکوو هەر ئەوەی کە بۆ وێنە لە وڵاتێکی وەک عێراق لە بری لیبرالیزم، مارکسایەتی پتر باو دەبێ، پێوەندی بە هێندێ لایەنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەیە، کە دەبێ ئەم لایەنانە شی بکرێنەوە و بخرێنە بەر شیکارییەوە. ئەوەی راست بێ ئەوەیە کە ئێمە و وڵاتەکەی ئێمە لە دەرگانەی مۆدێرنیتە دایە و هێشتا هیچ یەک لەم (ئیسم)انە زەمینەی سەرهەڵدانیان نییە. هەرچی ئایدیۆلۆژی هەیە لای ئێمە خوێنی گوندایەتی و عەشیرەتی لە دەمارەکانیدا دەگەڕێ. مارکسایەتی ئێمە پێوەندی بە مارکسەوە نییە، بەڵکوو بە ئایین، تەسکبینی، دەردەکان و ناتوانایی لە بیرکردنەوەدایە.

هەروەها ئەوەی کە چارەسەری هەموو دەردەکان لە ئاگایی و زانیاریدا بێت، هێندێ ساکاربینینی گرفتەکانە. ئاگایی خۆی دیاردەیەکی رێژەیی و نارەهایە. خودی هۆش پێوەری سەرەکی نییە بۆ چارەسەری گرفتەکان. چونکوو هۆش خۆی پێناسێکی یەکەی نییە و ئاستێکی دیاریکراویشی نییە. ئەگەریش ئێمە رۆژئاوا لەم بوارەدا وەک سەرمەشق بێنینەوە دەبینین لەوێش هەزاران گرفتی روحی و گیانەکی، ئابووری و سیاسی، تاکی و کۆمەڵایەتی هەیە. دوو شەڕی جیهانی لەوێوە سەری هەڵدا. ئەوە رۆژئاوا بوو کە ئاشۆیتێس و داخاوی بنیات نا. هەر ئەوە رۆژئاواشە کە سەرەڕای ئەم هەمووە هەنگاوە بەرزانە لە بواری تێکنۆلۆژی، بایەلۆژی، زانست و... دا، گرفتاری راسیزم و بیرۆکراسی و هێزی گێژێنەری راگەیاندنە گشتییەکانە. ئاشکرێ ئێمە پێمان وابێ دەتوانین بە بێ ئەوەی ئەم قۆناخە فکرییانە ببڕین، بەبێ ئەوەی بتوانین فەلسەفە بکوردێنین و سیاسەت و زانست فێر بین، دەتوانین تێکنینک و لایەنە تێکنۆلۆژییەکانی ئەوان وەرگرین.

لە کۆتاییدا خوێندنەوەی ئەم کتێبە بە هەموو ئەو کەسانە پێشنیار دەکەم کە حەزیان لە دەقی کوردی لەم بوارانەدایە. ئەو کەسانەی کە تاقەتی ئەم باسەشیان نەبێ، دەتوانن تەنیا بە خوێندنەوە و سەرنجدانی زمانی مامۆستا چێژی کافی وەرگرن. ■

١) مەبەستی من لێرەدا ئاماژەیەکی گشتییە بەم دوو لایەنە، ئەگینا مێژووی راسیۆنالیزم و هومانیزم لەم ئاستەدا تەواو نابێ و ئێمە بۆ وێنە جۆرەها هومانیزمان هەیە و راڤەی جودایز لە ناوەرۆکی ئەم زاراوەیە دەکرێت، سەبارەت بە راسیۆنالیزمیش ئەم شتە دەتوانین بڵێین. لێرەدا مەبەستم جەختکردنی ئەم رێبازانەیە لە سەر گەشبینیان بە مرۆڤ و کۆمەڵگە و داهاتووی گەشی ئەمانە و بەس.

٢) ئاوەزخوازی وەک زاراوەیەک لە باسەکانی ئێستادا هەمیشە پێناسە و مانایەکی پۆزێتیڤ و ئایەتی نییە، بەشێک لەم دەردانەی مۆدێرنیتە توشی هاتووە، ئەنجامی راستەوخۆی بیری ئاوەزخوازانە بووە و ئەم دیاردەیە وەک کورتبینییەک لەلایەن هێندێ کەسەوە لێک دەدرێتەوە، من خۆم هاوبیرم لەگەڵ رەخنەگرانی ئاوەزخوازی.

**ئەم وشانەم لە بری ئەم زاراوانە داناوە:**

Individualism = تاکخوازی/ تاکبڕوایی

Memory = یادوەری /حافظە

Rationalism = ئاوەزخوازی/ئاوەزبڕوایی

Rational= ئاوەزییانە

Humanism = مرۆبڕوایی/ مرۆڤخوازی/مرۆڕەسەنی

Determinism= جەبرگەرایی، دیتێرمینیزم

Fetishism = فێتیشیزم

- ناوی کتێب: بۆنی تاریکی
- بابەت: کورتە چیرۆک
- نووسەر: فەرهاد شاکەلی
- قەوارە: مامناونجی، ١٢٤ لاپەڕە
- چاپ: چاپی یەکەم، سوێد ١٩٩٧
- بلاوکراوە: چاپخانەی ئاپێک

## پێداچوونەوەی کتێب

**هاشم ئەحمەدلازادە**

*«بۆنی تاریکی»* نە لێکۆڵینەوەیە و نە کۆمەڵە شێعری نوێی کاک فەرهاد شاکەلی، بەڵکوو کۆمەڵێک کورتە چیرۆکن کە نووسەر وێڕای پێشەکییەکی کورت بلاوی کردوونەتەوە. ئەوە بۆ کەسانێک کە شارەزای بەرهەمە شێعریی و ڕخنەیی و وەرگێڕاوەکانی فەرهاد شاکەلی بن، ڕەنگە لە یەکەم چاوپێکەوتندا سەیر بنوێنێ. دوای پتر لە بیست وپێنج ساڵ نووسین، یەکەم جارە نووسەر لە بواری چیرۆکدا قەڵەمی خۆی بە تاقیدەکاتەوە. ئەوە لە کاتێکدایە کە نە خۆی بە «چیرۆکنووس دەزانێ و نە دەشیهەوێ ببێت بە چیرۆکنووس». سەرەڕای هەبوونی خاڵی هاوبەش لە باری فکری وناوەرۆک و تەنانەت فۆرمیشەوە لە نێوان ئەم چیرۆکانە و بەرهەمە شێعرییەکانی شاکەلی، ئەمجارە ژانرێکی دیکەی ئەدەبی بووەتە ئامرازی دەربڕینی ڕەنگ وبۆی بیر و جیهانبینیی نووسەر.

*«بۆنی تاریکی»* بریتی یە لە ٩ کورتەچیرۆک، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٨٢-١٩٩٧دا نووسراون. نووسەر چیرۆکەکانی بەپێی ڕێکەوتی نووسین ڕیز نەکردوون و وێناچێ هیچ پێوانەیەکی بۆ هەڵبژاردنی چیرۆکەکان بە دووی یەکتردا ڕەچاوکردبێ. چونکە تەرتیبی کرۆنۆلۆژیکی چیرۆکەکان ئەو ئیمکانەیان بە خوێنەرەوە و ڕەخنەگر دەدا کە بتوانن پرۆسیسی گۆڕانکاری لە شێوە و ناوەرۆکی چیرۆکەکاندا باشتر بدۆزنەوە و دەستنیشانی بکەن.

*«بۆنی تاریکی»* نە «نیگار...» و «ژێ»یە ونە «هەوراز» و «ڕووبار...»ە، بەڵکوو «پرۆژەی کوودەتایەکی نهێنی»ی تازەیە کە نووسەری هەژاندووە بۆ دەربڕینی ئەو باوەڕ و فکرانەی کە شێعر نەیتوانیوە بە هانایەوە بێ، یان دەرۆستی بیرەکانی بێ.

پێنج چیرۆکی: (قەحپە وشەهید)، (میرزا)، (کابرای بێگانە)، (قۆندەرە) وْ (تەرم) لە ڕوانگەی یەکەم کەسەوە نووسراون و سێ چیرۆکی: (ڕازخانەی گومان)، (دوو ڕووداوی مێژوویی) و ( یەک لە دوای یەکەکانی سەردەمێکی لیخن) لە ڕوانگەی سێهەم کەسەوە و چیرۆکی (نوورە شەشە) تێکەڵاوێکە لە هەردوو ڕوانگە. لە نۆ چیرۆکی «بۆنی تاریکی» دا تەنیا (یەک لە دوای...) لە شام (سووریا) نووسراوە و ئەوانیتر هەموویان لە سوێد نووسران.

هونەرمەند لە بەرهەمی هونەریی خۆیدا دنیایەک دەخوڵقێنێ کە ئەم دنیا خوڵقێندراوە بۆ خوێنەرەوە دەبێتە سەرچاوەی کۆمەڵێک پرسیار: ستروکتور و بناغەی ئەم دنیایە چییە؟ کەموکوڕی و ئیمکانیاتی ئەم دنیا خوڵقێندراوە کامانەن؟ میکانیزمی پێوەندیی تۆوەکانی ئەم دنیایە چۆنە؟ ئایا ژێربێژانەن؟ بە دوای پرسیارگەلی لەم چەشنە پرسیارێکی سەرەکیتر دێتە ئاراوە و ئەویش ئەوەیە کە جیهانی خوڵقێندراوی هونەرمەند و ئەو دنیا ڕاستەقینەی کە خۆی تێیدا دەژێت، چ پێوەندییەکیان هەیە؟ ڕەنگە جیاکردنەوەی ئەم دوو دنیایە ئاسان نەبێ، بەڵام بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمی هونەرمەند، ئەوە پێداویستییەکی بەرچاوە کە دەبێ سنوورەکانیان دیاری بکرێ.

ئەوەی خوێنەرەوە هەوڵی بۆ دەدات بیبینێ شێوەی ڕوانینی نووسەرە لە دنیا. ئێمە هەموو دنیا لە ڕوانگەی خۆمانەوە دەبینین و شێوە نۆڕینی هونەرمەند لە دنیا دەتوانێ زۆر گرێپووچکە و پێچەڵپێچەڵیی ژیانمان بۆ ڕوون کاتەوە. (یەک لە دوای یەکەکانی...) خەمە تاریکەکانی هەرەسی پێوە دیارە و کۆنتراستی دنیای ژیرانەی برا بچکۆڵەیە و دنیای تەسلیم بوونی کاکی گەورە، کۆنتراستی دووری ونزیکی یە لە زەوی.

نووسەر مەودا دەگرێ ولە زەوی دووردەکەوێتەوە. زەمان تێدەپەڕێ. ڕەنگە پەنابردن بۆ بیری منداڵی مەرهەمێک بێ بۆ دنیای خەمباری دووری. پێڵاوە سوورەکانی وەک یەکەم بیرەوەری ژیانی دە هانای دێن. بەڵام کوا سیاسەت، واز لە نووسەری دنیای بەشخوراو و دواکەوتوو دێنێ؟ تەنانەت بیری منداڵیش ئالوودەی کێ بەرکێی دەستەڵات دەبێ. (قۆندەرە)دەبێتە سەمبولێک بۆ دەربڕینی هێندێک هەڵوێستی سیاسی. گۆڕینەوەی پێڵاو لەگەڵ سەرکردەی پارتێکی کۆمۆنیست و بوونە بەڵای ئەم پێڵاوە پاژنە بەرزانە، تەنیا گرۆتێسکێکی ئەدەبی یە و کاتێک پێڵاوی ئێرانی لە پێی سەرکردیەکی کۆمۆنیستی عێراقیدا دەبینێ، ئیتر ناحەزیی ئەم گرۆتێسکە هێندەی دیکە زەق دەبێتەوە.

ئەگەر بێداری ناتوانێ دەرۆستی حاڵیبوونی ئەم شەوگارو ڕۆژگارە بێت، ئەگەر ڕووناکی ناتوانێ پەردەی ڕەشی ونبووەکان بدڕێت، دەبێ پەنا ببەینە خەو و لە دڵی تاریکیدا داو بۆ خەونەکانمان دابنێینەوە، بەڵکوو کولانەیەک

ڕووەو شەوستانی ڕابردوو دە هانای دنیای گێژوویژمان بێت. ڕابردووش هەروەکوو سەردەمی قەومانی خۆی ئاڵۆزە وناهێڵێ نە خەومان خەو بێت و نە بێداریمان بێداری. لە نێوان خەو و بێداریدا «کابرای بێگانە» هەڕەشە لە تەواوێتی کەسایەتیمان دەکات و گەرەکییە کەرامەتمان پێشێل کات. نەخۆشی و قەڵسی و بێهێزی ولاوازی، هیچیان ناتوانن پێشی دەستکردنەوەمان بگرن و تەنانەت ئەگەر بە مست وپێلەقە ونووکەشەقیش بێ دەکەوینە وێزەی کابرای بێگانە.

دیسان خەون دەبینین «میرزا»گاڵتەی بە کوردایەتی ئێمە دێ و ئەمجارەیان دەری نابڕێ. ئێمە هەر دڵنیگەرانین، لە هەموو شت دەشک داین. پەنجەرەی کراوە، ڕەنگی پەردەی پەنجەرە و چوونە دەری ژن بە تەنیا و بەجێهێشتنی کچی بچکۆلە لە ماڵ. میرزا کێیە؟ لێرە لە دوورەوڵاتی خەونەکانمان هەموویان بۆن وبەرامی وڵاتیان پێوە دیارە. وڵاتی ترس وناهێمنی، وڵاتی دەستەڵاتی پیاو، وڵاتی ستەمی دوو و سێ و... لایەنە لە ژن، وڵاتی بڕیاری پیاوی لە قەفەسدا بەندکراو. ئێمە بەپێی خەونەکانیشمان بنج وبنەوانمان، سەرەڕای گیرسانەوەمان لە دوورەوڵاتی، لە شوێنی فرچک گرتنمان واتە لە وڵات دایە، کەسایەتی وهەڵوێستیشمان لەگەڵ ژن بەرهەمی هەمان گەورەبوون و فێربوونە.

وڵات وەک هەموو شوێنەکانی تری ئەم دنیایە تووشی گۆڕانکاری هاتووە و دێ. ژیانی بەشەرم وحەیای لادێ بەهاتنی «نوورەشەشە» و فاتەی دایکی بۆ شار، دەکەوێتە دەست گێژەڵووکەی ژیانی پڕ هەرا و هوریای چاوەڕێنەکراو. لێرە لە شار ئیتر خەبەرێک لە دیانەت و نامووس و شەرم و شکۆ نییە. خەڵک بۆ میزکردن نەبێ سەر بە مزگەوتدا ناکەن. لە دیواری ئاودەستخانەی مزگەوتەکان شتی وا سەیر وسەمەرە نووسراوە، کە سەربەقوڕ دەتهێننێتە پێکەنین. نوورەشەشە بۆ بەخێوکردنی خۆی ودایکی سەرباری منداڵێتی، دەبێ پەیژەی بەرەوپێشەوەچوونی ژیان بپێوێ. لێرە لە شار هەموو شتێک دیمەنێکی تری هەیە. حەیا لە ڕووان تکاوە. زمان سنووری «تابۆ»کان دەشکێنێ و حەرێمی ڕەوشت وئەخلاق تەواو تێکدەشکێنێ. خەونەکانی خێروخۆشیی ژیانی شار و تام و چێژی لوولەکەواو وا بەهاسانی وەدینایەن. کە هاتیشیە ناو ئەم دنیا شلووقە ئیتر هاوار بە ماڵم و چیم بە خۆم کرد هیچ فایدەیەک نابەخشێت دەبێ ڕابێی. ئەگەر جارێک و دووجاریش خۆت لە دستی حەسەنی تەنەکەچی دەربازکەی و خۆڕاگری، سەرەنجام دەبێ خۆ بە دەستەوە بدەی و لەبەر بلە زۆرابی شۆفیر و هەتیوباز دانوێنی کە بە کەیفی خۆی لە گەڵت بکا وهەموو ئازارێک بکێشی، چونکە «ئەمە ڕێگەی گەورەبوون و پێگەیشتنە». نوورەشەشە دەبێتە وەستا نووری و سەکنەکەی منداڵێکی دە دوانزە ساڵانەیە. وێدەچێ ئەم سیکلە شوومە هەروا بەردەوام بێ و ڕێگەی گەورەبوون و پێگەیشتن لەگەڵ دەرد و مەینەت وئازار تێکەڵاوبێت.

ئەگەر لێرە لە دوورەوڵات دەنووسین، دنیای چیرۆکەکان هێستاش دنیای منالی و لاوێتیی تێپەڕیوو لە وڵاتە. ئەم نۆستالژییانە ئارامان دەکەنەوە. سەرێک لە شاری کفری دەدەین و دڵێک دەدەین بە «دوو ڕووداوی مێژوویی». وەزیری دەوڵەت لە بەغداوە دێتە سەردان و شار دەورووژێ، تۆش لە گەڵ خەڵک دەڕۆی بۆ پێشوازی وەزیر. بەڵام کەی ئەمە ئەو ڕووداوە مێژووییەیە کە بتوانێ کولوکۆی هەست وبیرەکانی ئێمە دامرکێنێ. ئەوین لە مەڵبەندی ئێمە هەوادیەکی حەوڕەنگە بە دەوروبەری چاوبڕکێیەکدا دەتنرێ. بۆ خولقاندنی ڕووداوی ڕاستەقینەی مێژووی خۆت، وات بەدڵدا دێ کە ڕاوەستانی ئێرە بێ سوودە و دەبێ ڕوو بکەیە ماڵی ئەو ناسیاوەی کە پێشینەی چاوبڕکێت لەگەڵ کچە چاو باشقاڵەکەیان هەیە. گۆشەیەکی خەڵوەت وپەنایەکی بێدەنگ، دوور لە چاوی ئەغیار. هەوڵێکی بە بەرنامە و پڕ لەخۆف و ترس، ئاکام یەکدوو ماچ و ئەوە دەبێتە ڕووداوێکی کاریگەر و دیاردەیەکی مێژوویی و دەچێتە ناو دەفتەری ڕۆژنامچەکەت. ئیتر بە دوای ئەمەدا کاتێک بە خۆت دەزانی ملی ڕێگات گرتووەو بەرەو ماڵی ناسیاوەکەت هەنگاو دەنێی. تۆ ئەگەر سەر و سەودات لەگەل فەلسەفە و فەلسەفەبازیشدا هەبێ، هەر ناچاری لە فەزای ئەم کولتوورەدا بەم شێوەیە بجووڵێیەوە. تۆ وەک پیاو دەستپێشخەری و دووماچیش لە ژیانی تۆدا هێندە گرینگن کە دێنە ناو دەفتەری بیرەوەرییەکانت.

لێرە لە دوورەوڵات بیر لە بەسەرهاتی وڵاتەکەت دەکەیەوە، دێتەوەبیرت ئەوکاتە کە منال بووی ناوەپیرۆزەکان چەندە لە لات بەڕێزبوون. کاتێک ناوی شەهیدت دەبیست مووچڕک بە لەشتدا دەهات. بەڵام ئێستا بەجۆرێکی تر بیردەکەیەوە. هەستت لەوەی جارانی منالی جیاوازە. بۆیە دەوێری ناوی«قەحپە وشەهید» لای یەکتر دابنێی و لەوە نەترسی نەیاران چیت پێدەڵێن. ئەوە لەبەر ئەوەنییە دۆست و هاوڕێ و برادەرانی گیانبەختکردووت لەبیرچووبێتەوە و لەبەر ئەوەش نییە دوورە وڵاتی لە خۆت بێخودی کردبی. هۆکاری ئەم بیرگۆڕییەش هەر لە وڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ. هەر لەوێیە کە شەهیدان بوونەتە ژمارە. هەر لەوێیە شەهید بووەتە پاساوەدەری هەڵوێستی پارتە سیاسییەکان. تۆ تەنیا نیت. تۆ هاودەنگی لەگەڵ مامۆستایەکی شەهید کە لە کۆڕی ڕێزگرتنی خۆیدا زیندوو دەبێتەوە و قسەت لەگەڵ دەکا. ئێوە بەیەکەوە دەبینن چۆن بەڕێوەبەری کۆڕی مامۆستای شەهید قەحپەیەکە. تۆ و مامۆستای کوشتەی دەستی ئەوان بە نیشانەی پرۆتێست و نارەزایەتی لەگەڵ ئەم کەش و فەزایە کۆڕەکە بە جێ دێڵن و دەچنەدەرێ.

کە پتر لە کارەساتەکانی ئەم ڕۆژگارە ورد دەبییەوە، ناتوانی باوەڕبێنی هۆی هەموو گیروگرفتەکان هەر دنیای دەرەوەی تۆیە. تۆ سەفەرێک بۆ ناخی دەروونی خۆت دەکەی و هەوڵ دەدەی لەم سەفەرەی محاڵەدا وەک هونەرمەندێک خۆت بدۆزیەوە. وەسفی حاڵی دەردەدارانەی خۆت دەکەی و لە «ڕازخانەی گومان»دا کۆمەڵە دیاردەیەکی فەلسەفی و وجوودی شیدەکەیەوە. ئەوەتا چوارپێنج ساڵێکە تووشی دەستپاچەیی و گومان هاتووی و دەتهەوێ بزانی بۆچی دەرد دەکێشی. ڕووالەت وای پێشان دەدا کە تۆی هونەرمەند هەموو کارێکت لە دەست دێ وماندووبوون نازانی، بەڵام خۆت لە ناوەوە هەست بە تووڕەبوون و دەرد وگومان دەکەی و دەزانی ئیتر ئەمجارە بە هاسانی دەرچوونت نییە، مەگەر هێزێکی نائاسایی دەفریات بێ. سێکوچکەی هونەر و ئازادی و ژیان گەمارۆی کوانووی دڵی تۆیان داوە و بەراوردی ئێستا و ڕابردووت دەخاتە گێژاوی مان ونەمانی خۆت و هونەرەکەت و ئازادبوونەکەت. لە گەڕان بەشوێن هۆی ئەو شپرزەیی و ئاڵۆزییەدا، ئەم ژیانە تاریک و نووتەکەیە، ژنهێنانت وەک هۆیەکی کارتێکەر بەبیردادێ. هۆیەکی تری زۆڵەبیری گومان لە ئەندێشەی تۆی ←

هونەرمەندا گۆوران و دروستبوونی پزێک، تازەمرۆڤێک لە هەناوی ژنەکەتدایە. کیژێکی جوان و ناسک لە کتێبخانەی گشتی دەبینی، دەردکێشانەکەت پەرەدەستێنێ و تووشی ئازارێکی لەوەی جاران قورستر و ڕەشتر و ئاڵۆزتر دەبی. تۆ دەبێ لە نێوان ژنی پێشووت و کیژی تازە ناسراودا، یەکێکیان هەڵبژێری. لەناو دنیای بیر وهەڵسەنگاندن و لێکدانەوەدا، دووهێزی دژ بەیەک، دوو ویستی تەواو لەیەک دوور دەتخەنە دووڕێیانی هەڵبژاردن. ئەمەش شتێکە کە لە دەستت نایە.

بیرکردنەوە کۆتایی نییە. وەڵامی پرسیارگەلی لە کوێوەهاتن وبەرەوکوێ ڕۆیشتن، بەردەوام شەقڵەکانی مێشکت دەشکێنێ. تۆ«تەرم»ێکت بە کۆڵەوەیە و نازانی بەرەو کامە شوێنی ئەم جیهانە هەنگاو دەنێی. لە زەمان و شوێنێکی نادیارەوە بەرەو شوێنێکی نادیارتر وەڕێدەکەوی. بابت دەمرێ و درێژەدانی ڕێگا بۆ تۆی کوڕ بەمیرات دەمێنێتەوە. بەڵام کوڕ چی دەکەی و بۆ کوێ دەڕۆی؟ ئەوە نییە هەر لە بیدایەتەوە ڕوون نییە بەرەوکوێ هەنگاو دەنێی. نۆ ڕۆژ بە ڕێگاوەی، پێنج ڕۆژ لەگەڵ باوکت و چوار ڕۆژیش لەگەڵ تەرمەکەی. ئەگەر لەسەرەتادا هەر ڕێگا و مەبەست نادیار بوو، باش بوو تۆ تەنیا نەبووی و باوکت لەگەڵ بوو. ئێستا تەنیایی وتەرمی گەنیوی باوکیشت سەرباری دەردە. دەبێ لەم میراتە دووركەویەوە. دەبێ بڕۆی بەرەو ئاوایی و ئاوەدانییەک. دەبێ کەسێک بزانێ تۆ ماوی. کە باوکت زیندووبوو، خەوێک هەبوو، پشوودانێک هەبوو، هەرچەند لە خواردن قسەیەک نەبوو! لە دنیای تۆی کوڕدا ئێستا لە دیمەنی جوان وهیوا هەواڵێک نییە. دایکت قەت بە خەیاڵتدا نایە. ئاخر میرات هەر لە بابەوە بۆ کوڕ بە جێ دەمێنێ وڕێگاش هەر باوک هەڵیدەبژێرێ. بۆیە ڕەنگوبۆی بەسەرهاتی تۆش وەک ڕەنگوبۆی تەرمی باوکت پیاوانەیە. تۆ دەبێ بڕیار بدەی وتەرمی بابت بە جێ بهێڵی. ئەگەرچی دژوارە بەڵام ئەگەر نەڕۆی تۆ وبابت جیاوازیتان چییە؟ ئەگەر نەڕۆی کێ دەزانێ ماوی؟

ئەگەر هەموو ژانرەکانی ئەدەبی، خاوەنی پێودانێکی هونەری و تایبەتمەندییەکانی خۆیانن، کورتە چیرۆک(Short Story)یش پێناسەی جیاواز و بەرچاوی خۆی هەیە. لە ڕاستیدا گرفتی دەستنیشانکردنی سنوور و ناسنامەی چیرۆکی کورت گرفتێکی سەرنجڕاکێشە. لێرەدا ئەوە تەنیا چیرۆک نییە دەبێ شیبکرێتەوە کە چییە و چۆن دەگاتە ئاستی هونەر، بەڵکوو «کورت»یش دەکەوێتە ژێر پرسیاری چۆنیەتی و ڕادەی کورت بوون. بە دوای دیاریکردنی سنووری درێژی و کورتیی چیرۆکدا بۆ ئەوەی لە شێوەکانی تری نووسینی تێکست وەک ڕۆمان و ڕۆمانی کورت جیابکرێتەوە کۆمەڵێک دیاردەی لەبەرچاوگیراوی تر زەق دەبنەوە کە شێواز(Style) و ناوەڕۆک دووی هەرە گرینگیانن. من پێموایە هێندێک لە تێکستەکانی «بۆنی تاریکی» بە پێودانی ناسنامەی کورتەچیرۆک، کورتی دێن و ناچنە نێو خانەی چیرۆکەوە و بگرە پتر لە گێڕانەوەی بیرەوەری دەچن و مۆری پەخشانێکی ساکاریان پێوەیە. چیرۆکی کورت ئامرازێکی گرینگ و پڕبایەخە لە دەستی ڕەخنەگری ئەدەبیدا بۆ لێکدانەوەی گرفت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی وکولتووری. «بۆنی تاریکی» دەکرێ ودەبێ لە باری ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگە و پاشان کارتێکەریی ئەم چیرۆکانە لە دنیای مرۆڤ و کۆمەڵدا بکەوێتە ژێر نیگای وردی ڕەخنەگران.



فەرهاد شاکەلی وەک خۆی دەڵێ زمان تەنیا وەک هۆیەکی دەربڕین نابینێ و باوەڕی بە زمانێکی بەرزی هونەرییە. بەڵام ئایا هەستی جوانی وکامڵبوون و ئامانج پێکانی زمان لە هەواری بێ میراتی زمانی کوردیدا چەندە دەلوێ؟ ئایا ئەگەر «نیچە» لە (ئاوای گوت زەردەشت) زمانی ئاڵمانی دەگەیێنێتە لووتکە و ئەگەر «کوندێرا» مێلانکولیزمی فەلسەفی چ لە بابەت و چ لە چیرۆکدا دەخاتە ئەو دیوی سنووری دەربڕینێکی ساکار، بەبێ «گوتە» و «هۆگۆ»و «ڤۆلتەر»ئەو دەرەتانەیان بۆ دەرەخسا؟ ڕاستە زمان تەنیا ئامرازی پێوەندی نییە و هەروەها نیشانەگەلی سادەی پێوەندیدار لەگەڵ مەدلوولەکانیش نییە، بەڵکوو بەتایبەتی ئەو کاتەی دەبێتە دەق، پێشفەرزی بیر و ئەندێشەیە. بەڵام تۆ بڵێی زمانێک کە هەتا ئێستا خۆی لە ئاستی تیۆرییەکانی ئابستراکتی فەلسەفە، دەروونناسی و ئەدەبییات و... نەدابێ، بتوانێ دەربڕۆستی بیری ئاڵۆزی مرۆڤی ئەم سەردەمە، ئەویش لە پلەیەکی هونەریدا بێ؟ فەرهاد شاکەلی، هەوڵی خۆی داوە و بەبڕوای من لە دوو چیرۆکی «ڕازخانەی گومان» و «تەرم»دا لەم بارەوە سەرکەوتووە. لەم دوو چیرۆکەدا، ئەوە پتر وەسفی نووسەرە دەمانباتە ناو دنیای کاراکتێرەکانەوە، نەک کردار، قسە، خوو، هەڵسوکەوت وجلوبەرگی خودی ئەوان و ڕەدفێعل و بڕوای کاراکتێرەکانی تر. ئەوەش لە خۆیدا، تا ئەو جێیەی دەگەڕێتەوە سەر تیفتیفەدانی کاراکتێر لە چیرۆکدا، دەبێتە لایەنێکی لاوازی ئەم چیرۆکانە. نووسەر، وەک شاعیرێک جێپێی شێعر لە چیرۆکەکانیشیدا وەدەردەخات و جاری وایە ڕاستەوخۆ بە شێعر بە پیر چیرۆکێکەوە دەچێ و جاری واشە پەخشانەکەی تەنیا بە شێوازی نووسین لە شێعر جیا دەکرێتەوە و ئەو کاتە نیتر کاراکتێری چیرۆکەکانی بێ ئەوەی شاعیربن وەک شاعیرێک دەدوێن(ل ١١٨).

لێرەدا نابێ لە ئاماژەکردن بە دیاردەیەکی فۆرمالیتە خۆم بپارێزم. سەرەڕای ئەوەیکە ئیمکاناتی تێکنیکی نووسین لەم ڕۆژگارەدا گەیشتووەتە ڕادەیەکی زۆر پێشکەوتوو، بەڵام زۆر لە کتێب و گۆڤارەکانی کوردی ئەوەندەیان هەڵەی چاپی تێدایە کە خوێنەرەوە زۆرجار هەست دەکا بێ حورمەتی پێدەکرێ. بیرەوەرییەکانی غەنی بلووریان «*ئاڵەکۆک، بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم*» وەک نموونەیەکی تیپیکی پڕ هەڵەیی لە بواری ڕێنووس و چاپ دایە. «بۆنی تاریکی» بەپێچەوانەی زۆر کتێب و گۆڤاری کوردی هەڵەی چاپیی زۆرکەمە و لەوبارەوە خوێنەرەوەی کورد خۆشحاڵ دەکات کە کوردییش دەکرێ کتێبێکی بێ هەڵەی چاپی و ڕێنووسی هەبێ.

بەڵام، لە باری نیشانەدانانەوە، کاک فەرهاد لە چاوپێکەوتنێک لەگەڵ گۆڤاری «ئاوێنە»دا بە دروستی ئاماژە بە گرینگیی نیشانەدانان(Punctuation) لە زمانی نووسیندا دەکات ودەڵێت کە چۆن لە زمانە ڕۆژئاواییەکاندا ئەم شتە سەرنجی پێدەدرێت و لە نووسینی کوردیدا چاوپۆشی لێدەکرێ. هەربۆیە بە پێویست دەزانم لە سەرقسەی خۆیان ئاماژە بە یەکدوو خاڵ بکەم کە بە بڕوای من لادانە لە باوەڕی خودی نووسەر. بەکارهێنانی ڕستەی *ئەمر/فەرمان*(Imperative) بە نوختە(.) تەواو نابێ و دەبێ نیشانەی سەرسووڕمان(!)ی بۆ دابندرێ. کاتێک دیالۆگ دەبێتە بەشێک لە چیرۆک نیشانەی دەربڕین (:) و بستە(ـ) بەر لە ڕستەدا دەهێندرێ. ئەم پێوانانە لە هێندێک جێی کتێبەکەی کاک فەرهاد دەکارنەهاتوون. بۆنموونە لە لاپەڕەی٧٢و٧٥دا ڕستە فەرمانەکان بە شێوەیەکی وێکچوو و لە سەر بنەمایەکی هاوبەشی نیشانەدانان نەنووسراون. هەروەها نووسەر هەوڵی داوە بەکارهێنانی (Stream of consciosness) بەم نیشانە ...[...]... دەربڕێ. سەرنجێک لە کاری نووسەرانی گەورەی وەک داستایۆڤسکی، جۆیس و پرۆست کە بە بەر بڵاوی کەڵک لەم تێکنیکە وەردەگرن، نیشان دەدات کە هیچ حەوجێ بەو نیشانەیە ناکات وخودی شێوە داڕشتنەکە، کاری ئەم نیشانەیە وەئەستۆ دەگرێ و خوێنەرەوە دەزانێ خوڕاوی بیری کاراکتێرەکان لە کوێ ڕا هەتا کوێ یە.

ڕەنگە لە نێوان ناوی مرۆڤ وکەسایەتییەکەی پێوەندییەک نەبێت، بەڵام بەدڵنیایی لە نێوان ناوی چیرۆک و ناوەرۆکەکەی پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەیە. ئەگەرچی «بۆنی تاریکی» ناوێکە بۆ سەرجەمی کتێبەکە هەڵبژێردراوە و چیرۆکەکانیش هەموو ناوی خۆیان هەیە، بەڵام لەگەڵ ناوەرۆکی هەموویان نایخوێنێتەوە. ئەوە لە سەر ناوی هێندێک لە چیرۆکەکانیش بە زەینی خوێنەرەوە دەگات کە بەڕاستی ناوی «میرزا» چ پێوەندییەکی بە ناوەرۆکەکەیەوە هەیە؟ ئەگەرچی ئەمە شتێکی تەواو زەوقی یە و لەمبارەوە نووسەر خۆی خاوەن بڕیارە، بەڵام خۆزگە ناوی چیرۆکی «تەرم» بۆنی تاریکی با و «بۆنی تاریکی»یش وەک ئیستیعارەیەکی جوان تەنیا ناو نەماباوە و چیرۆکێکی بە بەر هەڵکشابا.

من بە بۆنەی بڵاوبوونەوەی «*بۆنی تاریکی*» پڕ بە دڵ پیرۆزبایی لە کاک فەرهاد دەکەم و هیوادارم «شاخستان» و «گەمەیەکی ناتەواو» و زۆر بەرهەمی تریش تەواو بن و بێنە نێو کتێبخانەی کوردییەوە و ببنە هۆی دەوڵەمەندبوونی زمان و ئەدەبی کوردی. ■

## پرسیارێک لە کاک ،حەمە سەعید حەسەن، شاعیر و ڕەخنەگری کورد

لە ژمارە ١٦ی گۆڤاری «گزینگ»دا وتووێژێکی بەڕێز کاک حەمەسەعید حەسەن، چاپکرابوو کە تێیدا بۆچوونی هێندێک لە خاوەنڕایان لە سەر ڕەخنەی ئەدەبی ئاماژەی پێکرابوو... بە خوێندنەوەی ئەم وتووێژە کۆمەڵێک پرسیارم بە زەین گەیشتن کە لێرەدا تەنیا یەکێکیان ئاراستەی نووسەر دەکەم و هیوادارم بە سینگ ئاوەڵەییەکی ئەدەبییانە لێم وەرگرێ و وەڵامی بداتەوە.

کاک حەمە سەعید دەڵێ: **«ستروکتورالیزم کە سی ساڵێک لەمەوبەر لە فەرەنسا لە سەر دەستی «شتراوس»، «بارت»، «فۆکۆ»، «لاکان» و «دریدا»وە سەری هەڵداوە، ئێستا ئەو بزافە کە زۆر درەنگ گەیشتۆتە عەرەبستان و درەنگتریش گەیشتۆتە کوردستان، باڵێکی چالاکی گۆڕەپانی ئەمڕۆی ڕەخنەی کوردییە. ...»** (ل ٤٧، ئەستوونی یەکەم)

بە بڕوای من ئەو زانیارییە لە سەر مێژووی ستروکتورالیزم ( بنیادگەریی ـ بناخەگەریی یان ساختار گەرایی) هەڵەیە. مێژووی ئەم قۆناغە فکرییە دەگەڕێتەوە سەر وانەکانی زمانناسی سویسی «فێردیناند دێسۆسیۆ» (Ferdinand de Saussure) لە نێوان ساڵەکانی ١٩١١-١٩٠٧، کە بە دوای مردنی ئەودا لە ساڵی ١٩١٣، لە لایەن خوێندکارەکانییەوە لە کتێبێکدا بە نێوی «کۆرسی زمانناسیی گشتی» بڵاوبوونەوە.

هەروەها ئەو کەسانەی کە نووسەر وەک پێشەنگەکانی ستروکتورالیزم ناویان دەبات بێجگە لە «بارت» هیچیان ڕاستەوخۆ خۆیان بە ڕەخنەی ئەدەبییەوە ماندوو نەکردووە. «شتراوس» لە بواری ئانترۆپۆلۆژی، «فوکۆ» لە بواری فەلسەفە و تیۆریدا، «لاکان» لە بواری دەروون شیکاری(psychoanalysis)دا و «دێریدا»ش لە بواری فەلسەفە و زماندا ناویان دەرکردووە. بۆ نموونە دانانی «فوکۆ» و «دێریدا» بە ستراکتورالیست شتێکە کە لەگەڵ بنەما و باوەڕی فکریی ئەوان نایخوێنێتەوە. ئەورۆ مێتۆدناسیی پۆست ستروکتورالیزم (post-structuralism)ی دێریدا لە کۆڕوکۆمەڵی ئاکادێمیدا وەک دەرس دەخوێندرێ و نازانم دێریدا کە هێشتا زیندووە، بەڵام ئەگەر ببیستێتەوە بە ستروکتورالیستی دادەنێن، چۆن پاساوی بنەماشکێنی (alismdeconstruction) و باسە قووڵەکانی خۆی لەگەڵ«هوسێرل» دەداتەوە؟ لەلایەکی دیکەوە ستروکتورالیزم تەنیا دیاردەیەکی فەڕانسەیی نییە و لە شوێنی تریش پێشەنگی هەبووە و لە نێو فەڕانسەییەکانیشدا کەسانی تر هەن کە دەستی باڵاتریان هەبووە لە پەرەپێدانی ستروکتورالیزم و بەرپەرچدانەوەی سیباتی زەینیگەرایی(subjectivism).

وێڕای سپاس و ئارەزووی سەرکەوتوویی بۆ نووسەری بەڕێز، هیوادارم ئەم هەڵوێستەی خۆی ڕوون کاتەوە.

هاشم ئەحمەدزادە

## خشتەی هەفتە

سەباح ڕەنجدەر

بیرکردنەوە بازرگانییێکی بەهاتە
کاتژمێر دەخاتە دەستی درەختەکانی ئەمبەروئەوبەری شەقام
پانتۆڵێکی ئاوریشمینم لەبەردابوو
لەناو باخچە دەڕۆیشتم باخچەش خەونیدەبینی
ملپێچە خورییەکەم لە سەر لکەکان دانا
جگەرەیێکی زۆرم کێشا
پەنجەکانم بە دووکەڵ زەردبوون
کاتی نانخواردن ژن ومنداڵەکانم نارەزوویانە دوور لەمن دانیشن
ئەم نهێنییەم بۆ ئاشکرا نەبوو
بەڵام چڵکی دووکەڵ بووەتە پێستی پەنجەکانم
من ئەمە دەزانم منداڵەکانیش
گۆڕەپانێک پرد دروستیکردووە
کۆمەڵێک لاشەی ددانگرێ کۆ کرددوونەتەوە
تەرمە بەد وبڵحەکان بەکارە بێهوودەکانیان بێزاریانکردووم
سندووقی تەرمەکان لە ئێسکی پشتی کیسەڵ دروستکراون
ئەو کاتژمێرەی کاتی چێشتلێنانیان پێدەزانی
زیاتر پێویستییان پێنەبوو
چاوی ترساندم
تەسلیمی هەستێک دەبم
شتێک لە ڕۆحم ڕوودەدات
مادام مەحکوومم بەوەی
بچمە باخچەی حەوشە و لەسەر کورسی حەیزەران دانیشم
یادداشتی ئەو ماسییە بخوێنمەوە
لە کتێبی زیندەوەرزانی ئاشنای بووم
خۆشی لە جۆگەلەی شەقامەکان بووە برادەرم
ڕێنوماییم کرد لەگەڵم بێتە گەڕەکەکانی دۆزەخ
زمانی تەنکی کەڵەبابە لەخەوماوەکان داخبکەین
بۆ ئەوەی بفڕین
بفڕیت گوێت لە گفتوگۆی دڵۆپەکانی باران دەبێت
لە سەر ئەوە ڕێدەکەون کێ بشۆنەوە
گریا
فرمێسکی بە پرچی سڕی
ئەی پرچی تەڕ ببە باڵ دەتوانم بفڕم
خانمی ساڵە تێپەڕیوەکان
جانتا پێست تیمساحییەکانیان لە سەر مێزەکەم دادەنێن
بە دەمە بۆڵەوە دێنەوە ناو ساڵەکانم
لاپەڕەیێک خۆی بەخشندە کرد
بۆم نەخوێندرایەوە
بە نارازیبوون مێوژی نایابی مام زۆرابی خۆڵاوی کرد
خەونەکانم وەکوو ئێسکی بێگۆشت
لە گۆڕ هاتوونە دەرەوە
قسە لەگەڵ خەڵکانێک دەکەن
کە خەونەکانیان پێیان دەڵێن دڵخۆشبن
دیواری گەراجەکان ڕووخانە دەروونم
بەهانەیە بۆ ئامادەنەبوونم بۆ گەشت
تابلۆی ژوورەکەم گوتی ئێمە بە درێژایی ژیان ڕێکەوتنێکی دەروونین
دایک بە عەلاگەیێک بەفرەوە بە تەنیشتماندا تێدەپەڕێ
شانەیێک لە پرچمان نادات
کێشمەکێشی شەپۆلی سپی لە ناو شین هەناری سوور کرد
دەنکەکانی بدەینە دەریا
کەنارەکانی دەبنە پیاومان و پاسەوانیمان دەکەن
ئەسپی ئاویی لە داخوریانی دڵ کورتتر دەریای دایە دەست
مێشکی گوشی و چاوەکانی بچووک بوونەوە و سەرکز ئەم ناوەی جێهێڵا
ئەسپی ئاویی بە تووکی خورمایی داپۆشراوە
شەمشەکوێرە داوای لێکرد تووکەکانی بداتێ
دەیەوێ بچێتەگەشت وباڵەکانی نەپەمێ
شەمشەکوێرە لە فڕینێک ڕووی خۆی خۆشکرد
دایە قاقای پێکەنین
پشیلەیێک خاوەنی ناو ماڵێکی ساکار بوو
بەسەر پردی شووشە پەڕییەوە
لە گەڵ تارمایی خۆی ڕێکەوتنی دەروونیان مۆر کردبوو
لە وەهمێک خرۆشا بێباکانە دەمی لە بنزگی خۆی نا
تارمایی سێبەری خۆی کێشایەوە ئەمیش سەرکز ئەم ناوەی جێهێڵا
شەرم گەرمایی خستە سەر دەموچاوی
دەست وپێ و باڵیان بە سەر زەوی بڵاوکردنەوە
ئەو زەوییەی بە هەموو قوربانییەکانییەوە
قسەیێکی نەکراوە
ئارەزووی گەرمی بۆ قسەکردن هەیە
کورسییێک بە هەڵاوگێڕی لە ناو باخچەی حەوشە کەوتووە
وەری دەگێڕم ودادەنیشم
سامانی هەستم دەکەمە ناوێک و لە هەموو شتێکی دەنێم
یاداشتی ماسییە برادەرەکەم دەخوێنمەوە
بۆ دڵنەوایی ئاوی ناو گوڵدانەکان
یاداشتی خۆم بۆ هەنگە پاسەوانەکان دەنووسمەوە
باڵندەیێکی قولبڕ بە ئاسمانی ئێرەدا تێپەڕی
سێبەری خۆی لای ئێمە دانا
هەموومان سێبەرەکەمان بە ماڵی پشوودان زانی
پەنجەرەیێکی پان و بەرینمان بۆ کردەوە

لە پشت ئەم سێبەر و پەنجەرەیە چیمان پێدەکرێ
دەتوانین پەیوەندی بە کێوە بکەین
ئێمە لە ناو نوێنی سروشت بە نارێکی وخواروخێچی ڕاکشاوین
لە ئاوێنەی ژووری بەکرێ بخەوین ناتوانین خەو نەبینین
کرم
بەڵگەنامە و
ناونیشان و
دەفتەری تەلەفۆن و
یاداشت و
نامەی برادەرانی خوارد
دایکامان شمشێری باوکە چەتەوڵەکەمانی لە پەڕۆی مەلۆتکەیی پێچا
لە ناو ئەو مەمانەی پاراست بە منداڵی شیری پێدایە ئێمە
بایێکی خۆش گەمە بە میلی قیبلەنما دەکات
پاش کەمێکی تر دەگەینە ئەو ڕووبارەی نەهەنگی خواڵووە
بە تەماین ئاوی تێدا بخۆینەوە
پێیەکان لە کەنار دەپارێزین
کەنار ڕاپۆرت لە پێیەکان دەدات
ئەو نەخشەیەی بۆ دروستکردنی خانووکێشابووم
لە سەر گەڵای پانی قامیشە پاسەوانەکان ڕایدەخەم
بیردەکەمەوە
مۆزەخانەییەک بۆ پەڕۆی مەلۆتکەیی و مەمەکانمان
بوار ڕەخساندنێک
بۆ دزینی شمشێرەکانی دایکمان بە پیرۆزی پاراستوویێتی
باخچەی ماڵەکەم چوارگۆشەییێکی گەورەیە
شوێنێک بۆ ڕووەکی دڵخۆشی سبەی خۆشدەکەم
ئەو سبەینێیەی بازەرگانەکە کڕی و بە ئەمانەت لای ئێمەی دانا
پێشمانی گوت دەسکاری مەکەن
لە ناو کونی دەرزی کفندروو دادەنیشم
غەڵبەغەڵبی شەقامەکان دەکەمە خوێنی خەوتوو
خەیاڵی تێدا کۆدەکەمەوە
دڵی ئەو ئاوە پەستانە دەدەمەوە بە پێستی شەقام دەڕژێ
دڵگرانن لە زەوی نایانپارێزێ
ئەی هێزەکانی دۆزەخ
ئەو ئاگرە خۆشکەن
چاوەکانی هەڵۆ لە تەنیشتی دا دەنیشێ و گلەیی لە باڵەکانی دەکات
شەمی باڵەکان تاوانەوە
کونەکانی جوانی لە ئاسمان کردبوونی
پەنجە کورت ودرێژەکانی جادوو ئارایشی کردن
گۆسکەییێک مورەبای هەنجیر داوێینە بەر باران
پاشا گەنجینەکانی دەبنە ئێسکی پەپوسلێمانە
دەیبەخشێتە پیرەژنێک کە پەندە ساختەکان لە خۆی پەروەردە دەکات
پیرەژنیش بە سەر وقژێکی بژوە مرد
لۆکەی لێفە و دۆشەگی باڵندە کردی بە پەڕوباڵ

تۆپێکی لاستیک هەڵدە ڕێکخراوەکانی ئاسمان یاری پێدەکەن
بەو پەلکە دارانە گەمەمان دەکرد
لە پەلکەزێڕینە بەربوونەوە
پێستی ئاگرمان دەکردە قوماش
حیکمەتی گەر بڕێین دەگەین بە کوێمان لێدەنووسی
وفادارتم ئەی کۆچی بێسەروشوێن
لەم ئارەزووکردنە هەموومان بێدەنگ دەبین
ژیان تاوانبارە بیردەکاتەوە
بەردی پرسیار لە ژێر بالیفەکانمان دادەنێ
ئێمە هەموومان وەکوو بەردی پرسیار پڕین لە
سکێچی واقوڕمان
ڕێگای پێچاوپێچ
خرۆشانی پڵینگ
گوڵی گۆشەگیر
کەمانچەی وتووێژ
بانگەوازی بێباکی
تەنیایی وێنەدار
چرای باخچەکان ئاوێکی ئەفسانەیی دروست دەکەن
دەیکەنە پاسەوانی گەنجینەکان
ئەو گەنجینەیەی لە خولێکی یاری پێشبرکێ
دۆڕاندمانە یاریزانێکی مەنگۆلی
ئاوی ڕژاو خوێنی ڕژاو
شەڕی چارەنووسیان تێدا مەبیووە
با ئاوبژیوانییان دەکات
تاوانبارە ئێمەی لەبیر نەکردووە
دەتوانێ بەو پیتانە بمانووسێتەوە کە ژیانی لێ پێکنایە
کەسوکارمان باڵندە و ئاژەڵە شیردەرەکانن
لە ژێر ئەو بنەدارەی ئازمان دەکێشێ باڵندەکان کردوویانە تەماڵ
قەپیلکە هێلکەی گرووتاو بوونەتە پاشماوە
پێشانگایێک دەکەمەوە
پاشماوەکانی تێدا پێشکێش دەکەم
سێبووریم پێدێن
بیرەوەری یارمەتیمان نادات
کەسوکارمان هۆڵێکی گەورە لەوبەردانە دروست دەکەن
کە هاویشتمانە باڵندەکان
مێوانمان دێ
لە خانووێکی پشتگوێخراو گاڵتەوگەپ دەکەین
ئەو دەریاوانەی ڕەوشت فێری ماسییەکان دەکات ئامۆژگاری کردم
قفڵی کۆتایی ئاوەکان پەستت دەکەن
پرسیارت بۆ لە ناو پەرداخێک ئاو ناکەن
بیبخۆیتەوە شووشەی پەنجەرەکان ترسناکتر بن لە ئاسنەکان
ئاو سزا دەدرێ
تیشک دزێکی ڕاهێندراوە لە غەفڵەتدا

پێناسەی لە گیرفانم دەرهێنا تا نەتوانم لە ماڵەوە بێمە دەرەوە
ئاوێنەی مەلعوون چاوی هەڵخەڵەتاندم
بە سەر جوانییەکان ماندوویکردوون
پرۆژە تەواونەکراوەکان داوێمە بیر یوسف تەواویان دەکات
ئەو جوانییانەی من نەمتوانی لە ناویان دانیشم
باخچەیێک بوون لەو خانووەی
قەرەوێڵە و
مێز و
کورسی و
رادیۆ و
تاخمی چاو
سێبووریت لەناو دانان
گیای گومڕایی ئەمریی ئاگردزی فریودا
قیامەتناسەکان ویژدانی زەوین
بە نهێنی پەنجەرەسەرگەردان بوونە
پەنجەرە بەردەوام بە دەنگێکی ئارامەوە بانگمان دەکات دۆست
خوا گریشەگرشی ئەستێرەکانی بە منی جوانیویست فرۆشت
غەڵبەغەڵبی گەواڵە و برووسک ئامادەیی تەواوی ئاوازەکانن
باران گۆرانی ژیاننووس
ناو لە هەناوی هەور بە شکۆمەندییێکی میهرەبان خرۆشاوە
بەهار لێفە ئەستوورەکانی لە هاوولاتییان وەرگرتەوە بەتانی تەنکی دانێ
زەوی باڵقبوو
ستایشی داروپەردووی ئاسمان و گەرمبوونی خوێنی ئاورانی دەکات
گیای ئەزەلیبوون تێکسمرا
چەقۆیێکی دایە برادەرەکەی پێیگوت
دەتوانی لەم چاڵە بچووکەی جەستەم ئاسمان بنێژی
ئێمە هەموومان بە فرمانی سروشت تێکەڵ خوێنی ڕژاو بووین
بە پیسبوونی جلەکانمان زانیمان زەرەرمان لێکەوت
ناو بشۆینەوە جلەکانمان پێ لەکە شۆر کەین
با بتەکێنین ئەمجا ڕێگای بدەین جلەکانمان وشککاتەوە
پشیلەی چاو ڕەنگاوڕەنگ
ئێستا دەتوانین لە شەقامێکی بە ئاسایشی خەیاڵ سپێردراو
ڕابردوویێکی دوور بکەینە بابەت لە بازنەی قەڵا پیاسە بکەین
نەمتوانی لە سپیاتی ئێوارانی ناو هەولێر جێ نەمێنم
نامەیێکی دڵتەنگ بۆ ئەو دۆستانە ئەنووسم
کە بە درۆی پتەو حەقیقەتەکان لە گەرووی باڵندە دەنێن
باڵندەکانیش لە جامخانە
نهێنییەکانیش لە جامخانەکان بێباک دادەپلۆسین
بەو مێهرەبانییەی یەکتر ڕازین
زەنگی دەرگا لە ددانی فیل دروستکراوە
چاوم پێش جەستەم ناردە ژووری
قادرمەی پێچاوپێچ پلەکانی دەجەنگێن
کەرتە مۆمێک محەجەرەی دایە دەستم

دەستی خز و لووسی محەجەرە یارمەتی دام
ڕێپێدراو و ڕێپێنەدراو
فەوزاییێکی جوانییان کردۆتە مارش و دەبێتە هێما
بۆ دەرەوەی شار دەرت دەکەن
لە دەرەوەی شار گەمەکردن لە گۆڕەپانی بەرگری دەکرێت
سروشت دەمکراویە
ئاگری فروفێڵەکانی شار سارد دەکاتەوە
ژوورێکی بازنەیی بە قەنەفە پڕ کراوە
چاوی سرکردم
تەمومژێک لە سەر چاویلکەم کۆبۆوە
سەرنشینەکانی مردوون
سەیرکەرەکانیش بە زۆرەملێ پێدەکەنن
لەو ماڵەدا کە باخچەیان هەتاوی زۆرە
ژنەکە خەریکی دروستکردنی کێکە
کشمیشەکانی لە ناو فرنی تەباخەکەیان بڵاوکردوونەتەوە
کەوەنتەرە بۆیەکاڵیبوەوەکەی کردەوە
بە چەقۆیێک کەرتکەرتی کرد
لەگەڵ مێردەکەی هاتنە ناو باخچە چا بە کێکەوە بخۆنەوە
مارێک کراسەکەی لە نابێنیان دانا
خۆی بە کرێمی کێکەکە چەورکرد
خەریکی ئاشقبوونە
فیک شفرەی لە ددانم دا
خوێنێکی گەرم ڕژایە ناو دەمم
خوێنی گەرمی مردووان
هونەرمەند تابلۆی تازەباری پێڕەنگ دەکات
ددانەکەمی لە نابێنی ژن و مێردەکە دانا
مارەکە بە پەلە کراسەکەی کردەوە بەر
لە ئاشقبوون پەشیمان بۆوە
ئاسمانیی دەڵێت
کێ دەڕوات بۆ قووڵایی زەوی
زەویی دەڵێت
کێ دەڕوات بۆ قووڵایی ئاسمان
ئەوەی باوەڕ بێنێ بە ڕۆیشتن نائومێد نابێت
خەڵاتی ڕۆحی خۆمی پێدەبەخشم تا بە هێز بێت
ڕووباری گەورە بۆ مەلەوانی بەهێزە
من ئاوێنەیێکی گەورە نوێنم
وەرە بەرم دەمارەکانی پێکهاتی چاوت ببینە بایی ببە
تای بوومەلەرزە دەموچاوی زەوی سوورکردووە
لە نازێکی گەرمدایە
مار ڕاهێنەری تیپی مۆسیقاییتی
ئەی مۆسیقا نازی ئەخۆشیی زەوی ڕابگرە
هەوری بەختیاری لە جەوشەی دەزێ و داری گەنم سێبەرت بۆ دەکات
دوای ئەوە تای بوومەلەرزە زەوی بەردەدات

کوێر
کەڕ
لاڵ
چاکدەبنەوە
ئاو دەڕژێتە باخچەی ماڵان
گوڵەکان گفتوگۆ لەگەڵ مێوانەکان دەکەن
باخچە ژنی ژێری ماڵە
ڕۆژی لە دایکبوونی منداڵەکان دەزانێت
شەمە
بیرناکەینەوە
یەکشەمە
دەرگا داخراون سروشت بەدخووە گوڵ وخوناو چەواشە دەکات
دووشەمە
باڵەخانەیێکی ناسکە کاتژمێرەکانی خەوتوون
پەردەڕەنگاورەنگەکانی هەڵنەدراونەتەوە
دەکرێ ئەم پەردانە بکرێنە ئالای ولاتێکی تازە ئاگردوو تێداکراو
سێشەمە
پیرە مێردێکی ئاشقە دیواری ماڵەکانی نووسیوە
ئەمڕۆ داخوازی کیژان قەدەغەیە
چوارشەمە
بایێکی شێدارە چاویلکەکانی لێڵ کردووە
دروشمی ئاشتییێکی ساردوسڕی پێناخوێندرێتەوە
پێنجشەمە
یەکپارچە ئاگرە چایێکی پێ گەرم ناکرێ دانیشتن
چای تێدا نەخورێتەوە نابێتە یادگاری و بڕیاری تێدا نادرێت
هەینی
نامەیێکی ترسناکە پۆستخانە ناوێرێت بیگەیێنێت
ڕۆژێک کودەتایەکان دوا دەکەون
واز لە ڕووباری هەفتە ناهێنن لە ناوی مەلە دەکەین تا دەبێتە کانی
ئاوی ئەمریی بۆ هەمیشەیی دیلمان دەکات
کۆرسی هەفتەین گۆرانی لە دەم وەردەگرینەوە
هەفتە پایتەختی ئاسنینی ساڵە
دەمەوێ بچمە پانایی زەوی بە ئارەزووی خۆم تێیدا بسووڕێمەوە
دوای ئەوەی حەوزی مەلەکردنی حەوشە بچووک بۆوە
جانتاکەم لە زینی پاسکیلم بەست و چوومە سەر ڕووبارێک
ئارەقم بە مەمکەڕۆنییەوە خواردەوە
خاولییەکەم تەڕ کرد و کردمە کەپری سەرم
کەمێک کولیچەم خوارد
ئەی بەئاگایی دیکتاتۆر
ڕێگام دەدەیت بە ئومێدی خەون بنووم
خەون هێزی ڕزگارکەرە لە ژیان
ئەو ژنەی بە سەر ڕووبارەکە سەتڵێک جامی گوشراوی بە دەستەوە بوو
بینی کەف بە لاڕوومەتێکم وشکبۆتەوە هێزم نەماوە بیتراشم
دڵی دامەوە
ئیسفەنجی مکیاجی دەرهێنا وپاکی کردەوە
هەموو سووراوی دەموچاوی داچۆڕایە شوێن پێیەکانی
فەرمانێکی ئیشتمانییە شوێن پێیەکانی بکەین بە شار
ئەی هێزی زەوی
ژەنەراڵ فەرمانی بەهێزەکانی داوە
خۆ ئامادەبکەن بۆ گەمەکردن بە سەبەتەیێک سێو
پیرەمێردێک لە باخچە سەرخۆشە
گەمە بەو سێوە دەکات دوای خواردنەوە ماوەتەوە
دەیەوێ بیهاوێتە ناو سبەتەی فریودان
ئادەم لە کۆڵانەکان کیژێکی گەرمی پێهەڵخەڵەتێنێ
زانیارییەکانی تەڕایێتی ناو دەم بخوێنێتەوە
هەرەسی ڕۆحی ڕێبوارەکان لە شەقامە قەڵەباڵغەکانی شار کەوتووە
فیل پاسەوانییان دەکات
ئەسپی فرزەندە و ئاوێنەی جادووگەر
لە پێشبڕکێی گەمەکردن بە سێو بوون بە برادەر
ئاوێنەی جادووگەر
ڕەفتاری توندوتیژ ودەمپیس بوو لەگەڵ ئەسپی فرزەندە
پێیگوت من پەلەمە
ئاهەنگی شەوی لەدایکبوونی شارەکەمە
منی داوا کردووە مۆمەکە بەئاگر کەم
شار خرۆشاوە
دیواری یانەی ئاهەنگ بە هەڵواسینی یادگارییەکانی ڕازاوەتەوە
خەڵک ڕژاونەتە باخچەی یانە
یاداشتنامەی شار دەخوێننەوە
سروودی ستایش دەڵێن
ئەسپ لوولەییێک هەڵم لە کونی لووتی بوون بە دوو شەقام
بە لەفافێک سەری پێچاوەتەوە
خوێن لە لەفافەکە تابلۆیێکی دروست کردووە
تارمایی قەمسەڵەیێک لە بەر منداڵێکی سێوبەدەست دەکات
بە پڕۆژە فەوزاییێکی جوان دەچێتە ئاهەنگی شەوی لەدایکبوونی شار
لە شەقامە گشتییەکان خێمە هەڵدەدات
پەرداخێک ئاوی ترێ دەخۆمەوە
ترسناکی نییە
هیچ شتێک ڕوونادات لێرە
هیچ ڕوونەدان دلێرترین شاسواری سەر زەمینە
خوودەیێکی مسی لە سەرە خەڵک بەرد دەگرنە خوودەکەی
بەردەکان پێش ئەوەی بەر خوودەکە بکەون و بکەونە زەوی
دەبن بە زێڕ
ڕاکە بەرکەکانی دڵت پڕ بەردکە
فیلێک خەریکی لێستنەوەی پەنجەکانی خۆیێتی
شمشێرێکیش کەوتووە.

١٩٩٥-١٩٩٦ هەولێر

شیعر:

## بەهەشتی گومان

حەمەسەعید حەسەن

دیسانەوە گوللەی ئایین
لوولەی تفەنگی جەللادی جیهێشتەوە،
بەرەو دڵی قوربانی باڵیگرتەوە.
ماوەیەکە، تۆڕی وشەم
ماسیی شیعری پێوەنابێ،
دڵم خێراتر لێدەدا،
زەمان زووتر تێدەپەڕێ،
چرای ڕۆحم کزتر دەبێ،
شەو تاریکتر دادەگەڕێ.
ماوەیەکە، شیعر ژنێکە لە داب و
نەریتی باو یاخیبووە،
ڕەدووی بڵێسە کەوتووە.
گیانم گەنجێکی هەژار بوو،
هێندە لەبەر تاڤگەی ڤیاندا ڕاوەستا،
هەتا بوومە خاوەن گەنجینەی خودی خۆم.
ماوەیەکە، دەمەوێ ئەستێرەی چاوم
دڵی شەوگار بخاتە خەو،
سەرکەومە سەر شانی هەور
داوی بەربووی کۆلارەی مانگ بدۆزمەوە،
ملوانکەی پچڕاوی تەمەن بهۆنمەوە.
ماوەیەکە، دەمەوێ کتێبی هۆشم:
لە تەپوتۆزی کەلەپوور،
کانیی بیرم: لە قەوزەی نەتەوایەتی،
جامی ئەستم: لە خڵتەی خوا
پاک وخاوێن بکەمەوە.

١٩٩٧/٨/٦

## کە پێوانەکان بزر دەبن!

گۆران قەرەداغی

ئەو کەسەی شەیدای پرچی هەتاوە:
لە تاریکیدا..
وەک مۆم دەسووتێ.
ئەوەیش تامەزرۆی ماچی کانیاوە:
بۆ لێوی تینوو دەبێتە کانی و
لە تینوێتیدا..
بۆ خۆی دەخنکێ.

ئەو کەسەی چارەی رووناکی ناوێ:
کاتێ خۆرەتاو چاوێ هەڵدێنێ
ئەم چاوەکانی گلاراو دەگرن
بۆ چاوەزاریش.. تاریکی مێشکی دادەگیرسێنێ.

کەسێکیش ڕقی لە کانی وئاوە:
خۆشیی لەوەدێ لێوان تینوو بن
هەر مەمرە ومەژی بە سەر زیندوو بن.
گەر ڕێگای کەوتە ژوانی کانی
دەمێکی بینی.. بڕێ لێوانی
لە ئێرەییدا* لیلایی دایەت،
ژوان تێکدەدا و
کانی دەکاتە پێشاوی پاشەڵ،
خۆیشی زێرابە
بۆگەناو نەبێ قەترەی پیانایەت.

هەزار مخابن
ئەڤینداری گوڵ، شەیدای رووناکی، دڵداری کانی
سەربازی ونن هەتاکوو دەمرن.
مردیشن لە سەر گۆڕی نووتەکیان
فرمێسک.. بە ڕێژنە،
گوڵیش.. بە چەپک
قەتارەدەگرن.

بەڵام مخابن
زام سارێژ ناکا، دلناداتەوە.. ئەشکی دوای مردن.
گوڵ لە دوای نەمان
نە ئەبوون دەکات بە گوڵزار و باخ،
نە بۆنێکی خۆش دەدات بە دەماخ.

بەڵام مخابن.. سەدجار مخابن
ئەوەی کە خوێیە لەناو بریندا
چەقۆ دەکێشێ لە رووی ئەڤیندا
هەردەم جوامێری وگەورەیی مرۆڤ
دەست لە سەر کلاو بۆی بەچۆکدا دێن،
لە بۆگەناوی ڕەوشتنزمیدا..
بۆ پەرینەوەی بەرەو سەروەری
کۆڵی حەماڵی و بەردەبازی ڕێن.

ئوپسالا ــ ١٩٩٧/٥/١٤

* ئێرەیی: حەسوودی، بەغیلی، چاوچنۆکی

# مووزیکی کوردان

دیتێر کریستێنسێن (Dieter Christensen)
ستیڤن بلووم (Stephen Blum)

وەرگێڕان لە ئالمانییەوە: هێدی

## I. پێداهاتنەوەی مێژوو

وێدەچێ نەتەوەی کورد دووهەزار ساڵ پێش زایین لەو ناوچانەدا ژیابێ کە ئێستا ئەنەدۆڵی ڕۆژهەڵات(تورکیا)، مێزۆپۆتامیای باکوور(سوریا و عێراق)، باکووری زاگرۆس(ئێران) و قەفقاز(ئەرمەنستان) دەگرنەوە. بەشێکی گەورەی کوردەکانیش لە کەرتی دووهەمی سەدەی بیستەم دا لە خۆراسان(ڕۆژهەڵاتی ئێران)، لە لوبنان، لە ڕۆژاوای تورکیا(ئانکارا، ئانتالیا، ئیستانبوڵ) و لە ئوروپا و ئەمریکا و کانادا دەژین. لە کوێستانە ئەستەمەکانیشدا، لە نێوان هێزەکانی باکووری ڕۆژئاوای ئاسیا(ئیمپراتوری عوسمانی، ئێران، ڕووسیای گەورە)، نیشتەجێن و لە هەموو جێیەکیش وەک کەمایەتی سەیر دەکرێن. کوردەکان لە سەدەی بیستەمدا زۆر لە ژێر فشاردا بوون، ئەوەش نەک هەر کولتوور و سیاسەت بەڵکوو وجودی فیزیکی وانیش دەخاتە مەترسییەوە. داوای سەربەخۆیی کوردەکان کە لە سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهانیدا، لە لایەن زلهێزە سەرکەوتووەکانەوە قەبوڵ کرا(پەیمانی سێڤر ١٩٢٠)، پاشان ڕەد کراوە(پەیمانی لۆزان ١٩٢٣)، پاشانیش ڕاونانی کوردەکان لە تورکیا و لە باکووری عێراق و ڕۆژئاوای ئێران دەستی پێکرد. تەنانەت لە حەفتاکانەوە بە تایبەت لە تورکیا ڕاگوێزانی زۆرەملی و سەرکوتکردنی کوردان پەرەی گرت(ئەو نووسراوەیە زۆرتر خۆ بە هەلومەرجی پێش ١٩٧٠وە دەبەستێتەوە).

مێژووی چەند دەسەڵاتیی تارادەیەک سەربەخۆی سیاسی لە کوردستاندا روونە، لە میرنشینەکانی بابان، بادینان، جوڵەمێرگ(هەکاری)، ئەردەڵان، موکریان و سۆرانەوە بگرە هەتا دەگاتە کۆمارە کەم تەمەنە کوردییەکەی مەهاباد(ئێران ١٩٤٦)، کە ئەوەش دەوڵەتێکی گەورەی کورد نەبوو؛ لە نێو چوارچێوەی ژینگەیاندا و هەروەها لە دەرەوەش زمان، مووزیک و هەڵپەڕکێ، گرینگترین نیشانەن کە تایبەتمەندیی نەتەوەییان دەردەخەن. زمانی کوردی کە سەر بە لقی ئێرانیی ڕۆژئاوای زمانە هیندوئوروپاییەکانە، چەند زاراوەی لێدەبێتەوە کە زازایی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ، کرمانجی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ و هەوەها لە باکووری عێراق کە دەگەڵی هاوسنوورە و لە ئەرمەنستان و باکووری ڕۆژئاوای ئێران، سۆرانی لە بەشی باشووری باکووری عێراق و ڕۆژئاوای ئێران گرینگترینیانن. ئەدەبیاتی نووسراوی کوردی هەتا سەدەی بیستەم هەر لە ڕادەیەکی زۆر کەمدا بە ڕێنووسی عەرەبی و هەروەها بە لاتینی و کریلی هەبوو. مووزیک هەر وەک جاران زار بە زار دەگەڕێ و دەمێنێتەوە.

لە مەڵبەندی کورداندا تەنیا چەند شاری گەورە هەن، وەک هەولێر و سلێمانی(عێراق)، مەهاباد و سنە(ئێران)، دیاربەکر و بدلیس(تورکیا)، کە وەک ناوەندی بازرگانی لە باری کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەوە پلەیەکی بەرزیان هەیە و هەروەها لە باری مووزیکیشەوە دەورێکی بەرچاویان هەیە.

لە سەدەی بیستەمدا مووزیکی کوردە مووزیکزانە شارنشینەکان - بۆ وێنە لە سلێمانی، مەهاباد یان بدلیس ــ لە باری فۆرم و ئامێری مووزیکەوە بە لای داب و نەریتی شارە پێتەختەکانی ئەو وڵاتانەدا کەوتووە: بەو پێیە مووزیکزانە کوردەکانی شار لە تورکیا کەڵک لە ئامێرەکانی مووزیکی گەلیی تورک ــ وەک ساز و باغلەمە ــ وەردەگرن، مووزیکزانە کوردەکانی مەهابادیش کەڵک لە ئامێری فارسان(تار، دمبەک،...) وەردەگرن و فۆرمی مووزیکی شارەیی فارسانیشیان(پێش درآمد، درآمد،...) قوازتۆتەوە. بەڵام هەمیشە بە هەوا و بۆن و بەرامەیەکی کوردییەوە بووە، یان ئەگەر گونجابێ تێکستی گۆرانییەکانیش کوردی بوون. ئەو شێوە مووزیکانەی کە لە سەر شێوازی فۆلکلۆریی دارێژراون و بە تایبەت لە دەرەوەی کوردستاندا لە لایەن گۆرانیبێژە کوردەکان و لە سەر کاسێتان بڵاو دەکرێنەوە، بە گشتی لە مووزیکی شارەیی سەرچاوەیان گرتووە.

بەشێکی گەورەی کوردەکان لە ١٩٧٠شدا وەک جووتیار نیشتەجێ بوون و هاوینانیش بەرەو لەوەڕگە هاوینییەکان دەچوون، ژیانی ڕاستەقینەی کۆچەریی لە سەدەکانی دواییدا بەردەوام کەم بۆتەوە. سەرەڕای پرش و بڵاوی، دابەشبوونی سیاسی ــ کە لە ئاکامی ڕووخانی دەسەڵاتی عوسمانیدا پاش شەڕی یەکەمی جیهانی بە سەر ناوچەکانی تورکیا و عێراق و سوریای ئێستا دا هات ــ و هەروەها دابڕان بە هۆی جیاوازیی زاراوەییەوە کوردەکان لە بواری مووزیکدا بە ڕوونی هاوچەشنییەک دەنوێنن کە لە تورک و عەرەب و فارسی جیرانیان هەڵداوێرێ. ئەوەش لە ناوەندی جوغرافیایی مەڵبەندی کوردان ــ ڕۆژهەڵاتی زنجیرە کێوەکانی تورووس(ئوستانی سیرت و هەکاری لە تورکیا و باکووری عێراقی هاوسنوور) بە جوانی دەردەکەوێ. بەو پێیە لەوەبەولاوە وەک نموونە باسی مووزیک و کەلەپووری مووزیک لە هەکاری دەکەین.

## II. مووزیک و کۆمەڵگا لە ناوەندی کوردستاندا

جولەمێرگ(ناوچەی هەکاری لە تورکیا ) لە راستیدا هەتا نێوەڕاستی سەدەی ١٩ لە نێوان دەسەڵاتدارێتی عوسمانی و فارس دا میرنشینێکی سەربەخۆی کورد بوو. خەڵکەکەشی بە گشتی کوردی موسوڵمان بوون. باسی مەڵبەندی مەسیحی ـ ئەرمەنی و مەسیحی ـ کوردەکانیش ناکەین. ئەو بیرەوەرییە کولتوورییانەی میرایەتی جولەمێرگ دەگرنەوە لە سایەی بەیتبێژە لێهاتووەکانی دۆڵی سەرووی چۆمی زاب ماونەتەوە، لەو شوێنەدا کە میرانی جولەمێرگ گەلێک قەڵایان هەبووە.

خەڵکی هەکاری بە چەند هۆز دابەشکراون کە هەموو پێیانوایە لە بەرەبابێکن و خزمی یەکترین. لە رۆژئاوای هەکاریدا دەستەیەکی دە تایفەیی، هۆزی ئەرتوشی، بنەچەکەی خۆیان دەبەنەوە سەر دە برایان کە مێگەلی خۆیان زستانان لە مێزۆپۆتامیا (عێراقی ئێستا ) و هاوینان لە کێوەکانی هەکاری دەلەوەڕێنن. کاتێ بەشێک لە ئەرتوشییەکان لە هەوارە زستانییەکانی عێراق نیشتەجێ بوون، بەشی زۆریان لە سەدەی ١٨و١٩ دا لە شیوی بەرزاییەکانی رۆژئاوای هەکاری، لە نیزیک هاوینە هەوارەکانیان نیشتەجێ بوون. جووتیارە موسوڵمانەکان و مەسیحی ـ نەستوورییەکان کە هەر لە زووەوە لەو مەڵبەندە تەواو سەقامگیر ببوون یان دەرکران یان ملیان بۆ دەسەڵات کەچ کرد و مانەوە. ئەرتوشییەکان، بە پێچەوانەی ئەو جووتیارانەی ژێر دەسەڵاتیان و هەموو ئەوانەی بنەچەکەیان روون نییە، خۆیان بە عەشیرە دەزانن. بە پارە گۆرانیگوتن، یان لێدانی ئامێرێکی مووزیک بۆ ئەرتوشییەکان وەک عەشیرە سووکایەتی یە و ئەو کارانە بە خەڵکی دی دەسپێرن. بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە مووزیک بەشێکە لە ژیانیان و لە جێژن و شاییاندا چاوپۆشی لێناکرێ. ئەوەش دەبێتە هۆی خولقاندنی پێوەندییەکی بەردەوام لە نێوان دنیای مووزیکی ئەرتوشییەکان و دەوروبەریان.

### ١) مووزیک لە ژیانی کوردە ئەرتوشییەکانی پێش ١٩٧٠ دا

لە ١٩٥٠وە ئەرتوشییەکان زیاتر تێکەڵی دەوروبەریان بوون. ئەوەش بە گشتی ژیان و بە تایبەتی دنیای مووزیکیانی گرتەوە. چاوەدێری زیاتری سیاسی و ئابووری حکوومەتی ناوەندی تورکیا، دامەزراندنی قوتابخانەی سەرەتایی تورکیی، خزمەتی سەربازیی تورکی، پێش هەموو شتێک بوونە هۆی گرێدانی پێوەندی پیاوەکان بە کولتووری تورکە شارنشینەکانەوە. کاری ژنان، کە هەر لە چوارچێوەی مەڕداری و شیردۆشیدا بوو، سەربەخۆیی کۆمەڵگا، دارشتنی کۆمەلایەتی عەشیرە بە تایبەتمەندیی جێژنە و هەڵسوکەوتیانەوە لە بەرانبەر دەسەلاتی نێوخۆ و میوانە لاوەکییەکاندا و هەروەها پێوەندی نێوان تاقمە کۆمەلایەتییەکانی کورد ـ خزمایەتی یان تایفەگەری ـ بە هەموو دیاردەکانییەوە، وەک مەسلەحەت کردن لە شەڕ و کێشە دا و بەستنی پێوەندی کۆمەلایەتی بە تایبەت لە کاتی زەماوەند دا، وەک خۆیان بە دەست لێنەدراوی مانەوە.

### ٢) کار و گۆرانییەکانی کار

بەڕێوەبردنی کاروباری ئەرتوشییەکان شێوەیەکی هەرەوەزیی رێکخراو بە پێی هەوایەکی تایبەتی ناخوازێ. شیردۆشین، کەرە گرتن، هاڕینی دانەوێڵە بە دەستاڕ، نانکردنی رۆژانە و هتد، لە لایەن ژنانەوە هەر بە تەنیا یان ـ وەک شیردۆشین ـ دەگەڵ پیاوان بە شێوەیەک دەکرێ کە هەوا و ئاهەنگی هەرەوەزیی و گۆرانیگوتنی بە کۆمەڵیان دەگەڵ نییە. گۆرانییەکانی کاری ئەرتوشییەکان هەموویان گۆرانی تاکەکەسین، کورت و بڕگەیین. میلۆدییەکی تێروتەسەلیشیان نییە. گۆرانی سەر لانکێ و لایەلایەش کە تایبەت بە ژنانن وێنەیەکن لەو شێوازە.

### ٣) هەلومەرج و پلەی هۆزایەتی لە گۆرانییەکاندا

لە کۆمەڵگای ئەرتوشی دا جیاوازی پلەی کۆمەلایەتی، کە بەر لە هەموو شتێک بە پێی بنەچەکەی باوان و خوو و خدەی هەڵکەوتووی کەسەکان هەڵدەسەنگێندرێ، بە پێی هەڵسوکەوتی رۆژانەشیان، لە کاتی میوانداری لە پیاوان دا، هەڵدەسەنگێندرێ. هەروەها بە هۆی گۆرانی و بەیتەکانیش ئەو پلەیە دەردەکەوێ. دیداری ئاسایی نێوان ئاغا و ردێن سپییەکانی هۆز و خێڵەکان پێویستە لەو بەیتانەدا بگونجێندرێن. ئەو بەیتانەش یان لە لایەن بەیتبێژێکەوە ساز دەکرێن کە بە هەڵکەوت لەو دیدارانەدا بەشدارە، یان بە تایبەت بۆ ئەو دیدارانە بانگدەکرێ. رێزوحورمەتی میواندار بۆ میوانەکەی بە پێی چۆنێتی ئەو بەیتە دیاریدەکرێ. باشترین بەیتبێژی ئەو هۆزانە لە کاتی ئاشتبوونەوە لە جەنگەی شەڕوکێشەکاندا ـ بۆ وێنە شەڕ لە سەر مافی کەڵکوەرگرتن لە لەوەڕگەکان ـ دەورێکی بەرچاو دەگێڕن. ئەو بەیتبێژانە بە بەیتەکانیان شەڕەکە هێور دەکەنەوە و ناهێڵن دوو لایەنەکە پێکهەڵپرژێن.

چونکە ئەرتوشییەکان ژیانیان دەگەڵ تاقمی دیکە تێکەڵ نییە و گۆرانیبێژی و بەیتبێژییان ـ لە بەرانبەر وەرگرتنی پارەشدا ـ پێ سووکایەتی یە، سەرۆکەکانیان حەز دەکەن بەیتبێژێکی ناسراو و باش وەک میوانێکی هەمیشەیی لە کن خۆیان راگرن، سەرجەمی ئەو بەیتانەی بەیتبێژێک دەیانزانێ لەوانەیە خۆ لە سەدان بەیت بدا. نێوەرۆکی ئەو بەیتانە بریتیین لە حەماسە و قارەمانەتی، گێڕانەوەی ئەفسانە و داستانان و گێڕانەوەی ئەوینی پڕ پەژارە و ناکام. بێجگە لە داستان و ئەفسانە و بەیتە دلدارییەکان، بەیتەکانی دیکە رووداوە مێژووییەکان و رابردووی ئەرتوشییەکان دەگرنەوە و ئەوەش بە بەشێکی زیندووی مێژووەکەیان دەزانن. رووداوەکانی سەردەم، واتە هەواڵە گرینگەکانیش دە بەیتەکاندا جێدەگرن و بڵاو دەبنەوە.

بەیتبێژەکانی ئەرتوشی بەیتەکانیان(بۆخۆیان دەڵێن: بەیتگۆتن، لاوژە گۆتن) بە بێ ساز دەڵێن و بەیتەکانیش بێجگە لە رادەیەکی کەمیان سەروایان نییە و ئازادن. تەنیا ئەو شێعرانەی دە چیرۆک و سترانانداً دەگونجێندرێن کێش و سەروایان هەیە. شێعری بەیتەکان لە باری نێوەرۆکەوە بە دوو بەشی سەرەکی دابەش دەکرێن: شەڕ و ئەوینداریی. لایەنەکانی دیکەی ئەو دوو بەشە دەچنەوە سەر خوو و خدەی کەسایەتییەکان: مێرخاسیی، لێهاتوویی، یان دەچنەوە سەر نێوەرۆکی وەک: حەزلێکردوویی.

شێوەکانی دەربڕینی لایەنی شەڕ و ئەوینداریی لە باری هەوا و ئاهەنگەوە جیاوازییەکی وایان نییە. شێوەکە هەمیشە بەند بەندە و میلۆدییەکەی هەموو چەشنە بەرزی و نزمییەکی تێدایە( لە تۆنی هەشتەمڕا بگرە هەتا دوازدەهەمین تۆن - لە Oktave ڕا بگرە هەتا -Duode zime ). بەیتەکان کە لە سەرەتای بەندەکاندا بەرزیی و نزمییەکی تایبەتی و لە کۆتایی بەندەکاندا هەوایەکی درێژخایەنیان هەیە بە پەلە

←

دەگوترێن. نێوەڕاستی بەندەکانیش زۆر جاران هەوایەکی کەمتریان هەیە (بڕوانە نموونەی یەکەمی نۆتەکان). بەیتە حیماسییەکان سەردەمی تا رادەیەک سەربەخۆی کوردەکان وەبیر دێننەوە و ئەگەر بەیتبێژەکانیش لێهاتوو بن بیسەران تەواو دەخەنە ژێر شەوتی خۆیان. بەیتبێژێکی لێهاتوو دەتوانێ لە سەر یەک بیست سی بەندان بڵێ و زیاتر لە سەعاتێکیش لە سەر بەیتبێژیی بەردەوام بێ.

ئەگەر شێوازی شەڕو ئەوینداریی بەیتەکان وەک شێوەیەکی مێلۆدی سەیر بکەین پێوەندی وان دەگەڵ شێوە باوەکانی رۆژئاوای ئاسیا و ناوەندی ئاسیادا ئاشکرا دەبێ، بۆ وێنە دەگەڵ هەوای درێژی تورکی(Uzun hava) و هەوا عەرەبییەکانی خزمیان، هەروەها دەگەڵ هەوای بەیتەکانی تورکمەنی. شێوازە کوردییەکان لە چاو شێوازە تورکی و عەرەبییەکان بە تایبەت بە بەرز بوونەوەی لە ناکاوی هەوا و مێلۆدیک دەردەکەوێ. لە جەنگەی بیستندا بەو تایبەتمەندییانە و هەروەها بە زمانی دەقەکان و بە هەوای دەنگ و شێوەی دەربڕین لە قوڕگەوە و بە بڕگەی وەک لێ لێ لۆ لۆ بە هاسانی وەک کوردی دەناسرێنەوە.

**٤) زەماوەند وەک قۆنتراتی کۆمەڵایەتی**

لە لای ئەرتوشییەکانیش ـ وەک لە لای هەموو کۆمەڵگاکانی ئاسیای رۆژئاوا ـ زەماوەند وەک قۆنتراتێک وایە کە لە نێوان دوو دەستەی خزمدا دەبەسترێ و بە هۆی ناساندنیشییەوە ئیعتیباری دەدرێتێ. لە نێو ئەرتوشییەکاندا زەماوەندەکان گەورەترین رووداوی کۆمەڵایەتین، بێجگە لە بانگهێشتنی زۆرمیوانان کە بەیتبێژیشیان دەگەڵە، لە کاتی شایی و هەڵپەڕکێدا گۆرانییەکانی تایبەت بە زەماوەندیش جێی خۆیان هەیە. هەم لە ماڵە زاوای و هەم لە ماڵە بووکێ میوانان بانگ دەکەن و پێیانڕادەگەن و بەیتی شەڕ و ئەوینداریان بۆ دەگوترێ. لە کاتی وا دا گۆرانیبێژی واش بانگدەکرێن کە پیشەیان گۆرانیبێژییە و سەر بەو هۆزە نین و لە لاوە دێن و موتریبیان پێدەڵێن(لە "مطرب"ی عەرەبی وەرگیراوە و بە مانای ساز ژەن و گۆرانیبێژە). ئەو موتریبانە لە جەنگەی گۆرانیگوتندا سازێکی تایبەتیش لێدەدەن کە کەمانچەی پێدەڵێن. هەر ئەو موتریبانە لە کاتی هەڵپەڕکێی پیاواندا دەهۆڵ و زوڕناش لێدەدەن. ساز و مێلۆدییەکانی هەڵپەڕکێ و هەوای بزووتنەوەکان تایبەت بە ئەرتوشییەکان نین، بەڵکوو لە باکووری رۆژئاوای ئاسیای رۆژئاوا دا کوردەکان، تورکەکان و عەرەبەکانیش هەیانن.

ئەو ڕەشبەڵەکانەی بە ساز و ئاوازەوەن دە نێو ئەرتوشییەکاندا جیاوازن و لە کاتی زەماوەند دا بەردەوام بەڕێوە دەچن. گۆرانییەکان بە نۆرە لە نێوان دوو یان سێ پیاواندا، یان لە نێوان ژناندا بە گەرەلاوژە دەگوترێن. خەڵکیش بە ریز هەڵدەپەڕن. ئەو هەڵپەڕکێیانە گۆڤەندیان پێدەڵێن. بەندی گۆرانییەکان زۆر کورتن (نیزیکەی هەشت چرکە دەخایەنن) و هەر جارێکیش دووپات دەبنەوە. بڕگەی مێلۆدییەکان تەنگەبەرن (لە تۆنی دووهەمڕا هەتا پێنجەمین تۆن ـ لە Sekunde ڕا هەتا Quinte )و بە دەنگێکی بەرز و گڕ دەگوترێن (بڕوانە نموونەی دووهەمی نۆتەکان). ئەو زاراوە تایبەتییانەی هەنگاوەکان و بزووتنەوەکانی لەش لە هەڵپەڕکێدا دەگرنەوە، وەک: یەک پێیی، دوو پێیی، سێ پێیی، بە شانان، سووک (Ya mile yê sivik)، بە دەستان، گران (Ya deste ya gi-ran) و هەروەها داوەتی رەشبەڵەکیش تایبەتمەندی نەریتی کوردانن. دەقی گۆرانییەکان، وەک بەیتەکان، لە سەر باسی شاعیرانە و باسی مێژوویی ساغ بوونەوە، وەک بۆخۆیان دەڵێن باسی ئەڤین و شەڕ دەکەن، لە رووداوەکانی سەردەمی میرنشینی جولەمێرگ را، کە پێش ١٨٥٠ هەڵوەشاوەتەوە، بگرە هەتا بەربوونەوەی فڕۆکەیەک کە نێوی فڕۆکەوانەکەش دەهێنرێ.

بووک گواستنەوەی ئەرتوشییەکان بەو چەشنەیە کە هەموو بە کۆمەڵ لە ماڵە زاوایڕا یان لە خێوەتی زاوایڕا هەتا ماڵە بووکێ دەچن و بە بووکەوە دەگەڕێنەوە. لەکاتی واشدا دەبێ هەمیشە موتریبیان دەگەڵ بێ. گۆرانی تایبەتی بووکێ واتە نارینک(narînik ـ لە narîn وەرگیراوە کە بە مانای ناسک ونەرمە) یان شەشبەندی(bendîVeV) لە کاتی بەجێهێشتنی ماڵ یان خێوەتی بووکێدا و لە ڕێگا دا لە وەختی گەیشتنی بووکێ بۆ ماڵ یان خێوەتی زاوایدا دەگوترێن. ئەو گۆرانییانە لە باری داڕشتنەوە بڕێک وەک گۆرانییەکانی هەڵپەڕکێ دەچن بەڵام هەواکەیان خاوترە، لە روانگەی کوردانەوە ئەوانە گۆرانی دانیشتنێن.

لەو کاتانە بەدەر ئەرتوشییەکان وەکی دیش گۆرانییان دەڵێن، بۆخۆیانی دەڵێن. بە تایبەت پیاوان دەیڵێن و ئەوەی دەشیڵێن هەر ئەوین و شەڕ دەگرێتەوە. لەو کاتانەدا کە تەنیا یان بە کۆمەڵ سەفەر دەکەن، یان لە کاتی حەسانەوە دا و لەو کاتانەدا کە گاڕانێ دەپارێزن، تێیهەڵدەکەن. سەرەڕای وەش جاروبار دەروێشی کۆچەریشیان دێتە لا و گۆرانی و بەیتەکانی وانیش دەبیسن. لە ساڵی ١٩٥٠شەوە، ئەرتوشییەکان رادیۆی باترییان کەوتۆتە نێو و گوێیان لە رادیۆی کوردی ئێرەوان و باکووری عێراق دەبێ. ئەوەش نەک هەر هەستی کوردایەتی تێدا بە هێز کردوون بەڵکوو بۆتە هۆی ئەوە کە ئاشنای مووزیکی شار و گۆرانی دیکەش، وەک لاوکی هەکاری، بن.

### III. مووزیک لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا

دنیای مووزیکی ئەرتوشییەکانی ناوەندی کوردستان لێرە دا وەک نموونەیەک بۆ مووزیکی کوردەکانی دوورە شار دیاریکراوە. بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و شێوازە ئابوورییەکان و هەروەها رەوتی مێژووی پڕ ئاڵوگۆڕیان، لە ناوچە جۆراوجۆرەکاندا شێوازی مووزیک و شێوەی سازەکانیش جیاوازن، ئەو جیاوازییانە لە ناوچە هەراوەکانی کوردستاندا، لە نێوان کرماشان لە رۆژئاوای ئێران، ئێرەوان لە ئەرمەنستان و سیواس لە تورکیا دا دەبینرێن. بەو پێیە لە نێو ئەو کوردانەی رۆژهەڵاتی هەکاری و باکووری رۆژئاوای ئێراندا کە زۆر لەمێژە نیشتەجێن گۆرانیبێژ(لاوژەبێژ lavjebêj)و سازژەنی بەنێوبانگ هەن.

### IV. ئامێرەکانی مووزیک

ئەو ئامێرانەی لە شارەکان بە دەست کوردانەوەن تایبەت بە کورد نین، بەڵکوو لە مووزیکی نەتەوەکانی دراوسێیان وەرگرتوون. لە دەرەوەی شارەکان دەهۆڵ و زوڕنا، ساز و دەهۆڵ زۆرتر بە دەست ئەو کەسانەوەن کە کورد نین، زیاتر بە دەست دۆمانەوەن. دەفە(لە باکوور ئەرەبانە(erebane)شی پێدەڵێن، دەنا هەر دەف(def)و دەفە(defe)ی پێدەڵێن کە لە دەف(daff)ی عەرەبی وەرگیراوە،

هەروەها دایرە یان بەندێر(Bendêr)یشی پێدەگوترێ) کە ئاڵقەشی پێوەیە لە لایەن دەروێشە کۆچەرەکانەوە هێنراوە. دەفە ــ زۆرتر دەفەی بێ ئاڵقە ــ وێرای گۆرانییەکانی هەڵپەڕکێ لە لایەن ژنان یان پیاوانەوە لێدەدرێ. دووتەپڵ کە بە دارێکی سەر خوار لێدەدرێ، سازێکی شەڕییە و هەتا دەوروبەری ١٩٣٠ لە کاتی شەڕی نێوان دوو عەشیراندا لێدەدرا.

فلووتێکی دار کە شەش یان حەوت کونی هەیە و کونێکیشی هەیە بۆ قامکی گەورە لە هەموو جێیەکی بە بلوور یان بلوێر، یان بلوول(belwêr, bulûl, blûr) ناسراوە. ئامێرەکانی رۆژهەڵاتی تورکیا لە دار داتاشراون و کۆتاییەکەیان بە شێوەی هەرمێ داتاشراوە. لە رۆژئاوای ئێران فلووتێکی درێژی لە ئاسن ساز کراو هەیە کە شمشاڵ یان بلوولی ئاسن(al, bilûlê asinٚvimٚv)ی پێدەڵێن. جاروبار جووت کلارینێتێکی کورتیش دەبینرێ کە دوو جار شەش کونی لە سەرە و لە قامیش یان ئێسکی باڵندان ساز کراوە و بە کوردی دووزەلەی پێدەڵێن(دوو+ زەل = قامیش، دوودووکیشی پێدەڵێن کە لە «düdük»ی تورکی وەرگیراوە، هەروەها زمارەشی پێدەڵێن کە لە زمارەی عەرەبی وەرگیراوە).

دیتێر کریستێنسێن

V. **مووزیکی کوردی لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا**

چەوسانەوە و راونان کە بە تایبەت لە سێ دەیەی کۆتایی سەدەی بیستەمدا لە تورکیا و عێراق و ئێران تووشی کوردان بوون، بوونە هۆی راکردن و راگوێزانی زۆرەملی و کۆچی هەراوی کوردان. هونەرمەندانی کورد لە تاراوگە دا بە بڵاوکردنەوەی بەرهەمی مووزیکەکەیان بە هۆی کاسێت و قەوان و CD وە پەرەیان بە هەستی نەتەوایەتی و بیری سەربەخۆیی سیاسی و کولتووریی داوە. لەو بوارە دا زمانی کوردی و هەوای کوردی ـ بە تایبەت لە باری مێلۆدی و چۆنێتی دەنگەوە ـ تێکەڵی ئامێرێکی تایبەت بە شار دەکەن، بە شێوەیەک کە لە ئاسیای رۆژئاوا و لە ئورووپا و ئەمریکا دا بە هۆی مووزیکی خەڵکیی داب و نەریتەکانی دیکەی ئاسیای رۆژئاواوە ناسراوە. ئامێرە رۆژئاواییەکان، بە تایبەت ئامێرە ئێلێکترۆنییەکان، هەر دێ و زیاتر کەڵکیان لێوەردەگیرێ، بەڵام هەموو کوردەکانی تاراوگە بەو رەوتە رازی نین. بەرهەمی زۆربەی گۆرانیبێژەکان لە دەقە فۆلکلۆرییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ و مێلۆدی و بابەتەکانیان خۆماڵین، بۆ وێنە بێری(کچی شیر دۆش). هێندێک لە گۆرانیبێژەکان(وەک: شوانپەروەر، تەمۆ، ناسری رەزازی) شێعری شاعیرە بەنێوبانگەکانیشیان کردووە بە گۆرانی(ئی جگەرخوێن[١٩٠٣-١٩٨٤] بە کرمانجی و ئی عەبدوڵلا گۆران[١٩٠٤-١٩٦٢] بە سۆرانی.

ستیڤن بلووم

**تێبینی:** ئەم وتارە لە گۆڤاری *Die Musik in Geschichte und Gegenwart* ، بەرگی پێنجەم/١٩٩٦ وەرگیراوە.




١) نموونەی یەکەمی نۆتەکان: ئەودەلی Evdelî . داستانێکی ئەویندارانە. گۆڤەندی ئەرتوشییان؛ وەرگێڕدراوەکەی: «ئەودەلی[نێوی کچانە] چارە رەش، ئەمن گوتم چیا هەموو وەک یەک نین. چیاکانیش دەڵێن: چیا هەموو وەک یەک نین. چاوە رەشەکانی لەو دنیا بەرینە دا چەند بەڵامان تووش دەکەن. ئاخ، کورە شێتەکە، ئاخ.»




٢) نموونەی دووهەمی نۆتەکان: مەیرۆ Meyro. گۆرانی هەڵپەڕکێی سێ پێیی، بە شانان سووک، ئەڤینی. گۆڤەندی ئەرتوشییان. وەرگێڕدراوەکەی: «گردی سیران بێ سیرە، لێ لێ، لێ لێ مەیرۆ، گرد تەواو بێ سیرە، مەیرۆی جوان.»

## یادی ٢٥ساڵەی ،حەسەن زیرەک،

**س. چ. هێرش**



ئایا بەڕاستی حەسەن زیرەک شیاوی ئەوەیە کە یادی بکرێتەوە و شوێنێکی پڕ بایەخی لە ڕەوتی هونەری ئاواز وگۆرانی کوردیدا بۆ تەرخان بکرێ؟ بۆچی نا... گرینگ ئەوەیە بە چ بیر و بۆچوون و پێوانەیێک چاو لە هونەری گۆرانیی کوردەواری بکەین. هەروەک دەزانین و باوە هەموو نەتەوە زیندووەکانی جیهان ڕێز لە هونەر وهونەرمەندی خۆیان دەگرن و بە شانازی یادیان دەکەنەوە، ئێمە بۆ نەیکەین؟ ئەویش بۆ هونەرمەندێک کە تا ئەو کاتەی لە سەر تەختی نەخۆشخانە لە گەڵ دێوی مەرگ ڕووبەڕوو بوو، وشەی کوردی لە زار نەکەوت و بە دەم گیانەڵلاشەوە هەر نارەناری دەهات.

لە ڕاستیدا، لە بیرکردنەوە و یادنامەی ئەوهاییدا، بە تایبەت بۆ کەسێکی وەک حەسەن زیرەک کە هەر لە سەردەمی منداڵیمەوە دیومە و دواتریش زۆر جاران لە شایی و زەماوەندان چاوم پێی کەوتووەتەوە، نەتەنیا یادی ئەوکەسە دیاریکراوە لە مێشک و خەیاڵمدا زیندوو دەبێتەوە؛ بەڵکوو وەرەقە زەردهەڵگەڕاوەکانی ڕابردووی خۆشم لە خۆوە، بە گزە بای زریانی زەمان هەڵدەدرێنەوە و بۆ تاوێک موچوڕکێکی سەرسوڕمان هەموو لەشم دادەگرێ و خەیاڵی ئەو ساڵە دزراوانەی کە تانەبەد بۆم نادۆزرێنەوە هەڵمدەگرێ و دەڵێم: زەمان چ زوو تێدەپەڕێ! ٢٦ ساڵ لەوەپێش...! هەردەڵێی دوێنێ بوو! «بە نیازی بووک گواستنەوە لە مهاباد بەرەو سەردەشت وەڕێکەوتبووین. وەختایێک گەیشتینە سەردەشت، دیتمان خەڵکێکی زۆر لە دەوروبەری ماڵە بووکێ کووبوونەوە و چاوڕێ بوون حەسەن زیرەک ببینن. گەڕی شایی دەگەڕا، سەرچۆپی خۆی بادەدا و گاوان پێی پێدادەدا، یەک دەستی دەگرت و یەک دەستی بەردەدا... دوای تاوێک، غەڵبەغەڵب کەوتە نێو خەڵک: ئەدی حەسەن زیرەک کوا؟ ئێمە چەند کەسێک ڕاسپێردراین کە هەرچونیێک بێ و لەبەر دڵی ئەو خەڵکەش بێ کە لە گوند وئاواییەکانی دەوروبەری سەردەشت ڕاهاتبوون و تامەزرۆی دیتنی حەسەن زیرەک بوون، دەبوو سۆراخێکی بکەین و بزانین لە کوێ یە. دوای ماوەیێک گەڕان بەو موسافیرخانە و بەم قاوەخانەدا، ئاخرسەر گوێبیس بوون کە لە موسافیرخانەی جەعفەری مامڵێ یە، دوای ئەوەیکە قابێکی وەکای مەراغە خواردبووەوە، شەکەت و بێواز لە سەر تەختێک لێی ڕاکشابوو. کاتێک ئەو حاڵەمان دی، لە دڵی خۆماندا گوتمان گیانی دەگیانی کەی یەک گۆرانی بۆ ناگوترێ، ئەو هەمووە خەڵکەش چاوەڕێیەتی!

ــ کاک حەسەن! ئەوە لە کوێی تەواوی سەردەشت چاوەڕێتە!

کاتێک ئێمەی دی، بەکاوەخۆ ڕاست بووەوە و زۆر بە شەرمێونی گوتی:

ــ کوڕینە! ئەگەر قابێکم لەگەڵ خۆتان بۆ نەهێنن، نایەم...

وەختایێک گەیشتینەوە حەوشەی ماڵە بووکێ، ئەو حەسەن زیرەکە شەکەت و بێوازەی دیتبوومان، بوو بە کەسێکی دیکە. دوای خواردنەوەی چایێک دەستی پێکرد، بەڵام چ دەستپێکردنێک:

ئامینێ! چاوی تۆ جامی شەرابی منە
لەبخەندت دەمکوژێ دین و عەزابی منە
بۆچی لێم زیزی ی... بۆچی تۆراوی
هەر دەڵێی ئاسکی گەردن خوێناوی
یان دەڵێی بووکی زاوا لێیداوی...

دارودیوار وەسەما کەوتبوو، هەر خەڵک بوو دەهاتن و لە سەربانی ماڵە بووک و خانووەکانی دەوروبەر کۆزیلکەیان دەبەست...

ئەمن بۆخۆم لە کەسوکاری ماڵە بووکێم بیست کە دیانگوت: بۆ خاتری خودای زوو پیلی بووکێ بگرن و بڕۆن، دەنا خانووەکەمان دەڕووخێ».

بەر لەوەی بخوازرێ یادی ئەو هونەرمەندە ڕەند و مەندە بە چەند وشەیێکی ئاسایی و ئەوەیکە چۆن ژیا و چۆن مرد، زیندوو بکرێتەوە، باشتر وایە شوێن و پلە و پایەی لە بواری هونەری مۆسیقا و گۆرانی کوردی دیاری بکرێ و نرخی شیاوی خۆی پێبدرێ. هەرچەند لێرەدا بە ڕاشکاوی ئەوەی دەڵێم کە کار و ئەرکێکی ئەوتۆ بۆمنێک کە هیچ سەرەدەرێک لە هونەری مۆسیقا و گۆرانی دەرناکا، بێ و لەسەر هونەرمەندێک بنووسێ، ڕەنگە کارەکەی پوخت و پاراو و جێی پەسند نەبێ. بەڵام چار چییە، بەڵکوو ئەوە هاندەرێک بێ بۆ ئەو کەسانەی کە لە ←

ڕاستیدا ئەگەر کەمتەرخەمی نەکەن و بنووسن زۆر شتی بەنرخیان لە هەگبەدا هەیە. دیارە لێرەدا، جێی خۆیەتی ئیشارە بکرێ، ئەو پرۆگرامەی ڕۆژی ١٩٩٧/٦/٢٨، لە یادی ٢٥ساڵەی حەسەن زیرەک، لە لایەن (مێدتێڤێ)وە بەڕێوەچوو، کە برایانی بارزان شاسوار(بەڕێوەبەر)، ناسر ڕازازی(هونەرمەند) و تیپی ئۆرکێستر: مامۆستا عارف، حوسێن ڕەهبەر، رزگار خۆشناو و ئەردەشیر زەبەردەست و هەروەها کەسان و هونەرمەندانی دیکە بە شێوەی زیندوو تێیدا بەشدار بوون، بەتێکڕایی کارێکی سەرکەوتوو بوو. بەتایبەت ئەو ڕێزەلە قسانەی کە هونەرمەندی لاو عەدنان کەریم سەبارەت بە حەسەن زیرەک کردی شیاوی سەرنج بوون.

بەهەر حاڵ، پرسی سەرەکی سەبارەت بە باسەکەمان ئەوەیە کە ئێمە بە گوێرەی کام پێوانەی هونەری، دەبێ ئەو ڕەوت و بارودۆخەی کە حەسەنی زیرەکی تێدا پەروەردە بووە، هەڵسەنگێنین؟ ئایا دیاردەیێکی شاز و دەگمەنی وەک حەسەن زیرەک و ئەو بەستە وگۆرانییە زۆرو زەوەندانەی کە تۆمار کراون و بەلانیکەمەوە ڕەنگدەرەوەی بارودۆخێکی دیاریکراویی زەوق و سەلیقەی کۆمەڵگەی کوردەوارین، دەبێ بچێتە نێو خانەی کام دابەشکردنی هونەرییەوە؟ ئایا هونەرەکەی دەکرێ بە خۆماڵی و ناوچەیی لە قەڵەم بدرێ یان فۆلکلۆریک و میللی؟ یان دەنا هەر کلاسیک، بە مانا گشتییەکەی؟ وەڵامی ئەو پرسیارە، لانیکەم بۆ من، زۆر عەستەمە. چونکە، هیچ پێشینەیێکی فەرهەنگی و نووسراوەیی ئەوتۆ لە گۆڕێدا نییە کە پیاو بتوانێ پشتی پێ ببەستێ.

بەڵام ئەوەیکە ئەو بارودۆخەی حەسەن زیرەکی تێدا هەڵکەوت و گەشەی کرد، چۆن بوو؟ دەبێ ئەختێک بۆی بگەڕێینەوە دواوە و پاشان بێینەوە سەر ئەسڵی مەبەست. دەوەدا شک نییە کە ئەو نەتەوە دراوسێیانەی کە زۆرجار بە هۆی گەمە و کارتێکەریی مێژوو، چارەنووسیان بەیەکەوە بەستراوەتەوە، لە بواری کولتووری و هونەرییەوە تێکەڵاوی و ئاوێتەبوونیان گەلێک بەرچاوە و کوردیش لەو قاعیدەیە ئاوارتە ناکرێ کە خۆی لە نێو چەند نەتەوەی خاوەن دەوڵەتدا دابەشکراوە. دیارە ئەو نەتەوە سەردەستانەی کە پرۆسەی دەوڵەتیکردنی میللیان بە تایبەت لە باری سیاسیەوە زووتر بۆ ڕەخساوە، بۆ هەموو دیاردەیێکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هونەری پاشناوێکی میللیان دەکارهێناوە و ئی نەتەوە بندەستەکانیان بە خۆماڵی و ناوچەیی لە قەڵەم داوە. ئەوەی لە سەر هونەری مۆسیقا و ئاواز وگۆرانی ڕاستی بێ، هیچ دیاردەیێکی میللی لە شەوت وکارتێکەریی ئەو دیاردە ناوچەیی و خۆماڵییانە بەدەر نەبووە و نییە. دوای شۆڕشی مەشروتەی ئێران(١٩٠٦) کە هێندێک دیاردەی ئازادیخوازی و نوێخوازی لەگەڵ خۆی هێنا، بەتایبەت دواتر لە دەرانی پەهلەوی یەکەمدا، ئەو دیاردەیەی مۆسیقا و ئاوازی ئێرانی کە ناوی میللیان بەسەردا بڕی؛ زۆربەی ماکەگەلی لە ڕۆژئاوای ئێران(کوردستان، کرماشان و لوڕستان) وەرگرتبوو. بۆ نموونە، «قەمەروڵمولوکی وەزیری(١٩٠٣-١٩٥٩)» هونەرمەندی بەنێوبانگی ئێرانی، کە وەک دیاردەیێکی ئاوازخوێنیی میللی نێوی دەرکرد، لە هیچ بارێکەوە لە «سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی(١٨٨١-١٩٣٦)» سەرتر نەبوو، ئەوەنەبێ کە زمانی وەزیری فارسی بوو و ئی سەیدی خۆمان کوردی، ئەو گەنجتر بوو و سەید پیرتر. ئەگەر لە باری ئامێر و ئامرازی مۆسیقاییش بەراوردی بکەین، لە ئێرانی ئەو سەردەمەشدا گەلێک ئامراز وەک ڤێلۆن و شتی دیکە نەبوون، ئەگەریش بووبن لە دەست ئەرمەنی و ئامێروانە بیانییەکدا بوون. هەرچەند دیاریکردنی سنوورێکی ئەندازەگیراوی میللی بۆ هونەری ئاواز وگۆرانی ئەو نەتەوانەی کە لەگەڵ یەک دراوسێن زەحمەتە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ، ناوچەی کوردستان ئەگەر لە باری ئامێر و ئامرازی مۆسیقاییشەوە لاواز بووبێ، لەباری لەحن وهەوا و ئاهەنگەوە سەرچاوەیێکی دەوڵەمەند بووە، بە دوو دەلیل: یەک؛ چ لە دەورانی دوورودرێژی دەسەڵاتی عەرەباندا و چ دواتر لە دەورانی دەسەڵاتی سەفەوییەکاندا کە لە گەڵ هونەری مۆسیقا و ئاواز بەگشتی بەبەرەکانیان دەکرد، کوردستان پەناگەیێکی زۆر باش بوو بۆ پاراستنی ئەو دیاردە هونەرییانە. تەنانەت ئەگەر لە هێندێک قۆناغی مێژووییشدا، کوردستان لەوبارەوە زۆری گوشار بۆهاتبێ، ئەو ئەرکە لە نێو خانەقاکاندا بەڕێوە چووە و نەیانهێشتووە ئەو دیاردەیە بە تەواوی کوێر بێتەوە و جۆرێک مۆسیقای خانەقایی(عیرفانی) بە ئامێری دەفە ودایرە شکڵی گرتووەکە دواتر بووەتە بنەمایێک بۆ هونەر و ئاوازی کلاسیکی کوردی(لە کوردستانی ڕۆژهەڵات). بۆ جەختکردنەوەی ئەو ڕەوتە دەکرێ هەم بەشێک لە مەقامەکانی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی بە نموونە بێنینەوە و هەم بەشێک لە ئاواز وگۆرانییەکانی مامۆستا محەمەدی ماملێ کە زۆربەی لەحن و ئاهەنگە مەجلیسییەکانی لە باوکی خوالێخۆشبووی واتە میرزا سەعید ماملێ (خۆشخوێنی خانەقای شەمزینان)وەرگرتووە. دوو، کوردستان بە پێی هەڵکەوتی جوغرافیایی و بارودۆخی سروشتی و زەوق و سەلیقەی کۆمەڵایەتی دانیشتووانی، هەرگیز بە نێوی دین ومەزهەبەوە نەبووەتە پێگەی بە ڕواڵەت دینداری و جێگەی مەردومئازاری. بگرە بە درێژایی مێژووش گەلێک لەو خەڵکانەی کە سەر بە دینی یەهوودی و مەسیحی بوون، ژیانی ئاسایی خۆیان تێدا بردوەتەسەر. ئەگەر لە هێندێک قۆناغی مێژووییشدا خەڵکی کورد تووشی کارەساتیش هاتبن، نیشتمانەکەیان نەکردووەتە خمخانە و خۆیان دە هەشی بەدبەختی و بێچارەیی نەگرتووە و پەری زەوق و شادیان لە خۆیان نە تۆراندووە. گۆرانییەکانی حەسەن زیرەک دەتوانن نموویێکی بەرچاوی ئەو ڕەوتە دوورودرێژە بن کە تێیاندا زەوق و شادی کۆمەڵایەتی، ئیستەتیک وجوانیپەرستی و بیری سەربەستی ڕەنگیان داوەتەوە.

ڕاستە کوردستان گەلێک خۆشخوێن و هەوازان و مەقامبێژی زۆر چاک وشارەزای پەروەراندووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی دەرەتان و تێکنیکی ئەورۆیی و هەروەها بارودۆخی نالەبار، نەلواوە دەنگ و نێوی ئەو هونەرمەندانە تۆمار بکرێ. لەوانەی کە وەک فاکتی مێژوویی لە ڕەوتی هونەری ئاواز وگۆرانیدا، بە پێی چالاکی و دەورانی ژیانی هونەرییان، دەکرێ نێویان بێنین، گرینگترینیان: یەکەم مامۆستای ئاوازی میللی سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی و دووهەمیان مامۆستای ئاوازی فۆلکلۆریک حەسەن زیرەک(١٩٢٢-١٩٧٢) بوون.

هەروەک دەزانین مەودای زەمانیی ئەو دووکەسە لە باری هونەرییەوە ساڵانێکی زۆر بووە و وەختێک سەید عەلی ئەسغەر کۆچی دوایی دەکا، حەسەن زێرەک تازە پێ دەنێتە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە. لێرەدا ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە، ئەدی بۆچی لەو ماوەیەدا هونەرمەندێکی دیکەی کورد بە ←

دی ناکەین... باوەکوو کەرەسەی نوێتری تۆمارکردنی دەنگ و ئاهەنگیش داکەوتبێ؟ وەڵامەکە زۆر ڕوونە و حەوجێ بە شیکردنەوە ناکا کە سیاسەتی هونەریی دەوڵەتی مەرکەزی هەر ئەوەی لەبارداەبوو کە ئەوددەمی گرینگییێکی زۆر بە هونەری ــ بە قسەی خۆیان ــ ناوچەیی نەدەن. جا ئەگەر دواتر لە دەورانی پەهلەوی دووهەمدا دەبینین کەسێکی وەک حەسەن زیرەک لە رادیۆی تاران و کرماشان دەرەکەوێ و و نێو دەردەکا، دەبێ لە لایێکی دیکەوە بۆی بچین.

حەسەن زیرەک وەک هونەرمەدێکی خاوەن بەهرە کە لە خۆی ڕادەدی و داهاتوویێکی ڕوونی هونەری لە پێناو خزمەت بە گەلەکەی دەدی، هەرگیز هونەرەکەی بۆ کۆزیلکەی مەجلیسی ئاغاوەت ودەوڵەمەندان و گەڕی ڕەشبەڵەک و شایی و زەماوەندان تەرخان نەکرد و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دە فکری ئەوە دابوو کە بازنەی چالاکی و تێکۆشانەکانی وێرای تێکەڵاوێک لەگەڵ هەست و بیری کوردایەتی، بە پانتایی کوردستان گەورەکاتەوە. هەر بەو مەبەستەش کە دەزانێ لە شاری بەغدا رادیۆی بەشی کوردی کراوەتەوە، بۆ دمەلاسکەی ڕێژیمی ئێرانیش بێ، ڕوودەکاتە کوردستانی گەرمێن و بۆ یەکەمجار (١٩٥٤-١٩٥٥) بە شێک لە گۆرانییەکانی لەوێ تۆمار دەکا.

شتێکی کە دەبێ لێرە جەختی لە سەر بکرێ ئەوەیە کە حەسەن زیرەک بار و دۆخی کۆمەڵایەتی و هونەری ئەوەیکە لە کوێ چ بڵێ و چ نەڵێی زۆر باش هەڵسەنگاندووە و ئەوەی چاک زانیوە کە لەو هەلەی بۆی هەڵدەکەوێ دەبێ کەڵکی لێوەرگرێ، هەر ئەو جۆرەی کە ڕێژیمی پاشایەتی عیراقیش دەیەویست لێی وەرگرێ. کاتێک لێی دەخوازن بە مەلیک فەسەڵی سانی هەڵبڵێ، سێ و دووی لێناکا، بۆئەوەی ئەویش بتوانێ پەرە بە هونەرەکەی بدا و هەستی کوردایەتی خۆی بە گوتنی هێندێک بڕگە و سەربەند و نێوبەند بە گوێی خەڵک ڕاگەیێنێ. بۆنموونە، لە گۆرانی «هەم نارنج و هەم بێ یە...»دا کە بە «توران خانم»ی کۆنە دەسگیرانی هەڵدەڵێ، نێوی ڕێبەران و شەهیدانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بیردەخاتەوە و دەڵێ:

بەندی١) ماڵت وێران بێ شەوە
بۆچ منت نەبردەوە
ئاشقی چاوی تورانم
بڕۆی پەیوەستێ پێکەوە
با لە سەر تۆ بمکوژن
وەکوو «سەدر» و «پێشەوا»
لە بۆکان لە دارم دەن
وەک «شێربەگی یەکشەوە»
توران یانە بمکوژە
یان نا ڕەگەڵم کەوە...
سەربەند): هەم نارنج وهەم بێ یە
ماڵیان لە سەر خڕێ یە
دۆستی گەوردم تورانە و
چاوی ڕاستەم خەجێ یە
بەردەرکی ماڵە توران
پۆستی گوێچکە دەرێ یە...

ئەگەر هەوا و ئاهەنگی ئەو گۆرانییە و هێندێک لە بڕگەکانی لە فۆلکلۆریش وەرگیرابن، حەسەن زیرەک زۆر جوان توانیویەتی هەم ڕازو نیازی دڵی خۆی تێدا دەربڕێ و هەم ڕووداوی دڵتەزێنی قۆناغێک لە مێژووی گەلەکەی. ئەوانەی شارەزای چۆنیەتی دەربەدەری و شێوازی هونەری ئەوکاتەی حەسەن زیرەک بن، دەزانن کۆمپۆزیسیۆنی ئەو بەندە، چەندە بە جێ وڕێ گوتراوە کە دەبێ بە ئاوی زێڕ بنووسرێتەوە.

هەروەک ئاشکرایە، دوای تێکدانی کۆماری کوردستان(١٩٤٦) و بگرە هەتا کودەتای شا ــ زاهیدی کە دژ بە موسەدیق(١٩٥٢-١٩٥٣) بەڕێوەچوو، سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزی سەبارەت بە کوردان هەر توند وتیژیی بووە و کوردستان وەک ناوچەیێکی نائەهل و یاغی چاوی لێکراوە. بەڵام دواتر بەگوێرەی هێندێک ئاڵوگۆڕ کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ڕووی دا، سیاسەتی دەوڵەتی مەرکەزیش نەختاڵێک گۆڕانکاری بەسەر داهات و ئەوجار شێوەیێکی دیکە ڕەچاوکرا کە ئەویش لەبەر چاوگرتنی هێندێک مافی کولتووری ولایەنی فۆلکلۆری بوو کە دەبوو لە کوردستان بەڕێوەببرێ. دیارە ئەوەش بە پێخۆشبوونی خۆیان نەبوو. یەک لەوکارانە کردنەوەی هێندێک ئیستگەی رادیۆی کوردی بوو، لە پێشدا لە تاران(١٩٥٨) و دواتریش لە ناوچەکانی کوردستان. هەرچەند دانانی ئەوئیستگەیانە لە لایەن دەوڵەتی مەرکەزییەوە زیاتر بە مەبەستی بەربەرەکانی سیاسەتەکانی ئەوکاتەی عێراق بوو کە عەبدولکەریم قاسم ڕووخێنەری ڕێژیمی پاشایەتی بەڕێوەی دەبرد، بەڵام بێ لەوەش خۆ نەدەکرا خۆیان لەو ڕاستییە گێل بکەن تەنانەت لە دەورانی پاشایەتی «مەلیک فەیسەڵ»یشدا، بەرنامەی بەشی کوردی لەرادیۆی بەغدا بەڕێوەدەچوو و هیچ نەبا دەبوو ئەوانیش لەوبارە هەنگاوێک هەڵێننەوە!

ئەوە زۆر ڕاستە کە حەسەن زیرەکی نەخوێندەوار و بێ پشتیوان، توانایێکی لەڕادەبەدەری هەبوو هەم لە باری ناساندن و پەرەپێدانی وشەی کوردی و هەم لە باری زیندووکردنەوە و نوێکردنەوەی گەلێک لەو ئاهەنگ و هەوایانەی کە دەهات لە بەین بچن، بەڵام لەویش ڕاستتر ئەوەیە کە ئەو شانسە، بە پێی گەمە و گەڕەلاوژەی مێژوو بە نێوی حەسەی زیرەکی هونەرمەند، بۆ کوردان هەڵکەوت کە ئەگەر لە زۆربارانەوە دۆڕاندوویانە لانیکەم لەوبارەوە بیبەنەوە و بردیشیانەوە؛ بەو مانایە کە گەنجینەی هونەری میللی و فۆلکلۆری نەتەوەیێک لە فەوتان ڕزگار دەبێ. بۆیە هونەر لە ئاسایی ترین شکڵی خۆیدا و تەنانەت لە دیکتاتۆرترین ڕێژیمیشدا ئەو ڕێگایەی کە دەبێ بیپێوێ، دەیپێوێ. بۆ ڕێژیمی ناوەندی ئێران گران تەواو دەبوو کە هیچ چەشنە ئاوڕێک وەسەر کوردان ــ بە قسەی خۆیان هاو خوێن و ئاریایی ــ نەداتەوە و لەلایێکی دیکەش ئەگەر بیدابایەوە وای لێدەهات کە حسەن زیرەک بێ و بە پێچەوانەی ویست وخوازی ئەوان، لە رادیۆی کرماشان تێچریکێنێ و بڵێ: «کرماشان شاری شیرینم /شاری ئەخشێن وکورد نشینم...». ئایا بۆ ڕێژیمێکی کە دابەشکردنە جوغرافییەکانی بەتایبەت لە بارەی کوردستاندا، هەمووی ورد و سیاسی و لە پێشدا حیسابکراوبوو، قەبوڵ دەکرا کە کرماشان بانگەوازی کوردبوونی بۆ بکرێ ئەوەیش لە سەر رادیۆ؟ ئەوەیە جەبری مێژوو.

دوای گەڕانەوەی حەسەن زیرەک لە کوردستانی گەرمێن، قۆناغێکی تازە (١٩٥٨-١٩٦٤) لە کار و ژیانی هونەریی وی دەست پێدەکرێ و هەر لەو قۆناغەش دایەکە جوانترین و بەنرخترین گۆرانیەکانی لە رادیۆی

←

تاران و کرماشان تۆمار دەکرێن. هەروەک ئاگادارین، ئەگەر لە یەکدوو گۆرانی ئەو سەردەمەی چاوپێوشێن کە تێیدا بە «شا» و «کوڕی شا»ی هەڵگوتووە، زۆربەی گۆرانییەکانی ڕەنگدەرەوەی فەرهەنگ و زەوقی کۆمەڵایەتی چەند سەد ساڵەی کۆمەڵگەی کوردەوارین و لە ڕەسەنترین هەوا و ئاهەنگی کوردی دەژمێردرێن. بەتایبەت ئەو گۆرانییانەی کە لەگەڵ چەند ژنی گۆرانیبێژ تۆمارکراون و بەداخەوە جگە لە خانمی «فاتمەی زەرگەری»، نازانم ئەوانی دیکە کێ بوون.

ئەمن ئێستاش پێم سەیرە چۆنیان ڕێگاداوە ئەو گۆرانییەی تۆمار بکا کە دەڵێ:

بەندی ١): ساڵان دەچوومە ـ ئەی هاوار ـ باغی شەقڵاوە
ئەوساڵ خۆ پیربووم ـ لە دووریت ـ کەڵکم بڕواه
ئەو ساڵ بەهارمان ، بە بێ بارانە
گوڵاڵەی سوورم ـ ئەی هاوار ـ خوێنی یارانە.
سەربەند): لەو سەرە دەنگی ساز دێ، هەڵاڵە[هەڵایە] و زەمزەمە
قریشکەی خانم ناز دێ، ماچ کەم ئەو دەمە
دەم لە سەر دەمە و دەست لە سەر مەمە
لاڵ بم، ئاورم کردەوە
شەو لە سەر سینگ و مەمکەکەت ڕۆژم کردەوە(٢جار)
بەندی٢): ساڵان بەهارێ ـ ئەی هاوار ـ دەچوومە سەیران
ئەوساڵ بەهارم ـ ئەی هاوار، سوورە گوڵێ ـ لێ بوو بە زستان
«لە هەر چاور لاوە، شایی یە بە ڕیزە
خەنەبەندانە ـ گیانەکەم ـ شینی ئازیزە(٢جار)»
سەربەند): لەو سەرە دەنگی ساز دێ...
بەندی٣) ساڵان دەچوومە ـ ئەی هاوار ـ شاخی کوردستان
ئەوساڵ ویشک بوو ـ بۆچ لەمن؟ ـ گیان، باغ و بێستان
ئەوساڵ بەهارمان لێ بوو بە زستان
گوڵاڵەی سوورم ـ ئەی هاوار ـ بووە خوێنی یاران(٢جار)
سەربەند): لەو سەرە دەنگی ساز دێ...

ئەو گۆرانییە ، پێم وانییە حەوجێ بە هیچ شیکردنەوەیێک بکا کە چ هونەرمەندانە یەک دوو بڕگە لە هۆنراوە بەناوبانگەکەی «پیرەمێرد» نێو ئاخن کراوە و ئەوەش کە چ پێوەندییێک لە نێوان دوو تابلۆی جیاوازی بەند وسەربەندەکاندا بەدی دەکرێ؟ خوێنەرەوە خۆی دەبێ لێکی بداتەوە. بۆ تێکنیکی مۆسیقا و هارمۆنی دەنگ و ئامێرەکانیش، تا گوێی لێنەگرین ناتوانین شتێکی گرینگ بڵێین.

ئەو هەوا و ئاهەنگە فۆلکلۆرییانەی کە حەسەن زیرەک نوێی کردوونەتەوە، سازی مۆسیقای زۆربەیان کاتی خۆی یان ئامێری تەپڵ و دووزەلە بووە یان دەهۆڵ و زوڕنا. یەکێک لە کارە سەرکەوتووەکانی ئەو هونەرمەندەمان ئەوە بووە کە سەرەڕای تازەکردنەوەی فۆرمی گۆرانییەکان، لە بواری وشەی پەتی و زاراوەی باوی قۆناغی وەرزێری ( و لە هێندێکیاندا شاردیی)، لەگەڵ تێکنیکی مۆسیقا و ئامێرە تازەداهاتووەکانیش گونجاندوونی. لەوانەیە هێندێک لە کار بەدەستە کوردەکانی ئەو کاتەی رادیۆکرماشان، یان ئەو سازژەنانەی کە کاریان لەگەڵ کردووە ، لە باری هاوئاهەنگی دەنگ و مۆسیقاوە، تەئسیریان لە سەر



دانابێ، بەڵام بە تێکرایی ئەو دیاردەیە بۆ هونەرمەندێکی نەخوێندەواری نۆتنەزان شتێکی شاز و چاوەڕواننەکراوە.

دروستە بەشداری تیپی مۆسیقا و شێوەی ئاوێتەبوونی ئامێرەکان تا ڕادەیێک تەئسیری دیاریکراوی خۆیان هەیە، بەڵام چەشنی دەنگ و لەرەی گەروو و شێوازی چڕینی حەسەن زیرەک جۆرێک بووە، جگە لە هێندێک لەگۆرانییەکانی رادیۆ تاران وکرماشان نەبێ کە بە مۆسیقای پێش ئاهەنگ دەستپێدەکرێن، لە زۆربەیاندا، بە هۆی سازەکان بەربەست نەکراوە. مۆسیقاژەنەکان ئەغلەب چاویان لە زاری وی بووە و ئامێرەکانیان کۆک کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا، هارمۆنی و پارسەنگێکی تەواو لە نێوان دەنگ و پاشدەنگ و ئاهەنگی سازەکان بە دیدەکرێ کە لە کاری هونەرمەندانی دیکەدا کەمتر دەبیندرێ. زۆربەی ئەوسازژەنانەی لەگەڵ حەسەن زیرەک کاریان کردووە، خۆیان بە بەختەوەر زانیوە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان مۆسیقایان بۆ ژەنیوە.

جارێکی کەمانچەژەنێکی تورک دەکەوێتە بەر تانە و تەشەری گۆرانیبێژێک کە گوایە زۆر توانا نییە و نایزانێ. کابرای کەمانچەژەن لە جوابدا دەڵێ برۆ کاکەگیان! ئەمن بۆ حەسەن زیرەکم کەمانچە لێداوە، چۆن نایزانم؟!

حەسەن زیرەک، تا بڵێی ئینسانێکی شەرمێون و کەمدوێ بوو، بەتایبەت لە ساڵەکانی ئاخری ژیانیدا، ئەغلەب تەنیا بوو، بە هۆی نەخۆشییەکەی کەمتر هاتوچۆی خەڵکی دەکرد. زۆر کەس پێیان خۆش بوو یارمەتی بدەن، بەڵام بۆ خۆی نەیدەویست. دەیزانی تازە زۆر درەنگ بووە و کار لە کار ترازاوە. ئەوەی فکری لێ نەکردباوە پووڵ و پارە بوو، دوای هەر شایی وزەماوەندێک ئەگەر هەموو گیرفانی پڕ لە پارە با، بۆ بەیانی قرانێکی پێنەدەما، زۆر دەست و دڵباز بوو. جگە لە ناوێکی بەرزی هونەری بۆخۆی و بۆ گەلەکەی هیچ شتێکی لە پاش خۆی بە جێ نەهێشت. یادی سەدجار بە خێر بێ. ■

تێبینی: هەردووک وێنەی ئەو نووسراوەیە لە کتێبی: تاریخ فرهنگ وادب مکریان، ابراهیم افخمی، وەرگیراوە.

## ناساندنی حەوتەنامەی «خۆرنشین»

**ئەحمەد شەریفی**

حەوتەنامەی «خۆرنشین» بە دوو زمانی فارسی وکوردی لە سالی ۱۳۳۰ بەرانبەری ۱۹۵۱ی زایینی لە تاران لە لایەن چەند کوردێکی دڵسۆزی سنەییەوە، چاپ وبڵاوکراوەتەوە. ئەو حەوتەنامەیە، سیاسی، ئەدەبی و کۆمەلایەتی بووە و، هەموو ڕۆژانی چوارشەمە بە ماوەی دوو ساڵ لە تاران وەشاوە و ناردراوەتە سنە و کرماشان ومهاباد و شارەکانی تری کوردستان. خێوی ئەو حەوتەنامەیە ڕێزدار «عەبدولحەمیدی مەعریفەت» وسەرنووسەرکەی بەڕێز«دوکتور وەکیلی کوردستانی» بووە.

لە سالی ۱۳۷۱، لە شاری سنە لە لایەن بەڕێز کاک «ئەیووبی حەدادیان»، ۱۳ژمارەی ئەم حەوتەنامەیەم بینی کە لە کتێبخانە پڕ بەهرەکەی خوالێخۆشبوو«حەمدی سنەیی»دا پارێزرابوون. ئێستا لە بەرەوە زۆر بە کورتی ئەم ۱۳ژمارەی خۆرنشین دەناسێنم:

۱) ژمارەی دووەم، سالی ئەوەڵی خۆرنشین لە ڕۆژی چوارشەمە ۲٦ی موردادی سالی ۱۳۳۰دا وەشاوە. لاپەڕەی ۳ی خۆرنشین تایبەتی شێعر و وتارگەلی کوردی بە زاراوەی سنەیی بووە. لە لاپەڕەی ۳ی ژمارە۲دا لە ژێر سەردێڕی «مشاهیر کرد»دا باسێکی مەولانا خالیدی نەقشبەندی کراوە و شێعرێکی فارسی ئەم زاتەش بۆتە پاشکۆی ئەم وتارە.

«پروسکە و پرشنگ» ناوی ستوونێکی ڕەخنەگرانە و تەنزی کۆمەلایەتی ئەم لاپەڕەیە، کە بە زاراوەی سنەیی لە هەموو ۱۳ژمارەدا هەبووە و هەر جارەی باسی شتێکی کردووە.

لە گۆشەیەکی تری ئەم لاپەڕەیەدا، غەزەلێکی مستەفابەگی کوردی: (روژی نبو ام دلبربی رحم وفا کا/ ڕۆژێ نەبوو ئەم دڵبەرە بێ ڕەحمە وەفا کا) لە پێنج بەیتدا چاپکراوە. لە ژێر ئەم غەزەلەدا، پارچە هۆنراوەیەکی تر لە «سید حسین حسینی رئیس السادات لون» دەبیندرێ. هەر لەم لاپەڕەیەدا، وێنەی ژنێکی جوانی کورد هاتووە و لە ژێر ئەم وێنەیەدا نووسراوە:

«کاشکی من ببام کوزەء بان شانت/ تک تک بتکیام و نو ممکانت» (کاشکی من ببام گۆزەی بان شانت / تک تک بتکیام وە نەو مەمکانت)

لە ژێر ئەم بەیتە شێعرەدا نووسراوە:

بە هۆی زۆر بوونی وتارگەلی ئەم ژمارەیە، نەمانتوانی پاشماوەی یوسف و زلێخا و مێژووی کوردستان و وێنەگەلی سەرۆکی عەشیرەکانی کوردستان چاپ بکەین.

۲) ژمارە٤ی سالی ئەوەڵی خۆرنشین لە ڕۆژی شەمە ۹ی شەهریوەری سالی ۱۳۳۰دا دەرچووە. لە لاپەرە۳ی ئەم ژمارەیەدا، ئەم وتارانە دێنە بەرچاو:

ـ «گنجینەطلای کردستان»، ئەم وتارە بە فارسی لە بارەی شوێنەوارە عەنتیکەکانی قەلای زێوە نووسراوە.

ـ «یک شرح اجمالی از وضع عمومی کردستان» بە قەڵەمی «ت. امینیان»، بە زمانی فارسی و لە ژێر ئەم وتارەدا وێنەیەکی حەسەنخانی ڕەزاب چاپ بووە.

ـ لە گۆشەیەکی تری ئەم لاپەڕەدا، وێنە و کلیشەی ژنێکی بالابەرزی کوردی دەبیندرێ و لە ژێری نووسراوە: وفاتی شاعر شیرین زبان کرد«سقزی».

ـ یار دڵدارم، یار دڵدارم/ ئاغەی مەعرفەت دۆس نازدارم؛ ناوی شێعرێکی شاعیری سنەیی «جەوهەری سەعید دیوان»ە و گۆشەی «پروسکە و پرشنگ»یش باسێکی کۆمەلایەتی یە بە زاراوەی سنەیی.

ـ «عقاید مولوی»، غەزەلێکی ۱۳بەیتی مەولەوی کورد و «تاتای سری طرەء پر پیچشی بادا/تا تایی سەری توڕڕەیی پڕ پێچشی بادا» غەزەلێکی ٦ بەیتی «نالی»یە، کە لەم لاپەڕەیەدا چاپ بوون.

۳) ژمارە٥ی سالی ئەوەڵ، ڕۆژی شەمە ۱٦ی شەهریوەری ۱۳۳۰ چاپ بووە. لە لاپەڕەی۲دا، وێنەی نەقاشیی ژنێکی ڕووت و شێرێک بلاوکراوەتەوە کە لە نەقاشییەکانی «عەبدولحەمیدی مەلیکولکەلامی کوردستانی مەشهوور بە «شەرقی»یە. هەر لەم لاپەڕەیەدا، وێنەیەکی «ئەمانولاخان»ی گەورەش چاپ کراوە. لە لاپەڕەی ۳دا شێعرێک بە زاراوەی گۆرانی، لە شێعرەکانی خوالێخۆشبوو«شێخ محەمەدی فەخرولعولەما»ی سنەیی دەبیندرێ. لە ژێر ئەم شێعرەدا «قصەی کورت گورەیل/ قسەی کورتی گەورەکان» بە قەڵەمی «ت. امینیان» بە زاراوەی کرماشانی چاپکراوە.

پروسکە و پرشنگ هەروا بەردەوامە و لە ژێر ئەم ستوونەدا، کلیشە و وێنەی پێنج ژنی کورد کە خەریکی هەڵپەرکێن دێتە بەرچاو.

غەزەلێکی «کوردی»: «صدای سنتوری کللەم گرمە امشو/ چریکە بانگی دل بی شرمە امشو» لە ۸ بەیتدا، گۆشەیەکی تری ئەم لاپەڕەی داگرتووە.

هەروا، لەم لاپەڕەیەدا «تاریخ کردستان» تەئلیفی «صادق الملک» و «یوسف و زلیخای گمنام کە برای والی کردستان سرودە شدە» بە فارسی چاپ بوون.

٤) ژمارە٦ی سالی ئەوەڵ، لە ڕۆژی شەمە ۲۳ی شەهریوەری ۱۳۳۰دا چاپکراوە.

لە لاپەڕەی ۳دا ئەم وتارانە دەبیندرێن:

ـ گلکۆی تازەلەیل، کە ۱۲ بەیتە و دوکتور محەمەدی موکری بە فارسی راڤە و شەرحی کردووە.

ـ پروسکە و پرشنگ، بە زاراوەی سنەیی

ـ غەزەلی «لە کنجی بی کسی دا فردم امرو» لە «مستەفا بەگی کوردی کە ٦ بەیتە.

ـ غەزەلێک بە شێوەی هەورامی لە مەرحووم«شێخ محەمەدی فەخرولعولەما».

ـ گنجینە طلای کردستان، بە فارسی لە بارەی زێوەدا.

لە لاپەڕەی ٤دا، «مشاهیری کرد»، باسی ئەمیر شەرەفخانی بدلیسی کراوە کە «ت. امینیان» نووسیویەتی و ١٤ دێڕە.

٥) ژماره ٧ی سالّی ئەوەڵ، لە ڕۆژی سێشەمە ٩ی مێهری ١٣٣٠دا وەشاوە.
لە لاپەڕەی ١دا وێنەیەکی «گنجینه طلای کردستان» چاپ بووە.
لە گۆشەیەکی تری ئەم لاپەڕەدا ڕەخنە لە «عملیات سرتیپ بهارمست در کردستان» (عەمەلیاتی سەرتیپ بەهارمەست لە کوردستان) گیراوە.
لە لاپەڕەی٢دا، وێنەیەکی گەورەی کۆشکی (خوسرەوئاوا) چاپ بووە و لە ژێری نووسراوە: «عمارت خسرواباد از ابنیه قدیمی کردستان است که از بناهای مرحوم شرف الملک بزرگ اردلان می باشد».
لە لاپەڕەی ٣دا ئەم وتارو شێعرانە بە کوردی دەبینرێن:
ـ غەزەلێک بە زاراوەی هەورامی لەمەرحووم«شێخ محەمەدی فەخرولعولەما».
ـ پاشماوەی «گلکۆی تازەلەیل» بە قەڵەمی محەممەدی موکری.
ـ آویدر(ئاویدەر)، شێعرێکی ١٧ بەیتی بە زاراوەی سنەیی لە«هشیار»(هۆشیار).
ـ جواو کیف آویدر بە ئاغە هشیار(وەڵامی کێوی ئاویدەر بە ئاغای هۆشیار) کە ٩ بەیتە.
ـ پروسکە و پرشنگ، بە زاراوەی سنەیی لە گەڵ کلێشەی ژنێکی کورد.
ـ تاریخ کردستان(تاریخی کوردستان)، تەئلیفی «سادقولولک» بە زمانی فارسی.
ـ کردستان را دریابید(کوردستانتان بەبیربێ)، بە قەڵەمی «ت. امینیان»، لەو وتارەدا داوا لە کاربەدەستانی دەوڵەت دەکرێ زانستگایەک لە سنە یان لە کرماشان دابمەزرێ.
٦) ژمارەی٨ی خۆرنشین لە ڕۆژی شەمە ١٣ی مێهری ١٣٣١دا بلاوبووەتەوە. لە لاپەڕەی ئەوەڵدا دوو وتاری لە سەر کوردستان بە فارسی تێدایە:
ـ آثار باستانی(شوێنەواری لەمێژینە) لە بارەی قەڵای کەرەفتوو و تاقی بوستانی کرماشان.
ـ حجه الاسلام آیت اله مردوخ، کورتە ژیانێکی ڕەحمەتی مەردوخ و شوێنەوارە چاپکراو و نەکراوەکانی.
لە لاپەڕەی ٣دا، پروسکە و پرشنگ، شێعری«آویدر»، پاشماوەی (گلکۆی تازەلەیل، غەزەلێکی «مستەفا بەگی کوردی»(کە ٨ بەیتە) و وێنەیەکی ڕازاوەی جوانی جلوبەرگی کوردی باسەکانی ئەم ژمارەیەن.
٧) ژمارە٩ی سالّی ١ی خۆرنشین ـ سێشەمە ٧ی ئابانی ١٣٣٠ وەشاوە.
لەم ژمارەیەدا لە لاپەڕەی ئەوەڵدا، وێنەی پیاوێکی کورد چاپ بووە کە تفەنگێکی برنو لە دەست حەمەڕەزاشا وەردەگرێ. هەروەها نەقاشییەکی مەرحووم«عەبدولمەجیدی مەلیکوکەلامی»کە دوو شێرن، چاپ کراوە.
لە لاپەڕەی٣دا، وتارێکی مەرحووم «شێخ محەمەدی فەخرولعولەما»شاعیری کورد بە ناوی (جەبرو نیختیار) و پاشماوەی شێعری ئاویدەر دەبینرێ. سەروتاری ئەم ژمارەیەی خۆرنشین لە لایەن ئاغای «فیوضات»کەفیلی وەزارەتی فەرهەنگ نووسراوە کە باسی بارودۆخی نالەباری ئاموزیش وپەروەریش(پەروەردە و بارهێنان)ی سنە وکرماشانی تێدا هاتووەتە ئاراوە.
٨) ژمارە ١٠ی سالّی١، ڕۆژی سێشەمە ٢١ ئابانی ١٣٣٠. لە لاپەڕەی ١دا، وێنەی دوکتور «کەریمی سەنجابی» وەزیری فەرهەنگ و «دیوانبەیگی»ی سەناتۆر چاپکراوە. هەروا لەم لاپەڕەیەدا، وتاری(آثارباستانی) لە بارەی قەڵای کەرەفتوو درێژەی پێدراوە.
لە لاپەڕەی ٣دا، ئەم وتار و شێعرانە بە کوردی و فارسی چاپ بوون:
ـ پاشماوەی شێعری ئاویدەر،
ـ جواو دانشمند معظم آغه هشیار(وەڵامی زانای ڕێزدار ئاغای هۆشیار) بە زاراوەی سنەیی لە لایەن «سەید کازمی ئیبراهیمی سەلەوات ئابادی».
ـ پروسکە و پرشنگ
ـ تاریخچه منظوم(تاریخچەی مەنزووم)، نووسراوەی شاعیری شیرین گوفتار ئاغای«جەوهەری»
ـ شێعرێک لە «فەرەجوڵڵای ناسری» خەڵکی قەسری شیرین بە زاراوەی گۆرانی.
ـ پاشماوەی وتاری(گلکۆی تازەلەیل).
لە گۆشەیەکی ئەم لاپەڕەدا نووسراوە:[کە من، بە ڕێنووسی خۆرنشین دەینووسمەوە□]:
«ایژن میرزا عبدالقادر لتک رفیق گلیا چوگن بو نچر وخت قاوتون، ل دیکو نهاریان بویان هاوردگه، نهارکه عبارت له کوکو بوگه، کوکو ناویک هاوردگیه سر سفره. میرزا عبدولقادر بداهه وتگیه:
طعامی کوکو کوکو آورده   وشترن جه کوکو کواو کرده».
٩) ژمارە١١ی سالّی١، ڕۆژی سێشەمە ١٢ی ئازەری ١٣٣٠ وەشاوە. لە لاپەڕەی ١دا، دوو وێنەی (تاقی بوستان، پاشماوەی (آثار باستان)، تێلگرافی (مەشایخ، ئەعیان، توجار، ئەسنافی کوردستان) بە بۆنەی هاتنی جەنابی ئاغای «دیوان بەیگی»سەناتۆری موحتەرەمی غەرب» و شێعرێکی فارسی ئاغای «عەلینەقی هۆشیار» چاپ بوون.
لە لاپەڕەی٢دا، وێنەی «مەرحووم جەنەت مەکان حاجی سەید عەبدولعەزیزشێخولئیسلامی کوردستانی» چاپکراوە.
لە لاپەڕەی ٣دا، ئەم شێعر و وتارانە بە کوردی چاپ بوون:
ـ شێعرێک لە (ئاغە شێخ محەمەد خالید مەولانا).
ـ دووبەیتێکی میرزا عەبدولقادری پاوەیی.
ـ دووبەیتێکی مەولەوی کورد، کە هەر سێکیان دیاری «ئاغە سەید ئیبراهیمی ستودە»ن.
ـ پروسکە و پرشنگ.
ـ وێنەی دوکتور محەممەدی موکری.
ـ پاشماوەی شێعری ئاویدەر.
ـ شێعری (سەلام)، دیاری «ڕەشید باباتاهیر»لە مەریوان.
ـ شێعرێکی («ئاغە سەلیم لوتفی»، شاعیری خۆش قەریحەی کوردی قاجری بۆکان.
١٠) ژمارە١٢ی سالّی١، لە ڕۆژی سێشەمە ١ی بەهمەنی ١٣٣٠بلاوبووەتەوە. ئەم ژمارەی خۆرنشین دوو لاپەڕەیە. لە لاپەڕەی١دا، وێنەی هێندێ کوردی سنەیی دەبینرێ کە پێشوازی تیمسار«بهارمست»دەکەن. هەروا شێعرێکی فارسی«عارف عرشی» بە ناوی (گذشت آنکه) لەم لاپەڕە دایە. لە لاپەڕەی٢دا، پاشماوەی شێعری ئاویدەر و هەروەها شێعرێکی (٦ بەیتی) «سەید فاتحی شێخولئیسلامی»

چاپ بوون. شێعرەکەی سەید فاتح بەم سەرەتایەوە دەست پێدەکا:

شعر تو منت خسته هژاری/ خستمته سر ری بی ایش وکاری...

(شێعر تۆ منت خسته هەژاری/ خستمته سەر ڕێی بێ ئیش وکاری)...

١١) ژمارە١٣ی ساڵی١، ڕۆژی چوارشەمە ١٦ی بەهمەنی ١٣٣٠ لە دوو لاپەڕەدا بڵاوبووەتەوە. لاپەڕەی١، ئەم بابەتانەی تێدایە:

ـ وتاری(مشاهیر کرد) بە زمانی فارسی کە شەرحی حاڵی مەرحووم«شێخ



مدیر وصاحب امتیاز

عبدالحمید معرفت

محل اداره تهران خیابان گرگان

چهار راه معینیه

سال اول

شماره یازدهم

خورشین

۳ شنبه ۱۲ آذر

۱۳۳۰

سیاسی ادبی اجتماعی

صفحه ۳

خورشین

از گوینده ناشناس ۳

آویدر

بقیه ازشماره پیش

باغ و عمارت وهابون ویران

دال‌ده‌بك نماگه بو وخت باران

چمن و باغم گشتی خراوه

عمار تـکان بـون بکلاوه

کچك و آجر عمار تکان

گشتی فروشیا بسربا بتالان

کچك فروشیا و درخت له بن‌هات

مالت کاول بی . . . . . .

بقلم یکی له نویسنده‌گل معاصر -۷-

پروسکه وپرشنك

تربیت عشایری وایلیاتی لەحیث عصت وعتوفر،خاس‌ترینبکه. کرو کتیشك فرەخون پاك‌بارتین فسادگل‌شارسانی نەتنها لناوایلیات وعشایرا رخنه‌ای نکرد که بلکه لناوشارسان کرد ذوانکانیچا ناوبنرگیت.

لناوایلا کرو کتیشك وته براووخویشك. هیچ مکن‌ته بچاوناپا کیوکربك تواشای کتنگبك بکا.

شیطان هتنابو سرزوین مقدسه ریکه‌ی پیدانکردکه. باور بکه اصل تمدن ومسلماتی هابلای امانو. اگر نکرتن وشو بیچ بیش بیت. دوی اصل‌واساسیکو انجام ادیت. نصه‌وبات جزئمه وبات هادی براوخویشکی له‌ینباتاناگنری. چه کرچه کیشك حاضر ناون حتی بچاو غیرهادو تواشای یك بکن. وام‌جوره حرکاته

ماوخوانندگار

تهران-آقای ادیب ذکائی بیط

از اینکه بطور تصادف خود بنظر جنابعالی رسیده ومرقوم‌داشته‌اید کیدهیچ باور نیکردم در میان اهـ جرایدیکه خروش دلفراشتان در - کشور طنین‌انداز گشته و ناشرید هریك مایلند اذهان و افکار جامعه‌ر معطوف دارند ولی وقتی بدقت مله شود حتی یك مضمون جالب و یك خواندنی ندارند و بلکه اغلب سر فحش و ناسزا تهمت و افترا اهـا

عەبدولحەمیدی عیرفان»د.

ـ وێنەی «حاجی سەید شێخ شەهابەدینی نەقشبەندی».

ـ وێنەیەکی چیای بێستوون.

ـ وێنەیەکی شارۆچکەی کەرەند[لە کرماشان].

ـ وتاری (آثارباستان)ی سەبارەت بە قەڵای کەرەفتو.

لاپەڕەی٢:

ـ شێعری ئاوێدەر، لەلایەن «جەوهەری» لە وەڵامی «ئاغە هۆشیار» بە کوردی.

ـ شێعرێک لە «ئاغە سەید حوسێن حوسێنی».

ـ شێعرێکی «سەید ئیبراهیمی ستوودە» بە هەورامی.

ـ چواربەیت شێعر بەم ناو و نیشانە: «هل بستەی عارف شاعر کرد لە سلیمانیە ماموستا ملا نجم الدین» کە (احمد آغە فاتح بومانی هناردگە).

١٢) ژمارە١٤ی ساڵی١، ڕۆژی پێنجشەمە ١ی ئیسفەندی ١٣٣٠ دەرکەوتووە کە دوو لاپەڕەیە.

لە لاپەڕەی ٢دا ئەم شێعرانە بە کوردی وەشاون:

ـ غەزەلێکی میرزا عەبدولقادری پاوەیی: «شیرین دوسال دعا و سلامن/ سوقات یاران نامه و پیامن» کە ١١بەیتە.

ـ پاشماوەی شێعری (آویدر): جەوهەری.

ـ «جواو شعربە شعر»ی کەلامی موفتی کە ٦ بەیتە.

ـ شێعرێک بە زاراوەی کەلهوری (وە قلم«یداله رضائی») کە ٨ بەیتە.

هەروەها شێعرێکی «سەید ئیبراهیمی ستوودە».

١٣) ئاخرین ژمارەی خۆرنشین کە ئەمن دیتوومە، ژمارەی ١٥ی ساڵی دووەمە کە ڕۆژی چوارشەمە ٢١ی ئابانی ١٣٣١بڵاوبووەتەوە و چوار لاپەڕەیە:

لە لاپەڕەی١دا وتارێک بە فارسی لە ژێر سەردێڕی «جناب آقای مصدق کردستان را دریابید»، وتاری «مشاهیر کرد» ناساندنی «ابومسلم شیخ حبیب اله مدرس مردوخ روحانی» و وێنەیەکی «اورنگ ـ رئیس اسبق مجلس شورای ملی» چاپ کراون.

لە لاپەڕەی٢دا وتارێک بە فارسی نووسراوە: «سروان محمد امین بیگ لهونی کیست و چه میخواهد؟»، هەروەها وێنەیەکی دوکتور«وەکیلی کوردستانی» بەڕێوەبەری حەوتەنامەی خۆرنشین بە بۆنەی سەرەتای دووهەمین ساڵی خۆرنشین چاپ بووە.

لە لاپەڕەی٣دا، ئەم شێعر و وتارانە هاتوون:

ـ پاشماوەی شێعری(آویدرر): جەوهەری.

ـ وتاری (گنجینه طلای کردستان).

ـ شێعرێکی «خانای قوبادی»: (بنام او کس شیرین ارمن/ پیدا کرد فرهاد پیش بی و کوکن) کە لە لایەن دوکتور محەمەدی موکری یەوە کراوەتە فارسی.

ـ وێنەی «شادروان شیخ حبیب اله مردوخ روحانی».

لە لاپەڕەی ٤دا بەشێکی تر لە وتاری قەڵای کەرەفتو بە فارسی وەشاوە.

ئەوەی ئەمن لە ژمارەکانی خۆرنشین دیومن، ئەم چەند ژمارانەبوون، ئیتر نازانم ئەم حەوتەنامەیە سەرجەم چەند ژمارەی لێ وەشاوە. بەڵام لە ناوەرۆکی ئەم ژمارانە وا دەردەکەوێ کە لە ڕوانگەی ئەدەبی یەوە زۆر دەوڵەمەند بووە و بە تایبەتی بۆ توێژەران لە سەر بنزاراوەی سنەیی زۆر بایەخی هەبووە.

بەهاری ١٣٧٥(١٩٩٦)

ع. دیاکۆ

### شارۆچکەکەم

لە نیوە ڕاستی شارۆچکەکەم کە تازە بە خێز و بەردی قەراغ ئەو ڕووبارەی کە دایکم هەموو ساڵێ فەرشی لێ دەشووت و ئەمنیش هەموو ساڵێ شارۆچکەیەکم لێ دروست دەکرد، دانیشتبووم.

ئەو ساڵە ساڵێک گەورەتر ببووم. شارۆچکەکەشم گەورەتر و چاکتر بوو. هیچی کەم نەبوو، دیوار ودەرگای هەبوو، خانووی جوانی تێدا بوو، شتێکی زۆر تازەشی هەبوو. شتێک کە شارۆچکەکەی وەک شاری ڕاستی لێ کردبووم. شارۆچکەکەم ئەوساڵ ئالای هەبوو. ئالاکەم لە سەر دەروازەکەی هەڵاوسیبوو.

چاوێکم پێدا خشاند، هیچی کەم نەبوو، بەس نێوی نەبوو، هەرچی بیرم کردەوە نەمزانی چ نێوێکی لێ بنێم. چاوێکم لە دایکم کرد، خەریکی فەرش هەڵخستنێ بوو، هەڵاتمە لای و گوتم:

ـ دایە ئەوساڵ شارۆچکەکەم زۆر گەورەیە، دەمهەوێ نێوی لێ بنێم. بەڵام نازانم چ نێوێکی لە سەردا بنێم.

دایکم گوتی:

ـ هەرچی پێت خۆشە!

ـ نازانم

ـ نێوی بنێ قەڵای دمدم.

گەڕامەوە، چاوم بە سەربازێکی عەجەم کەوت کە خەریک بوو شارۆچکەکەمی بە پێلاقان دەڕووخاند. چوومە پێشێ، چاوێکم لێکرد، پشتی تێکردم و بێ وەی من شتێک بڵێم خۆی هاتە قسە و گوتی:

ـ(پدر سوخته سنگر درست میکنی)

چاوم پڕبوو لە غەزەب وگریان، چوومەوە لای دایکم و گوتم:

ـ دایە سەنگەر یانی چی، نابێ دروستی کەی؟

دایکم لە باوەشی گرتم وگوتی:

ڕۆڵە لێیگەڕێ با هەر وای لێ حاڵی بێ، ئەوەی ئەتۆ دروستت کردبوو، ئەو ئالا وبەزم وڕەزمە، هەر وەکوو وڵات دەچوو تا سەنگەر.

ـ تازە لێی ڕووخاندم.

ـ ساڵێکی دیکە، یەکی دیکە لەوە گەورەتر ساز بکە. بەڵام لە بیرت نەچێ نابێ بەجێی بێڵی، دەنا ئەو گورگانە دێن خراپی دەکەن.

لە باوەشی دایکم هەڵاتمە دەرێ و چووم ئالاکەم کە وەبن خیزی کەوتبوو، درێناوە بۆ ساڵێکی دیکە.

### مەحکەمە

تاوان: لە بیرچوون

نێو: کوردی ئاوارە

دادستان: لە مەحکووم داوا دەکەم بێتە سەر جێگای شاهید.

قازی: بەو قورعانە سوێند دەخۆی لە ڕاستی زیاتر هیچی دیکە نەڵێی؟

ـ نا، سوێنددەخۆم.

ـ دانیشە.

دانیشت، سوورهەڵگەڕاو و تووڕە.

ـ چەند ساڵە لەو وڵاتەی؟

ـ شەش ساڵ

ـ بۆ دەربەدەر بووی؟

ـ لە پێناو ڕزگاری وڵاتەکەم.

ـ ڕزگار بوو وڵاتەکەت؟

ـ نا، نا قوربان، هەزار دێهاتیان لێ ئاگر تێبەردان، برا و جیرانمانیان گرت و شەهید کرد، بە سەدان لە بەندیخانە ڕزان، شارەکانیان وێران کردین، کچی چاردەساڵەیان لە داردا، قوربان هەرچی شەیتان نەیدەزانی بە سەرێمەیان هێنا، بۆمبی کیمیاوییان پێدا داین، ئاو قوربان، ئاوی کانییەکانیشیان لێ ویشک کردین، چوار براین و چوار دوژمنی گەورەمان هەیە...

ـ تا پرسیارم لێ نەکردووی قسان مەکە(بە تووڕەییەوە). دەکرێ نێوی چەند لادێی ئاگرتێبەردراوەمان پێ بڵێی؟

ـ لە بیرم نین!

ـ ناوی چەند برادەری شەهیدت؟

ـ لەبیرم نین!

ناوی ئەو برادەرانەی لە بەندیخانەدان؟

لە بیرم نین قوربان! خۆ درۆ ناکەم، هەزار کەسمان لە بەندیخانەدان!

ـ دەکرێ بڵێی ئاخرین جار کەی ئەوانت لەبیر بوو یان بیرت لێ کردنەوە؟

ـ کاتێ هەڵاتمە ئێرە!

ـ دەکرێ بۆ من و ئەو خەڵکە باسی هێندێک لەو پەیمانانە بکەی کە دەگەڵ خۆت و برادەرانت بۆ ڕزگاری وڵاتەکەت بەستبووت؟

سەری داخست وبە سەبرایی گوتی:

ـ لە بیرم چوونەوە؟

ـ گوێم لێنەبوو. چت گوت؟

ـ قوربان لە بیرم چوونەوە( بە هاوارەوە).

ـ دەکرێ هێندێک باسی ئەو یارمەتی و جوولانەوانە بکەی کە لەوەتی لێرەی بۆ وڵاتەکەت کردووتە، بە کورتی بۆ ئەوەی کاتی مەحکەمەکە زۆر نەگیرێ.

سەری داخست، پێنج ساڵ لەوە پێش دووسەد کرۆنێکم بۆ برادەرێکم ناردووە...

ناوی چ بوو؟

ـ لە بیرم نییە!

دادستان ڕوو لە قازی و لە خەڵکەکە دەکا و دەڵێ:

ـ هەروەک دەیبینن من پێویست ناکا هیچ بڵێم، تەنیا داوای گەورەترین سزای بۆ دەکەم، ئەمن پرسیاری دیکەم نەماوە، فەرموو جەنابی وەکیل نۆرەی تۆیە.

وەکیلەکەی هەستا، چاوێکی لە تاوانبار کرد و گوتی:

ـ هیچ پرسیارێکم نییە.

قازی ڕوو لە تاوانبار دەکا و دەڵێ:

ـ هەر وەک لەوە پێش دیاربوو، هیچ گومان لە تاوانباریی تۆدا نییە، بۆیەش بەو خاڵەی خوارەوە مەحکووم دەکرێی:

ـ «ناردنەوەی دە دۆلاڕ مانگانە بۆ وڵاتەکەت».

قازی بە لێدانی چەکوچەکەی تەواوبوونی دادگای ڕاگەیاند.

وەخەبەر هات، هەستا و چاوی لە دەوروبەری خۆی کرد، لە ماڵی خۆی بوو، ئێوارەبوو و لە سەر مۆبلەکەی خەو بردبوویەوە. تەلەڤیزیۆنەکەی هەڵکرابوو، منداڵەکانی لە ماڵ نەبوون. هەستا چوو بەر ئاوێنەکە، دەستێکی بە سەری داهێنا و بە پێکەنینەوە گوتی:

ئۆخەیش خەون بوو، دەنا مانگانە دە دۆلارم لە کوێ هێنابا.

٩٦/١٠/١٦

# خەمی شینی تۆخ لە مجری کریستاڵ دا

**حەسەنی ئەیوب زادە**

**لە** خوارووی کانییەکەی بەر ماڵانی گەرماوی سەروو، بژاری توتنی دەکرد. جاروبار بە سۆزەوە قامێکی دەگوت و خەمی دڵی دەردەبڕی. لە زەردەپەڕی ئێوارەش دا، فووی دەکرد بە گەرووی شمشاڵەکەی و نەرم نەرم قامکی لێ دەبزاوتن. تاریکایی کە دادەهات، بە توولە ڕێگاکەدا هەڵدەکشا و لە تەنیشتی باخە ڕەزەکەی بەرماڵان ڕادەوەستا. دەمێک باش بەو دەنگە بە سۆز و ئەفسونکارەی حەیران و ئازەیزەیەکی دەگوتن و پاشان وەکوو خەو لە چاوی شەو ڕادەچوو. ئەوسا دۆڵ ودەرە و ئاوەدانی بە هەموو زیندەوەر و گیانلەبەرەکانییەوە دەخوشانە نێو زرینگانەوەی ئەو دەنگە شەو ئاژنکراوە و خۆیان بە ڕووباری ئارامی خەیاڵ دەسپارد و جیهانی دەروژووری مرۆڤ دەکەوتە وەنەوزدان.

ئەو ئەفسونە خواییە، ئەو دەنگە پیرۆزە، کلیلی دەروازەی ڕۆحی سەرگەردان، قوڵپەی گریان و هاواری برینی دەروونی گۆشتەزوونگرتووی خەڵکی ئەو دوو گوندە بوو. فریشتەی ئارامکەرەوەی دڵ ودەروونی کەیلی خەمیان بوو. دەستی بە برین و ئازارەکانیان دادێنا. لەگەڵیان تا ئەوپەڕی سارای خۆشەویستی و هاودڵی دەفڕی. بە کوچەباخەکانی شاری ئەویندا دەیبردن، لە گردەلوولی بیابانی چۆڵ و قاقری بێمرادیدا لەگەڵیان دەسووڕا، لەگەڵیان ڕادەزا، دەچوو دەخەوەکانیانەوە، لە خەیاڵیاندا دەتوایەوە و دەبوو بە شنەبایەکی فێنک لە قرچەقرچی گەرمای هاویندا و تینی دەدا بە لەش وگیانیان لە تۆف و بەندی ژینکوژی زستاندا.

پیرەپیاو و ژنە بەساڵداچووەکانی ئاوەدانی سکالایان لەوەنەبوو کە ناڵەناڵی ئەو شمشاڵە و سۆزی ئەودەنگە، نوێژی شێوانیان لێ وەدرەنگ دەخا و ناچاردەبن لەگەڵ نوێژی خەوتنان بەقەزا بیگێڕنەوە. چونکە ئەو دەنگە خواییە، داستانی ئەو ڕۆحی سەرگەردانە دوور خراوەیەی دەگێڕایەوە کە بەدرێژایی ژین لەسەر ئەم ئەردە ئازاری چێژتووە. ئەو ناڵە بەسۆزە و هاواری ئەو شمشاڵە، داستانی زۆریی و چەوساندنەوە، خەم و کەسەر، شادیی و خۆشیی، شۆقی بەیەکگەیشتنەوە و توانەوەی ڕۆحی مرۆڤ بوو لەگەڵ ڕۆحی سروشت لە چۆڵگەی بێسەروبنی ژیندا.

مام خدر، ئەو هونەرمەندە ئەفسوناوییە بوو کە فرمێسکی بێمرادی و بەئاکام نەگەیشتووی «مەم و زین» ـ دوو دڵداری کوردەواری ـ دڵۆپ دڵۆپ لە گەرووی شمشاڵەکەی دەتکا. ڕۆحی دەکردە بەر بەیبوون، گوڵاڵەی لە ئارەقی شەرمدا شەڵاڵ دەکرد و گوڵەگەزیزەی چەپک چەپک و سوێسنەی مەڵۆمەڵۆ لە ژێر پێی «نازداری بەڵەک چاوی» ڕادەخست و بۆنی عەتری سورگوڵی بە هەوادا دەڕەتاند.

ڕۆحێک دکارێ هەستێک ببزوێنێ و هەژان بخاتە دەریای ئارامگرتووی بێ خەبەرییەوە کە بۆ خۆی بە درێژایی ژین، بە پۆلووی سووری دەرد داخکرابێ، قالبووبێ و لە کوورە دەرهاتبێ، قوماشی ڕۆحی لە نوورچندراوی بە هەزاران جێ سووتێبدرابێ. مام خدر ئەو ڕۆحە نەحەساوەیە بوو، خەمێکی ئەشکەنجەکراوی برینداری دەست وپێ لە کۆت و، زیندبەچاڵی گۆڕیچەی زەمان بوو. خەمێکی شینی تۆخ بوو لە مجری کریستاڵدا. شۆڕە بییەکی سەروپڕچ ئاڵۆزبوو بەسەر ئەردەوە، سروەیەک دەیهەژاند وبەو هەژانە ڕادەژا، هاواری دەکرد، دەیناڵاند و کوڵی گریانی هەڵدەستا.

ئێستاش پاش پازدە ساڵان، هەر وەدەزانم دۆێنێیە. باڵابەرزێکی چاوشینی لووت بەرانیی ڕەنگ مەیلەوسوور و ڕدێن ماش و برنجی، مرادخانییەک و پاتۆڵێکی زەردی ئیندگۆی لەبەردابوو. ئێستاش وەدەزانم دۆێنێیە کە لە ئۆدەکەم وەژووکەوت. تۆقەیەکی گەرمی لەگەڵ کردم، بە دەسڕۆکەیەک چۆڕاوگەی ئاوی دەستنوێژەکەی لە دەموچاوانی سڕی. لە بەرانبەرم دانیشت و دەستی بە گێڕانەوەی سەربهوردە سامناکەکەی کرد.

هەرکاتێ خەمی تەنیایی بەندبەندی لەشم ڕادەتلەکێنێ، ئەو دەمەی هەست دەکەم هیوابڕاوم، ئاواتێکم نییە و چاوەڕوانی گورگی برسیی مەرگ دەکەم ئەو چنگە ئێسک وپرووسکەم تێکشکێنێ و کۆتایی بەو ژینە پڕ لە ژانەم بێنێ، گوێ دەدەمە ئەو شریتەی کە چاردەساڵ لەمەوبەر مام خدری قادری، لە گوندی ئەشکانی پەنا هرزنێ و گەرماوانی سەر بە ئالانی سەردەشت، لە ڕۆژێکی تاووساوی بەهاریدا بۆی تۆمار کردم. ئەو کاتە کسپە لە دڵمەوە دێ، دەبمە قەقنووس، دەسووتێم و لە خۆڵەمێشەکەم هەمدیسان قەقنووسێکی دیکە سەرهەڵدەدا و گوڕوتاوی لاویی دێتەوە لەشم. خۆشییەکی عارفانە سەرتاپام دادەگرێ و فرمێسکەکانم بە چاوم دا دێنەخوارەوە. ئەودەنگە، بەرەو بێشکەی دڵ و قیبلەی هەوەڵین و ئاخرین ئاواتەکانم دەبا، چۆنم لەبیر بچێ ئەو کاتەی کە بەو کەلامە پیرۆزە کوردییە و بە دەنگی ئەو شمشاڵە خەمڕەوێنەی جیهانێکی نیشاندام کە من لەمەوبەر نەمناسیبوو.

ئەوکاتەی ئیستیکانە چایەکەی بەردەمی هەڵگرت و بەشێنەیی خواردییەوە و سەرەونخوون لە سەر ژێرپیاڵەکەی دانا و لە خۆی دوورخستەوە، زەردەخەنەیەکی ماتی پەڕیە سەر لێوان و لە درزی دەرگاکەوە ڕوانی بەرزایی ئاسمان و دەمەساتێک ماتەی هەڵگرت، ئینجا نەرم و هێدی تفی زاری قوتدا؛ چۆنی لە بیر بیرمەوە کە گوتی:

قوربان! تا ئەمڕۆ نەموێراوە لە لای کەس ئەو سوڕەی دەروونم بدرکێنم. متمانەم بەکەس نەکردووە، نەموێراوە، کەسم نەبووە، بێدەسەڵات بووم، هەقدار و هەقگرم نەبووە، ئاوارە بووم، ئاخ دەستکورتیی! هەژاریی و بێکەسیی! بەشی منیش هەر ئەوە بووە، قسمەتم وابووە! خوا وای لە چارە نووسیبووم. هەرچەند من بۆخۆم بەو

بەشەی دوایە قەت ڕازی نەبووم، ئاخ! دەبا کافر بم.

« قوربان من و دایکم و باوکم و براگچکەکەم لە ئۆدەکەدا بووین. من وبراکەم خەریکی تەڵەنانەوە بووین. ئانە چەورەمان بۆ مشکان پێوە دەکردن. دایکم نوێژەکەی کردبوو و خەریکی ڕاخستنی کەوڵی نان وتێکردنی دۆ لە دۆدانەکە بوو. جیرەیەک لە دەرگاکە هات و زەلامێک وەژوورکەوت. قوربان دەسرەیەکی هەوری لە دەموچاوی هاڵاندبوو، هەنگاوێک بەرەو باوکم هەڵکشا. دەستی برد ودەمانچەیەکی لەبەر پشتوێنەکەی دەرهێنا. ئێمە هەموو حەپەساین. ئەوکاتە برا گچکەکەم نەیدەفامی. منداڵ بوو. دایم پیر وپەککەوتە نەبوو، ئێستا پەکی کەوتووە. هەموو ڕۆژێ پاش نوێژی شێوان لەبەرخۆیەوە دەست دەکا بە گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتە. هەموو جارێ شتێکی لێ زیاد دەکا و خەیاڵاتی خۆی تێداوێژێ. لەوانەیە بڵێم ئەوەی ئەو دەیگێڕێتەوە هیچی بەسەر هیچەوە نەماوە.

قوربان! سی و پێنج ساڵ لەمەوبەر بوو. ئەودەم من لە خەم ڕەخسی بووم. شوان بووم، شوانی بەرغەل بووم. بژاری توتنم دەکردن. باخەوان بووم. زستانان لەو زەرتکی یە، لەو هەزاربەهەزارە، لەوزەردومــاهە، کۆڵ و بارم وەسەردەخستن. ئەگەر هیچ کارێک نەمابا بیکەم، دەچوومە ماڵی ئاغا و تەویلە وئاغەڵەکانم دەردەدان. قوربان! کاتی نوێژی شێوان بوو کە زەلامەکە لە ئۆدەکەمان وەژوورکەوت. دەسرۆکەیەکی هەوری لە دەموچاوی هاڵاندبوو. مرادخانییەکی لەبەردابوو. دوگمەی سەر سینگی هەڵنەپێکابوون، تووکی سینگی لە کراسەکەی هاتبوونەدەر، قوربان وەکی دێتە بەرچاوم سینگ وتووکە سینگی لە سینگ وبەرۆکی ئاغا دەچوون.

زۆرجاران ئاغام دیتبوو کە دە حەوزەکەی بەرماڵان هەڵاتبوو. مەلەی کە دەکرد، بە ڕووتی دیتبووم. ئەو کاتەی ئاوە ساردەکەی کانی وەلەشی دەکەوت پێستی سوور هەڵدەگەڕا و تووکی قرژ دەبوون. ئەو ئێوارەیەش هەروا تووکی قرژ ببوون. پێموایە لە ترسان بوو، قەڵافەت و باڵای هەر هەو بوو. هیچ دەنگی لێوە نەهات. هیچی نەدەگوتن. هەر لوولەی دەمانچەکەی کردە سینگی باوکم و قامکی بە سەر پەلەپیتکەیدا گوشی، باوکم هاوارێکی کرد وبەرەو ڕوو لێی کەوت. ئێمەش هەموو هاورمان کرد. دایکم حەپەسابوو. زمانی لە زاریدا نەدەگەڕا. زەلامەکە بە پەلە لە ژوورەکەمان دەرپەڕی و دەرگاکەی لەسەر گاڵە داین. دەمەساتێکی پێچوو تا دایکم هاتەوەسەرخۆ و باوکمی لە ئامێز گرت. بارێکە خوێنێک بە لا شەویلکەی باوکمدا دادەچۆڕا.

زۆری پێنەچوو کە خەڵکی ئاوەدانی پێیان زانی و وەسەرچڕژان. سەری باوکم لە سەر ڕانی دایکم بوو. چاوەکانی بە مۆلەق وەستابوون و گیانی دەرچووبوو. دایکم شینی دەگێڕا وخۆی دەڕنی. ئێمەش دەگریاین. مەلای ئاوەدانی و پیرە پیاوەکان، باوکمیان بردە مزگەوت. مەلا قورئانی لە سەر خوێند. بەیانی ڕۆژی دواتر بە خاکیان ئەسپەردەکرد. دایکم گۆڕەکەی بەجێنەدەهێشت، سەروچاوی خۆی دڕنی و وەکوو شێتان کراس و کلۆجەکەی دادەدڕی. تووک ونزای لە ئاغا دەکرد ودەیگوت: دەک حەمە ئاغا ڕەببی بە کۆی زوخاڵ بی! مەلا وسو هاتە لای دایکم وشتێکی بەگوێیدا سرتاند. دایکم بێدەنگەی لێکرد. بەڵام خۆی پێڕانەگیرا و سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە و بە چەپۆکان بە خۆیدا دەدا. بەڵێ ئێمە کەوتینە قون دەرکان. دایکم نانی ماڵانی دەکرد. ئەستێرە بە ئاسمانەوە بوو هەڵدەستا و هەوێری دەشێلا. ئەستێرەش هەڵدەهات دەهاتەوە ماڵ. زۆری پێنەچوو دەردێکی پێوەنووسا و نەخۆش کەوت. چەند ساڵی ڕەبەق، لە سەر جێ کەوت و ئێمەش بێ ئەنوا ماینەوە و ئاوارەبووین. کەس وەخۆی نەدەگرتین. بەهاری ساڵی دواتر چووینە کەتیرە گرتن. هەقدەستەکەمان نانەزگی بوو. خاوەنکارەکە عەجەمی یەزدی بوو. ئەوساڵە خاوەنکار بۆمن وحەمەی برام سەروپانتۆڵێکی کڕی. تا پاییزی درەنگ کەتیرەمان گرت. زستانان دەبووینە مەیتەر و تەویلەی ماڵی ئاغامان دەردەدا. بە نانە زگی و بەرگ و پێڵاو حەوت ساڵ کەتیرەگر بووین. چیای ئەو کوردستانەم هەموو ڕاوکردووە. شاخێک نەماوە کەتیرەم لێ نەگرتبێ. بەرد بە بەردی قەندیل گەڕاوم. زەردەکێو، زاگرۆس، ئاراڕات لە هەر جێیەک گوێنییەکی لێبووبێ، نووکی دەمەتیخەڵەی منی وێکەوتووە. لەگەڵ قاسپەی کەوی ئەو کوێستانانە هەستاوم، بۆنی سوێسن و هەڵاڵە و بەیبوون و نەعناکێویلەم هەڵمژیوە. ئەو کاتەی ئەو دڵەم لەوجیهانەدا کەیلی خەم بووە، بە شمشاڵەکەم ئەو خەمەم بەبانگ و هاوار دەبڕیوە. دووری لە ژینگەکەم فێری کردم، چۆن زێدەکەم خۆش بوێ. حەیران و لاوکۆ و بەیتم بۆ گوتووە. شمشاڵەکەم لە هەموو ساڵەکانی ژیانمدا هاودەم و هاوڕازم بووە، تووک ونزام پێ کردووە. بەڵێ گەورەم! بەو شمشاڵەم سی وپێنج ساڵە هاواری ئەو خەمە گەورەیە دەکەم کە لە دڵم دایە و نەموێراوە بە زمان لەلای کەس بیدرکێنم. شمشاڵەکەم ئەو کارەساتەی بە هەموو وردەکارییەکانییەوە لەبیرماوە».

مام خدر سەری بردەوە بەرخۆی، و هەناسەیەکی هەڵکێشا. وەکوو دەریایەک کە لە هەژان دەکەوێ. وەکوو بورکانێک کە دادەمرکێ و وەکوو بوومەلەرزەیەک کە دەسرەوێ، فریشتەی ئەشکەنجەکراوی ڕۆحی ماندووی بۆ وچانێکی کورت لە کۆشکی خەیاڵیدا ڕازا. دەمەساتێک بێدەنگ ما. ئینجا سەری هەڵێنا و ڕووی تێکردم. زەردەخەنەیەکی ماتی پەڕیە سەر لێوان و گوتی: باوکمیان کوشت ئەوکاتەی کە مێرمنداڵێک بووم، ئێستا پیربووم و دەترسم بەو خەمەوە سەربنێمەوە و خوێنی باوکم بە فیڕۆ بچێ. هەرواش دەبێ خوێنی هەژار و دەسکورت و بێدەسەڵاتان بەلاشە.

لێوی نا بە لێوی شمشاڵەکەیەوە، گریا و گریاندمی. ئەو باڵامنارەیە بوو بە مەلێکی ئێسک سووک و لە سەر چڵی گوڵەباخێک نیشت و تێی چریکاند. «ئازیزە» ئەو مەقامە فۆلکلۆرییەی هەمیشە زیندووەی کردە داستانی ژینی خۆی و هەموو دڵدارانی بە مرانەگەیشتوو.

«سوێند بە ڕووناکایی، سوێند بە کەلامی پیرۆز، سوێند بە حەرفی ڕەش و کتێبی پیرۆز و وشەی قورئانێ. سوێند بە ئەوین و ڕاستی، سوێند بە گەورەکیژان، سوێند بە جوانی وشۆخ وشەنگیی ئەوان نازداران کە تریفەیان داوە بە مانگ و ڕۆژ و ستێران. سوێند بەوانە و بە بەرەکەتی سروشت کە ئەگەر ئازیزەکەم نەدەنێ، لێدەدەم دەڕۆم و سەرم هەڵدەگرم ناگەڕێمەوە و نان وئاوی ئەو کاولە ئێرانە لە خۆم حەرام دەکەم».

با وێکڕا لە گەڵ مام خدر و دانەری ئەدیاری بەشێکی ئەو مەقامە لە کۆشکی خەیاڵاتی ئەو

هەستیارو هونەرمەندە کە ئەتۆ و من و هەموو ئەوانەی چەقڵەشینکەی دەرد لە پێی خەیاڵیان ڕاچووە و گوڵمیخی مەینەت بە ئەردییەوە نووساندوون، سەفەربکەین و زێڕیزە و ئەڵقەی دەفی سینگمان بە لەپی دەستی ئەو ئازیزە بخەینە بزووتن و هەژان. با هەرکام لە ئێمە نامرادیی و بە ئاکام نەگەیشتوویی خۆی لەو مەقامەدا بەدی بکا. با مام خدر ئازیزە بکاتە خەمنامەی هەموو ژیانی پڕ لە ژار و چەوساندنەوە و بێدەسەڵاتییەکەی و من بیکەمە ئایەتی جوانی وڵاتەکەم و سەربەوردی ڕەنجی ئەیوب و ڕۆحی سروشتی ئەویندارییی. ئەگەر تۆش سازگاریت لەگەڵیدا نەبوو، وەکوو سەرگوریشتەی خەمناکیی دوورخراوەیەک بە گوێی دڵ بیبیسە. با لە زمانی مام «خدری قادری»یەوە، ئەو کەلامە پیرۆزە ببیسین. ئەوەی ڕاستی بێ دەنگە ئاسمانییەکەی مام خدر بۆ جەستەی ئەو مەقامە، بۆنی خۆشە لە جەستەی گوڵاودا و ڕەنگی ئاڵە لە ڕوومەتی سورگوڵ دا. بۆنی ژوانە لە شەوێکی ئەنگوستەچاودا. ئەو دووە وێکڕا ئەو ئەفسوونەیان کردووە.

«ئازیزە»

ئای ی... دەوەرە من و ماڵی منی ئازیزە جوانێ!
ئەرێ سینگ سەدەفی مەمک فینجانێ!
چاوڕەشی برۆ قەیتانێ!
دایک حدوودی باب شاسەیوانێ!
بەوان ئەستێران بکەم ئەگەر هەڵدێن لە تاقی دە ئاسمانێ
بەوان حەرفان دەکەم ئەگەر ڕەش دەچن لە قورئانێ
بەوان گەورەکیژان دەکەم ئەگەر دێنەدەرێ لەوێ ماڵێ، لەوێ خانەدانێ
من ئەگەر ئەمدەنێ بەژنی باریک لە خۆم حەرام دەکەم نان و ئاوی کاولە ئێرانێ.

ئازێ ی ی ی ی ز ئازیزم!
کوڕ دەڵێ: ئازیز ئەمن پیر نەبووم پیرت دە کردم، دەردەدار نەبووم دەردەدارت دە کردم
ڕەنگزەرد و لێوبەبار نەبووم ڕەنگزەرد و لێوبەبارت دە کردم، دەتکردم بە تۆز و بە بانانت وەردەکردم
بانان وەخۆیان نەدەگرتم، کزەبایەکی شەماڵ دەهات و لێی دەدام بە بەحری دە محیتی وەردەکردم
کیژی دەوان گەورەماڵ و نەجیم و خانەدانان دەهاتن دە ئەفتاوە و لەگەن و ماڵیان ڕا دەبردم
هەموو ئێوارە وسبحەینێ و سەحەریان سینگ و مەمکی خۆیان پێ دەشوردم.

ئازێ ی ی ی ز ئازیزێ! دەوەرە من و ماڵی بابم!
کیژ دەڵێ: سەرێکە من دێشێ دڵێکە من بە وەیە
ئەی بە کابەی شەریف بکەم بە خالەقی گەورەیە
لەشکرێک لە من دیارە لەشکرێکی گەورە و عوندەیە
ئەو لەشکرە کێیە و کێ نییە؟
ئەو لەشکرە پێنجسەتی تورکە، تورکومانە و پێنجسەتی فەلەیە و فەلەڕەشکەیە، پێنجسەتی نیزامیی دە خاسەیە
چییان پێیە ماڵی ئاگری؟ دەیگوت: ئەگەر نازانی پێیانە تۆپ و تۆپخانەیە
تیرە سەر بە پەیکانە، تفەنگی ماتی کارخانەیە و دەداتەوە بە سەر زینۆی شێخی باڵەکاندا، تالان دەکا ئەوی حێلی، حول بادەداتەوە سەر ماڵی حاجی برایماغای بە حیلەیە،
کیژ گاز دەکا: هەتیوە لاوکە! دە خەمی تالان و ماڵێ مەبە، دە وەرە من وتۆ لێک بهاڵێین! سێ شەوان دە شەوی دە پاییزێ و دوو ڕۆژان لە ڕۆژی دە بەهارێ، وەک توولی دە ئەمامی، وەک خەڵفی دە چنارێ، هەروەک گوڵی دە لاولاوی، لە بۆمن و تۆ گەڵێ گەڵێ خۆشترە لە خەراجاتەکەی شارەکەی کاولە بە حیلە ئازیزێ...

ئازیزێ ی ی ی یز ... ئازیز...
ئەرێ دەوەدەرە، وەرەمن وماڵی بابم! ئەمن سەدایەکم دەگەیشتێ، براینە! برادەرینە! لە من وابوو گەڵێ گەڵێک سەدایەکی پیرە پاییزیی یە
هەر لەمن وابوو سەدایەکی گەورە و گرانە
هێندێک دەڵێن: ئەوە سەدایی پیرە پاییزە،
هێندێک دەڵێن: ئەخێر بایە بارانە
هێندێک دەڵێن بەفرە بوولەرزەیە، ئاخری زەمانە
هێندێک دەڵێن: یاجوج ماجوجە، هێندێک دەڵێن: دەجالە وحەدی سۆفیانە
هێندێک دەڵێن: بابەکەی بابم! حەزرەتی مووسایە هەموو ڕۆژێ لە سەر کێوی توورێ هەزارویەک کەلیمەی دەڵێ لە خزمەت بینایی چاوانە
هێندێک دەڵێن: حەزرەتی ئیسرافیلە فوودەکا بە سووردا
هێندێک دەڵێن: مەنسووری هەللاجە، کێوان دەکا و دەپەڕێ ودنیا دەبێتەوە تەخت ومەکانە
هێندێک دەڵێن: بابەکەی بابم! ئەوە ئاخری زەمانە

ئازیز............... ئازیزێ!
دەوەرە من و ماڵی بابی منی ئازیزە جوانێ!
ئەمن ئاگرێکم بەردەبێ دە دەروونی ماڵوێرانێ
نە بە بای دەکوژێتەوە نە بە بارانێ
نە بە تەقەی پاچان پێمەڕان و نە بەوی گڵ وسەردانێ
ئازیزە... ئازیزێ! ئەوجار من لە بۆ تۆ هەڵدەڵێمەوە بە ڕوونە ڕوونی دەبفراوە
بە کوڕکوڕەی مێرگی ئەگەر نێریی دەمەکرۆژێ سێزدەساڵ و چواردەساڵی لێ دەگرنەوە فێرەفێری لێی دەگرنەوە بە نیوە
لێی هەڵدەپسێن چڵ چڵی دەوی گیابەندی، ئەوەکی دەوی هەرامە پیرە قاوە
من بۆت هەڵدەڵێم بە قەندیلی، دەیگوت: ئەمن قەندیلم هەتا بەفری نوێم لێ دەبارێ هی کۆنم لێ دەماوە
ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم بە ئەشکەوتی کەروار ئەگەر سەرەبەهاران، ئەوان سەفرە و گەڵاڵان لێیان هەڵداوە
ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم بە کانیلێ و کانی کەنێرێ، ئەگەر مێشێ بەدڵ خۆی لێ نەداوە
من بەهارم گەڵێک پێ خۆشن لە بەر فیتەفیتی شوانان
لەبەر بیلەبیلی شاخداری، ئەوان بێرییان چاوانیان دە ڕەشن، بڕۆیان دە بەکولاوە، لەوان بێرییان یەکێک بە جێ دەماوە
گۆمیلکەگۆمیلکەی ئارەقەی لە نێوان سینگ و مەمکۆڵان ڕادەوەستاوە
کیژ دەڵێ: ئەگەر بێتوو گولێکی دە مێردان لێی بخواتەوە لەبۆی دەبێتە سندان و ژەهراوە
ئەگەر هەتیوەلاوکی من لێی بخواتەوە لەبۆی دەبێتە قەنداو و شەکراوە

ئازیزێ! ......... ئازیزێ! دەوەرە، وەرە من و ماڵی بابم!

ئازیزم! ئەمن لەبۆ تۆ هەڵدەڵێمەوە لە کوێستانی دە برایم جەلالی،

ئەگەر سەرەبەهاران شوانکارە وەسەردەکەون لە بۆ سەریەندی دە کوێستانێ

هەریەکی بە خۆی و سێچوارهەزار سەر مەڕ و ماڵی

ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم بە وی حاجی محەمەدی ماڵ لە ئەستەمبولێ

ئەگەر دێتەوە سپی ریزی غەیلانیان، دەبێتەوە گەورەی پێنجسەت و بیست و دوو چادر و ڕەشماڵی

ئەمن لەبۆت هەڵدەڵێم بەوی حەمەدی شیرە قولێ

ئەگەر لە بەر شۆخ وشەنگیانی بەلەکی دە چەتوێکی عەرزی ڕادەماڵی

دەک ڕەببی ئازیزێ! بەژنی باریکت بە من بمێنێ بە داری حودی یە، پانیەی پێت بەمن بمێنن بە قەیسی دە هەڵوێنی

بەلەکت بەمن بمێنن بە وردی دە هەڵلاجی، سینگت بە من بمێنێ بە کاغەزی مەرجانی

چاوت بە من بمێنێ بەوی ئەستێرەی ئەگەر هەڵدێ لە نێوانی هەور و ساماڵی

برۆت بە من بمێنێ بە پانەپەڕ و جفەی دە ڕەشەداڵی

زولفت بە من بمێنێ بە ئاوریشمی خاسەڕەنگی خاو

ئەگەر هەڵاوەسرابوون لە دووکانێ، کەوتۆتە دەستی توجاڕ و بەقاڵی

دەیبەن دەیفرۆشن لە شاری دە گەرمێنێ، هەر بە تەرازوویەکی دەیبەن نە بە منی وەک بە مسقاڵی

ئازیزێ... ئازیزێ! ئەوجار من دەچووم لە بەینی ئەولێڕی ئەو لێڕەوارێ

دەمپرسی لەوی گوڵی لە شەکی لە دارەبەنی و لە مازووداریێ

ئازیزێ! ئەمن دەمپرسی لە کەوتی ئەتۆ بۆ وا ڕووت و ڕەجاڵی؟

دەیگوت ئەگەر نازانی بۆچی وا ڕووت و ڕەجاڵم، ئەگەر لە نێوانی بەهار وهاوینان، سیاسوتی بەهارێ

جستان و بەهاران ئەگەر شین دەبم لە نێوی جەنگەڵ ولێڕەوارێ

ڕاوچی دێن کەوی تێرم پێوە دەخوێنێ، دست دەکاتەوە بەوی گرمەگرم و سازوسمتور و هاوار هاوارێ

ئەگەر هەوەڵی پاییزێم لێدەداتەوە نمەنمەی بارانی هەقە پەڵێ و پاش نوێژانم لێدەکاتەوە گروگروی دە پیرەشەماڵی

ئەو گەڵەی پێمەوە لێم هەڵدەوەرێنێ، پێم دەگرێتەوە ئەشکەوتی دە زارخاڵی

ئازیزێ! ئەوجار لە دارەبەنی، تۆ بۆ وا ڕووتی بۆ وا ڕەجاڵی؟

دەیگوت نازانی بۆچی وا ڕووت وڕەجاڵم

ئەگەر نێوانی بەهار و هاوینان شین دەبم لە نێو ئەوی جەنگەڵ و ئەوی لێڕەوارێ

هەوەڵی بەهار وهاوینانم شینکێ لێ دەدەنێ ئەوی تەشوێ و لەگەڵ ئەوی تۆپەڵە قوڕێ

بە جێم دێڵن لە ساردی پاییزێ بە ئەخۆشی، بە زەلیلی، بە کەسیفی ئەوەکی بە مەینەتی و بریندارێ

ئەگەر هەوەڵی پاییزێم شەختە لێ دەنگوێ و پاش نوێژان لێک دەکاتەوە گروگروی دە پیرە شەماڵی

ئەو گەڵەی پێمەوە لێم هەڵدەوەرێنێ، هەر لە بۆ سەری شەت و چۆم وڕووبارێ

ئازیزێ...! ئەمن سەرێکم دێشێ، دڵێکی منی ماڵوێران بە برینە

ئەگەر یاری من ناناسن، بەلەکی هورەی دە هەڵلاجن، پانیەی قەیسی هەڵوێنینە

لێوی دە ئەتڵەسن، دەدانی مروارینە

ئەمن دەچوومەوە گۆلی دە کابەکری، لەویم پۆلێک سی هەڵ دەفراندینە

بەعزێکیان سۆنن، سەرکەسکن، سپییە سین، مراوینە

لە ژێڵلا دەهاتن دەچوون لە سەر تەپی دە شیلانی دەنیشتینە

ئەمنیش ڕاوچی بووم لەوێ لە بۆ خۆ بارێزێکم دەبردینە

هەر لەوێ هەڵدەستان دەچوون لە بزووتە و لە مشکەی دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز لە بۆ دەبردن، دەچوونەوە لە گوڵەسوورەی دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز دەبردینە، دەچوونە دەشتی گوجار دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز لە بۆ دەبردن، هەڵدەستان دەچوونەوە لە کانیە بەردووکە و ڕێحانان دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز لە بۆ دەبردن، دەگەڕانەوە دەهاتنەوە و هەر لە چۆمی ڕەشکی و هەر لە چۆمی مەلاحەسەنی دەنیشتینە

ئەگەر لەوێم بارێز لە بۆ دەبردینە، هەڵدەستان و دەچوونەوە سەرچاوەی دە باژاڕی دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز لە بۆ دەبردن لەوێ هەڵدەستان دەچوونەوە لە جەمالەدین و لە مێرگەی درێژان دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز لە بۆ دەبردن، لەوێ هەڵدەستان دەچوونەوە لە قوڵەسەن و مێرگەشینان دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز لە بۆ دەبردن هەڵدەستان و دەچوونەوە لە دسوێ و لە زەردەواڵی دەنیشتینە

ئەگەر لەوێم بارێز لە بۆ دەبردن، هەڵدەستان لاباڵیان دەکردەوە لە دەشتی وەزنێ دەنیشتنینە

ئەگەر لەوێم بارێز لە بۆ دەبردن، دەگەڕانەوە دەچوونەوە تێکیان دەکردەوە هەر دەچوون لە مێرگی ترکەش و کەوپەڕان لەوی مێرگی دە شین شین دەنیشتینە

ئەگەر لەوێشم بارێز لە بۆ دەبردینە، لەوێ هەڵدەستان دەچوونەوە لە گۆل گۆلی دە خۆیلینی دەنیشتینە

ئەگەر یاری من ناناسن؟ براینە برادەرینە

هەموو سەری سبەینان دێتەوە لە ڕێی سەراوی بە کراسێکی پەشمین پەشمینە

ئازیزێ... ! ئەرێ دەوەرە، وەرە ماڵی من و ماڵی بابی منی!

ئازیزە گوڵە! گوڵی

دڵێکی منی ماڵوێران دەگری

ئەمن بۆت هەڵدەڵێم بەوی ماڵی و بەوی مەنزڵی

بۆت هەڵدەڵێم بەوی کە پڕە بەوی پڕەگوڵی

بۆت هەڵدەڵێم بە ئیمامی عەلی ئەگەر سوار دەبوو لە دوڵدوڵی

لەبەر پێنجسەت هەزار پاڵەوانی کورسی نشین ناخجڵی

ئەوجار کوڕ دەپرسێ لە ئازیزێ و دەیگوت: ئەمن دە تۆ ناگەم!

ئەو پانیەی پێیەت بۆچی دەوا خڕن؟

دەیگوت ئەگەر نازانی هەمووی لەبەر ئەجیم و خانەدانێ

دەیگوت ئەمن دەتۆ ناگــەم ئەو قــەدەت بۆ وا باریکە؟
دەیگوت ئەگەر نازانی هەمــووی لەبەر کەمبــەرە لێدانێ
دەیگوت ئەمن دە تۆ ناگەم؟ ئەو پەنجەت بۆچی دەوا شووش و جوانن؟
دەیگوت ئەگــەر نازانی هەمــووی لەبەر خــەنە و خەنەبەندانێ
دەیگوت: ئەو مەمکەت بۆچی دەوا خڕ و تۆپن؟
دەیگوت ئەگـــەر نازانی هەمـــوو لەبەر دەست تێوەرنانێ
دەیگوت: ئەمن دەتۆ ناگەم ئەی گەردنت بۆچی دە وا درێژە؟
دەیگوت ئەگەر نازانی هەمووی لەبەر هەڵێنانێ
دەیگوت: ئەو چاوەت بۆچی دەوا ڕەشن؟
دەیگوت ئەگەر نازانی لەبەر سوورمە تێکێشانێ
دەیگوت: ئەمن دەتۆ ناگــەم ئەو لاچاوەت بۆچی دەوا زەرد و جوانن؟
دەیگوت ئەگــــــەر نازانی لەبەر شـــــەو و شەوڕامووسانێ
دەیگوت: ئەمن دەتۆ ناگەم ئەو پەرچەمەت بۆچی دەوا ڕەشن؟
دەیگوت ئەگەر نازانی لەبەر وەسمە لێدانێ
ئەمن ناگـــرێکم بەردەبۆوە دە ئەوی دەروونێ، ئەوی دەروونی ماڵوێرانێ
نە بە بای دەکوژێتەوە نە بە بارانێ
نە بە تەقــەی پاچان پێــــمەڕان و نە بەوی گڵ وەسەردانێ
ئازیزێ! ئەمن بۆت هەڵدەڵێم بە کــوێســتــانی عەزیم و ڕەنگینی دە خاڵخاڵی
نە وەڵلا لە بۆت هەڵدەڵێم بە حاجی عەزیزی ماڵ لە گرویسی
ئەگــەر بەهاران دراوی هەبوون دەیبــەشــیــیــەوە لە حالەمێ
پاییزانی وێ دەکەوت، خڕی دەکردەوە بە تەلیس و جەواڵی
ئەمن بە خــیلیت بەوانە بە هیــچــیــان بۆ نابەم، ئەمن بەخـــــیلیت بۆ دەبەم بە گـــــولێکی دە گولەمێردان
ئەگەر دە حەددەحەددی نیوەشەوان
بە ڕیشــێکی قژەکە و بەسمــێڵــێکی چڵماوی ئارەقی ســەر ســینگ و مــەمکی دەوی ئازیزە جوانی منی ماڵوێران ڕادەماڵی.

### هەوڵ و هیممەتی یاران بۆ بڵاوکردنەوەی «زەبووری حەقیقەت»

د. گوڵمورادی مورادی

وێڕای ڕێز و سڵاو، بە هەموو هاووڵاتییان و ئازیزان ڕادەگەیێندرێ کە دوای چاوەڕوانییێکی زۆری دۆستان، ئاخرسەر بڕیاردرا کە هەنگاوی پێویست و خێرا بۆ چاپ وبڵاوکردنەوەی دفتەرگەلی پیرۆزی دینی **«ئەهلی حەق»** کە وەک گەنجینەییێکی بە نرخی ئەدەب وفەرهەنگی کوردیی گۆرانی، سەدان ساڵە وەچە بە وەچە پارێزراون، هەڵێندرێتەوە. بەم بۆنەوە، لە هەموو دۆستان ولایەنگرانی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی داوا دەکەین بۆ زوو لە چاپدان وبڵاوکردنەوەی ئەو دەفتەرگەلە، یارمەتیمان بدەن.

دیارە ئەو داوایە زیاتر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە سەر بە تایفەی گۆران و بنەماڵەی ئەهلی حەقن و بێشک لەگەڵ ناوەڕۆکی «زەبووری حەقیقەت» کەم و زۆر ئاشنایەتییان هەیە، بەڵام بۆ ئەو کەسانەش کە سەرەڕای عەلاقە بە فەرهەنگی میللی و ئایینی بەشێک لە خەڵکی نیشتمانەکەیان، هیچ چەشنە پێوەندییێکی دینی و زانیارییێکی ئەوتۆیان لەسەر دەفتەرگەلی**«زەبووری حەقیقەت»** نییە، ڕەنگە ڕوونکردنەوەی هێندێک زانیاری لەمبارەوە پێویست بێ.

«زەبووری حەقیقەت» بریتی یە لە کۆمەڵە دەفتەرێک کە لە دەورانی سوڵتان سەهاک (سەدەی ١٣و ١٤ی زایینی)، شێخ ئەمیری زولەیی (سەدەی١٨ی زایینی) و سەیدبراکە ( سەرەتاکانی سەدەی ١٩ی زایینی) بە یادگار ماوەتەوە کە بۆ جاری یەکەم لە نێوان ساڵەکانی ١٣٣٠(١٩٥١ز) و ١٣٤٦(١٩٦٧ز) هەتاوی، لە لایەن مامۆمەوە، واتە: شادڕەوان «دەروێش یارمورادی خەلیفە» کۆکراوەتەوە و لە بەرگێکی ٢٠٨٠ لاپەڕەییدا نووسراوەتەوە. ئەو دەقە دەستنووس و بێ وێنەیە، نزیکەی پێنج ساڵێک دەبێ کە بە نیازی چاپ و بڵاوکردنەوەی لە ئیختیاری نووسەری ئەو دێڕانە دایە. هێندێک باوەڕیان وایە کە «زەبووری حەقیقەت» وەک خۆی کلێشە بکرێ و هەر بە شێوەی دەستنووسەکەی لە چاپ بدرێ. بەڵام هێندێکی دیکە پێیان وایە کە دوای هەڵە گرتن و ڕاستکردنەوە، دەبێ بە شێوەی ئەوڕۆیی تایپ بکرێ و پاشان بڵاوبکرێتەوە. دیارە هەردووک شێوەی کتێبەکە، هەم خەرجێکی زۆری بۆ چاپ تێدەچێ و هەم پێویستە بە چەند زمانێکی ئورووپایش شیبکرێتەوە. مەسەلەی تەفسیرو شیکردنەوە چارەسەر کراوە و ئێستا بە زمانی ئاڵمانی ئامادەیە کە بە زمانی فارسی و ئینگلیسیش ئەو ئەرکە بەجێدەگەیێندرێ و پاشان وەک پاشکۆ لە ئاخری کتێبەکەدا چاپدەبێ؛ بەڵام مەسەلەی چاپ و خەرجەکەی هێشتا چارەسەر نەکراوە. بۆیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو ئەرکە، باشترین ڕێگا شێوەی پێشفرۆش کردنی کتێبەکە بە یاران و دۆستانی خاوە عەلاقەیە. بۆنموونە ئەگەر تەنیا نزیکەی ٤٠٠ بەرگ لە «زەبووری حەقیقەت» پێشفرۆش بکرێ، ئیتر کەند وکۆسپێک بۆ چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێبەکە نامێنێتەوە. ئەوەش بڵێین بۆ کڕینی کاغەزی باش و چاپکردنی کتێبەکە، نیازمان بە پێشفرۆش کردنی ٢٠٠ بەرگ لە کتێبەکەیە کە نرخەکەشی ٥٠٠ کرۆنی سوێدی ـ نۆرڤێژی لەبەرچاو گیراوە، لە حاڵێکدا ئەو نرخە دوای چاپکردنی کتێبەکە لە کتێبفرۆشییەکاندا دەبێتە ٦٠٠ کرۆن. کەوابوو لە تەواوی ئازیزان و خوازەران داوادەکەین بۆ هەرچی زوو لە چاپدانی «زەبووری حەقیقەت»، بە نووسینی ناو و ئادرێس و ناردنی فیشی بانک (بەم ئادرێس و ژمارە بانکەی خوارەوە) لەو پێشفرۆشییەدا بەشداری بکەن. دیارە دوای گەیشتنی فیشی بانک و ژمارەی دیاریکراوی کتێبەکە، سەبارەت بە تاریخی چاپ و خەرجی کاغەز و شێوەی لە چاپدان و... ئێوە ئاگادار دەکەینەوە. شایانی گوتنە کە هاوکات لەگەڵ «زەبووری حەقیقەت»، کتێبی «نگاهی به *تاریخچه اهل حق*»یش چاپ دەکرێ و کەسانێک بیانەوێ دەتوانن ئەویش بە ناو ونیشانی خوارەوە داوا بکەن. ئەوەش کۆنتۆی بانک و ئادرێسی پۆستیی و ژمارە فاکسی ئێمە، تکایە بۆ هەر جۆرە پێشنیار و پرسیار و داواکارییەک ئاگادارمان بکەنەوە، زۆر سپاس.

کۆنتۆی بانک:


Dr. Moradi (for"**Zabur-e Haqqiqat**")
Deutsche Bank, **Konto Nr. 0411991**
BLZ: 67270003, Heidelberg, Germany

ناوونیشانی پۆست:

Dr. Phil. Golmorad Moradi, P. O. Box 104144
69031 Heidelberg, Germany, Tel/Fax: 06221-24006

**ڕانانی کتێب:**

## «تەونکەری کورد، وێنەگەری زەینی خۆی»




**«تەونکەری کورد، وێنەگەری زەینی خۆی»** (بافندە٭کرد، نقاش ذهن خود)، کتێبێکی تازەیە کە وێنەگەر و نووسەری کورد کاک **مەسعوود ڕەحیمی**، بە فارسی نووسیویە و وێڕای نامەیێک بۆ ئارشیوی «گزینگ» ی ناردووە. لێرەدا، جێی خۆیەتی پڕ بەدڵ سپاسی بکەم و ئارەزووی سەر کەوتنی بۆ بخوازم.

ئەو کتێنبە، کە ١٣٤ لاپەڕیە، لەلایەن «ڕێکخراوێ میراتی فەرهەنگیی کیشوەر» ەوە لە ٢٠٠٠ نوسخەدا، لە تاران چاپ و بڵاوکراوەتەوە و ئاغای «ناصر پازوکی» جێگری ناساندن و بارهێنانی ڕێکخراوەی ناوبراو، لە سەرەتاییێکی کورتدا ناساندوویە و هەروەها نووسەریش بۆخۆی پێشەکییێکی نووسیوە و مەبەستی خۆی لە نووسینی ئەو بەرهەمەدا ڕوون کردووەتەوە و ئەو سەرچاوانەی کەڵکی لێوەرگرتوون، دەستنیشانی کردوون.

ئەگەر بمانەوێ، بە کورتی ئەو کتێبە بە خوێنەرەوە و لایەنگرانی هونەری دەستکردی کوردەواری بناسێنین، دەبێ بڵێین کە نووسەر لەگەڵ ئەوەشدا کە هێندێک کەند وکۆسپی تووش هاتووە وتەواو ئازاد و سەربەست نەبووە، بەرهەمەکەی هەم لە باری بابەت و ناوەڕۆکەوە شاز و هەڵکەوتووە، هەم لە ڕوانگەی بیر و بۆچوونەوە تازە و سەرکەوتوو.

سەرجەمی بابەتەکانی ئەو کتێبە، لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتوون کە لێرەدا بە کورتی نیشارەیان پێدەکرێ:

**بەشی یەکەم:** «لێکدانەوەی ڕەوانشناسیی نواڕین لە کر(تەون)ەکانی کوردیدا» کە خۆی چەند لکی دیکەی لێدەبێتەوە و نووسەر بە شێوەییێکی زانستی و هونەری باسیان دەکا کە بریتین لە:

- کر(تەون)ێکی کوردی
- سەرەنجی وێنەگەر(نەقاش)ێک لە کری کوردی
- تایبەتمەندییەکانی ماکەگەلی نواندنی قاڵیچە(مافوورە)
- ڕەنگ (نەخش)
- نیجاز(کورتەڵۆک) لە کری کوردیدا
- چوارسووچ و سێسووچ لە کرەکانی کوردیدا
- کادر(چوارچێوە)ی کرەکانی کوردی
- کر، ئابستره (خەیاڵۆک)، ڕواڵەت

**بەشی دووهەم:** «بەراوردی مێژوو، سروشت، فەرهەنگ، مەزاج و فۆلکلۆری کورد»، کە ئەویش لەو باسانەی خوارەوە پێکدێ:

- سەرچاوەی مێژوویی داهێنەری کر(تەونە)ەکان
- کارتێکەری سروشتی کوردستان لەسەر خەڵک وکرەکان
- تەون و نواندنی ڕەوشتی کورد
- مۆسیقا و کرەکانی کوردی
- بزوونگەلی ڕێک و کرەکان
- هەڵکەوتی ژنی کورد وەک داهێنەری کرەکان

**بەشی سێهەم:** «ڕوونکردنەوەی نواڕینی و ڕواڵەتی ١٤ وێنە لە کرە ڕەسەنەکانی کوردی»، نووسەر لەو بەشەدا وێنەگەلێک لە قاڵیچە و مافوورەی ناوچەکانی کوردستان بە نموونە دێنێتەوە و لە ڕووی ڕەنگ و نەخش و نیگار و چۆنیەتی ئاوێتەبوونیان، زانیارییێکی زۆر هونەرییانە دەداتە دەست کە بە ڕاستی شایانی سەرنجن. با پێکەوە بۆچوون و تێخوێندنەوەی نووسەر، سەبارەت بە مافوورەیێک(١١٩× ٢٩٢ سانتیمیتر ـ ل ١٠٣و١٠٤) کە لە ساڵی ١٢٨٩هـ(١٩١٠ز) لە کوردستانی ڕۆژهەڵات چنراوە، ببینین و بزانین ئەو کرە لە وێنەی



سەرەوە چۆن لێک دەداتەوە:

«هێندێک جار باشترە سەبارەت بە وێنەیێک شتێک نەگوترێ تا بەسەرهاتی زۆروزەوەندی لە چەند وشەییێکدا کورت نەکرێتەوە. بەڕاست ئەو هەمووە شکڵە خواروخێچانە، هەر ئەو کەژ وکێوانەی سروشتی چڕی ناوچە کوردنشینەکان نین، ددانەکانیان دەرخەری چارەنووسی نالەبار و پڕ لە بەربەرەکانی و بەرەنگاری نین؟ ئایا ئەو سەحنەیە ڕوانگەییێکی نواڕینی تەواو لە بەربەرەکانی هەمیشەیی مرۆڤ لە گۆڕەپانی مێژوودا نییە؟ بۆچی لەو بەستێنەدا هێڵێکی نەرم و کەوانی نابیندرێ؟ بۆچی هێمنیاتێک بە دی ناکەین؟ ئەوە چ سەرزەمینێکە؟ ئەو هەمووە نەخشە یاغی و بریندارانە چۆن لەگەڵ یەک ئاوێتەبوون؟ کام وزەی ناخ و چ هەستێک ئەوانەی لە کن یەک ڕیز کردووە و چلۆن لە ئاهەنگێکی یەکەدا بەشدارن، چ گۆرانییێکی دەڵێنەوە؟ ئەو نەخشانە دەرخەری کامە پرستراوگەلن؟

لەو تۆمارە مێژووە نەخشینە باڵابەرزە وردببنەوە: هەندەسەییێکی پتەو، ئاوێتەکراوێکی ئاهەنگدار و هاوسان، ئاڵۆزییێکی زۆر ڕێکوپێک و مۆسیقاییێکی تێکنەڵقاو و پڕ لە وردەکاریی ڕەنگە کەمۆکەکان کە جۆری تێکەڵاوییان بەرزترین جیلوەی نواندنە بە ڕوونی دەبیندرێ».

هێرش

ڕۆژی ۱۹۹۷/۸/۷ گوندە بچکۆلانەکەی لاکسنۆن Laxön کە دەکەوێتە هەرێمی یەستریکلاندەوە، بە شانازییەوە میوانداریی نووسەری بەناوبانگ «یاشار کەماڵ»ی کرد.

ئەو ڕۆژە کە تیشکی زێڕینی خۆر باڵای لاکسنۆنی لە خۆیدا هەڵلووشی بوو، سەدان ڕۆشنبیر و نووسەر و مرۆڤدۆست لەو شوێنە کۆبوونەوە بۆ ئەوەی گوێ لە وتەکانی یاشار ڕادێرن و ڕێز لە خەباتەکەی و ئەدەبەکەی کە بۆ مرۆڤایەتی و ئازادیی وشە بووە، بگرن.

ئەگەرچی یاشار کەماڵ تۆزێک بە درەنگ بەئاگا هاتەوەو هەر وەک چۆن لە کاتی کوشتنەکەی باوکیدا، کە ئەوکات تەمەنی چوارساڵ بوو، زمانی گیرا و تا ۱۲ ساڵیی نەیتوانی قسەبکات؛ ئاواش لە ئاست تاوانەکانی کەمالیستەکاندا دەرهەق بە کوردان بێدەنگ بوو، بە ئاشکرا دەنگی خۆی بەرز نەکردەوە، بەڵام ئێستا ئەم نووسەرە سەرسپییە، دڵی لەگەڵ خەباتکارانی کوردایەتی لێدەدات و بەبیری کورد بوون هێندەی تر پایەی بڵیند کردووە.

ئێمە چەند کوردێکی ئاوارەی کوردستان، بۆ ڕێزلێنان لەو نووسەرە بنەچەک کوردە، هەر زوو بەرە بەیانی ئەو ڕۆژە سواری ئوتوبوس بووین بۆ دیدەنی یاشار.

لاکسنۆن هێندە دڵڕفێن و جوانە کە لەڕاستی دوورناکەونەوە ئەگەر بڵێم ئەحمەدئاوایەکە بۆخۆی. هێشتا بەرنامەی یاشار دەستی پێنەکردبوو کە مرۆڤ پۆل پۆل و دەستە دەستە لە بەردەم ئەو شوێنەدا کۆدەبوونەوە و لێبڕاوانە چاوەڕێی یاشار کەماڵ یان دەکرد.

چەندین کاناڵی تەلەڤیزیۆنی کامێرایان ئاڕاستەی شانۆکە کردبوو کە بە وێنەی نووسەری بەناوبانگی سوێدی «ستیگ داگرمان»خەمڵێندرابوو.

کاتژمێری ۱۱,۲۵، یاشار کەماڵ کە نووسەرانی سوێدی و بیانی دەوریان دابوو، لە سووچێکەوە دەرکەوت، ئیتر غەڵبەغەڵب کەوتە ناو خەڵکەکەوە، زۆربەی کوردەکان بەرەوپیری چوون، دەتگوت ڕۆژی نەورۆزە و خەڵک دەم بە پێکەنین دەستی یاشاریان دەگوشی.

یاشار کەماڵ بە خۆی و چاویلکە ئاماڵ گەورەکەی وقاتێکی ڕەش و کراوتێکی شینی خاڵسوور، کەمێک قەبە و ورگن؛ ڕۆخۆش و دەم بە پێکەنین سڵاوی لە خەڵکەکە کرد.

کاتێک یاشار کەماڵ چووە سەر سەحنەکە، یەکەمین وشەی ڕێزلێنان بوو لە سروشتی ئەو جێگایە کە زۆر بە دڵی سوێدییەکان بووکە بە گەلێکی سروشتپارێز ناسراون. پاشان خۆی و «ستیگ داگرمان» وەی یەک دانا وگوتی کە ئەوان لە زۆر ڕووە لەیەک دەچن، کرێکاری و چەرمەسەریی ژیان و پارێزگاریی وشەی ئازاد.

ڕەنگە هەر ئەوەش وای لە یاشار کەماڵ کردبێت کە ڕازیبێت سەردانی ئەو گوندە خنجیلانەییە بکات، چونکە تائێستا چەندین خەڵاتی تری پێشکەش کراوە بەبێ ئەوەی خۆی بەشداری بکات بەتایبەت لە ئەمریکا.

من وەکوو کوردێک و تینووی ئەوە کە لەگەڵ یاشار کەماڵ بدوێم، هە هۆی دۆستێکی سوێدییەوە توانیم چەند دەقیقەیەک لەگەڵ یاشار کەماڵ بدوێم و چەند پرسیارێکی ئاراستە بکەم. ئەگەرچی سەرەتای قسەکانمان بە کوردی بوو، بەڵا بەداخەوە یاشار کەماڵ نەیتوانی ئەوەی دەیەوێت بە کوردی دەری ببڕێت، بۆیە بەناچاری وەرگێرمان بەکارهێنا.

● مەسەلەی ئاشتی چۆن دەبینی؟

یاشار: ئاشتی نزیکە و خەباتێکی بەرفراوان لە ئارادایە بۆ ئاشتی.



**یاشار کەماڵ و خەڵاتی ,ستیگ داگرمان Stig Dagerman,**

کاوە ئەمین

● ئایا بۆچی تورکە ڕۆشنبیرەکان خۆیان ڕێکناخەن بۆ ئاشتی و چارەسەری کێشەی کورد بە ڕێگایەکی ئاشتیخوازانە؟

یاشار: خەباتێکی ئەپساوە هەیە و بەردەوام لە هەوڵ دان، بۆنموونە زیاتر لە یەک میلیۆن ئیمزا کۆکراوەتەوە بۆ ئاشتی، شتی وا لە دنیا وێنەی کەمە.

● ئەی باشە، کاک یاشار! ئەوا سەدان گوندی کوردستان دەسووتێنرێ و وڵاتەکەمان کاو دەکرێت، ئایا هەنگاوێکی بە پەلە هەیە بۆ وەستاندنی؟

یاشار: ئەگەر بتەوێ شتێک بە دەست خەی، پێویستە قوربانی و ئەسیەتیشی بۆ بکێشی، هیچ چارەیەکی تر جگە لە خەباتکردن نییە!

● باشە، تورکیا بۆ لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان(pkk) دانانیشێ بۆ ئاشتی؟

یاشار: دادەنیشێ ومەجبوورە دانیشێ. من لەو باوەڕەدام کە لە دوو ساڵی داهاتوودا کێشەی کورد بە ئاشتی چارسەر دەکرێت، ڕەنگە من شاشیش بم، بەڵام تانداسی لەو بابەتە هەیە.

● باشە یاشار تۆ کوردیت یا خود تورک؟

یاشار: هەموو کەس دەزانێت کە من کوردم، بەڵام بە تورکی دەنووسم.

بەڵێ؛ ئەوەی کە جێگای سەرنج بوو بۆ سوێدییەکان ئەو ڕێزە بێ پایانە بوو کە لە لایەن کوردەکان و نووسەرەکانەوە لە یاشار کەماڵ گیرا. لای کابرایەکی سوێدی، نووسەریش مرۆڤێکی سادەیە چونکە لە وڵاتەکەی ئەواندا مافی مرۆڤ پارێزراوە و کەس لە سەر نووسینەکانی زیندانی ناکرێت و زمانی هیچ گەلێکیش قەدەغە نییە.

یونی ۱۱۹۷

تێبینی: «ستیگ داگرمان» نوسەرێکی ناوداری سوێدی یە و لە ساڵی ۱۹۲۳ لە دایک بووە. ستیگ هێشتا قوتابی ئامادەیی دەبێت کە دەستدەکا بە نووسین. ئەو خاوەنی گەلێک نووسینی جوراوجۆرە وەک: ڕۆمان، شانۆ، شێعر و چیرۆک.

ستیگ داگرمان یەکێک لە نووسەرە ناودارەکانی چلەکان بوو کە لە ساڵی ۱۹٥٤ بە هۆی بێزاری لە ژیان خۆی دەکوژێ. خەڵاتی ستیگ داگرمان بەو کەسانە دەدرێت کە بۆ ئازادی چاپەمەنی و وشە خەبات دەکەن.



**یاشار کەماڵ وەرگری خەڵاتی «ستیگ داگرمان» لە ساڵی ١٩٩٧**

٨ی مانگی ژووەن، لە ڕۆژێکی خۆش و هەتاویدا نووسەری بە دڵی من یاشار کەماڵ، لەلایەن بێنگت سوێدرهێل، سەرۆکی کۆزیلکەی یارانی ستیگ داگرمان، بەخێرهاتن دەکرێ بۆ ئێلڤکارلەبی لە لاکسئۆن. ئەم ڕۆژە بە ڕۆژی«ستیگ داگرمان» دیاری کراوە و خەڵاتی ئەدەبی ساڵی تێدا پێشکێش دەکرێ.

خەڵکێکی زۆر کۆبوونەتەوە، لەوانە ژمارەیەک لە هاووڵاتییەکانی کەماڵ. ئەم ڕێورەسمە لە لایەن تێلێڤیزیۆنی سوێد و ئاڵمان و پۆلیسی نهێنییەوە چاودێری دەکرێ.

هونەرمەندی تیاتور و سینەما سڤێن ولتر ئەم بۆنەیە بە خوێندنەوەی چەند بڕگەیەک لە نووسراوەکانی ستیگ داگرمان و لەوانە«ڕۆژێک» دەست پێدەکا و هەر ئەم نێوەشە کە لەم ڕۆژە نراوە: ڕۆژێک.

جگە لە بێنگت سوێدرهێل و سڤێن ولتر، لە کاتی پێشکێشکردنی خەڵاتەکە و سێمیناری دوای نیوەڕۆدا، گونتێر والراف ڕۆژنامەنووسی ئاڵمانی، مەحمەد ئوزوون نووسەر، بیرگیتا ترۆتزیگ نووسەر وئەندامی ئاکادێمی سوێد، مایاهاگرمان سەرۆکی بنکەی چاپەمەنی ئورد فرۆنت، ئارنێ رووت سەرنووسەری بەشی فەرهەنگیی ڕۆژنامەی داگنس نیوهێتر، کێنێت لووتتی سەرنووسەری ڕۆژنامەی ئاربێتار بلادت بەشداربوون.

ئاشکرایە کە سێمینارەکە لەمەڕ گەورەیی کەماڵ وەک نووسەر و پارێزەری فەرهەنگی کورد بوو. شایەد، ئاخر بەسەرهاتبێژی هەرە گەورەی سەروبەندی ئێمە، کە تەواو لێی دەوەشێتەوە خەڵاتی ئەدەبی نۆبێلی بدرێتی.

والراف لە قسەکانی خۆیدا گوتی کە چۆن کەماڵ بۆی بت بووە. ولتر باسی دۆستایەتی لەمێژینەی خۆی و کەماڵی بۆ بەشداران گێڕایەوە وئەوەی کە چۆن لە ڕووی یەک لە نووسراوەکانی کەماڵ لە یۆتەبۆری تیاتورێکی بەڕێوەبردووە. بێ جێ نییە بڵێین کە لە پاریس یش کۆزیلکەیەکی یارانی ستیگ داگرمان هەیە وئەم کۆمەڵەیە ئێستا لەوێ تیاتۆرێکی هێناوەتە سەر شانۆ لە ڕووی دەقی یەک لە نووسراوەکانی کەماڵ. رووت باسی ئەو زوڵم و زۆرییەی کرد کە لە کوردان دەکرێ و ئەوەی کە ٣٠٠٠ گوندیان کاول کراوە وسوتێندراوە. کەماڵ قسەکەی بۆ ڕاست کردەوە و گوتی ژمارەی ئەو گوندانە ٥٠٠٠ دەبێ، لێ تێگەیشتنی ئەو دڕندەیی یە زەحمەتە!

کەماڵ بۆخۆشی تامی ئەو زوڵم وزۆرداریی‌یەی چێشتووە، بێ پسانەوە حوکمی زیندانی بە سەرەوە بووە، بڵاوکردنەوەی کتێبەکانی قەدەغە کراوە و ڕێگای نەدراوە بە زمانی خۆی، کوردی بنووسێ.

کەماڵ باسی تافی منداڵی خۆی کرد، چۆن بەیتبێژێک ڕێگای کەوتە گوندەکەی و چۆن خەڵک لە دەوری کۆبوونەوە وله دڵەوەگوێیان دابووە ئەو بەسەرهاتانەی دەیگێڕاوە. ئەو لە چاردەساڵی بڕیاری خۆی دا، ئەویش دەبێ ببێتە بەسەرهاتبێژێکی گەڕۆک و نەسرەوتوو. وای لێنەهات، کەماڵ بوو بە نووسەر وئێمە وەکوو خوێنەرەوە ئەو چاکەیە لەبیر ناکەین. ئێمە گشتمان لە سەفەرە دوورودرێژەکانی (حەمەدۆک)دا بۆ خەبات لە دژی زوڵم وزۆرداری لەگەڵی بووین و هەستمان بە ئەڤین و خۆشەویستی کردووە. لە (ئەفسانەی چیای ئاگری)دا گوێمان لە تورەی شمشاڵی شوانان گرتووە و زۆر بەسەرهاتی دیکەشمان بیستووە.

٨ساڵ لەمەوپێش ئاخر کتێبی کەماڵ بە سوێدی بڵاوکرایەوە. مایا هاگرمان سەرۆکی بنکەی چاپەمەنی ئوردفرۆنت ڕایگەیاند کە لە ساڵی ١٩٨٨ کتێبێکی تازەی کەماڵ بە سوێدی بڵاودەکاتەوە. هەموومان چاومان لە ڕێیە.

Sundsvall: Ulla Lundberg

تێبینی: «ئولا لوندبەری» ئەم نووسراوەیەی بەتایبەتی بۆ گزینگ نووسیوە وئەمن دەقەکەم کردووتەوە کوردی، سپاسی هاوکاری دەکەم.

(ح. قازی)

١) وەرگێڕاوی نامەی ١٢ی فەبریوەری ١٩٩٧

**ڕێکخراوی کورد بۆ مافی مرۆڤ ـ بریتانیا**

بۆ: باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی، لە لەندەن
12 February 1997

جەناب،
ئێمە زانیومانە کە نووسەری کورد «کلیم الله توحدی» دانیشتووی "خۆراسان"ی ئێران بە هۆی دەربڕینی بڕوا و بۆچوونی خۆیەوە، دەست بەسەرکراوە. ئێستا کەس وکار و برادەرانی ناوبراو، هیچ زانیارییەکیان لە شوێنەکەی نییە و ئەوەش ئێمەی نیگەران کردووە. هیوادارین لە داهاتوویەکی نزیکدا ئازادی بکەن و چاوەڕوانی وەڵامی نامەکەمان دەمێنینەوە.
دۆستدارتان
سەرۆکی ڕێکخراوەی کورد بۆ مافی مرۆڤ ـ بریتانیا

٢) وەرگێڕاوی نامەی ٩ی جولای ١٩٩٧

بۆ: Human Rights Watch / Middle East
9 July 1997

جەناب،
پێم خۆشە سەرنجتان بەرەو مەسەلەی جەنابی «کلیم الله توحدی» ڕابکێشم، کە نووسەرێکی کوردی دانیشتووی خۆراسانە لە ئێران. ناوبراو لە سەرەتای ئەمساڵدا لە لایەن هێزی ئاسایشی ئێرانەوە دەست بەسەر کراوە و کەس وکار و برادەرانی ئاگایان لە شوێنی نییە. چاوەڕوانی ئەوەش هەیە گوایە داوای لێکرابێت وەک پروپاگەندەیەک بۆ ڕژیم، لە سەر تەلەڤیزیۆن دەرکەوێت. ئێمە لە ١٢ی مانگی فەبریوەریدا نامەیەکمان بۆ باڵوێزخانەی ئێران لە لەندەن نووسی و داوای ئازادبوونیمان کرد، بەڵام هیچ وەڵامێکمان پێ نەگەیشت.
جێگەی سپاسی ئێمەیە ئەگەر لە پێناو ئازادکرانی ناوبراودا، زەختی ڕێکخراوەکەتان بخرێتەسەر ڕژیمی ئێران.
دۆستدارتان
سەرۆکی ڕێکخراوەی کورد بۆ مافی مرۆڤ ـ بریتانیا

نوسخەی نامەکە ئاراستەی Amnesty International کراوە.




**چاپەمەنیی تازە**

١) **ژوانی ڕووناکی** (کۆمەڵەهۆنراوە)، کتێبێکی تازەی «ڕەفیق سابیر»ە کە لەلایەن (بنکەی ڕابوون)ەوە لە چاپ دراوە:
Rabun Förlag, Box 25 161, 75021 Uppsala
٢) **سیخورمە**، ڕۆژنامەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کاریکاتێری یە، کە دوو هەفتە جارێک لە چاپخانەی زانکۆی سلێمانی لە چاپ دەدرێ. لەو ڕۆژنامەیە، تەنیا ژمارە ٥ی ساڵی یەکەم ( سێ شەممە ١٥ی نیسانی ١٩٩٧) ی بە ئارشیڤی گزینگ گەیشتووە. بڵاوکراوەکە بێ ناوونیشانە!
٣) **پەیام**، ڕۆژنامەیەکی قەوارە (A3)یە، کە لەلایەن «بنکەی ڕاگەیاندن و بڵاوکردنەوەی ڕەسەن» لە لەندەن دەردەچێ و تا ئێستە ژمارە١ی خەرمانان وگەلاوێژی ١٩٩٧، وێڕای پاشکۆی پەیام (هێلکەی دۆڕاو: نووسینی ئەنوەری سوڵتانی)، بە ئارشیڤی گزینگ گەیشتووە. لەگەڵ پیرۆزبایی و ئاواتەخوازی سەرکەوتن بۆ دەستەی نووسەرانی پەیام، ئەوەش ناو و نیشانەکەی:
Peyam, PO Box 16283, London W2 5ZR, U. K
٤) **هاوار**( ژمارە١، ساڵی یەکەم ١٩٩٧)، بڵاوکراوەیەکی ڕوشنبیریی گشتییە کە لە ئاڵمان لەلایەن دەستەیێک تێکۆشەری کورد دەردەچێ و ئامانجیان « ... خزمەت بە پێشکەوتن و پەرەگرتنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوایەتی، خزمەت بە پەرەگرتنی کەلتور و زانست ونەدەبە». وێڕای پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەرانی هاوار و هیوای سەرکەوتنیان ئەوەش ئادرێسی بڵاوکراوەکەیان:
Hawar, Postfach 14 34 03, 45264 Essen, Deutschland
٥) **ئاویەر/ آبیدر**( پێش ژمارەی ١ تا پێش ژمارەی ٢٠ ، نووتی ١٩٩٧)، حەوتوونامەیێکی فەرهەنگی، هونەری و کۆمەڵایەتی یە، کە لە لایەن (ڕێکخراوی هاوکاریی شارەدارییەکانی کوردستان)، لە ژێرچاودێریی هەیئەتی تەحریرییەدا، هاوکات بە دوو زمانی فارسی و کوردی لە شاری سنە دەردەچێ و تا ئێستە ٢٠ ژمارەی بە ئارشیڤی گزینگ گەیشتووە. لەگەڵ پیرۆزبایی لە بەڕێوەبەرانی ئاویەر و ئاواتەخوازی سەرکەوتنیان لە بواری خزمەت بە فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ئەوەش ناو و نیشانی بڵاوکراوەکەیان:
سنندج، خیابان کشاورز- بالاتراز بیمارستان حضرت رسول اکرم، ابتدای کوچه لقمان ـ مرکز فەرهنگی آبیدر

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*



**Editor**:

Solaiman Chireh

**Editorial Board**:

Hashem Ahmadzadeh (Sweden)

Hassan Ghazi (Sweden)

Amir Hassanpour (Canada)

Abbas Vali (U.K.)

**Associate:**

Ali Karimi (U.K.)



**Address:**

GZING

Box: 327

824 41 Hudiksvall - Sweden

**Fax**: +46-650-94029

**Postgiro**: 443 5022-1

**E-mail**: chireh.solaiman@hudiksvall.mail.telia.com



No. 17 Autumn 1997 Published in Sweden ISSN 1104-3473

# GZING

*Journal of Kurdish Politics and Culture.*

**No17, October 1997**



**ئەو کتێبانە لە کتێبفرۆشی هەرزان داوا بکەن:**

Kitab-i Arzan, BarnarPs g 31, 55316 Jönköping, Sweden
Tel: 046-036-148031, Tel/Fax: 046-036-710999, Mobil: 046-070- 4926924

## القرلن ا لکریم

لەگەڵ وەرگێڕانی
بە زمانی کوردی

قطع وەزیری
٦٧٠ لاپەڕە ـ زێڕکفت

کوردەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی

دوکتور: جەلیلی جەلیل

قطع وەزیری
٣٢٤ لاپەڕە ـ زێڕکفت
کتێبی هەرزان

## دیوانی بێسارانی

لێکۆڵینەوە و لێکدانەوە:

حەکیم مەلا صالح

قطع وەزیری
٤٩٠ لاپەڕە ـ زێڕکفت

## لە پەرۆشەکانی ژیان

مەسعود محەمەد

٢٠٦ لاپەڕە
کتێبی هەرزان

٢١
دەستنووسی کوردی
و
(فارسی سەبارەت بە کورد)

لە کتێبخانەی بریتانیا

ئەنوەری سوڵتانی

١٨٨ لاپەڕە
کتێبی هەرزان

## ڕێگوزەری بیری سیاسی

سڤێن ئێرک لیدمان

ئاسۆس کەمال

قطع وەزیری
٣٩٦ لاپەڕە

## فەرهەنگی پزیشکی

سوێدی ـ کوردی

دانانی:
مژدە خەلیل ڕەشید

٢٥٤ لاپەڕە

حیکایەت و پەندە شیرینەکانی
**مەلا نەسرەدین**

کۆکەرەوە: جەعفەر مێهرەگانی

وەرگێڕانی: هێرش

١٤٤ لاپەڕە

## زەرتەشت

عەبدوڵا قەرەداغی
(مەلا عەلی)

١٥٢ لاپەڕە